# ئیمپریالیزم
# باڵاترین قۆناغی سەرمایەداری

## ڤلادیمێر لینین



وەرگێڕانی
ناجی ئەفراسیاو

ناوەندی کۆمۆن
Commune Centre

ئیمپریالیزم باڵاترین قۆناغی سەرمایەداری

# ئیمپریالیزم
# باڵاترین قۆناغی سەرمایەداری

**ڤلادیمێر لینین**
**وەرگێڕانی: ناجی ئەفراسیاو**

## پێشەکی

ئەم کتێبەی دەیخەمە بەردیدەی خوێنەران، لە بەهاری ساڵی 1916دا لە شاری زیورخ نووسیم. بەهۆی بارودۆخی کارەکەشمەوە، گرفتی نەقس و کەمی کتێبی فەرەنسی و ئینگلیزیم هەبوو، هەروەکچۆن گرفتاری نەبوونی کتێب و سەرچاوەی ڕووسی بووم. بەڵام، هەرچۆنێک بێت، سوودم لە کتێبێکی سەرەکی دەربارەی ئیمپریالیزم بینی کە لەلایەن (J. A. Hobson) دانراوە، بەبڕوای من کتێبێکە شایەنی موتابەعەکردن و خوێندنەوەیە.

کتێبەکەم بەشێوەیەک نووسی کە سانسۆر و چاودێریی قەیسەرم لەبەرچاو گرتبوو. بۆیە ناچاربووم تەنها تیشک بخەمەسەر شیکاریی تیۆری، بەتایبەتی لە فاکتە ئابوورییەکاندا، هەروەها لە دارشتنی تێبینییە کەمە زەرووریەکاندا دەرباری سیاسەت زۆر بەوریاییەوە مامەڵەم دەکرد، واتا بە هێما و ئاماژەدان، بە زمانی مەجازی، ئەو زمانە ئیزۆبی [Aesopian] و ڕەمزییە نەفرەتییە کە قەیسەرییەت سەرجەم شۆڕشگێڕانی ناچارکردبوو لەکاتی دانانی کتێبێکی "ئاشکرا"دا پەنای بۆ ببەن.

جێگەی داخە ئێستا، لە ڕۆژانی ئازادیدا، هەندێک لە پەرەگرافەکانی کتێبەکە دەخوێنمەوە کە بیرکردنەوە لە سانسۆری قەیسەریەت شێواندوویەتی، وەکئەوەی لە چوارچێوەیەکی ئاسنیندا بن، تەنگ و گوشراون. ڕوونیدەکەمەوە کە قۆناغی ئیمپریالیزم لە سەروبەندی شۆڕشی سۆسیالیستیدایە، و سۆسیالیزمی شۆڤێنی (بەقسە سۆسیالیزم و بەکردەوەش شۆڤێنیزم) خیانەتێکی گەورەیە دەرهەق بە سۆسیالیزم و گواستنەوەیەکی تەواوەتییە بەرەوە لای بۆرژوازی. ئەم دابەشبوونەی بزووتنەوەی چینی کرێکاریش پەیوەستە بە بارودۆخی ئۆبێکتیڤی ئیمپریالیزمەوە، بۆیە

ناچاربووم بە زمانی "ملکەچ"ێک[1] قسەبکەم. ئەو خوێنەرانەی مەسەلەکەیان بەلاوە گرنگە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵێک وتارم کە لە سالآنی 1914-1917 لە دەرەوە نووسیومە و بەمنزیکانە دووبارە بڵاودەکرێنەوە. بەتایبەتی سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ چەند پەرەگرافێکی کتێبەکە لە هەردوو لاپەڕە 119-120: ئەوە ڕووندەکەمەوە بۆ خوێنەر، بەشێوەیەک سانسۆر قبوڵی بکات، کە چۆن سەرمایەدارەکان لە مەسەلەی لکاندن و خستنەسەردا[2] بێشەرمانە درۆ دەکەن کە دواتر سۆسیالیستە شۆڤێنیستەکان چوونە پاڵیان (ئەوانەی کە کاوتسکی بەپێی پێویست دژایەتییان ناکات)، هەروەکچۆن بێشەرمانە داگیرکارییی سەرمایەدارەکانیان پەردەپۆش دەکەن، بۆیە ناچاربووم نموونەی... یابان بهێنمەوە! خوێنەری لێهاتوو دەتوانێت لەبری یابان ڕووسیا دابنێت، هەروەها لە جێگەی کۆریا فینلەندا، بۆڵۆنیا، کرۆلاندە، ئۆکرانیا، کیڤا، بوخارا، ئایسلەندا، یان هەر ناوچەیەکی تر کە خەڵکی غەیرە ڕووسی لێدەژێت، دابنێت.

ئومێدەوارم ئەم کتێبەم یارمەتی خوێنەر بدات بۆ تێگەیشتن لە مەسەلەی بنچینەیی ئابووری، واتا جەوهەری ئیمپریالیزمی ئابووری، کە بەبێ دیراسەکردنی ناتوانرێت هەڵسەنگاندن و خەملاندن بۆ جەنگی هاوچەرخ و سیاسەتی هاوچەرخ بکرێت و، لێیتێبگەیت.

نووسەر

بترۆگراد، 26ی نیسانی 1917

---

[1] Slavish.

[2] Annexations، الحاق: ئەم وشەیە چەندین جار لەم کتێبەدا هاتووە، مەبەستی لینین لەو پرۆسەیە کە دەوڵەتە زلهێزەکان ناوچەیەک یان هەرێمێک دەخەنەسەرخۆیان و موستەعمیرەکانیان فراوان و زۆرتر دەکەن، لە هەندێک شوێندا (بەپاشکۆکردن)م داناوە. و.ک.

## پێشەکی بۆ هەردوو چاپی فەرەنسی و ئەڵمانی

### 1

ئەم کتێبەی ئێستا، وەک لە پێشەکیی چاپی ڕووسیدا ئاماژەم پێکردووە، لە ساڵی 1916دا نووسیومە, بە لەبەرچاوگرتنی چاودێری و سانسۆری قەیسەرییەت. لە کاتی ئێستاشدا لە توانامدا نییە بژار و پێداچوونەوە بۆ تەواوی دەقەکە بکەم، ئەگەرچی [ئیدیت و پێداچوونەوەش] سوودێکی ئەوتۆی نییە، لەبەرئەوەی ئەرکی سەرەکیی کتێبەکە هێشتا، لە ڕابردوو و ئێستاشدا ئەوەبوو، بەپێی داتا وئاماری بۆرژوازییەکان کە هیچ مشتومڕێک هەڵناگرێت، هەروەها بەپێی دانپیانانی زانا بۆرژوازییەکان لە سەرجەم وڵاتاندا، وەکئەوەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، پێش جەنگی ئیمپریالیزمی جیهانیی یەکەم هەبوو، وێنەی گشتیی ئابووریی سەرمایەداریی جیهانی لەنێو پەیوەندییە جیهانییەکاندا دەربخات.
لەلایەکی تریشەوە سوودی بۆ زۆرێک لە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی سەرمایەداریی پێشکەوتوو دەبێت، بۆ ئەوەی لەسەر نموونەی ئەم کتێبە ئاشکرایە (لە ڕوانگەی سانسۆری قەیسەرییەتەوە)، کە هێشتا ئەگەر و شیانی -بەڵکو زەرووڕەتی- سوودوەرگرتن لە بڕێکی کەم لە پاشماوە ئاشکراکانی بۆ کۆمۆنیستەکان ماوەتەوە، بۆنموونە بابڵێین لە ئەمریکا و فەرەنسای مۆدێرن، پاش دەستگیرکردنی زۆرینەی کۆمۆنیستەکان، ئەوەش بۆ دەرخستنی پووچی و بەتاڵی تیۆری سۆسیالیستە ئاشتیخوازەکان، کە هەموو هیوایەکیان بە "دیموکراسییەتی جیهانی" هەیە. هەوڵدەدەم لەم پێشەکییەدا، ئەوەی پێویستە سەرباری بکەم بۆ ئەم کتێبەی لەژێر سانسۆردابوو.

### 2

ئەم کتێبە سەلماندی کە جەنگی ساڵانی 1914-1918 لەلایەن هەردوو لایەنەوە جەنگێکی ئیمپریالیستی بوو (واتا جەنگی داگیرکاری و تاڵانی و لاقەکردن)، جەنگێک لەپێناو دابەشکردن و دووبارە دابەشکردنەوەی موستەعمیرە و ناوچەکانی ژێر هەژموونی سەرمایەداریی دارایی و هتد.

بەڵگەش لەسەر مۆرکی جەنگی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە، یان ڕاستر: لەسەر مۆرکە چینایەتییە ڕاستەقینەکەی، بەدڵنیاییەوە لە مێژووی جەنگی دیبلۆماسیدا خۆی حەشارنەداوە، بەڵکو لە شیکردنەوەی حاڵەتی ئۆبێکتیڤی چینە باڵادەستەکان لە سەرجەم وڵاتە جەنگاوەرەکاندایە. بۆ وێناکردنی ئەم حاڵەتە ئۆبێکتیڤەش ناکرێت نموونە و بەڵگەی دابڕاو وەربگرین (چونکە سەرەڕای ئەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ئەوپەڕی ئاڵۆزن، بەردەوام دەکرێت نموونە یان بەڵگەی دابڕاو بۆ پاساودانی هەر ئایدیایەک بدۆزرێتەوە)، بەڵکو حەتمەن دەبێت کۆی بەڵگەکان دەربارەی بنەماکانی ژیانی ئابووری لە سەرجەم وڵاتە شەڕکەرەکانی سەرانسەری جیهاندا، وەربگرین.

ئەم بەڵگە کۆمەڵایەتییانەش کە بەدرۆناخرێنەوە، ڕێک ئەو شتەیە کە لە (تابلۆی دابەشکردنی جیهان ساڵی 1876 و 1914- چاپتەری شەشەم)، هەروەها لە (تابلۆی دابەشکردنی هێڵە ئاسنینەکان لە سەرانسەری جیهاندا ساڵی 1890 و 1913- چاپتەری حەوتەم)دا باسمکردوون. چونکە هێڵە ئاسنینەکان دەرەنجامی سەرجەم لقە سەرەکییەکانی پیشەسازیی سەرمایەدارییە، پیشەسازیی خەڵوز و ئاسن و پۆڵا؛ کە پێوەر و بەڵگەیە لەسەر گەشەسەندنی بازرگانیی جیهانی و شارستانییەتی بۆرژوازیی دیموکراتی. بەش و چاپتەرەکانی ئەو کتێبەی پێشوو دەریدەخات کە چۆن هێڵە ئاسنینەکان لینکێک لەگەڵ بەرهەمهێنان و پیشەسازیی زەبەلاح و، مۆنۆپۆلی و، سەندیکاکان و، کارتێلەکان[3] و تراستاتەکان[4] و بانکەکان و ئۆلیگارشیی دارایی دەبەستێت. ناڕێکیی دابەشکاریی هێڵە ئاسنینەکان و ناڕێکیی گەشەسەندنەکەی لەسەر ئاستی جیهان دەرەنجامی سەرمایەداریی مۆنۆپۆلیی مۆدێرنە. هەتاوەکو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان وەک مولکی تایبەت بمێننەوە، بێگومان ئەم دەرەنجامە لە جەنگی ئیمپریالیستەکاندا لە سایەی ئەم بنەما ئابوورییەدا شتێکی حەتمییە.

وادەردەکەوێت کە هێڵە ئاسنیینەکان شتێکی سادە و سرووشتی و دیموکراتی و کولتووری و شارستانییە، هەروەها لە بەرچاوی مامۆستا و پرۆفیسۆرە بۆرژوازەکانیشدا وادەردەکەوێت، ئەوانەی کرێیان پێدەدرێت بۆئەوەی ڕووی کۆیلایەتیی سەرمایەداریی جوان بکەن، هەروەکچۆن وردە بۆرژوازە مێشک پووچ و

---

[3]) cartels.

[4]) trusts.

پارەپەرستەکانیش هەمان تێڕوانینیان هەیە. بەڵام لە واقیعدا دەزووی سەرمایەدارەکان کە بەشێوەیەکی گشتی، لە هەزار لاوە ئەم پرۆژانە بە خاوەنداریێتیی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە گرێدەدات، کارێکی وەهایکردووە ڕاکێشانی هێڵە ئاسنینەکان ببێتە ئامرازی چەوساندنەوەی یەک ملیار کەس (لە موستعمیرەکان و نیمچە موستعمیرەکان)[5]دا، واتا چەوساندنەوەی زیاتر لە نیوەی دانیشتوان لە وڵاتانی پاشکۆ و، کۆیلەی کرێی سەرمایە لە وڵاتانی شارستانی[6] و پێشکەوتوودا.

خاوەنداریێتیی تایبەت کە پشت بە [دروشمەکانی] ڕکابەریێتیی ئازاد و، کاری خاوەنکاری بچوک و، دیموکراسییەت دەبەستێت (سەرجەم ئەو دروشمانەی کە سەرمایەداران و ڕۆژنامەکانیان کرێکاران و جووتیارانی پێفریودەدەن) بوونەتە بەشێک لە ڕابردوویەکی دوور. سەرمایەداری چیتر بووەتە سیستەمێکی جیهانی بەمەبەستی کۆلۆنیاڵ و داگیرکاری و، خنکاندنی دارایی بۆ چەوساندنەوەی زۆرینەی هەرەزۆری دانیشتوانی گۆی زەوی لە ڕێگەی دەستە و تاقمێک لە وڵاتانی "پێشکەوتوو"ەوە. ئەم "غەنیمە" و تالانییەش لە نێوان دوو یان سێ تالانچی و کەڵبەداری بەهێزی جیهانی دابەشدەکرێت، کە لە سەرەوە تا خوارەوە خۆیان پڕچەککردووە (ئەمریکا و ئینگلتەرا و یابان) لەپێناو دابەشکردنی غەنیمەکەیان کۆی جیهان پەلکێشدەکەن بۆ نێو جەنگەکەیان.

## 3

پەیماننامەی برێست-لیتۆڤسک[7] کە سیستەمی پاشایەتی ئەڵمانیای سەپاند، دواتریش پەیماننامەی ڤێرسای[8] کە زۆر دڕەندەتر و چەپەڵتر بوو سیستەمی کۆماریی "دیموکراتیک"ی ئەمریکا و فەرەنسا و، ئینگلتەرای "ئازاد"ی جێگیرکرد، خزمەتێکی زۆر بەسوودی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کرد، چونکە ئابڕووی نووسەرە خزمەتکارە بەکرێگیراوەکانی ئیمپریالیزمی برد. هەروەها ئەو وردە بۆرژوازە کۆنەپەرستانەش کە

---

[5]) colonies and semi-colonies.

[6]) civilized.

[7]) Brest-Litovsk.

[8]) Versailles.

نازناوی ئاشیخواز و سۆسیالیستیان لەخۆیان ناوە و، ستایشی "ویلسۆنیزم"[9] دەکەن و پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن گوایە دەشێت لە سایەی ئیمپریالیزمدا ڕیفۆرم و ئاشتی بەرقەراربێت.
دەیان ملیۆن تەرم و بریندار و شێوێندراو پاشماوەی جەنگن، جەنگێک هەڵگیرساوە لەپێناو دەستنیشانکردنی ئەو گروپە تالانچییەی (ئینگلیزی بێت یان ئەڵمانی) کە پشکی شێری لە غەنیمەکە بەردەکەوێت، ئینجا ئەم دوو هاوپەیمانێتییە کە پێشتر هاوشێوەیان نەبووە، زۆر بەخێرایی چاوی ملیۆنان و دەیان ملیۆن خەڵکی کردەوە، ئەوانەی کە بۆرژوازی زوڵم و ستەمی لێکردوون و فریویداون و چەواشەی کردوون. سەبارەت بە وێرانکاریی جیهانییش ئەوا بەبێ شۆڕشی پرۆلیتاریا و سەرکەوتنی [شۆڕشەکە] کۆتایی نایەت، هەرچەندە قۆناغێکی درێژ و سەختە، بەڵام دەبێت ئەم قەیرانە تێپەڕێنێت.
بەیاننامەی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم، کە لە ساڵی 1912دا لە بازل دەرچوو، خەملاندنی بۆ ئەو جەنگە کرد کە لە ساڵی 1914دا بەرپابوو، بەگشتی هەڵسەنگاندنێک نەبوو بۆ جەنگ (چونکە جەنگەکان جیاوازن، هەیانە شۆڕشگێڕانەیە)، ئەم بەیاننامە بووە یادگارییەک بەتەواوی ئیفلاس و تێکشکانی ئابڕووبەرانە و ناپاکیی پاڵەوانەکانی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم دەردەخات.
هەربۆیە لە پاشکۆی ئەم چاپەدا دووبارە بەیاننامەکە بڵاودەکەمەوە، جارێکی تر سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە پاڵەوانەکانی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم بەوریاییەوە خۆیان لەو پەرەگرافانەی بەیاننامەکە لادەدەن کە بەوردی و بەڕوونی و بەڕاشکاوی باس لە پەیوەندیی جەنگی داهاتوو بە شۆڕشی پرۆلیتاریاوە دەکات، بەشێوەیەک خۆیانی لێ لادەدەن، هاوشێوەی ئەو دزەی خۆی لە شوێنی ئەنجامدانی دزییەکە دووردەخاتەوە.

## 4

لەم کتێبەدا سەرنجێکی تایبەت هەیە بۆ ڕەخنەکردنی کاوتسکیزم، کە ڕەوتێکی فیکریی جیهانییە، لە سەرجەم وڵاتانی جیهاندا "گەورە تیۆریستان" نوێنەرایەتیی دەکەن،

[9]) Wilsonism.

زەعیمەکانی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم: (لە نەمسا ئۆتۆ باوەر و هاوبەشەکانی، لە ئینگلتەرا ڕامسی ماکدۆناڵد و ئەوانی تر، لە فەرەنسا ئەلبێر تۆما و هتد...) هەروەها سەرباری ئەوانیش جەماوەرێک لە سۆسیالیستەکان و ڕیفۆرمیستەکان و ئاشتیخوازەکان و دیموکراتە بۆرژواکان و قەشەکان.

ئەم ڕەوتە ئایدۆلۆژییە، لەلایەکەوە دەرەنجامی شێبوونەوە و پووکانەوەی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەمە، لەلایەکی تریشەوە دەرەنجامێکی حەتمیی ئایدۆلۆژیای وردە بۆرژوازەکانە، ئەوانەی دۆخ و شێوازی ژیانیان بەتەواوی دەیانکاتە دیلی وەهمە بۆرژوازی و دیموکراتییەکان.

نموونەی ئەم تێڕوانینانە لەلای کاوتسکی و هاوشێوەکانی، هەڵگەڕانەوەیەکی تەواوە لە بنەما شۆڕشگێڕییەکانی مارکسیزم، کە نووسەری [ئەم کتێبە] بۆ دەیان ساڵ بەرگری لێکردووە، بەتایبەت -بەم بۆنەوە ئەوە دەڵێین- لە خەباتدا دژی هەلپەرستیی[10] سۆسیالیستەکان (برنشتاین و میلیران و هایندمان و گۆمبێرس و هتد). کەواتە بەڕێکەوت نییە کە لە سەرانسەری جیهاندا کاوتسکییەکان لەگەڵ هەلپەرستە پەرگیرەکاندا بە پراکتیکیی سیاسی یەکیان گرتووە (لەڕێگەی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم یان زەردەوە)، هەروەها لەگەڵ حکومەتە بۆرژوازییەکانیشدا (لەڕێگەی حکومەتە بۆرژوازییە هاوپەیمانێتییەکان [بنکە فراوان] کە سۆسیالیستەکان تیایدا بەشدارن).

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی پرۆلیتاریا بەگشتی و کۆمۆنیزم بەتایبەتی، ئەم بزووتنەوەی کە لە سەرانسەری جیهاندا لە گەشەسەندندایە، دەستبەرداری شیکاری و ئاشکراکردنی هەڵە تیۆرییەکانی کاوتسکیزم نابێت. کاتێک زۆرینەی ئاشیخوازی و دیموکراسی، بەشێوەیەکی گشتی ئەوانەی بانگەشەی مارکسیزم ناکەن، بەڵام هاوشێوەی کاوتسکی و هاوبەشەکانی، قووڵیی لێکدژییەکانی ئیمپریالیزم و حەتمییەتی قەیرانی شۆڕشگێڕی فەرامۆش دەکەن، ئەم دوو ڕەوتە هێشتا تاکو ئەوپەڕی سنوورەکانی جیهان بڵاوبوونەتەوە. خەبات لەدژی ئەم دوو ڕەوتە ئەرکێکی ئیلزامی و ناچارییە لەسەر حیزبی پرۆلیتاریا، کە پێویستە بەسەر وردە بۆرژوازەکاندا سەرکەوێت، بارودۆخی ژیانی وردە بۆرژوازانە لە خاوەنکارەکان و ئەو ملیۆنەها کرێکارەی فریودراون، دابماڵێت.

---

[10] Opportunism.

# 5

پێویسته هەندێک قسه لەبارەی بەشی هەشتەم: "مشەخۆری و پووکانەوەی سەرمایەداری" بکەم. هیلفردینگ "مارکسیست"ی پێشوو، و هاوڕێی[11] ئێستای کاوتسکی، کە یەکێکە لە نوێنەرە سەرەکییەکانی سیاسەتی بۆرژوازیی ڕیفۆرمیست لەنێو (حیزبی سۆسیال-دیموکراتی ئەڵمانیی سەربەخۆ)، وەک ئەوەی لە چوارچێوەی ئەم کتێبەدا ئاماژەمان پێکردووە، بە بەراوارد لەگەڵ ئاشتیخواز و ڕیفۆرمیستی ئینگلیزیی ڕاشکاو و قسەلەڕوو (هۆبسۆن)، [ئەوا هیلفردینگ] لەم مەسەلەدا هەنگاوێکی بەرەوە دواوەوە ناوە. چونکە دابەشبوونی جیهانیی تەواوی بزووتنەوەی چینی کرێکار ئێستا بەتەواوی (ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم و سێهەم) ئاشکرا دەکات. ڕەنگە فاکت و واقیعی خەباتی چەکداری و جەنگی ناوخۆیی نێوان هەردوو ئاراستەکە ئاشکرا بکات: لە ڕوسیا مەنشەفییەکان و "سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان" لەدژی بەلشەفییەکان پشتگیری لە کۆلچاک و دینیکین دەکەن، لە ئەڵمانیاش لایەنگرانی شیدمان و نۆسکە و هاوبەشەکانی لەدژی سپارتاکییەکان لەگەڵ بۆرژوازەکاندان، هەمان شتیش لە فینلەندا و پۆڵەندا و هەنگاریا و هتد.. هەیە. کەواتە بناغەی ئابووریی ئەم دیاردە مێژووییە-جیهانییە چییە؟

بەکورتی خۆی لە مشەخۆری و پووکانەوەی سەرمایەداریدا دەبینێتەوە، خەسڵەتەکانی گەشەسەندوترین و باڵاترین قۆناغی مێژوویی [کەپیتالیزم]، واتا قۆناغی ئیمپریالیزم. سەرمایەداری، وەک ئەوەی لەم کتێبەدا پیشاندەدرێت، دەبینین کەمینەیەکی بچوک (کەمتر لە -یەک لەسەر دە-ی دانیشتوانی گۆی زەوی، لە ئەوپەڕی حاڵەتی "بەخشندەیی" و زیادەڕۆیی لە خەمڵاندندا، کەمتر لە -یەک لەسەر پێنج-ی دانیشتوان) لە وڵاتان لە ئەوپەڕی دەوڵەمەندی و هێزی نائاساییدان، تەنها لەڕێگەی (بڕینی کۆبۆن)ەوە کۆی جیهان تاڵان دەکەن. هەناردەکردنی سەرمایە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی دەرامەتێک لە نێوان 8 بۆ 10 ملیار فرەنک لە ساڵێکدا، بەپێی نرخەکانی پێش جەنگ و ئامارەکانی بۆرژوازیی پێش جەنگ. بەدڵنیاییەوە لە ئێستادا ئەو داهاتە زیاتریشە.

---

[11] comrade-in-arms.

ئاشــکرایە ئــەم ســۆپەرقازانجە[12] گەورەیــە (چونکــە ســەربارى ئــەو قازانجــەی سەرمایەدارەکان لە گوشینی کرێکارەکانی وڵاتی "خۆیان" دەستیان دەکەوێت) دەشێت لەڕێگــەی بەرتیلــدان بــە زەعیمــی کرێکــاران و تــوێژی بــاڵای ئەرستۆکراســییەتی کرێکارانــەوە [دەســتیان بکــەوێت]. ســەرمایەداران لــە وڵاتــە "پێشــکەوتووەکان"دا بــە هــەزاران ڕێگای ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بەئاشکرا و بەنهێنی، بەرتیل بەم تــوێژە دەدەن. ئــەم تــوێژە لــە کرێکــاری بــەبۆرژوازیکراو یــان ئەرستۆکراسییەتی کرێکــاران، ئەوانەی بەپێی مۆدی ژیانیان و پێوەری کرێکانیان تێڕوانینیان بۆ جیهان بەتەواوی وردە بۆرژوان، ئەم توێژە کۆڵەکە و پایەی ســەرەکیی ئەنتەرناسیۆنالی دووهــەمن، لــە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا پایەی سەرەکیی بۆرژوازییەتی کۆمەڵایەتین (نــەک ســەربازی). لەبەرئــەوەی ئەوانــە بریکــاری[13] ڕاستەقینەی بۆرژوازییــەتن لــەنێو بزووتنــەوەی چینــی کرێکــاردا، ئــەو کرێکــارە بەڵێندەرانــەی خزمــەت بــە چینــی ســەرمایەدار دەکــەن [the labour lieutenants of the capitalist class] نێوەندگیرێکی ڕاستەقینەن بۆ گواستنەوەی ڕیفۆرمیزم و شۆڤێنیزم. لەکاتی جەنگی ناوخۆییدا لــە نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازییــەت حەتمــەن ژمارەیــەکی زۆر لەوانــە لــە ڕیــزی بۆرژوازییەتــدا دەوەســتن، بەتەنیشت "ڤێرساییەکان"[14] لەدژی "کۆمۆناردەکان"[15].

ئەگــەر مــرۆ درک بــە ڕەگ و ڕیشــە ئابوورییــەکانی ئــەم دیاردەیــە نــەکات. ئەگــەر خەملاندن بۆ بایەخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی نەکات، ئەوا ناتوانێت هیچ هــەنگاوێک بهاوێــت بــۆ چارەســەرکردنی ئــەو کێشــە پراکتیکیانــەی ڕووبــەڕووی بزووتنــەوەی کۆمۆنیزم و شۆڕشی کۆمەڵایەتیی داهاتوو دەبێتەوە.

ئیمپریــالیزم لــە ســەروبەندی شۆڕشــی کۆمەڵایــەتیی پرۆلیتاریادایــە. ئــەوەش لەســەر ئاستی جیهانی لە ساڵی 1917وە سەلمێنراوە.

ن. لینین

6ی تەموزی 1920

---

[12] Superprofits.

[13] Agent. عميل .

[14] “Versaillais”.

[15] “Communards”.

## دەستپێک

لە ماوەی پانزە بۆ بیست ساڵی دواییدا، بەتایبەتی لەدوای جەنگی ئیسپانی-ئەمریکی (1898) و جەنگی ئینگلیزی-بۆیری[16] (1899-1902)، ئەدەبیاتی ئابووری و سیاسی لە هەردوو جیهانی کۆن و نوێدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر باسیان لە زاراوەی "ئیمپریالیزم" دەکرد، بەمەبەستی وەسفکردنی ئەو سەردەمەی پیایدا تێپەڕ دەبین. لە ساڵی 1902دا هۆبسۆن، نووسەری ئابووریی ئینگلیزی لە لەندەن و نیۆرک کتێبێکی دەرچوواند بەناونیشانی "ئیمپریالیزم". نووسەر پەیڕەوی لە تێڕوانینێکی بۆرژوازیی سۆسیال-ڕیفۆرمیزم و ئاشتیخواز دەکرد، ئەو تێڕوانینەش لە جەوهەردا، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو هەڵوێستەی مارکسیستی پێشوو (کاوتسکی) لەسەری وەستاوە. لەو کتێبەدا وەسفێکی نایاب و وردی تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ئیمپریالیزمی ئابووری و سیاسی کردووە. لە ساڵی 1910دا ڕۆدۆلف هیلفردینگ، نووسەری مارکسیستی نەمسایی کتێبێکی بەناونیشانی "سەرمایەی دارایی" لە ڤیێنا دەرکرد (چاپی ڕووسی: مۆسکۆ، ساڵی 1912). ئەم کتێبە سەرەڕای هەڵەی نووسەر لە مەسەلەی تیۆری پارە و مەیلی نووسەر بۆ سازان و گونجاندن لە نێوان مارکسیزم و ئۆپۆرتۆنیزمدا، بەڵام بریتییە لە شیکارییەکی زۆر بەنرخی "دواهەمین قۆناغی گەشەسەندنی سەرمایەداری"، وەک ئەوەی ناونیشانی لاوەکیی کتێبەکەی هیلفردینگ ئاماژەی پێدەکات. ئەوەی لە ماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا دەربارەی ئیمپریالیزم گوتراون، بەتایبەتی ئەو ژمارە زۆرە لە وتاری گۆڤارەکان و ڕۆژنامەکان سەبارەت

---

[16] Anglo-Boer .

بەم بابەتە و بڕیارەکان، بۆنموونە هەردوو کۆنگرەی خیمینیز و بازل کە لە پایزی ساڵی 1912دا گرێدران، هیچیان لە جەوهەردا، بازنەی ئایدیاکانی ئەم دوو نووسەرەیان تێنەپەڕاندووە، یان ئەوەی هەردوو ناوبراو پوختەیان کردووە و خستویانەتەڕوو...

هەوڵدەدەین لە لاپەڕەکانی داهاتوودا، بەکورتی و بەئاسانترین شێوە، پەیوەندی و کارلێکی نێوان تایبەتمەندییە[17] سەرەکییەکانی ئیمپریالیزم بخەینەڕوو. لەم مەسەلەدا باس لە بواری غەیرە ئابووری ناکەین، هەرچەندە ئەگەر شیاوی باسکردنیش بێت. سەبارەت بە ناوی سەرچاوە و کتێبەکان و تێبینییەکانی تر، کە ڕەنگە بۆ هەموو خوێنەران گرنگ نەبێت، ئەوا لە کۆتاییی کتێبەکەدا دایدەنێین[18].

## بەشی یەکەم

## مۆنۆپۆلییەکان و چڕبوونەوەی بەرهەمهێنان

گەشەسەندنی بێشوماری پیشەسازی و خێراییەکی سەرنجڕاکێشی چڕبوونەوەی بەرهەمهێنان لەو پرۆژانەدا کە بەردەوام گەورە دەبن، ئەمانە دوو تایبەتمەندین لە خەسڵەتەکانی سەرمایەداری. ئامارە پیشەسازییە مۆدێرنەکان وردترین و تەواوترین داتامان لەسەر ئەم پرۆسەیە پێدەدات.

بۆنموونە لە ئەڵمانیا، لە نێوان هەر هەزار پرۆژەیەکی پیشەسازیدا، چەند پرۆژەیەکی گەورە[19] هەبوون کە زیاتر لە 50 کرێکار کاریان تیادا دەکرد، بەم شێوەیە: لە ساڵی 1882- سێ پرۆژەی گەورە، ساڵی 1895- شەش پرۆژەی گەورە، ساڵی 1907- نۆ پرۆژەی گەورە. پشکەکانیشیان لە هەر سەد کرێکاردا بەمشێوەیە بوو: 22، 30، 37، بەپێی ڕیزبەندی. بەڵام چڕبوونەوەی بەرهەمهێنان زۆر بەهێزترە لە چڕبوونەوەی

[17] Features.

[18] ) لای خۆمانەوە سەرجەم پەراوێزەکانی نووسەرمان لە لاپەڕەی خۆیدا داناوەتەوە تاکو خوێنەر دێڕ بە دێڕ لەگەڵ سەرچاوە و تێبینییەکان بڕوات. و.ک

[19] large enterprises.

کرێکاران، لەبەرئەوەی کارکردن لە پرۆژە گەورەکاندا بەرهەمێکی زۆر گەورەی هەیە. ئەمەش لەو ژمارانەدا دەبینین کە تایبەتن بە بزوێنەرە هەڵمییەکان و ماتۆڕە کارەباییەکان. ئەگەر ئەو شتەی لە ئەڵمانیا پێیدەوترێت پیشەسازی بەمانا فراوانەکەی وەربگرین، واتا بازرگانی و ڕێگاکانی گواستنەوە، هتد...، ئەم وێنەمان دەستدەکەوێت: پرۆژە گەورەکان 30588 لە کۆی 3265623، واتا تەنها 0.9%. 5 ملیۆن و 700 هەزار کرێکار، لە کۆی 14 ملیۆن و 400 هەزار، واتا 39.4%. هەروەها 6 ملیۆن 600 هەزار توانائەسپی[20] هەڵمی لە کۆی 8 ملیۆن و 800 هەزار هەیە، واتا 75.3%. یەک ملیۆن و 200 هەزار کیلۆوات لە وزەی کارەبا لە کۆی یەک ملیۆن و 500 هەزار کیلۆوات هەیە، واتا 77.2%.

زیاد لە 75%ی کۆی بڕی وزەی هەڵمی و کارەبایی لە دەستی کەمتر لە 1%ی پرۆژەکاندایە! 297 هەزار پرۆژەی پیشەسازیی بچوک (تاکو 5 کرێکاری کرێگرتە) 91%ی کۆی ئەو پرۆژانە پێکدەهێنێت کە بڕی بەکارهێنانی وزەی هەڵمی و کارەباییان لە 7% زیاتر نییە! دەیان هەزار پرۆژەی گەورە - هەموو شتێکە، ملیۆنەها پرۆژەی بچوکیش – هیچ نییە.

لە ساڵی 1907دا لە ئەڵمانیا 576 هەزار پرۆژە هەبوون کە لە هەر یەکێکیاندا 1000 کرێکار بەرەو سەر کاریان تیادا دەکرد. نزیکەی یەک لەسەر دەی کۆی ژمارەی کرێکارانیان لابوو (1370000)، هەروەها یەک لەسەر سێ (32%)ی کۆی وزەی هەڵمی و کارەبایی[21]. دەبینین سەرمایەی نەختینەیی و بانکەکان وادەکەن چەپکێک[22] لە پرۆژە گەورەکان ئێجگار زاڵ و سەرکەوتووبن، ئێجگار زۆر[23] بەمانای پڕاوپڕی وشەکە، واتا ملیۆنەها خاوەنکاری بچوک و مامناوەند و تەنانەت بەشێک لە گەورەکان، لە واقیعدا بەشێوەیەکی تەواو بوونەتە ملکەچی سەدان پارەداری ملیۆنێر[24].

---

[20] Horsepower.

[21] ( ژمارەکان لە (Annalen des deutschen Reichs, 1911 Zahn) گۆڤاری ساڵانەی دەوڵەتی ئەڵمانیا وەرگیراون.

[22] Handful.

[23] Overwhelming.

[24] millionaire financiers.

گەشەسەندنی چڕبوونەوەی بەرهەمهێنان لە یەکێکی تر لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی وڵاتانی سەرمایەداریی مۆدێرن، بریتییە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئەمریکای باکوور. ئامارەکانی ئەم وڵاتە بەمەبەست مانای بەرتەسکی وشەکە (پیشەسازی) دەردەخەن و بەپێی بەهای بەرهەمی ساڵانە[25] پرۆژەکان پۆلێن دەکەن. لە ساڵی 1904دا ئەو پرۆژە زەبەلاحانەی بەرهەمی هەر یەکێکیان ملیۆنێک دۆلار و زیاتر بووە 1900 [پرۆژە بوون] (لە کۆی 216180، واتا 0.9%)، ژمارەی کرێکاران یەک ملیۆن و 400 هەزار بوون (لە کۆی پێنج ملیۆن و 500 هەزار کرێکار، واتا 25.6%)، هەروەها بەهای بەرهەم پێنج ملیار و 600 ملیۆن بووە (لە کۆی چواردە ملیۆن و 800 ملیۆن، واتا 38%). پاش تێپەڕبوونی پێنج ساڵ، لە ساڵی 1909دا، ژمارەکان بەمشێوەیە بوون: 3060 پرۆژە (لە کۆی 278491 پرۆژە، واتا 1.1%)، لە کۆی شەش ملیۆن و 600 هەزار کرێکاریش، دوو ملیۆن کرێکاریان هەبوو (واتا 30.5%)، هەروەها بەهای بەرهەمهێنانی 9 ملیار بووە (لە کۆی 20 ملیار و 700 ملیۆن، واتا 43.8%)[26].

نزیکەی نیوەی کۆی ئەو بەرهەمانەی سەرجەم پرۆژەکانی نێو وڵات بەرهەمیدەهێنێت لە دەستی یەک لەسەر سەدی کۆی ژمارەی پرۆژەکاندایە! ئەم 3000 پرۆژە زەبەلاحانەش[27] 25 لقی پیشەسازی لەخۆدەگرن. بەمەش ڕووندەبێتەوە کە چڕبوونەوە، لە پلەیەکی دیاریکراودا لە گەشەسەندنی، دەگات بە مۆنۆپۆلی، دەشێت بڵێین مۆنۆپۆلیی بەچڕی. لەبەرئەوەی کارێکی ئاسانە کە دەیان پرۆژەی زەبەلاح لە نێوان خۆیاندا ڕێکبکەون، لەلایەکی تریشەوە، دروستکردنی کۆسپ و تەگەرە و ڕێگریکردن لە ڕکابەریێتی و خواستی مۆنۆپۆلکردن، هەردووکیان دەرەنجامی گەورەیی قەبارەی پرۆژەکانە. سەیرورەی ڕکابەریێتی و خواستی مۆنۆپۆلکردن یەکێکە لە دیاردە گرنگەکانی -ئەگەر گرنگترین نەبێت- ئابووریی سەرمایەداریی مۆدێرن، بۆیە پێویستە وردەکاریی زیاتری لەسەر باس بکەین. بەڵام سەرەتا پێویستە لەسەرمان هەموو ئەو شتانە لابدەین کە ڕەنگە لێکنەگەیشتن دروستبکەن.

ئامارە ئەمریکییەکان دەڵێن: 3000 پرۆژەی زەبەلاح لە 250 لقی پیشەسازیدا هەیە. واتا 12 پرۆژەی زەبەلاح لە هەر لقێکدا.

[25] annual output.

[26] Statistical Abstract of the United States 1912, p202.

[27] giant enterprises.

بەڵام شتەکە بەوشێوەیە نییە، چونکە پرۆژە گەورەکان لە هەموو لقێکی پیشەسازیدا بوونیان نییە، لەلایەکی تریشەوە، یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی سەرمایەداری کە گەیشتووە بە بەرزترین قۆناغی گەشەسەندنی، بریتییە لەوەی پێیدەوترێت تەرکیب و تێکەڵاوکردنی[28] بەرهەمهێنان، واتا کۆکردنەوەی چەندین لقی پیشەسازیی جیاواز لە یەک پرۆژەدا، بەشێوەیەک قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانی کەرەستە خاوەکان لەخۆدەگرێت (بۆنموونە: تواندنەوەی ئاسن، گۆڕینی قاڵبە ئاسنەکان[29] بۆ پۆڵا، یان بەرهەمهێنانی ئەم یان ئەو شمەکی دروستکراو لە پۆڵا)، یان یەکێک لەو لقانە ڕۆڵی یاریدەدەر بگێڕێت بۆ ئەوی تر (بۆنموونە: سوودوەرگرتن لە سکراپ و پاشەڕۆ یان لە بەرهەمە لاوەکییەکان؛ دروستکردنی شمەکی لەقووتوونراو، هتد).
هیلفردینگ نووسیویەتی: "تێکەڵاوکردن، هەڵبەزودابەز[30] لەنێو بازاڕ دروستدەکات، بۆیە ڕێژەیەکی سەقامگیر لە قازانج بۆ پرۆژە تێکەڵاوەکان مسۆگەر دەکات. دووەم، تەرکیب دەبێتە هۆی لابردنی بازرگانی. سێهەم، ئیمکانی باشترکردنی تەکنیکی دەهێنێتە ئاراوە، بەوهۆیەشەوە بەدەستهێنانی قازانجێکی ئیزافی بەبەراورد لەگەڵ پرۆژە "پەتی" و سادەکاندا (واتا تێکەڵاو نەبووەکان). چوارەم، بەبەراورد لەگەڵ پرۆژەی سادەدا پاڵپشتی لە هەڵوێستی پرۆژەی تێکەڵاوبوو دەکات، بەشێوەیەک لە ململانێی ڕکابەرێتیدا لەکاتی پوکانەوەی بەهێزدا (قەیران، سستبوونی بازاڕ) پرۆژەی تێکەڵاوبوو بەهێز دەکات، ئەو کاتانەی دابەزینی نرخی کەرەستەی خاو[31] لە دابەزینی نرخی بەرهەمە ئامادە و دروستکراوەکان[32] کەمتر بێت"[33].
ئابووریناسی بۆرژوازی ئەڵمانی؛ هیمان، کتێبێکی تایبەتی تەرخان کرد بۆ وەسفکردنی پرۆژە "تێکەڵاوەکان[34]" واتا پێکهاتووەکان[35] لە پیشەسازیی ئاسنی ئەڵمانیدا، دەڵێت: "پرۆژە سادەکان لە نێوان هەردوو بەردئاشی بەرزبوونەوەی نرخی کەرەستە

[28] Combination.
[29] pig-iron.
[30] Fluctuation.
[31] raw materials.
[32] manufactured goods.
[33] "سەرمایەی دارایی"، وەرگێڕانی ڕووسی، لا286-287.
[34] Mixed.
[35] Combined.

خاوەکان و دابەزینی نرخی بەرهەمە ئامادەکراوەکاندا، لەناودەچن". دەرەنجام ئەم وێنەی خوارەوەمان دەستدەکەوێت:

"لەلایەکەوە، گەورە کۆمپانیاکانی خەڵوزی بەردین[36] کە ساڵانە ملیۆنەها تەن خەڵوز بەرهەمدەهێنن و بەشێوەیەکی توندوتۆڵ لەنێو سەندیکاکانی خەڵوزی بەردیندا ڕێکخراون، لەولاشەوە، کارگە گەورەکانی تواندنەوەی پۆڵا کە پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ کانە خەڵوزەکاندا[37] هەیە و لەنێو سەندیکاکانی پۆڵادا خۆیان ڕێکخستوە. ئەم پرۆژە زەبەلاحانە لە ساڵێکدا 400 هەزار تەن پۆڵا بەرهەمدەهێنن و بڕێکی زۆر کانزا و خەڵوزی بەردین دەردەهێنن و شمەکی دروستکراو و ئامادە لە پۆڵا بەرهەمدەهێنن، و 10 هەزار کرێکار بەکاردەهێنن کە لە چوارچێوەی کارگەکاندا دەژێن و هەندێک کات خاوەنی ئەو هێڵە ئاسنین و بەندەرانەن کە نوێنەری نموونەیی پیشەسازیی ئاسن و پۆڵان لە ئەڵمانیا. چڕبوونەوە بەردەوام بەرەو پێشەوە دەڕوات. هەندێک پرۆژە گەورەتر دەبێت؛ هەتابێت ژمارەی لقی پیشەسازی یان لقی پیشەسازیی جیاواز لەنێو پرۆژە زەبەلاحەکاندا زیاتر دەبێت، کە لەلایەن نیو دەرزەن بانکی گەورەی بەرلینەوە پشتیوانیی لێدەکرێت و ئاراستە دەکرێت. سەبارەت بە پیشەسازیی دەرهێنانی کانزای[38] ئەڵمانییەوە، ئەوا بێگومان ڕاستی و دروستیی ڕاسپاردە و فێرکارییەکانی کارل مارکس دەربارەی چڕبوونەوە دەسەلمێنێت؛ ڕاستە ئەمە پەیوەستە بە وڵاتێکەوە کە باجی گومرگی و نرخی گواستنەوە پیشەسازییەکەی دەپارێزێت. پیشەسازیی ئەڵمانی بۆ دەرهێنانی کانزا، چیتر پێگەیشتووە و دەکرێت دەستی بەسەردا بگیرێت و بەمووڵک بکرێت"[39].

ئەمەش ئەوە دەرەنجامەیە کە دەبوایە ئابووریناسی بەویژدان و نییەت پاکی بۆرژوازی، وەک کارێکی ئاوارتە پێیبگات. شایەنی باسە ئەو وەک حاڵەتێکی تایبەت دەریدەخات، لەبەرئەوەی باجە گومرگییە بەرزەکان پیشەسازییەکە دەپارێزێت. بەڵام ئەوەی ئەم دۆخە دەیکات خێراکردنی چڕبوونەوە و پێکهێنانی یەکێتیی خاوەنکار و

---

[36] Coal .

[37] coal mines.

[38] mining industry .

[39] Hans Gideon Heymann. «Die gemischten Werke im deutschen Grobeisengewerbe». Stuttgart, 1904, SS. 256, 278–279.

مانیفاکتۆره مۆنۆپلییەکانە؛ کارتێلەکان و سەندیکاکان و هتد.. ئەوەی زۆر جێگای بایەخە ئەو واقیعەیە کە چڕبوونەوە لە وڵاتی بازرگانیی ئازاددا، بەریتانیا، ئەویش بەهەمان شێوە بەرەوە مۆنۆپۆلی دەڕوات، ئەگەرچی بەشێوەیەکی خاوترە و لەوانەیە بە فۆرمێکی تر بێت. فەرموون ئێوە و ئەو باسەی پرۆفیسۆر هێرمن لیفی لە توێژینەوەیەکی تایبەتدا دەربارەی "مۆنۆپۆلییەکان و کارتێلەکان و تراستەکان"[40] دەیخاتەڕوو، لەسەر بنەمای داتاگەلێک دەربارەی گەشەسەندنی ئابووری لە بەریتانیای مەزن:

"مەیل و خواستی مۆنۆپۆلکردن لە بەریتانیای مەزن خۆی لە گەورەییی قەبارەی پرۆژەکان و ئاستبەرزیی تەکنیکیدا دەبینێتەوە. چونکە چڕبوونەوە وایکردووە، لەلایەکەوە پرۆژەکان پێویستیان بە سەرمایەگوزاری و وەگەڕەخستنی سەرمایەی گەورە بێت، هەربۆیە پرۆژە تازەکان خۆیان لە بەرامبەر خواستی زیاتردا دەبیننەوە، کە پێویستی بە بڕی سەرمایەی نوێیە، ئەمەش ئاستەنگی بۆ سەرهەڵدانی دروستدەکات. لەلایەکی تریشەوە (ئەمەش بە خاڵێکی زۆر گرنگ دەبینین) هەر پرۆژەیەکی نوێ بیەوێت شانبەشانی پرۆژە زەبەلاحەکان بڕوات کە چڕبوونەوە دروستیکردوون، پێویستە لەسەری بڕێکی زۆر زیادە بەرهەم بەرهەمبهێنێت، چونکە تەنها لەکاتی بەرزبوونەوەی خواستدا نەبێت بەشێوەیەکی سوودبەخشانە نافرۆشرێت، بەپێچەوانەشەوە نرخی بەرهەمەکان دادەبەزێنرێت بۆ ئاستێک کە سوودی بۆ پرۆژەی نوێ و یەکێتییە مۆنۆپۆلییەکان نەبێت". جیاواز لە وڵاتانی تر کە باجی گومرگیی پارێز[41] ئاسانکاری بۆ پێکهێنانی کارتێلەکان دەکات، ئەوا لە ئینگلتەرا لە زۆربەی کەیسەکاندا، پێکەوەبوون و یەکگرتنی خاوەنکارە مۆنۆپۆلیستەکان دروستنابێت، واتا کارتێلەکان و تراستەکان، تەنها ئەوکاتە نەبێت کە ژمارەی پرۆژە سەرەکییە ڕکابەرەکان کەمدەبنەوە بۆ "دوو دەرزەن". "کاریگەریی چڕبوونەوە لەسەر سەرهەڵدان و دامەزراندنی مۆنۆپۆلی لە پیشەسازییە گەورەکاندا، لێرەدا بەڕوونی دەردەکەوێت"[42].

---

[40] Monopolies, Cartels and Trusts.

[41] protective tariff

[42] Hermann Levy «Monopole, Kartelle und Trusts». Jena 1909, » SS. 286, 290, 298.

نیو سەدە پێش ئێستا، کاتێک مارکس کتێبی "سەرمایە"ی نووسی، ڕکابەرێتیی ئازاد لە تێڕوانینی زۆرینەی هەرەزۆری ئابووریناسەکاندا وەک "یاسایەکی سرووشتی" دەردەکەوت. زانستی فەرمی هەوڵیدەدا لەڕێگەی پیلانگێڕیی بێدەنگییەوە بەرهەمەکەی مارکس بکوژێت کە بەشیکردنەوە و شیکاریی تیۆری و مێژوویی بۆ سەرمایەداری، سەلماندی ڕکابەریتیی ئازاد چڕبوونەوەی بەرهەمهێنان دەخاتەوە، بەدڵنیاییەوە ئەم چڕبوونەوەش لە قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەسەندنیدا دەبێتە هۆی مۆنۆپۆلی و پاوانخوازی. ئەمڕۆ چیتر مۆنۆپۆلی بووەتە فاکت. ئابووریناسەکان کوڵێک کتێب دەنووسن وەسفی دیاردە جیاوازەکانی مۆنۆپۆلی دەکەن و بەردەوام بەیەک دەنگ هاوار دەکەن: "مارکسیزم بەدرۆخرایەوە". بەڵام وەک پەندە ئینگلیزییەکە دەڵێت، فاکتەکان شتگەلێکی لاسار و کەللەڕقن، بۆیە بمانەوێت یان نا دەبێت حسابی بۆ بکەین. فاکتەکان دەریدەخەن جیاوازیی نێوان وڵاتە سەرمایەدارەکان بۆنموونە لەڕووی پاراستن و بازرگانیی ئازادەوە تەنها جیاوازییەکی پووچ و بێبایەخە کە هیچ پەیوەندییەکی بە فۆرمی مۆنۆپۆلییەکان و بەرواری سەرهەڵدانییەوە نییە، لەکاتێکدا سەرهەڵدانی مۆنۆپۆلییەکان لە دەرەنجامی چڕبوونەوەی بەرهەمهێنان، یاسایەکی گشتی و بنەڕەتییە لە قۆناغی ئێستای گەشەسەندنی سەرمایەداریدا.

بێگومان دەشێت بەنیسبەت ئەوروپاوە، سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ببێتە کاتی دامەزراندنی سەرمایەداریی نوێ و بەڕێژەیەکی بەرچاو جێگەی سەرمایەداریی کۆن بگرێتەوە. لە دوایین نووسینە پوختەکاندا دەربارەی مێژووی "دامەزراندنی مۆنۆپۆلییەکان[43]"، ئەمە دەخوێنینەوە:

"قۆناغی بەرلەساڵی 1860 هەندێک نموونە دەربارەی مۆنۆپۆلییە سەرمایەدارییەکان بەدەستەوە دەدات؛ دەشێت هەندێک وێنەی کۆرپەیی لەسەر ئەو فۆرمانە کەشف بکەن کە لە ئێستادا چیتر بوونەتە شتێکی ئاسایی و باو، بەڵام گومان لەوەدا نییە هەموو ئەوانە بەنیسبەت کارتێلەکانەوە سەردەمێکی پێش-مێژووە. سەرەتای ڕاستەقینەی مۆنۆپۆلییە نوێکان بەلایەنی زۆرەوە دەکەونە دەیەی حەوتەمی سەدەی هەژدە. چونکە قۆناغی گرنگ و یەکەمی گەشەسەندنی مۆنۆپۆلییەکان لە پوکانەوەی پیشەسازیی جیهانییەوە دەست پێدەکات، لە دەیەی هەشتەمی سەدەی ڕابردوودا و درێژدەبێتەوە

[43] formation of monopolies.

بـۆ سـەرەتای دەیـەی دەهـەم".. "ئەگـەر لـە چوارچێـوەی ئـەوروپادا لـە مەسـەلەکە بکۆڵینەوە، دەبینین گەشەسەندنی ڕکابەرێتیی ئازاد لە ساڵانی هەردوو دەیەی حەوتەم و هەشـتەمدا گەیشـتۆتە ترۆپـک. چونکـە لـەو کاتانـەدا ئینگلتـەرا ڕێکخسـتنە سەرمایەدارییەکەی لەسەر شێواز و ستایلی کۆن بەئەنجام گەیاند. لە ئەڵمانیاشدا ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ هەردوو پیشەسازیی دەستی وماڵیدا چووە ململانێیەکی یەکلاکەرەوە و توندەوە، دەستیکرد بە دروستکردنی فۆرمەکانی بوونی خۆی".

"لـە قـەیرانی سـاڵی 1873وە کودەتایـەکی گـەورە دەسـتیپێکردووە، یـان ڕاسـتتر لـەو پوکانـەوە و سسـتبوونەوە کـە بەدوایـدا هـات و 22 سـاڵی لـە مێـژووی ئـابووریی ئـەوروپی پڕکـردەوە، جگەلـە پچڕانێکـی کـەم لـە سـەرەتای دەیـەی نۆهـەم و هەسـتانەوەیەکی کـورت مـەودا لـە سـاڵی 1889دا".. "لـە مـاوەی قۆنـاغی هەسـتانەوە کـورت مەوداکـەدا لـە سـاڵانی 1889-1890 بەشـێوەیەکی فـراوان کارتێلـەکان بەکارهێنران بۆ سـوود وەرگرتن لە بارودۆخی بازاڕ. سیاسـەتی کورتبینانە وایکرد نرخـەکان بەشـێوەیەکی خێراتـر و بـەرزتر لـەو کاتـە بەرزترببنـەوە کـە کارتێلـەکانی لێنـەبوو، زۆرێـک لـەم کارتێلانـە بەنـەنگی و شـورەییەوە لـەنێو گـۆڕی تێکشـکاندا لەناوچوون. پێنج ساڵی تری لە هەلومەرجی خراپ و نرخی نزم بەدوایدا هات، بەڵام باری دەروونی لە پیشەسازیدا وەک خۆی نەمابوو. چیتر سسـتبوون نـەبووە شتێکی بەدیهی، بەڵکو وەک وچانێکی پێش بارودۆخی نوێ و بوژانەوە تەماشا دەکرا.

جوڵانـەوەی کارتێلـەکان پێینایـە قۆنـاغی دووهەمیـەوە. پـاش ئـەوەی کارتێلـەکان دیاردەیەکی کاتی بوون، کەچی ببوونە یەکێک لە بناغەکانی ژیانی ئابووری. یەک بە یەکی لق و خانەکانی پیشەسازی بەدەستدەهێنا، سەرەتاش پیشەسازیی کەرەستە و ماتریـاڵی خـاو. لـە دەسـتپێکی سـاڵانی دەیـەی دەهەمـدا، سیسـتەمی کارتێلـەکان، بـە ڕێکخستنی سەندیکای کۆک[44] کە دواتر لەسـەر هـەمان مۆدێل سـەندیکای خـەڵوز[45]ی ڕێکخسـتەوە، میکـانیزم و تـەکنیکێکی دانـا لـە جەوهـەردا بـەرەو چـاکتر نـەدەچوو. هەسـتانەوە و بوژانـەوەی گـەورە لـە کۆتـاییی سـەدەی نـۆزدەدا و قـەیرانی سـاڵانی 1900-1903 بـۆ یەکـەمینجار و بەشـێوەیەکی تـەواو لـەژێر قـەڵغانی کارتێلەکانـدا

---

[44] Coke.

[45] Coal.

ڕوویاندا -لانی کەم لە پیشەسازیی دەرهێنان و ئاسندا-. ئەگەر ئەمڕۆ لە تێڕوانینی ڕای گشتیی فراواندا، وەک ڕێسایەکی گشتی، ڕکابەریتیی ئازاد لە گرنگترین کایەکانی ژیانی ئابووری دوورخرابێتەوە، ئەوا چیتر وەک شتێکی نوێ دەردەکەویت"[46].

کەواتە، قۆناغە سەرەکییەکانی مێژووی مۆنۆپۆلییەکان بریتین لە:

1) ساڵانی دەیەی حەوتەم و هەشتەمی سەدەی ڕابردوو، لوتکەی گەشەسەندنی ڕکابەریتیی ئازاد بوون. مۆنۆپۆلییەکان بەهەزارحاڵ هەستیان پێدەکرا، قۆناغی کۆرپەلەیی بوو.

2) لەدوای قەیرانی ساڵی 1873 قۆناغی کارتێلەکان هاتەپێشەوە، قۆناغێکی دەگمەن بەڵام هێشتا بەهێز و خۆڕاگر نەبوو، هێشتا دیاردەیەکی کاتی و ڕاگوزەر بوو.

3) بوژانەوەی[47] کۆتاییەکانی سەدەی 19 و قەیرانی ساڵانی 1900-1903: کارتێلەکان بوون بە یەکێک لە بناغەکانی کۆی ژیانی ئابووری. سەرمایەداری گۆڕا بۆ ئیمپریالیزم.

کارتێلەکان لەنێو خۆیاندا لەسەر مەرجەکانی فرۆشتن ڕێککەوتن، بەرواری پارەدانەوە و هتد. ناوچەکانی بازاڕکردن و ساغکردنەوەیان لەنێو خۆیاندا دابەشکرد، هەر ئەوان بڕی بەرهەمهێنانیان دیاریدەکرد و ئەوانیش نرخەکانیان دەستنیشان دەکرد، هەروەها قازانجەکانیان لە نێوان پرۆژە جیاوازەکاندا دابەش دەکرد و هتد.

لە ساڵی 1896دا ژمارەی کارتێلەکان لە ئەڵمانیا گەیشتە نزیکەی 250، لە ساڵی 1905دا بوون بە 385 کە 12 هەزار دەزگا و کۆمپانیایان لەخۆدەگرت[48]. بەڵام هەمووان دان بەوەدا دەنێن تەنانەت ئەو 12 هەزار پرۆژە زەبەلاحە بەتەنها خۆیان، زیاتر لە نیوەی کۆی گشتیی بڕی وزەی هەڵمی و کارەباییان هەیە. ژمارەی تراستەکانیش لە ویلایەتە یەکگرتووکانی ئەمریکای باکوور لە ساڵی 1900دا بە 185

[46] Te Vogelstein. «Die finanzielle Organisation der Kapitalistischen Industrie und die «Monopolbildungen», VI Abt., 1914.

[47] Boom.

[48] Dr. Riesser. «Die deutschen Grobbanken und ihre Konzentrtion im Zusammenhange mit der Entwicklung der Gesamtwirtschaft in Deutschland». 4 Aufl., 1912, S. 149. R. Liefmann «Kartelle und Trusts und die Weiterbildung der volkswirtechaftlichen Organisation». 2. Aufl. 1910, S. 25.

خەملێنراون، لە ساڵی 1907دا 250. ئامارە ئەمریکییەکان سەرجەم پرۆژەکان دابەش دەکات بۆ خاوەندارێتیی تاکەکان یان کۆمپانیاکان یان یەکێتییەکان. ئەمەی داوییشیان لە ساڵی 1904دا خاوەنی 23.6 بوو، لە ساڵی 1909دا بوو بە 25.9% واتا زیاتر لە چارەکێکی کۆی گشتیی ژمارەی پرۆژەکان. لە ساڵی 1904دا ڕێژەی 70.6% کرێکارانیان بەکاردەهێنا، لە ساڵی 1909دا ئەو ڕێژەیە بوو بە 75.6 واتا سێ چارەکی کۆی ژمارەی کرێکاران، بەهای بەرهەمهێنانی هەردوو ساڵی سەرەوە 10.9 ملیار دۆلار و 16.3 ملیار دۆلار، واتا 73.7% و 79.0% لە کۆی گشتی.

زۆرجار حەوت یان هەشت لە دەی کۆی بەرهەمی لقێک لە لقەکانی پیشەسازی، لە دەستی کارتێلەکان و تراستەکاندا چڕدەبێتەوە. سەندیکای خەڵوزی هەرێمی ڕین-فیستیفالیا، کاتێک لە ساڵی 1893دا دامەزرا، ڕێژەی 86.7% لە کۆی گشتیی بەرهەمی خەڵوزی ئەو هەرێمەی لە دەستدا چڕببوەوە، لە ساڵی 1910دا ڕێژەی چڕبوونەوە بوو بە 95.4%[49]. ئەو مۆنۆپۆلی و قۆرخکارییەی بەم شێوەیە دروستدەبێت قازانج و دەرامەتێکی بێشومار دابین دەکات و دەبێتە هۆی پێکهێنان و دامەزراندنی یەکەی بەرهەمهێنانی تەکنیکیی قەبارە گەورە. تراستی بەناوبانگی نەوت ( Standard Oil Company) لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا لە ساڵی 1900دا دامەزرا:

"سەرمایەی ڕاگەیەندراو[50]ی گەیشتە 150 ملیۆن دۆلار. هەروەها بەبڕی 100 ملیۆن دۆلار پشکی ئاسایی و بەبڕی 106 ملیۆن دۆلار پشکی نایابی دەرکرد. لە ساڵانی 1900-1907 قازانجی پشکەکان بەسەر ئەمەی دواییاندا بەمشێوەیە دابەشکرا: 48%، 48%، 45%، 44%، 36%، 40%، 40%، 40% بەپێی ڕیزبەندیی ساڵەکان، واتا بڕی 367 ملیۆن دۆلار. لە ساڵی 1882 تاکو ساڵی 1907 پوختەی قازانج گەیشتە 889 ملیۆن دۆلار، 606 ملیۆنی بەسەر خاوەن پشکەکاندا دابەشکرا، باقییەکەشی وەک سەرمایەی یەدەگ تۆمارکرا"[51].. "لە ساڵی 1907دا لە سەرجەم کارگەکانی تراستی پۆڵادا (United States Steel Corporation) ژمارەی

[49] Dr Fritz Kestner. «Der Organisatonszwang. Eine Untersuchung über die Kmpfe zwischen Kartellen und Aubenseitern». Brl., 1912.

[50] authorised capital.

[51] R. Liefmann. «Beteiligungs-und Finanzierungsgesellschaften. Eine Studie über den modernen Kapitalismus und das Effektenwesen». I. Aufl. , Jena, 1909.

کرێکاران لە 210180 کەس کەمتر نەبوون. لە ساڵی 1908دا گەورەترین پرۆژە لە پیشەسازیی دەرهێنانی ئەڵمانیدا، بریتی بوو لە کۆمپانیای کانگەکانی (Gelsenkirchener Bergwerksgesellschaft) کە ژمارەی ستافی کرێکاران و ئۆفیس گەیشتبووە 46048"[52]. لە ساڵی 1902دا تراستی پۆڵا 9 ملیۆن تەن پۆڵای بەرهەمدەهێنا[53]. ڕێژەی بەرهەمهێنانی پۆڵا لە ساڵی 1901دا 66.3% بوو، لە ساڵی 1908دا 56.1%ی کۆی بەرهەمی پۆڵای ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو[54]. بڕی دەرهێنانی کانزاش لە هەردوو ساڵدا 43.9% و 46.9% بوو، یەک لەدوای یەک.

لە ڕاپۆرتی لیژنەی حکومەتی ئەمریکیدا دەربارەی تراستەکان هاتووە: "سەرکەوتنی بەسەر ڕکابەرەکاندا پشت بە گەورەیی قەبارەی پرۆژەکانی و ئامرازە تەکنیکییە نایابەکانی دەبەستێت. چونکە تراستی توتن هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، لە چوارچێوەیەکی فراواندا و لەسەر هەموو ئاستەکان هەموو هەوڵێکی خستۆتەگەڕ بۆئەوەی کاری میکانیکی جێگای کاری دەستی بگرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش سەرجەم مافەکانی داهێنانی[55] کڕیوە، هەر داهێنانێک پەیوەندیی بە ئامادەکردن و دروستکردنی توتنەوە هەبێت، لەم پێناوەشدا پارەیەکی بێشوماری خەرجکردووە. سەرەتا زۆربەی داهێنانەکان کاریان نەدەکرد، بۆیە دەبوایە ئەندازیارەکانی تراست چاکیان بکردایەتەوە. لە کۆتاییی ساڵی 1906دا دوو کۆمپانیای لاوەکی دامەزران تەنیا ئامانجیان بریتی بوو لە کڕین و پەیداکردنی مافی داهێنان. بۆ هەمان مەبەست تراست هەستا بە دامەزراندنی کارگەی تواندنەوە و ماشێن و وەرشەی چاککردنەوە. یەکێک لەو دامەزراوانە، لە برۆکلین بەتێکڕا 300 کرێکاری بەکاردەهێنا، لەنێویشیدا داهێنانەکان

[52] Dr. S/ Tschierschky. «Kartell und Trust». Gtt., 1903.

[53] Th. Vogelstein. «Organisatiosformen.

[54] Report of the Commissioner of Corporation on the Tobacco Industry. Washington, 1909. Dr. Paul Tafel. «Die nordamerikanschen Trusts und ihre Wirkungen auf den Fortschritt der Technik». Stuttgart, 1913.

[55] Patent.

تاقیدەکرانەوە و چاکتردەکران بەمەبەستی دروستکردنی جگەرە و چرووت[56] و سناف[57] و کاغەزی قەسدیر[58] بۆ پێچانەوە و لەقوتوونان"[59].

"تراستەکانی تر ئەوە بەکاردەهێنن کە پێیدەڵێن ئەندازیاری پەرەپێدانی تەکنیکی، ئەرکەکەشیان بریتییە لە دۆزینەوەی میکانیزم و ڕێگای نوێ بۆ بەرهەمهێنان و تاقیکردنەوەی چاککردنە تەکنیکییەکان. تراستی پۆڵا[60] لە بەرامبەر هەر داهێنانێک کە کارایی تەکنیکی بەرزبکاتەوە و تێچووەکان دابەزێنێت، پاداشت و بەخشیشێکی گەورە دەدات بە ئەندازیاران و کرێکارەکانی"[61].

بەهەمان شێواز پیشەسازیی زەبەلاحی ئەڵمانی، مەسەلەی چاککردنە تەکنیکییەکانی ڕێکخست، بۆنموونە لە پیشەسازیی کیمیاییدا کە لە ماوەی دە ساڵی دواییدا بەشێوەیەکی ئێجگار زۆر گەشەیسەند. چڕبوونەوەی بەرهەمهێنان لەم پیشەسازییەدا لە ساڵی 1908دا "دوو گرووپی" سەرەکی دامەزراند و، لەسەر شێوازی خۆیان هەنگاویاننا بەرەو مۆنۆپۆلی. لە سەرەتادا ئەم دوو گرووپە "هاوپەیمانێتیی دووانەیی" بوون، لە نێوان جووتێک لە گەورەترین کارگەکان، سەرمایەی هەر یەکێکیان 20 بۆ 21 ملیۆن مارک بوو: لەلایەکەوە کارگەی مایستەری پێشوو لە هۆگست و کارگەی کاسیلە لە فرانکفۆرت لەسەر ماین، لەلایەکی تریشەوە کارگەی ئەنیلین و سۆدە[62] لە لویدفیگشهافن و کارگەی بایەری پێشوو لە ئیلبیرفێڵد. ئینجا لە ساڵی 1905دا یەکێک لەو دوو گرووپە، پاشان لە ساڵی 1908دا گرووپەکەی تریان، هەر یەک بەجیا ڕێکەوتنیان لەگەڵ کارگەیەکی تری گەورەدا گرێدا. ئەنجامەکەشی بریتی بوو لە دەرکەوتنی "هاوپەیمانێتیی سیانی" سەرمایەی هەر یەکێکیان 40 بۆ 50 ملیۆن مارک بوو، لە نێوان ئەم "هاوپەیمانان"ەدا "نزیکبوونەوە" و "لێکگەیشتن" دەربارەی نرخەکان و شتی تریش هاتەئاراوە[63].

---

[56] Cheroot.

[57] Snuff.

[58] Tinfoil.

[59] ) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 48-49.

[60] The United States Steel Corporation.

[61] Rieser. کتێبی پێشوو..

[62] Aniline , soda.

[63] ) کستنەر کتێبی پێشوو..

چیتر ڕکابەریتی گۆڕاوە بۆ مۆنۆپۆلی. دەرەنجامی ئەوەش پێشکەوتنێکی گەورەی لە بەکۆمەڵایەتیکردنی بەرهەمهێناندا هێنایە ئاراوە. بەتایبەتی لە پرۆسەی داهێنان و چاککردنە تەکنیکییەکاندا.
دۆخەکە تەواو جیاوازە لە ڕکابەریتیی ئازادی کۆن، لە نێوان ئەو خاوەنکار و بەرهەمهێنەرە پەرشوبڵاوانەدا کە هیچ شتێکیان لەبارەی یەکترەوە نەدەزانی و بەرکەوتنیان لەگەڵ یەکتردا نەبوو، هەروەها بەرهەمهێنانیان بۆ بازاڕێکی نادیار و نەزانراو دەکرد. چیتر چڕبوونەوە گەیشتووە بە خاڵێک کە جەرد و مەزەندەیەکی نزیکەیی بۆ سەرچاوە خاوەکان (بۆنموونە سەرچاوەکانی کانزای ئاسن) لە وڵاتێکی دیاریکراودا یان تەنانەت لە سەرجەم وڵاتان و سەرانسەری جیهاندا، بکرێت. مەسەلەکەش تەنها لەسەر ئەم ئامارە نەوەستاوە، بەڵکو کۆمەڵە و یەکێتییە مۆنۆپۆلییە زەبەلاحەکان دەست دەگرن بەسەر ئەم سەرچاوانەدا و دەیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. مەزەندە و ئامارێکی نزیکەیی بۆ توانای ئەو بازاڕانە دەکرێت کە ئەم کۆمەڵانە لە نێوان خۆیاندا لەسەر بنەمای ڕێککەوتن و گرێبەستەکان "دابەشیان" دەکەن. دەستی کاری ڕاهێنراو مۆنۆپۆل دەکەن و باشترین نوخبە و دەستەبژێری ئەندازیاران بەکرێدەگرن، هەروەها دەستدەگرن بەسەر ڕێگا و هۆیەکانی گواستنەوەدا -هێڵەکانی شەمەندەفەر لە ئەمریکا، کۆمپانیاکانی گواستنەوەی دەریایی لە ئەورووپا و ئەمریکا. چونکە سەرمایەداری لە قۆناغی ئیمپریالیزمیدا ڕاستەوخۆ گەیشتووە بەوەی مۆرکێکی کۆمەڵایەتیی[64] گشتگیر بە بەرهەمهێنان ببەخشێت، دەشێت بڵێین، سەرەڕای ئیرادە و ئاگاییان ئەوا سەرمایەداران بەرەو نەزمێکی کۆمەڵایەتیی نوێ ڕادەکێشێت، سیستەمێکی ڕاگوزەر، لە ئازادیی ڕکابەریتیی تەواوەوە بۆ بەکۆمەڵایەتیکردنی تەواو.
بەرهەمهێنان بووەتە سۆسیال، بەڵام خاوەنداریتی هەر بە تایبەت دەمێنێتەوە. ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی وەک موڵکی تایبەتی ژمارەیەکی کەمی تاکەکان دەمێننەوە. چوارچێوەی گشتیی ڕکابەریتیی ئازاد وەک فۆرمی دانپیانراو دەمێنێتەوە، چیتر جەور و ستەمی چەپکێک مۆنۆپۆلیست و پاوانخواز بۆ تەواوی دانیشتوان سەد هێندە قورستر و توندتر بووەتەوە.

[64] Socialization.

ئابووریناسی ئەڵمانی بەناوی کستنەر کتێبێکی تایبەتی بۆ بابەتی "ململانێی نێوان کارتێلەکان و دەرەکییەکان[65]" تەرخان کرد، واتا ئەو سەرمایەدار و خاوەن کارانەی لەنێو کارتێلەکاندا ڕێکنەخراون. نووسەر کتێبەکەی ناونا "ڕێکخستنی زۆرەملێ"[66]، لەکاتێکدا دەبوایە دەربارەی ملکەچبوونی زۆرەملێ بۆ کۆمەڵە مۆنۆپۆلییەکان قسەی بکردایە، هەڵبەتە بۆئەوەی سەرمایەداری ئارایشت نەکات. کارێکی سوودبەخشە ئەگەر چاوێک بە لیستی ئەو ڕێگا و ئامرازانەدا بخشێنینەوە کە یەکێتییە مۆنۆپۆلییەکان لە ململانێی ئێستا، نوێ، شارستانیدا لەپێناو "ڕێکخستن"دا پەنای بۆ دەبەن:

1) بێبەشکردن لە کەرەستەی خاو (...گرنگترین ڕێگایە بۆ ناچارکردن تاکو بێنە ڕیزی کارتێلەکانەوە و خۆیانیان پێوەببەستن).

2) بێبەشکردن لە دەستی کار لەڕێگەی "هاوپەیمانێتییەکانەوە" (واتا ڕێککەوتنی نێوان سەرمایەداران و سەندیکای کرێکاران بەشێوەیەک ئەمەی دوایی ئەو کارانە قبوڵنەکات کە لە دەرەوەی پرۆژەی کارتێلەکانە).

3) بێبەشکردن لە هۆیەکانی گواستنەوە و گەیاندن.

4) بێبەشکردن لە بازاڕەکانی ساغکردنەوە.

5) گرێبەست و ڕێککەوتن لەگەڵ کڕیاران بەوەی مامەڵە و پەیوەندیی بازرگانی تەنها لەگەڵ کارتێلەکاندا ببەستن.

6) دابەزاندنی نرخەکان بەشێوەیەکی سیستەماتیک (بۆئەوەی "دەرەکییەکان" مایەپووچ ببن، واتا ئەو کۆمپانیایانەی ملکەچی مۆنۆپۆلیستەکان نەبوون، ملیۆنەها خەرج دەکات بۆئەوەی لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە هەرزانتر لە مایە و تێچووەکەی خۆی بفرۆشێت: بۆنموونە چەند حاڵەتێک ڕوویداوە کە نرخی بەنزین لە 40 مارکەوە دابەزیوە بۆ 22 واتا نزیکەی نیوە!).

7) بێبەشکردن لە قەرز و سولفە.

8) بایکۆتکرن.

ئەوەی دەیبینن ململانێی ڕکابەریتیی نێوان پرۆژە بچوک و گەورەکان نییە، [هەر وەک چۆن مەسەلەی] پێشکەوتوویی و دواکەوتوویی تەکنیکی نییە. بەڵکو ئەوەی هەیە

65 Outsiders.

66 Compulsory Organisation.

بریتییە لە پرۆسەی خنکاندنی ئەو کەسانەی ملکەچی مۆنۆپۆلییەکان نابن لەلایەن مۆنۆپۆلیستەکانەوە، هەروەها دەچەوسێنرێنەوە و ستەمیان لێدەکرێت. فەرموون وێنەی ڕەنگدانەوەی ئەم پرۆسەیە لە زەینی ئابووریناسێکی بۆرژوازیدا ببینن:
کستنەر دەنووسێت: "تەنانەت لە کایەی چالاکیی ئابووریی پەتیدا، هەندێک گۆڕانکاری لە چالاکیی بازرگانیدا بەمانای کۆنی وشەکە ڕوودەدات بەرەو چالاکیی جامبازیی ڕێکخراو[67]. ئەوەشی سەرکەوتنی گەورە بەدەستدەهێنێت ئەو بازرگانە نییە کە ئەزموونە هونەری و بازرگانییەکەی ڕێگەی پێبدات بەباشترین شێوە پێداویستییەکانی کڕیاران مەزەندە بکات و خواستی نهێنی و شاراوە بدۆزێتەوە و هەڵبهێنێت، یان "کەشفبکات"، بەڵکو ئەو کەسەیە کە لە جامبازیدا[68] بلیمەتە" (؟!) "ئەو کەسەی کە دەتوانێت پێشوەختە خەملاندن بکات، یان لانی کەم، هەست بە گەشەسەندنی ڕێکخستن و پەیوەندییە شیمانەکراوەکان لە نێوان ئەم یان ئەو پرۆژەدا یان بانکەکان بکات...".
مانای ئەمەش ئەگەر تەرجومە بکرێت بۆ زمانی خەڵک ئەوەیە گەشەسەندنی سەرمایەداری گەیشتووە بە قۆناغێک کە بەفیعلی بەرهەمهێنانی کاڵایی بنکەن کردووە، ئەگەرچی هێشتا وەک پێشوو "باڵادەست"ە و بە بناغەی ژیانی ئابووری دادەنرێت، کە تیایدا قازانجە زۆرەکان دەبێتە نەسیبی "بلیمەتەکان"ی یارییە داراییەکان. ئەم یاری و تەڵەکەبازی و فێڵکردنانە لەسەر بنەمای بەکۆمەڵایەتیکردنی بەرهەمهێنان وەستاون، بەڵام پێشکەوتنی مەزنی مرۆڤایەتی کە گەیشتوە بەو ڕادەی سیفەتی کۆمەڵایەتی بە بەر بەرهەمێناندا بکات، سوودبەخش دەبێت... بۆ جامبازەکان[69]. دواتر دەبینین کە چۆن ڕەخنەگرانی ئیمپریالیزمی سەرمایەداری لە وردە بۆرژوازە کۆنەپەرستەکان "لەسەر ئەم بنەمایە" خەون بەوەوە دەبینن بگەڕێنەوە بۆ دواوە، بۆ ڕکابەریتیی "ئازاد"، "ئاشتیخواز" و "شەریفانە".
کستنەر دەڵێت: "بەرزبوونەوەی نرخەکان بۆ ماوەیەکی درێژ وەک دەرەنجامی پێکهاتنی کارتێلەکان تاکو ئێستا تەنها سەبارەت بە گرنگرتین ئامرازەکانی بەرهەمهێنان تێبینیکراو بووە، بەتایبەت خەڵوزی بەردین و ئاسن و پۆتاسیۆم، ئەگینا بەپێچەوانەوە

---

[67] organisational- speculative activity.

[68] Speculative.

[69] Speculators.

سەبارەت بە بەرهەمە دروستکراوەکان هەرگیز تێبینی نەکرابوو. بەهەمان شێوە، بەرزبوونەوەی قازانجەکان لە دەرەنجامی بەرزبوونەوەی نرخەکان، لە پیشەسازیی ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا قەتیس ببوو. پێویستە ئەوەش بۆ ئەم تێبینییە سەربار بکەین کە پیشەسازیی پرۆسەکانی کەرەستەی خاو (نەک دروستکراوە نیمچە ئامادەکراوەکان)، جگەلەوە -بەهۆی پێکهێنانی کارتێلەکانەوە- سوودگەلێک لەشێوەی قازانجی بەرز فەراهەم دەکات، چونکە بەهۆی تەواوکردنی دروستکراوە نیمچە ئامادەکراوەکانەوە زیانێکی پیشەسازی تیادایە، بەڵام بەهۆی ئەم پیشەسازییەوە جۆرێک لە هەیمەنەی مسۆگەر کردووە کە لە سەردەمی ڕکابەریتیی ئازاددا بوونی نەبووە"[70].

ئەو وشانەی ئاماژەمان پێکرد کرۆکی کەیسەکە دەردەخات، کە ئابووریناسە بۆرژوازەکان بەدەگمەن و بە نابەدڵییەوە دانی پیادا دەنێن و، بەرگریکارانی ئەمڕۆ لە ئۆپۆرتۆنیزم بەپێی توانا هەوڵی خۆدوورخستنەوە و فەرامۆشکردنی دەدەن، لەسەرو هەمووشیانەوە کارل کاوتسکی. چونکە پەیوەندییەکانی هەیمەنە و زەبروزەنگی هاوشانی "دوایین قۆناغی گەشەسەندنی سەرمایەداری" جیادەکەنەوە، کە دەرەنجامێکی حەتمییە و بەفیعلیش لە ئەنجامی پێکهێنانی مۆنۆپۆلییە ئابوورییە هەمەتواناکان[71] هاتەدی.

با نموونەیەکی تر لەسەر هەیمەنەی کارتێلەکان و شێوازی کارکردنیان باس بکەین. سەرهەڵدان و پێکهێنانی کارتێلەکان کارێکی زۆر ئاسانە، چونکە دەشێت دەستبگیرێت بەسەر سەرجەم سەرچاوە خاوەکاندا یاخود بەشی سەرەکیی ئەم سەرچاوانەدا. بەڵام کارێکی هەڵەیە ئەگەر وایدابنێین مۆنۆپۆلییەکان لەنێو ئەو لقە پیشەسازییانەدا سەرهەڵنادات کە ناتوانرێت دەست بەسەر کەرەستە و سەرچاوە خاوەکانیدا بگیرێت. چونکە بۆنموونە، پیشەسازیی چیمەنتۆ لە هەموو شوێنێک ماتریاڵی خاوی دەستدەکەوێت. بەڵام کارتێلەکان کارگەکانیان لە سەندیکا هەرێمایەتییەکاندا یەکخست: سەندیکای باشووری ئەڵمانیا و سەندیکای هەرێمی ڕین-فیستیفالیا و هتد.. نرخەکانیش نرخی مۆنۆپۆلییەکانە: 230-280 مارک بەهای گالیسکەیەکی شەمەندەفەر لەکاتێکدا تێچووەکەی 180 مارک بوو! پرۆژەکان بەڕێژەی 12% بۆ 16% [قازانج] دەدات بە

[70] «Zement» von L. Eschwege. «Die Bank», 1909.

[71] all-powerful.

خاوەن پشکەکان، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە "بلیمەتەکان"ی جامبازیی مۆدێرن دەزانن چۆن قازانجە گەورەکان بخەنە گیرفانی خۆیانەوە، سەرەڕای ئەوەی بەسەر خاوەن پشکەکاندا دابەش دەکرێت. مۆنۆپۆلیستەکان بۆئەوەی لەو پیشەسازییانەدا کە قازانجی زۆرە ڕێگری لە ڕکابەرێتی بکەن، پەنا دەبەنە بەر جۆرەها فێڵ و چەواشەکاری: دیعایە و واتەواتی ساختە بڵاودەکەنەوە، گوایە دۆخی پیشەسازی خراپە، ڕیکلام و ئاگاداری [کە سەرچاوەکانیان] نادیارە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکەنەوە، وەکو: "ئەی سەرمایەداران، وریابن سەرمایەگوزاری لە پیشەسازیی چیمەنتۆدا مەکەن!"، دواتریش خۆیان دێن کارگەی "دەرەکییەکان[72]" دەکڕن (واتا ئەوانەی لە دەرەوەی سەندیکاکانن)، و بڕی 60 بۆ 80 تەنانەت 150 هەزار مارکیان وەک "قەرەبوو" پێدەدەن[73]. مۆنۆپۆلی بەبێ هیچ دوودڵییەک، لە هەموو شوێنێک و بە سەرجەم میکانیزمەکان ڕێگای خۆی دەبڕێت، لە پێدانی قەرەبووی "مامناوەند[74]"ەوە تاکو دەگات بە پەیڕەوکردنی شێوازی ئەمریکی بە بەکارهێنانی دینامیت[75] لەدژی ڕکابەر و کێبڕکێکار.

سەبارەت بە زاڵبوونی کارتێلەکان بەسەر قەیرانەکاندا، ئەوە چیرۆک و ئەفسانەیەکە ئابووریناسە بۆرژوازەکان دروستیانکردووە، ئەوانەی هەوڵدەدەن بەهەر نرخێک بێت ڕووخساری سەرمایەداری ئارایشت بکەن. بەپێچەوانەوە، کاتێک مۆنۆپۆلی لە هەندێک لقی پیشەسازیدا سەرهەڵدەدات، ئەنارشی و گرژیی شاراوەی نێو کۆی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری زیاتر و قووڵتر دەکاتەوە. چونکە نابەرابەری لە گەشەسەندنی کشتوکاڵ و پیشەسازیدا، خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی گشتیی سەرمایەدارییە کە بە پلەیەکی گەورەتر زیاد دەکات. ئەو دۆخە نایابەی کە پیشەسازیی زۆر ڕێکخراو لە کارتێلەکاندا خۆی تیادا دەبینێتەوە، ئەوەی پێی دەوترێت پیشەسازیی قورس، بەتایبەتی پیشەسازیی خەڵوز و ئاسن، لە لقە پیشەسازییەکانی تردا بووەتە هۆی "نەبوونی

[72] Outsiders.

[73] Jeidels «Das verhltnis der deutschen Grobanken zur Industrie mit besonderer ‹Berücksichtigung der Eisenindustrie». Lpz. , 1905.

[74] Modest.

[75] Dynamite.

زیاتری تەنسیق و یەکخستن[76]". وەک ئەوەی (Jeidels) دانی پیادا دەنێت، ئەو نووسەرەی باشترین کتێبی دەربارەی "پەیوەندیی نێوان بانکە گەورەکانی ئەڵمانیا و پیشەسازی" نووسی[77].

لیفمان، بەرگریکار لە سەرمایەداری، بێشەرمانە دەنووسێت: "چەندە ئابووریی نیشتیمانی گەشەسەندووتر بێت، هێندەش پەنا بۆ ئەو پرۆژانە دەبات کە سەرکێشی و ڕیسک لەخۆدەگرن یان ئەو پرۆژانەی لە دەرەوەی وڵاتن، بەرەوە ئەو پرۆژانە دەڕوات کە گەشەپێدانیان کاتێکی زیاتریان پێویستە، یان لە کۆتاییدا ئەو پرۆژانەی کە گرنگی و بایەخیان چوارچێوەی لۆکاڵی و ناوخۆیی تێناپەڕێنێت"[78]. زیادبوونی ڕیسک لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی زیادبوونی سەرمایە بەڕێژەیەکی زۆر و بێشومار، دەتوانین بڵێین بەرەو دەرەوە هەڵدەقوڵێت، هتد. ئینجا پێشکەوتنی تەکنیکی بەوپەڕی خێراییەوە دەبێتە هۆی زیاتر و زیاتری توخمەکانی نابەرابەری و جیاوازی[79] لە نێوان سەرجەم بوارەکانی ئابووریی نیشتیمانی، هەروەها ئەنارشی و قەیرانەکان. خودی لیفمان خۆی ناچار بوو دان بەوەدا بنێت کە بڵێت: "ڕەنگە پێویست بێت لەسەر مرۆڤایەتی لە ئایندەیەکی نزیکدا جارێکی تر شۆڕشێکی گەورە لە بواری تەکنیکیدا بەخۆوە ببینێت، کە کاریگەریی لەسەر ڕێکخستنی سیستەمی ئابووری دەبێت"... کارەبا، فرۆکەوانی... "زۆرجار وەک ڕێسایەکی گشتی، لەکاتی گۆڕانە ئابوورییە ڕیشەییەکاندا، جامبازی بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەدەکات..."[80].

قەیرانەکانیش بە سەرجەم جۆرەکانیەوە -زۆرجار ئابووری، بەڵام بەتەنها ئابووری نا- تاڕادەیەکی زۆر مەیل و خواست بەرەوە چڕبوونەوە و مۆنۆپۆلی زیاد دەکەن. فەرموون لەگەڵ ڕاوبۆچوونەکانی (Jeidels) کە ئاماژە بە گرنگی و بایەخی قەیرانی ساڵی 1900 دەکات، ئەو قەیرانەی وەک دەزانین، لە مێژووی مۆنۆپۆلیی مۆدێرندا خاڵی وەرچەرخان بوو:

"کاتێک قەیرانی 1900 تەقییەوە، هێشتا شانبەشانی پرۆژەی فرەلقی پیشەسازی و زەبەلاح، ژمارەیەکی زۆر لە پرۆژەی دواکەوتوو لەڕووی ڕێکخستنەوە هەبوون، پرۆژەی "سادە" (واتا ناتێکەڵاو). شەپۆلی بوژانەوەی ئابووری بەرزیکردەوە بۆ

---

[76] Coordination.

[77] ) لیفمان.. لا 434.

[78] ) لیفمان. لا 465-466.

[79] Disparity.

[80] ) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

سەرەوە. دابەزینی نرخەکان و دابەزینی خواست، ئەم پرۆژە سادانەی بەرەو حاڵەتێکی ناجێگیر برد، کە هەرگیز کاریگەری لەسەر پرۆژە تێکەڵاوەکان دروست نەکرد یان بۆ ماوەیەکی زۆر کورتەخایەن کاریتێکردن. دەرەنجامی ئەمەش قەیرانی ساڵی 1900 بووە هۆی چڕبوونەوەی پیشەسازیی گەورەتر لە قەیرانی ساڵی 1873: چونکە ئەمەی دوایی بەهەمان شێوە هەستا بە هەڵبژاردنی باشترین پرۆژەکان، بەڵام بەهۆی ئاستی تەکنیک لەو سەردەمەدا، ئەم پاڵفتەکردنە نەیتوانی مۆنۆپۆلی ئەو پرۆژانە بکات کە بەسەرکەوتوویی لە قەیرانەکە دەربازیان بوو. ئەم مۆنۆپۆلییە درێژخایەن و زۆر پێشکەوتووەی پرۆژە زەبەلاحە مۆدێرنەکانی وەک پیشەسازیی ئاسن و پۆڵا و کارەبا -بەهۆی تەکنیکی ئاڵۆز و ڕێکخستنی ورد و هێزی سەرمایە- هەیانە، بەپلەیەکی کەمتر لە پیشەسازیی ئەندازیاری و هەندێک لقی پیشەسازیی کانزایی و گواستنەوە و ڕێگاوبان و هتد...دا هەیە"[81].

مۆنۆپۆلی دوایین وشەیە بۆ "دواهەمین قۆناغی گەشەسەندنی سەرمایەداری". بەڵام ئەگەر ڕۆڵی بانکەکان لەبەرچاو نەگرین، ئەوا تەسەوەر و تێگەمان بۆ ڕادەی هێز و بایەخی مۆنۆپۆلییە مۆدێرنەکان کورت دەهێنێت و ناقس دەبێت..

## بەشی دووەم

## بانکەکان و ڕۆڵی نوێیان

وەزیفەی یەکەم و سەرەکیی بانک بریتییە لە نێوەندگیری و دەڵاڵی[82] لە پێدانی پارەدا. بەم کارەش بانکەکان سەرمایەی نەختەینەییی سست و ناکارا[83] دەگۆڕن بە سەرمایەی چالاک و کارا[84]، واتا سەرمایەیەک کە قازانج هەڵدەسوڕێنێت و سەرجەم جۆرەکانی داهاتە نەختینەییەکان کۆدەکاتەوە و دەیانخاتە ژێر ڕکێفی چینی سەرمایەدارانەوە.

لەگەڵ گەشەسەندنی کاروباری بانکی و چڕبوونەوەی لە چەند دامەزراوەیەکی کەمدا، بانکەکان لە دەڵاڵی بێفیزەوە دەگۆڕێن بۆ مۆنۆپۆلیی بەتوانا کە دەسەڵاتیان بەسەر زۆربەی سەرمایەی نەختی سەرمایەداران و وردە بزنسمانەکان و هەروەها بەشێکی

[81] Jeidels، ل 108.

[82] Middlemen.

[83] inactive money capital.

[84] Active.

گـەورەی ئامرازەکـانی بەرهـەمهێنان و سـەرچاوەکانی کەرەسـتەی خـاو لـە وڵاتێکـی دیـاریکراودا یـان لـە ژمارەیـەک وڵاتـدا هەیـە. وەرچـەرخان و گـۆڕانی دەلالـە زۆرە متەوازع و بێفیزەکان بە چەپکێک مۆنۆپۆلیست، ئەوە سیمایەکی سـەرەکیی سـەیروورەی سەرمایەدارییە بـەرەو ئیمپریالیزمی سـەرمایەداری، بۆیـە پێویسـتە لەسـەرمان سـەرەتا باس لە چڕبوونەوەی بانکەکان بکەین.

لە ساڵی 1907–1908 بڕی سپاردەکان[85] لە سەرجەم بانکە پشکدارە[86] ئەڵمانییەکاندا کە سـەرمایەی هـەر یـەکێکیان لـە ملیۆنێک مـارک زیـاتر بـوو، بریتـی بـوو لـە 7 ملیـار مـارک، لـە سـاڵی 1912–1913 سـپاردەکانە گەیشـتە 9.8 ملیـار مـارک. زیادەکـە لـە ماوەی پێنج سـاڵدا بریتی بوو لە 2.8 ملیار، واتـا 40%، 2.75 ملیاری لە 57 بانکدا دانرابـوو کـە سـەرمایەی هـەر یـەکێکیان 10 ملیـۆن مـارک بـوو. دابەشـکردنی پـارە دانراوەکانیش لە نێوان بانکە گەورە و بچوکەکاندا بەمشێوەی لای خوارەوە بوو[87]:

**پارە دانراوەکان (سپاردەکان) بەڕێژەی سەدی**

| ساڵەکان | لـە نـۆ بانکـە بەرلینییـە گەورەکەدا | لەو 48 بانکەی تـردا کـە سـەرمایەی هـەر یەکێکیان لە 10 ملیـۆن مـارک زیاترە | لـە 115 بانکـدا کـە سـەرمایەی هەر یەکێکیان لە 1 ملیۆن بۆ 10 ملیۆن مارکە | لـە بانکـە بچوکەکاندا (کە سـەرمایەی هـەر یـەکێکیان لـە 1 ملیـۆن مـارک کەمترە) |
|---|---|---|---|---|
| 1907-1908 | 47 | 32.5 | 16.5 | 4 |
| 1912-1913 | 39 | 36 | 12 | 3 |

---

85 Deposits. الودائع.

86 joint stock.

87 ) ئالفرێد لانسبۆرگ (چالاکیی بانکە ئەڵمانییەکان لە پێنج ساڵدا)، گۆڤاری بانک، ساڵی 1913، لا 728.

بانکە بچوکەکان لەلایەن بانکە گەورەکانەوە گوشراون و دوورخراونەتەوە، کە تەنها نۆ دانەیان بڕی نیوەی کۆی سپاردەکانیان لەژێر دەستیاندا چڕکردووەتەوە. بەڵام زۆر شت هەیە لەبەرچاو نەگیراوە، بۆنموونە ژمارەیەکی زۆر لە بانکە بچوکەکان بەفیعلی گۆڕاون بۆ لقی بانکە گەورەکان و هتد، ئەو مەسەلەی کە لای خوارەوە باسی دەکەین:
لە کۆتاییەکانی ساڵی 1913دا شولتزە-گیڤێرنیتز (Schulze-Gaevernitz) بڕی سپاردەکانی لەنێو نۆ بانکە بەرلینییە گەورەکەدا بە 5.1 ملیار مارک قەبڵاند، لە کۆی 10 ملیار. هەمان نووسەر بە لەبەرچاوگرتنی کۆی سەرمایەی بانکی، نەک تەنها سپاردەکان، دەنووسێت: "لە کۆتاییەکانی ساڵی 1909دا، نۆ بانکە بەرلینییە گەورەکە لەگەڵ ئەو بانکانەی پێوەی پەیوەستن، 11.3 ملیار مارک هەڵدەسوڕێنن، واتا 83%ی کۆی گشتیی سەرمایەی بانکی لە ئەڵمانیا. چونکە بانکی ئەڵمانی (Deutsche Bank) کە لەگەڵ ئەو بانکانەی پێوەی پەیوەستن بڕی 3 ملیار مارک هەڵدەسوڕێنن، شانبەشانەی ئیدارەی پرۆسیا بۆ هێڵی ئاسنینی دەوڵەت، بریتین لە گەورەترین کەڵەکەبوون و کەمترین مەرکەزیەتی سەرمایە لە جیهانی کۆندا"[88].
لە سەرەوە ئاماژەمان بە بانکە پەیوەستبووەکان[89] کرد، لەبەرئەوەی ئەوە یەکێکە لە گرنگترین خەسڵەتە دیارەکانی چڕبوونەوەی سەرمایەی مۆدێرن. چونکە پرۆژە گەورەکان، بەتایبەتی بانکەکان، تەنها [ئەوە نییە] بەیەکجاری پرۆژە بچوکەکان قوتبدەن، بەڵکو لەگەڵ خۆیان "هاوپێچ[90]"یان دەکەن و [دەیانکەنە پاشکۆی خۆیان] و ملکەچیان دەکەن و دەیانخەنە سەر "گروپ"ەکەی خۆیان یان "کۆنسێرن"[91]ەکەیان (بەپێی زاراوە هونەرییەکە)، ئەوەش لەڕێگەی "هاوبەشیکردن"[92] لە سەرمایەکەیاندا، لەڕێگەی کڕین یان ئاڵوگۆڕکردنی پشکەکان، لەڕێگەی سیستەمی قەرزەکان و هتد. پرۆفیسۆر لیفمان "کتێبێک"ی گەورەی 500 لاپەڕەیی تەرخان کردووە بۆ وەسفکردنی

---

[88] Grudrib der Sozialkonomik». Tüb. , 1905 «Schltze-Gaevernitz. «Die deutsche Kreditbenk».
[89] Affiliated.
[90] Annex.
[91] Concern.
[92] Holdings.

"کۆمپانیا هاوبەشەکان و پارەدان"ی مۆدێرن[93]، بەڵام بەداخەوە تێڕوانینێکی "تیۆری"ی لاواز سەبارەت بە کەرەستەی خاو سەربار دەکات کە زۆربەباشی هەرسی نەکردووە و بیری لێنەکردۆتەوە. ڕوونکردنەوەکەی ڕیسەری بانکەوان سەبارەت بە بانکە ئەڵمانییە گەورەکان لە هەموو نووسەرەکانی تر باشتر ئەنجامی سیستەمی "هاوبەشیکردن" لە تێڕوانینی چڕبوونەوەوە دەدات بەدەستەوە. بەڵام پێش ئەوەی بچینەسەر پشکنینی داتاکانی، نموونەیەکی کۆنکرێتی دەربارەی سیستەمی "هاوبەشیکردن" باس دەکەین.

"گروپ"ی بانکی ئەڵمانی، یەکێکە لە گروپە بانکییە گەورەکان ئەگەر گەورترینیان نەبێت. بۆئەوەی ئەو هێڵە سەرەکییانە بخەینەڕوو کە سەرجەم بانکانەکانی ئەم گروپە دەبەستێتەوە، پێویستە جیاوازیی بکەین لە نێوان پلەکانی "هاوبەشیکردن" یەکەم و دووهەم و سێهەم، یان بەهەمان شێوەش پاشکۆیەتیی (بانکە بچوکەکان بۆ "بانکی ئەڵمانی") لە پلەی یەک و دوو و سێ. ئینجا ئەم وێنەی لای خوارەوەمان دەستدەکەوێت[94]:

| | | پاشکۆیەتیی پلە یەک | پاشکۆیەتیی پلە دوو | پاشکۆیەتیی پلە سێ |
|---|---|---|---|---|
| بانکی ئەڵمانی هاوبەشە | بەشێوەی هەمیشەیی | لە 17 بانکدا | 9 دانەیان لە 34 بانکی تردا هاوبەشن | 4 دانەیان لە 8 بانکی تردا هاوبەشن |
| | بەشێوەی کاتی | لە 5 بانکدا | - | - |
| | جاروبار | لە 8 بانکدا | 5 دانەیان لە 14 | 2 دانەیان لە 2 بانکی |

[93] R. Liefmann. «Beteiligungs-und Finanzierungsgesellschaften. Eine Studie über den modernen- Kapitalismus und das Effektenwesen». I. Aufl., 1909.

[94] Alfred Lansburgh. «Beteiligungssystem im deutschen Bankwesen», «die Bank», 1910, 1.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | بانکی تردا هاوبەشن | تردا هاوبەشن |
| کۆی گشتی | | لە 30 بانکدا بەشدارە | 14 دانەیان لە 48 بانکدا هاوبەشە | 6 دانەیان لە 9 بانکی تردا هاوبەشە |

لەو 8 بانکەی لە "پاشکۆیەتیی پلە یەک"دا "جاروبار" ملکەچی بانکی ئەڵمانی دەبن، سێ بانکیان بیانییە: یەکێکیان نەمسایییە (یەکێتیی بانکەکان لە ڤیێنا "Bankverein") دووانیان ڕووسییە (بانکی بازرگانیی سیبیریا و بانکی ڕووسی بۆ بازرگانیی دەرەکی). گرووپی بانکی ئەڵمانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بە گشتەکی و بە بەشەکی 17 بانک لەخۆدەگرێت، کۆی گشتیی ئەو سەرمایەی گرووپی بانکی ئەڵمانی هەڵیدەسوڕێنێت – سەرمایەی تایبەتی خۆی و سپاردەکان– لە نێوان 2 بۆ 3 ملیار مارک دەخەملێنرێت.
وەک ڕوونە بانکێک سەرکردایەتیی گرووپێک دەکات و ڕێککەوتن لەگەڵ نیو دەرزن بانکی تردا دەکات، کە توانا و هێزیان زۆر لەو کەمتر نییە، لەپێناو پرۆسەگەلێکی داریی زۆر گەورە و بەسوودا وەک بەخشینی قەرز بە دەوڵەت، چیتر [بانک] لەوە دەرچووە تەنها [ڕۆڵی] "دەلاڵ" بگێڕێت بەڵکو بووەتە یەکێتیی چەپکێک لە مۆنۆپۆلیستەکان.
ئەو ژمارانەی بەکورتی لەبارەی ڕێسەرەوە دەیگوازینەوە، دەریدەخات بەچ خێراییەک چڕبوونەوەی بانکەکان لە ئەڵمانیادا ڕوویدا، لە کۆتاییەکانی سەدەی 19 و سەرەتای سەدەی بیست:

**لەلای شەش گەورە بانکی بەرلینی**

| ساڵەکان | لقەکان لە ئەڵمانیا | سندوقی سپاردە و نوسینگەکانی ئاڵوگۆڕی دراو | بەشداریی هەمیشەیی لە بانکە هاوبەشە ئەڵمانییەکاندا | کۆی گشتیی بەڵگەکان |
|---|---|---|---|---|
| 1895 | 16 | 14 | 1 | 42 |
| 1900 | 21 | 40 | 8 | 80 |
| 1911 | 104 | 276 | 63 | 450 |

بەمشێوەیە دەبینین کە چۆن بەخێرایی تۆڕی کەناڵە چڕەکان فراوان دەبێت و سەرانسەری وڵات لەخۆدەگرێت و، کۆی سەرمایەکان و داهاتەکان سەنتراڵیزە دەکات و هەزاران پرۆژەی پەرشوبڵاو دەگۆڕێت بە ئابوورییەکی سەرمایەداریی نیشتیمانیی یەکگرتوو ئینجا ئابوورییەکی سەرمایەداریی جیهانی. سەبارەت بە "ناناوەندێتی"[95] کە بۆرژوازەکەی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان (شولتزە-گیڤیرنیتز) بەناوی ئابووریی سیاسییەوە لە پەرەگرافی سەرەوە قسەی لەسەر کردووە، ئەوە بەفیعلی بەمانای ملکەچبوونی زیاد لە یەکەیەکی ئابووری دێت بۆ تەنیا یەک ناوەند، کە پێشتر بەشێوەیەکی ڕێژەیی سەربەخۆ بووە، یان ڕاستتر ئابوورییەکی تەواو لۆکاڵیی هەبووە. مانای ئەوەش لە واقیعدا ئەوەیە کە ناوەندێتی و پشتگیرییەک بۆ بایەخ و هێزی مۆنۆپۆلییە زەبەلاحەکان هەیە.

هەروەها "تۆڕی بانکەکان" لە وڵاتە سەرمایەدارییە کۆنەکاندا بەچڕی هەیە. لە ئینگلتەرا و ئیرلەندا لقی سەرجەم بانکەکان لە ساڵی 1910دا گەیشت بە 7151. هەر یەک لە چوار بانکە گەورەکە زیاتر لە 400 لقیان هەبوو (لە 477 بۆ 689)، 4 بانکی تریش هەبوون کە هەر یەکێکیان زیاتر لە 300 لقیان هەبوو، هەروەها 11 بانکی تر یەکی زیاتر لە 100 لقیان هەبوو.

[95] Decentralization.

لە فەرەنساش سێ بانکە گەورەکە: (Crédit Lyonnais) و (Comptoir National) و (Société Générale)[96]، پرۆسەکانیان و تۆڕی لقەکانیان فراوان کرد و پەرەیان پێدا، بەمشێوەی لای خوارەوە[97]:

| ساڵەکان | ژمارەی لق و سندوقەکان | | | سەرمایە (بە ملیۆن فرەنک) | |
|---|---|---|---|---|---|
| | لـــــــــــــە هەرێمەکان | لە پاریس | کۆی گشتی | تایبەت | سپاردەکان |
| 1870 | 47 | 17 | 64 | 200 | 427 |
| 1890 | 192 | 66 | 258 | 200 | 427 |
| 1909 | 1033 | 196 | 1229 | 260 | 1245 |

بەمەبەستی دەرخستنی "پەیوەستبوونەکان"[98]ی بانکی مۆدێرنی گەورە، ڕیسەر ژمارەی ئەو نامانە دەخاتەڕوو کە کۆمپانیای داشکاندن (Disconto-gesellschaft) ناردوویەتی و وەریگرتوون، کە یەکێکە لە گەورەترین بانکەکانی ئەڵمانیا و جیهان (لە ساڵی 1914دا سەرمایەکەی گەیشتە 300 ملیۆن مارک):

**ژمارەی نامەکان**

| ساڵەکان | هاتوو | ڕۆیشتوو |
|---|---|---|
| 1852 | 6135 | 6292 |
| 1870 | 85800 | 87513 |
| 1900 | 533102 | 626043 |

[96] کۆمپانیای سولفەدانی لیۆنی، فەرمانگەی داشکاندنی نیشتیمانی، کۆمپانیای گشتی.

[97] Eugen Kaufmann. «Das franzsische Bankwesen», Tüb. 1911.

[98] Connections.

لە بانکە پاریسیە گەورەکەدا (کریدی لیۆنیە) ژمارەی هەژمارە ڕەوەنەکان[99] لە ساڵی 1875دا بریتی بووە لە 28535، لە ساڵی 1912دا بەرزبووەتەوە بۆ 633539[100].

بەپێی ئەم ژمارە سادە و ئاساییانە، لە شەرحە دوورودرێژەکان باشتر بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن لەگەڵ چڕبوونەوەی سەرمایە و زۆربوونی پرۆسەکان و سوڕی سەرمایەدا گرنگیی بانکەکان بەشێوەیەکی ڕیشەیی دەگۆڕێت. سەرمایەدارە پەرشوبڵاوەکان دەگۆڕێن بە یەک سەرمایەداری هاوبەش. بانک هەڵدەستێت بە کردنەوەی حسابی جاری بۆ ژمارەیەک سەرمایەدار، وەک ئەوەی مامەڵەیەکی تەکنیکیی پەتی بکات و تەنها کردە و کارێکی بریتی بێت لە یارمەتیدان. بەڵام کاتێک ڕەهەندەکانی ئەم کردە و پرۆسەیە زیاتر دەبێت و گەشە دەکات، دەبینین چەپکێک مۆنۆپۆلیست لە سەرانسەری کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، پرۆسە بازرگانی و پیشەسازییەکان دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە -چونکە بەهۆی پەیوەندیی نێوان بانکەکان و لەڕێگەی هەژماری ڕەوەن و کردە داراییەکانی ترەوە- هەر لە سەرەتاوە بەتەواوی، ئیمکانی زانینی دۆخی دارایی سەرجەم سەرمایەدارەکانی بۆ فەراهەم دەبێت، ئینجا کۆنترۆڵیان دەکەن و لەڕێگەی فراوانکردن یان بەرتەسککردنەوە، [لەڕێگەی] ئاسانکاری یان دروستکردنی بەربەست لە پێدانی قەرز و سولفەدا کاریگەرییان لەسەر دروستدەکەن، دواتریش بەشێوەیەکی گشتی بڕیار لەسەر چارەنووسیان دەدرێت، بڕیار لە داهات و دەرامەتیان دەدرێت، لە سەرمایەکانیان بێبەش دەکرێن یاخود ڕێگەیان پێدەدرێت سەرمایەکانیان بەخێرایی و بە بڕێکی بێشومار زیاد بکەن، هتد.

ئێستا باسمان کرد کە سەرمایەی (Disconto-gesellschaft) لە بەرلین بڕەکەی 300 ملیۆن مارکەیە. ئەم زیادبوونەی سەرمایەی بانکیش یەکێک بوو لە ڕووداوەکانی ململانێ لەپێناو هەیمەنە و هەژمونیەت دا لە نێوان دوو لە بانکە هەرە گەورەکانی بەرلین، ئەوانیش (Deutsche Bank) و (Disconto-gesellschaft). لە ساڵی 1870دا یەکەمیان هێشتا ناشارەزا بوو سەرمایەکەی لە 15 ملیۆن زیاتر نەبوو

---

[99] current accounts . حساب الجاری. لە زمانی باوی بانکی و داراییدا (حسابی جاری) بەکاردێت. یان هەژماری ڕۆیشتوو و کراوە.

[100] Jean Lescure. «L'épargne en France». P. 1914.

سـەرمایەی دووەمیشـیان 30 ملیـۆن بـوو. لـە سـاڵی 1908دا سـەرمایەی یەکـەمیان گەیشتە 200 ملیۆن و سەرمایەی دووەمیش 170 ملیۆن. لە ساڵی 1914شـدا ئـەوەی یەکـەم سـەرمایەکەی بـەرزکردەوە بـۆ 250 ملیـۆن، ئـەوەی دووەمـیش لەڕێگـەی تێکەڵاوبوون لەگـەڵ بانکێکی گـەورەی پلـە یەکدا (بـانکی Schaaffhausenscher Bankverein) سـەرمایەکەی گەیانـدە 300 ملیـۆن. بێگومـان ئـەم ململانێیـە لـەپێناو هەژموندا شانبەشـانی "ڕێککەوتنە" زۆر و پتەوەکانی نێوان هـەردوو بانک ڕوودەدات. بفـەرموون لەگـەڵ دەرەنجامـەکانی ئـەم گەشەسـەندنە کـە پسـپۆرانی کاروبـاری بـانکیی پێیگەیشـتوون، ئەوانـەی بۆچوونـەکانیان لەسـەر مەسـەلە ئابوورییـەکان سـنووری ڕیفۆرمیزمی بۆرژوازیی زۆر میانڕەو و بەئاگا تێناپەڕێنێت:

گۆڤـاری (بانـک)ی ئـەڵمانی سـەبارەت بـە زیـادبوونی سـەرمایەی (Disconto-gesellschaft) بۆ 300 ملیۆن، دەنووسێت:

"بانکەکانی تـریش هـەمان ڕێگا دەگرنەبـەر، هـەروەها لـەو 300 کەسـەی کـە لـەکاتی ئێستادا لەڕووی ئابوورییەوە حوکمی ئەڵمانیا دەکەن بەرەبەرە 50 بۆ 25 کەس یان کەمتریان دەمێنێتـەوە. ئـەوە شـتێکی پەسـەند و ڕاسـت نییـە کـە جوڵـەی چڕبوونـەوەی نوێ لە بانکەکاندا کورت بکەینەوە. چونکە پەیوەندییە توندوتۆڵەکانی نێوان هەندێک لـە بانکەکان دەبێتە هۆی نزیکبوونەوەی نێوان سـەندیکا پیشەسـازییەکان، کـە لەلایـەن ئـەم بانکانـەوە پاڵپشتی و پشتگیریی دەکرێن... بەیانییـەک لـە خـەو هەڵدەسـتین و سـەرمان سوڕدەمێنێت لەوەی تەنها تراستەکان لەبەرچاوماندان و، خۆمـان لەبـەردەم زەرورەتـی جێگرتنەوەی مۆنۆپۆلیی دەوڵەت لەبری مۆنۆپۆلیی تایبەت دەبینینـەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا هـیچ شـتێکمان لەسـەر نییـە تـاکو لۆمـەی خۆمـانی پێبکـەین، مەگـەر ڕێگەبـدەین، کـە یارییپێکردنی پشکەکان کەمێک خێراییەکەی زیادکردووە"[101].

ئەوە نموونەی پەککەوتنی ڕۆژنامەگەریی بۆرژوازییە کە جیاوازییەکەی لەگەڵ زانستی بۆرژوازیدا تـەنها لەوەدایـە، ئەمـەی دوایـی دڵسـۆزییەکی کـەمتری هەیـە و هەوڵـدەدات جەوهەری مەسەلەکە ناڕوون بکات و دارستانەکە بە درەخت داپۆشێت و بشارێتەوە. "سەرسـوڕمان" دەرەنجـامی چڕبوونەوەیـە، "سەرزەنشـتکردن"ی حکومـەتی ئـەڵمانیای سەرمایەداری یان "کۆمەڵگا"ی سەرمایەداری ("خۆمان")؛ ترس لەوەی هێنانەوەی پشک

---

101 A. Lansburgh. «Die Bank mit den 300 Million», «Die Bank» 1914, 1.

و هاوبەشــی چڕبوونــەوە "خێراتــر" بکــات، وەک چــۆن ئەڵمانییــەکی پســپۆر لــە "کارتێلـەکان"ی چیرچکیدا لـە تراسـتە ئەمریکییـەکان دەترسـێت و کارتێلـە ئەڵمانییـەکان "بەباشـتر دەزانێـت" لەبەرئـەوەی گوایـە "ناتوانێـت هاوشـێوەی تراسـتەکان بەوڕادەیـە، ڕێڕەوی پێشکەوتنی تەکنیکی و ئابووری خێراتر بکات"[102]. ئایا ئەمە پەککەوتن نییە؟
بەڵام فاکت هەر فاکتە. لە ئەڵمانیا تراست نییە، بەڵکو "تەنها" کارتێلی لێیە، بەڵام ئەڵمانیا لەلایـەن نزیکـەی 300 تـاغوت و جەمسـەری سـەرمایەوە بـەڕێوەدەبرێت. بـەردەوام ژمارەی ئەوانە لە کەمبوونەوەدایە. بەڵام بانکەکان، لە هەموو حاڵەتێکدا و لـە سـەرجەم وڵاتـانی سـەرمایەداریدا سـەرەڕای جیاوازیی یاسـا بانکییـەکان، ئـەوا بـەهێزتر دەبـن و بەڕادەیەکی زۆر پرۆسەی چڕبوونەوەی سەرمایە و پێکهێنانی مۆنۆپۆلییەکان خێراتر دەکات.
مارکس نیو سەدە پێش ئێستا لە کتێبی "سـەرمایە"دا نووسـی: "بانکەکان لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵایەتی فۆرمێک پێکدەهێنن، تەنها فۆرمێک و هیچی تر، بۆ ژمێریـاریی گشـتی[103] و دابەشـکردنی ئامرازەکـانی بەرهـەمهێنان" (وەرگێڕانی ڕووسـی، بـەرگی 3، بەشـی 2، لا 144). ئـەو داتایانـەی دەربـارەی زیـادبوونی سـەرمایەی بـانکی و زیـادبوونی ژمـارەی نووسینگەکان و لقی بانکە گـەورەکان و هـەژمارە بانکییـەکانیان و هتد، خستمانەڕوو، وێنەیــەکی کــۆنکرێتی و ڕوونــی ئــەم "ژمێریارییــە گشــتی"یەی ســەرجەم چینــی سـەرمایەداران دەردەخات، تەنانەت غەیرە سەرمایەدارەکانیش، چونکە بانکـەکان ئەگـەر بەشێوەیەکی کاتییش بێت سـەرجەم جۆرەکانی داهاتـە نەختینەییـەکانی وردە بزنسـمان و خاوەنکار و فەرمانبەران و پلە بـاڵا کەمـەکانی کرێکاران، کۆدەکاتـەوە. "دابەشـکردنی گشـتیی ئامرازەکـانی بەرهـەمهێنان" ئـەوەش لـەڕووی شـکڵییەوە، دەرەنجـامی بانکـە مۆدێرنەکانە، کە لە فەرەنسا سێ یان شەش بـانکی زەبەلاح، لـە ئەڵمانیاش شـەش یان هەشـت دانـە، هـەزاران ملیـار هەڵدەسـوڕێنن. بـەڵام ئـەم دابەشـکردنەی ئامرازەکـانی بەرهـەمهێنان لـەڕووی ناوەڕۆکـەوە، بەتـەنها "گشـتی" نییـە بـەڵکو تایبەتـە، واتـا بـەپێی گونجانـدنی لەگـەڵ بەرژەوەنـدیی سـەرمایەی گـەورە و بەپلـەی یەکـەم سـەرمایەی گەورەتردا، سەرمایەی مۆنۆپۆلیدا دەکرێت، کـە لـە هەلومەرجێکدا کاردەکات جـەماوەر بەدەست دەردەسەرییەکانی ژیانەوە دەناڵێنن و گەشەسەندنی کشتوکاڵییش بێهودە لـە

[102] S. Tschierschky.
[103] universal book-keeping.

گەشەسەندنی پیشەسازی دوادەکەویت، لەولاشەوە یەک لقی "پیشەسازیی قورس" پاداشتی کۆی لقەکانی تر وەردەگریت.
دەربارەی بەکۆمەڵایەتیبوونی ئابووریی سەرمایەداری[104] ئەوا ڕکابەریتیی بانکەکانی سندوقی پاشەکەوت[105] و نوسینگەکانی پۆستە[106] دەستیپیکرد، ئەوانەش "نامەرکەزی"[107]ین، واتا بازنەی هەژمونیەتیان ژمارەیەک ناوچەی زیاتر لەخۆدەگریت، ژمارەیەکی زیاتر لە ناوچەی دوورەدەست و تویژیکی فراوانتر لە دانیشتوان. لیژنەی ئەمریکی ئەم داتایانەی لای خوارەوەی کۆکردۆتەوە کە لەڕیگەی بەراوردکردنەوە پرۆسەی زیادبوونی سپاردەکان لە بانک و سندوقەکانی پاشەکەوت دەردەخات[108]:

[104] socialising capitalist economy.

[105] savings banks.

[106] post offices.

[107] Decentralized.

[108] National Monetary Commision.

**سپاردەکان (بە ملیار مارک)**

| ساڵەکان | ئینگلتەرا | | فەرەنسا | | ئەڵمانیا | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | لە بانکەکاندا | لە سندوقەکانی | لە بانکەکاندا | لە سندوقەکانی | لە بانکەکاندا | لە کۆمپاناکانی | لە سندوقەکانی |
| 1880 | 8.4 | 1.6 | ؟ | 0.9 | 0.5 | 0.4 | 2.6 |
| 1888 | 12.4 | 2.0 | 1.5 | 2.1 | 1.1 | 0.4 | 4.5 |
| 1908 | 23.2 | 4.2 | 3.7 | 4.2 | 8.1 | 2.2 | 13.9 |

سندوقەکانی پاشەکەوت کە بە ڕێژەی 4% یان 4.25% دەدات بە سپاردەکان، ناچارە بە شوێن هەلی وەگەڕخستنی سەرمایەکەیدا بگەڕێت بەشێوەیەک "قازانجبەخش" بێت، هەروەها کڕین و فرۆشتنی کۆمپیالە و بارمتە و هتد. سنووری نێوان بانکەکان و سندوقەکانی پاشەکەوت "بەرە بەرە دەسڕێتەوە". ژوورەکانی بازرگانییش لە بۆخوم و وارفۆرت بەنموونە، داوادەکەن "ڕێگەنەدرێت" سندوقەکانی پاشەکەوت کاری بازرگانیی "پەتی" ئەنجام بدەن، وەکو داشکاندنی کۆمپیالە، هەروەها داوادەکەن چالاکیی "بانکیی" نوسینگەکانی پۆستە سنووردار بکرێت[109]. وادیارە پاشاکانی بانکەکان لەوە دەترسن مۆنۆپۆلیی دەوڵەت بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بیانکاتە ئامانج. بەڵام ئاشکرایە ئەم ترسە، ئەگەر بکرێت بڵێین، سنووری ڕکابەرێتیی نێوان بەڕێوەبەرانی دوو بەشی هەمان ئۆفیس تێناپەڕێنێت. لەبەرئەوەی لەلایەکەوە، تاغوتەکانی سەرمایەی بانکی، لە واقیعدا ئەوانەن کە ملیارەها سەرمایەی دانراو لە سندوقەکانی پاشەکەوتدا هەڵدەسوڕێنن، لەلایەکی تریشەوە، مۆنۆپۆلیی دەوڵەت لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، هیچ نییە جگەلە ئامرازێک بۆ زیادکردن و گەرەنتیکردنی دەرامەتی ئەو ملیۆنێرانەی خەریکە لە یەکێک لە لقەکانی پیشەسازیدا مایەپووچ ببن.

---

[109] National Monetary Commision.

یەکێک لە ڕواڵەتەکانی گۆڕینی تایپی کۆنی سەرمایەداری کە ڕکابەریێتیی ئازاد تیایدا باڵادەست بوو، بە سەرمایەداریی نوێ کە تیایدا مۆنۆپۆلی دەستڕۆیشتووە، بریتییە لە پوکانەوەی بایەخی بۆرسە [بازاڕی کاغەزە داراییەکان]. لەم بارەوە گۆڤاری "بانک" نووسیویەتی: "بۆرسە[110] ماوەیەکی درێژە لەوە کەوتووە ئەو نێوەندگیرە بێت کە لە ئاڵوگۆڕدا دەستبەرداری نەبن وەک ئەوەی لە ڕابردوودا هەبوو، پێش ئەوەی بانکەکان بتوانن بەشێکی گەورە لە کاغەزە داریيە دەرچووەکانیان لە نێوان بەکاربەرەکانیاندا !!! دابەش بکەن"[111].

""هەموو بانکێک –بۆرسەیە" ئەم قسەیە ببووە پەند و ئیدیۆمی سەردەمی مۆدێرن، ڕاستییەک لەخۆدەگرێت کە هێندەی گەورەبوونی بانک و بەئەندازەی سەرکەوتنی چڕبوونەوە لە چالاکییە بانکییەکاندا گەورەیە"[112]. "ئەگەر بۆرسە لە ڕابردوودا، لە حەفتاکاندا، لەگەڵ جۆشوخرۆشی گەنجێتیدا" (ئاماژەیەکی "ورد" بوو بۆ مایەپووچ بوونی بۆرسە لە ساڵی 1873دا، هەروەها سکانداڵ و ئابڕووچوونەکەی کۆمپانیای گرۆندێر و هتد) "چاخی پیشەسازی و سازکردن لە ئەڵمانیا کرایەوە، لەم ڕۆژانەدا بانکەکان و پیشەسازی دەتوانن "بەتەنها بەو کارە هەستن". چونکە هەیمەنەی بانکە گەورەکانمان بەسەر بۆرسەدا... هیچ نییە جگەلەوەی گوزارشتە لە دەوڵەتی پیشەسازیی ئەڵمانی کە بەتەواوی ڕێکخراوە. ئەگەر کایە و چوارچێوەی یاسا ئابوورییەکان کە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی جێبەجێدەکرێن بەمشێوەیە بەرتەسک ببێتەوە، ئەگەر چوارچێوەی ڕێکخستنی ئاگاییانە لەڕێگەی بانکەکانەوە بەڕادەیەکی زۆر فراوان دەبێت، ئەوا لە دەرەنجامی ئەمانە بەپلەیەکی گەورە لێپرسراوێتیی ژمارەیەکی کەم لە ڕێبەرانی ئابووریی نیشتیمانی زیاد دەکات" –ئەمە نووسینەکەی پرۆفیسۆری ئەڵمانی شۆلتزە–گیڤێرنیتز بوو[113]، بەرگریکاری ئیمپریالیزمی ئەڵمانی کە یەکێکە لەو کەسانەی لەلای ئیمپریالیستەکانی سەرجەم وڵاتان قسەی دەخوات و گوێی لێدەگیرێت، و هەوڵدەدات سواغی "خاڵێکی پووچ" بکات گوایە ئەم "ڕێکخستنی ئاگاییانە"[114]ی ژیانی

---

[110] Stock Exchange .

[111] Die Bank, 1914,1.

[112] Dr. Oscar Stillich. «Geld-und Bankwesen», Berlin 1907.

[113] Grudrib der Sozialkonomik». Tüb. , 1905«Schltze-Gaevernitz. «Die deutsche Kreditbenk».

[114] conscious regulation.

ئـابووری لەڕێگـەی بانکەکانـەوە بریتییـە لـە تـالانکردنی جـەماوەر لەلایـەن چـەپکێک مۆنۆپۆلیستەوە کە "بەتەواوی ڕێکخراون". ئەرکی پرۆفیسۆرە بۆرژوازەکە کەشفکردنی میکانیزمی مۆنۆپۆلیستە خاوەن بانکەکان و ئاشکراکردنی تەڵەکە و پلانگێڕییەکانیان نییە، بەڵکو خەریکی ئارایشتکردنیانە.
بەهەمان شێوە ڕیسەری ئابووریناس و بانکەوانی پاوانخواز، دەربارەی هەندێک فاکتی نکوڵی لێنەکراو بـە هەنـدێک دەسـتەواژەی بێمانـا قایـل دەبێت: "ڕۆژ بـە ڕۆژ بۆرسـە تایبەتمەندیی خۆی لەدەستدەدات، کە زەروورەتێکی بنچینەیی بۆ کۆی ئابووری و خولانەوە و ئاڵوگۆڕکردنی کاغەزە داراییەکان نییە، بەوپێیەی پێوەرێکی ورد و ڕێکە هـەروەها بەوپێیـەی ڕێکخـەری ئـەو جوڵـە ئابووریانەیـە کـە ڕوو لـەو دەکـەن، ئـەوا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کار دەکات"[115].
بـەدەربڕینێکی تـر: سـەرمایەداریی کـۆن، سـەرمایەداریی ڕکابـەریێتیی ئـازاد لەگـەڵ ڕێکخەرەکەیـدا کـە ناتوانێـت دەسـتبەرداری ببێـت (بۆرسـە)، دەبێتـە ڕابـردوو. سـەرمایەداریی نوێ جێگای دەگرێتەوە، کە سیما و تایبەتمەندیی کاتی و ڕاگوزەری ڕوونی هەیە، هەڵگری تێکەڵەیەکە لە ڕکابەریێتیی ئازاد و مۆنۆپۆلی. لێرەدا پرسیارێکی سرووشتی سەرهەڵدەدات: ئەم سەرمایەدارییە نوێیە بەرەو چی "دەڕوات"؟ بەڵام زانا بۆرژوازەکان لە تەرحکردنی ئەم پرسیارە دەترسن.
"سـی سـاڵ لەمەوبـەر کاتێـک بزنسـمانەکان بەشـێوەیەکی ئازادانـە کێبڕکێیـان دەکـرد هەڵدەسـتان بـە جێبـەجێکردنی نـۆ لەسـەر دەی ئـەو ئەرکـە ئابووریانـەی لـە دەرەوەی کـاری جەسـتەیی کرێکـاران بـوو. لـەکاتی ئێستاشـدا فەرمانبـەران هەڵدەسـتن بـە جێبـەجێکردنی نـۆ لەسـەر دەی کـاری فیکـری. چـالاکیی بـانکییش لـە گەشەسـەندندا پێشـەنگە". ئـەم دانپیانانـەی شـۆلتزە-گیڤێرنیتـز جـارێکی تـر دەمانبـات بـەرەو ئـەو پرسیارەی: سـەرمایەداریی نـوێ، لـە قۆناغـە ئیمپریالیستیەکەیدا، بـەرەو کـوێ هـەنگاو دەنێت و چۆن گەشە دەکات؟
لە نێوان ژمارەیەکی کەم لەو بانکانەی بەپێی پرۆسەی چڕبوونەوە لە سەرکردایەتیی ئـابووریی کـۆی سـەرمایەداریدا دەمێننـەوە، مـەیل و خواسـت بـۆ ڕێککـەوتنێکی مۆنۆپۆلیسـتی، بـۆ تراسـتی نێـوان بانکـەکان بەشـێوەیەکی سرووشـتی و پتـەو زیـاد

115) ڕیسێر، کتێبی پێشوو، لا629، چاپی چوارەم.

دەکـات. لـە ئـەمریکا نـۆ بانـک نییـە، بـەڵکو دوو بانـک لـە گـەورەترین بانکـەکان خاوەنداریتییەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ هـەردوو ملیـاردێر ڕۆکفلـەر و مۆرگـان کـە بـەبڕی 11 ملیار مارک سەرمایە هەڵدەسوڕێنن[116]. پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد کە لـە ئـەڵمانیا بـــــــانکی (Disconto-Gesellschaft) بـــــــانکی (SchaaffhausenscherBankverein) قووتدا. لـەوبارەوە ڕۆژنامـەی (فرانکفۆرت زایتونگ) کە گوزارشت لە بەرژەوەندیی بۆرسە دەکات، ئەم سەرنجەی خستەڕوو:

"لەگەڵ توندبوونی چڕبوونەوەی بانکەکان بازنەی ئەو دامەزراوانە تەسک دەبێتـەوە کـە دەشێت داوای قـەرزیان لێبکرێت، بەوهۆیەشـەوە پاشکۆیەتیی پیشەسـازیی گـەورە بـۆ ژمارەیـەکی کـەم لـە گروپـە بانکییـەکان خەسـتتر دەبێتـەوە. لەسایەی پەیوەندیی پتـەوی نێوان پیشەسازی و جیهانی پارەدارەکـان ئازادیی جوڵـەی ئـەو کۆمپانیایانـە بەرتەسـک دەبێتــەوە کــە پێویســتیان بــە ســەرمایەی بانکەکانــە. بــەم هۆیەشــەوە پیشەســازییە گــەورەکان بــە هەســتێکی تێکــەڵاوەوە ســەیری توندبوونــەوە و گەشــەکردنی بەتراسـتکردن[117] دەکـەن. بەڕاسـتی چەنـدین جـار تێبینیـی دەسـتپێک و بنـەماکانی ڕێککـەوتنی نێـوان بانکـە گـەورەکان کـراوە، کـە تـەنها ئامانجیـان بریتـی بـووە لـە بەرتەسککردنەوەی ڕکابەریتی"[118].

ئەوەتا جار لەدوای جار دەبینین دوایین وشە لە گەشەسەندنی چالاکیی بانکیدا بریتییە لە مۆنۆپۆلی.

سەبارەت بە پەیوەندیی پتەوی نێوان بانکەکان و پیشەسازی، ئەوا ڕۆڵی بانکە تازەکان لەم کایەدا ڕەنگە بەباشترین شێوە بێت. چونکە کاتێک بانک هەڵدەستێت بە داشکاندنی کۆمپیالە بۆ یەکێک لە کۆمپانیا پیشەسازییەکان و هەژمارێکی بۆ دەکاتەوە و هتد، ئـەوا ئـەم کـردە و چالاکییانـە کـارێکی سـەربەخۆن و هـیچ لـە سـەربەخۆییی پیشەسـازی کەمناکاتەوە و تا ئەو کاتەش ڕۆڵی بانک هیچ نییە جگەلە دەلاڵ و نێوەندگیرێکی سادە. بـەڵام کاتێـک ئـەم پرۆسـانە زۆر دەبـن و دەبنـە مومارەسـەیەکی بـەردەوام و جێگیـر، هـەروەها کاتێک بانک بڕێکی بێشومار لە سەرمایە لەژێر دەستیدا "کۆدەکاتـەوە"، کاتێـک

---

[116] Grudrib der Sozialkonomik». Tüb. , 1905«Schltze-Gaevernitz. «Die deutsche Kreditbenk».

[117] Trustification. لەخۆگرتن یان گۆڕان بەروە تراستەکان. و.ک

[118] Die Bank, 1912, 1.

کردەی کردنەوەی هەژمارەی ڕەوەن و ڕۆیشتوو بۆ پرۆژەکان ڕێگەدەدات بە بانک - زۆرجار هەر ئەوەش ڕوودەدات- کە بەشێوەیەکی ورد و دروست دۆخی ئابووریی مەعمیلی بۆ دەرکەوێت، دەرەنجامی ئەمانەش سەرمایەداری پیشەسازی بەتەواوی ملکەچی بانک دەبێت.

شانبەشانی ئەم گەشەسەندنەش، دەشێت بڵێین، یەکێتیی کەسیی نێوان بانکەکان و پرۆژە پیشەسازی و بازرگانییە گەورەکان و تێکەڵکردنیان دێتەئاراوە، ئەوەش لەڕێگەی کڕینی پشکەکانەوە، لەڕێگەی چوونەناوەوەی بەڕێوەبەرانی بانکەکان بۆ نێو ئەندامێتیی ئەنجوومەنی چاودێری (یان ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن)ی پرۆژە پیشەسازی و بازرگانییەکان و، بەپێچەوانەشەوە. ئابووریناسی ئەڵمانی (Jeidels) زانیاری و داتاگەلێکی وردی دەربارەی ئەم فۆرمە لە چڕبوونەوەی سەرمایە و پرۆژەکان کۆکردەوە. بۆنموونە شەش بانکە گەورە بەرلینییەکە لەڕێگەی بەڕێوەبەرەکانیەوە نوێنەرایەتی 344 کۆمپانیای پیشەسازیی دەکرد، هەروەها لەڕێگەی ئەندامانی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنیانەوە نوێنەرایەتی 407 کۆمپانیای تری دەکرد، واتا بەکۆی گشتی 751 کۆمپانیا. لە 289 لەم کۆمپانیایانەدا دوو ئەندام لە ئەنجوومەنی چاودێر یان پۆستی سەرۆکایەتیی ئەم ئەنجوومەنانەیان بەدەستەوە بووە. لە نێوان ئەم کۆمپانیا پیشەسازییە بازرگانییەدا سودفەی چەندین لقی پیشەسازی دەکەین: کۆمپانیای دڵنیایی و گواستنەوە و چێشتخانەکان و شانۆ و پیشەسازیی بەرهەمە هونەرییەکان و هتد. لەلایەکی تریشەوە (لە ساڵی 1910دا) لەنێو ئەنجوومەنی چاودێریی ئەم بانکانەدا 51 لە گەورە پیشەسازەکان بینراون، لەوانە بەڕێوەبەری کۆمپانیای کرۆپ (Krupp)، هەروەها بەڕێوەبەری کۆمپانیای باخیرە گەورەکان (Hapag)[119] (Hamburg-American Line) و هتد. لە ساڵی 1895ەوە تاکو ساڵی 1910 هەر یەک لەم شەش بانکە لە دەرکردنی پشک و بۆند (سەنەد)ی سەدان کۆمپانیای پیشەسازی بەشداربوون، واتا 281 بۆ 419 کۆمپانیا[120].

---

[119] «Grdr. d. S-Oek»

[120]) Jeidels و ڕیسێر، کتێبەکانی پێشوو.

"یەکێتیی کەسی"[121]ی نێوان بانکەکان و پیشەسازی بە "یەکێتیی کەسی"ی نێوان ئەوان و حکومەت کۆتایی پێدێت. لەمبارەوە (Jeidels) دەنووسێت: "بەدڵێکی فراوانەوە چەندین کورسی لە ئەنجوومەنەکانی چاودێری پێشکەش بە کەسایەتی و خاون پێگەکان و بەهەمان شێوەش فەرمانبەرانی پێشووی دەوڵەت دەکەن، ئەوانەی دەتوانن بەپلەیەکی زۆرباش (!!) ئاسانکاری بۆ دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ دەسەڵات بکەن"... "عادەتەن، لە ئەنجوومەنی چاودێریی بانکێکی گەورەدا یەکێک لە ئەندامانی پەرلەمان یان ئەندامێکی ئەنجوومەنی شارەوانیی بەرلین دەبینین".

کەواتە دەشێت بڵێین، بونیادنان و گەشەکردنی مۆنۆپۆلیی سەرمایە گەورەکان، بەهەموو شێوازێکی "سرووشتی" و "سەرووسرووشتی"[122] لە بەرەوپێشچووندایە. هەروەها بەشێوەیەکی سیستەماتیک کار لە نێوان سەدان پاشای پارەدا لەنێو کۆمەڵگای سەرمایەداریی مۆدێرن دابەشدەکرێت:

"بەتەنیشت ئەم فراوانبوونەی گۆڕەپانی چالاکیی هەندێک لە پیشەسازە گەورەکان (ئەوانەی دەچنە نێو ئەنجوومەنەکانی بەڕێوەبردنی بانک و هتد) لەگەڵ دانانی ناوچەیەکی پیشەسازیی دیاریکراو لەژێر سەرپەرشتیی بەڕێوەبەرانی لقی بانکەکان لە ناوچە و هەرێمەکاندا، بەوشێوەیە پسپۆریی نێوان بەڕێوەبەرانی بانکە گەورەکان گەشەدەکات. بەگشتی، ئەم پسپۆریبوونەش تەنها لە حاڵەتی گەورەییی دامەزراوە بانکییەکەدا و، بەتایبەتی، لەکاتی بەربڵاویی پەیوەندییەکانی بە پیشەسازییەوە شتێکی مومکینە. ئەم دابەشکردنەی کار بە دوو ئاراستەدا دەکرێت: لەلایەکەوە ڕاسپاردنی کۆی پەیوەندییەکان بە پیشەسازییەوە بە یەکێک لە بەڕێوەبەران، وەک وەزیفەیەکی تایبەت. لەلایەکی تریشەوە هەر بەڕێوەبەرێک چاودێریی ئەم پرۆژە یان ئەو پرۆژە یان ئەم گرووپە لە پرۆژە هاوشێوەکان لەڕووی پیشە و بەرژەوەندییەوە دەگرێتە ئەستۆی خۆی... (سەرمایەداری گەیشتووە بە قۆناغی چاودێریی ڕێکخراو بەسەر پرۆژە جیاوازەکاندا)... بەڕێوەبەرێک پسپۆریی لە پیشەسازیی ئەڵمانیدا هەیە، هەندێک کاتیش تەنها لە پیشەسازیی ئەڵمانیای ڕۆژئاوادا (ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لەڕووی پیشەسازییەوە پێشکەوتوترین پارچەی ئەڵمانیایە)، ئەوانی تر پسپۆڕن لە بواری پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتە پیشەسازییە بیانییەکان و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر

121 personal link-up.

122 Supernatural.

کەسایەتییە پیشەییەکان و هتد، و هەروەها مەسەلەکانی بۆرسە و هتد. سەرباری ئەوانەش زۆرجار هەر یەکێک لە بەڕێوەبەرانی بانکەکان بە کاروباری ناوچەیەکی دیاریکراو ڕادەسپێرێن یان لقێکی پیشەسازیی دیاریکراو، بۆیە یەکێکیان بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئەنجوومەنەکانی چاودێریی کۆمپانیاکانی کارەبا کاردەکات، یەکێکی تریش لە کارگە کیمیاییەکان کاردەکات، یان لە کارگەکانی بیرە و چەوەندەری شەکر، یەکێکی تریش لە پرۆژە کەم و دوورەپەرێزەکاندا کاردەکات بەڵام لەهەمان کاتیشدا لەنێو ئەنجوومەنەکانی چاودێریی کۆمپانیاکانی دڵنیایی کاردەکات... بەکورتی، گومان لەوەدا نییە کە بەئەندازەی فراوانبوون و هەمەجۆریی کردە و چالاکییەکان ئەوا لەنێو بانکە گەورەکاندا دابەشکردنی کار لە نێوان بەڕێوەبەراندا فراون دەبێت، بەمەبەستی (دەرەنجام) بەرزکردنەویان بۆ ئاستێکی بەرزتر لە کاروباری بانکیی پەتی، بۆئەوەی ببن بە پسپۆر و شارەزا، هەروەها لە مەسەلە پیشەسازییە گشتییەکاندا و لە کێشە تایبەتەکانی هەر لقێکی پیشەسازیدا داوەرێکی باش بن و ئامادە بکرێن بۆ کارکردن لە ناوچەی هەژمونیەتی بانکی پیشەسازیدا. تەواوکاریی ئەم سیستەمی بانکییە بریتییە لە هەوڵ و تەقەلا بۆ هەڵبژاردنی کەسانی پسپۆر و شارەزا لە بواری پیشەسازیدا بۆ ئەنجوومەنی چاودێریی [بانک]، وەکو پیشەوەران و فەرمانبەرانی پێشوو بەتایبەتی ئەوانەی لە ئیدارەی هێڵە ئاسنینەکان و کانگاکاندا خزمەتیان کردووە...هتد"[123].

لە کایەی بانکیی فەرەنسادا سیستەمێکی هاوشێوە بەجیاوازییەکی کەمەوە دەبینین. بۆنموونە، (Crédit Lyonnais) یەکێک لە سێ بانکە گەورەکەی فەرەنسا، لەلای خۆیەوە "ئیدارەیەکی تایبەتی بۆ کۆکردنەوەی زانیارییە داراییەکان" ڕێکخستووە (service des études financières) لەم ئیدارەدا زیاتر لە 50 ئەندازیار و پسپۆری ئامار و ئابوریناس و یاساناس و هتد بەشێوەیەکی هەمیشەیی کار دەکەن. تێچووی ئەمانە لە ساڵێکدا دەگاتە 600 بۆ 700 هەزار فرەنک. ئەم ئیدارەیە دابەش دەبێت بۆ هەشت بەش: بەشێک تایبەتمەندە بە کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەبارەی پرۆژە پیشەسازییەکان، بەشەکەی تریش دیراسەی ئامارە گشتییەکان دەکات، بەشی سێیەمیش توێژینەوە لەسەر کۆمپانیای هێڵە ئاسنینەکان و کەشتییەکان دەکات و

[123] ) Jeidels و ڕێسێر، کتێبەکانی پێشوو.

بەشـی چـوارەمیش خوێندنـەوە بـۆ بـالانس و زەمانـەت دەکـات، بەشـی پێنجـەمیش دیراسەی ڕاپۆرتە داراییەکان دەکات و هتد[124].

ئەنجامەکەشـی، لەلایەکـەوە، تێکـەڵاوبوونێکی زیـاتر، یـان وەک بوخـارین بەشـێوەیەکی دروسـت گوزارشـتی لێکـرد؛ پێکـەوەلکانی سـەرمایەی بـانکی و پیشەسـازی، لەلایـەکی تریشەوە، سەیرورەی بانکـەکان بـە دامـەزراوەی خـاوەن "خەسـڵەتی گشـتگیر" بـەفیعلی. لێرەدا بەزەرووری دەزانم کـە زاراوەکانی (Jeidels) لـەمبارەوە بـەوردی بـاس بکـەم، ئەو نووسـەرەی لە هەمووان باشتر دیراسەی مەسەلەکەی کردووە:

"لـە ئـەنجامی خوێندنـەوەی کـۆی پەیوەندییـە پیشەسـازییەکان، دەردەکـەوێت کـە ئـەو دامـەزراوە داراییانـەی لـە بەرژەوەنـدی و لـەبری پیشەسـازی کـار دەکـەن خـاوەن خەسـڵەتی یونیڤێرسـاڵ و گشـتگیرن. چونکـە جیـاواز لـە جۆرەکـانی تـری بانـک، بەپێچەوانـەی ئـەو خواسـتانەی زۆرجـار لـە بڵاوکراوەکانـدا دادەڕێژرێتـەوە، گوایـە پێویستە بانکەکان تایبەتمەندبن بە جۆرێک بازرگانیی دیاریکراو یان لقێکی پیشەسایی دیاریکراو تاکو خاک لەژێر پێیان دەرنەچێت، -بانکە گەورەکان هەوڵدەدەن پەیوەندییان لەگـەڵ پـرۆژە پیشەسـازییەکاندا ئەوپـەڕی هەمـەجۆر بکـەن، لـەڕووی شـوێنگە و بەرهـەمهێنانی لقـە پیشەسـازییەکانەوە، هـەروەها هەوڵدەدات نـاڕێکی و نایەکسـانی لـە دابەشـکردنی سـەرمایەکاندا لـە نێـوان سـەرجەم ناوچـەکان و لقـە پیشەسـازییەکاندا نـــەهێڵێت، ئـــەو ناڕێکییـــەی کـــە بەرئـــەنجامی مێـــژووی گەشەســـەندنی پـــرۆژە تاکەکەســـییەکانە... مـــەیل و ئاراســـتەیەک هەیـــە دەیـــەوێت ئـــەم پەیوەندییانـــە بـــە پیشەسازییەوە بکات بە دیاردەیەکی گشتی، ئاراستەیەکی تریش هەیە دەیەوێت ئەم پەیوەندییانـە پتـەو و کـارا بکـات؛ هـەردوو ئاراسـتەکەش لـە شـەش بانکـە گەورەکـەدا، بەشێوەیەکی تەواو نا، بەڵام تاڕادەیەک لە مەودایەکی فراوان و بە پلەیەکی یەکسـان پەیڕەو کران".

زۆرجار ناوەندە پیشەسازی و بازرگانییەکان سکاڵا لە "تیرۆریزم"ی بانکەکان دەکەن. ئایـا سـکاڵاکان جێگـای سـوپرایز و سەرسـوڕمانن، لەکاتێکـدا بانکـە گـەورەکان "حوکمدەکەن" وەک لەم نموونەدا هـاتووە: لـە 19ی نۆڤەمبـەری سـاڵی 1901دا یـەکێک لـە بانکـە بەرلینییـەکان بـەناوی "D" (نـاوی چـوار بانکـە گەورەکـە بـە پیتـی D

[124]) وتاری Eug. Kaufmann دەربارەی بانکە فەرەنسییەکان، Die Bank 1909،2.

دەستپێدەکات) نامەیەکی ئاراستەی ئەنجوومەنی ئیدارەی سەندیکای چیمەنتۆ کرد لە ناوەند و باکووری ڕۆژئاوای ئەڵمانیا، تیایدا هاتووە: "سەبارەت بەو هەواڵەی لە 18ی ئەم مانگەدا لە فڵانە ڕۆژنامەدا بڵاوتان کردبۆوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە پێویستە ئەو ئەگەرە لەبەرچاو بگرین دەشێت ئێوە لە کۆبوونەوەی گشتیی سەندیکاکەتان لە بەرواری 30ی ئەم مانگەدا، بڕیارگەلێک دەربکەن کە ڕەنگە گۆڕانکاری بەسەر پرۆژەکەتاندا بهێنێت کە بەلای ئێمەوە قبوڵکراو نییە. هەربۆیە بەداخێکی قووڵەوە، ئێمە ناچارین لە ئێستا بەدواوە ئەو قەرز و هەژماری کرێدتەی بۆمان کردبوونەوە بیکێشینەوە... بەڵام ئەگەر کۆبوونەوەی گشتیتان ئەو بڕیارانە نەدات کە پێمان قبوڵ ناکرێت و ئەگەر لەمبارەوە گەرەنتیی گونجاوی بۆ ئایندە پێشکەش کردین، ئەوا ئێمە ئامادەییی خۆمان دەردەبڕین بۆ دانوستان لەگەڵتان لەسەر بەخشینی سولفە و قەرزێکی نوێ"[125].

جەوهەری مەسەلەکە بریتییە لە سکاڵای سەرمایەی بچوک لە چەوسانەوەی سەرمایەی گەورە، بەڵام لەم کەیسەدا کۆی سەندیکا کەوتۆتە نێو توێژی "بچوک"ەوە! ململانێی کۆنی نێوان سەرمایەی بچوک و سەرمایەی گەورە لە قۆناغێکی باڵا و گەشەسەندووی نوێوە دەستپێدەکاتەوە. وەک دەزانین دامەزراوەی بانکە گەورەکان کە ملیارەها هەڵدەسوڕێنن، بەهەمان شێوە دەتوانن پەلە بکەن لە پێشخستنی تەکنیک لەگەڵ ئامرازەکانیدا بەشێوەیەک لەگەڵ ئامرازەکانی پێشوودا بەراورد نەکرێت. چونکە بۆنموونە، بانکەکان چەندین کۆمەڵەی تایبەت بە توێژینەوەی تەکنیکی دادەمەزرێنن، بێگومان ئەنجامی دیراسەکانی تەنها سوود بە پرۆژە پیشەسازییە "دۆستەکان" دەگەیەنێت. لەو کۆمەڵانەش "کۆمەڵەی توێژینەوەی مەسەلەی هێڵە ئاسنینە کارەباییەکان" و "فەرمانگەی ناوەندیی توێژینەوە زانستی و تەکنیکییەکان" و هتد.

هەروەها خودی سەرپەرشتیارانی بانکە گەورەکان هەلومەرجی نوێی ئابووریی نیشتیمانی دەبینن کە لە ئافراندندایە، بەڵام لە بەرامبەر ئەم دیاردەدا بێتوانا و لاوازن.

Jeidels دەنووسێت: "ئەوانەی لەم ساڵانەی دواییدا گۆڕینی کەسەکانیان لە پۆستی بەڕێوەبەر و ئەندامانی ئەنجوومەنی چاودێریدا بینیبێت، ناتوانن چاو لەوە بپۆشن کە گواستنەوەی دەسەڵات بەشێوەیەکی پلەبەپلە بۆ دەستی ئەو کەسانەی پێیان وایە دەستێوەردانی چالاکانە لە گەشەسەندنی پیشەسازیی گشتیدا ئەرکێکی ناچاریی بانکە گەورەکانە، هەتا بێت زیاتر دەبێت. پێویستە بزانین هەر ئەوەش لەسەر ئاستی

[125] Dr. Oscar Stillich, Geld-und Bankwesen.

بازرگانی و زۆرجاریش لەسەر ئاستی کەسی سرووشتی، سەرچاوەی ناکۆکی و دوورکەوتنەوەی نێوان ئەو کەسانە و بەڕێوەبەرە کۆنەکانی بانکەکانە. مەسەلەکەش لە جەوهەردا بریتییە لەوەی ئایا بانک وەک دامەزراوەی قەرزدان، لەو دەستێوەردانەیدا کە لە پیشەسازیدا دەیکات زەرەرمەند نابێت، ئایا لەپێناو چالاکییەک کە هیچ خاڵێکی هاوبەشی لەگەڵ ڕۆڵی نێوەندگیریی قەرزداندا نییە، پرەنسیپ و قازانجە مسۆگەرەکان ناکاتە قوربانی و، هانی بانک بدات بۆئەوەی زیاتر لە جاران ملکەچی دۆخی نادیاری هەڵبەزودابەزی بازرگانی ببێت. ئەمە ئەو شتەیە کە زۆرێک لە بەڕێوەبەرە کۆنەکانی بانکەکان دەیڵێن؛ بەڵام زۆربەی بەڕێوەبەرە گەنجەکان، پێیان وایە دەستێوەردانی کارا و چالاک لە مەسەلە پیشەسازییەکاندا جیاوازیی نییە لەگەڵ زەروورەتی سەرهەڵدانی بانکە گەورەکان و پرۆژە پیشەسازییە بانکییە مۆدێرنەکان، لەهەمان کاتدا لەگەڵ پیشەسازییە زەبەلاحە مۆدێرنەکاندا. هەردوولا لە یەک خاڵدا کۆکن: هیچ پرەنسیپێکی پتەو یان ئامانجێکی کۆنکرێتی لە چالاکییە تازەکانی بانکە گەورەکاندا بوونی نییە"[126].

سەردەمی سەرمایەداریی کۆن بەسەرچوو. سەرمایەداریی نوێش [قۆناغی] گواستنەوەیە بەرەو شتێکی نوێ. بێگومان، گەڕان بەشوێن "پرەنسیپی جێگیر و ئامانجی کۆنکرێتی"دا بەمەبەستی "سازان" لە نێوان مۆنۆپۆلی و ڕکابەریتیی ئازاددا شتێکی بەتاڵ و بەفیڕۆچووە. چونکە دانپیانانی خاوەن ئەزموون و شارەزایان جیاوازە لە ستایشی فەزیڵەتەکانی سەرمایەداریی "ڕێکخراو" کە لەلایەن بەرگریکارە فەرمییەکانیەوە، لە نموونەی شۆلتزە-گیڤێرنیتز و لیفمان و "تیۆرستە" هاوشێوەکانیان، دەوترانەوە.

بەوردی لە چ کاتێکدا "چالاکیی نوێ"ی بانکە گەورەکان دامەزران و جێگیر بوون؟ (Jeidels) وەڵامێکی تاڕادەیەک وردی ئەم پرسیارە گرنگە دەداتەوە:

"پەیوەندیی نێوان پرۆژە پیشەسازییەکان بە ناوەڕۆکی نوێ و فۆرمی نوێ و دەستە و ئۆرگانی نوێوە، واتا بانکە گەورەکان کە لە یەک کاتدا لەسەر بنەمای مەرکەزی و نامەرکەزی ڕێکخرابوون، هەرگیز وەک دیاردەیەکی تایبەتمەندی ئابووریی نیشتیمانیی پێش دەیەی دەهەمی سەدەی ڕابردوو دەرنەکەوتبوو، بەمانایەکی تر دەشێت خاڵی

---

[126] Jeidels، کتێبی پێشوو، لا 183-184.

دەستپێک بگەڕێنینەوە بۆ ساڵی 1897 بەهۆی ئەو "تێکەڵاوبوونە" گەورانەی لە نێوان پرۆژەکاندا لەو ساڵەدا ڕوویاندا و هەروەها بۆ یەکەمجار لەبەر هۆکاری سیاسەتی پیشەسازیی بانکەکان، فۆرمی نوێی ڕێکخستنی نامەرکەزی هێنرایە ناوەوە. ڕەنگە خاڵی دەستپێک بگەڕێنینەوە بۆ مێژوویەکی نزیکتر، لەبەرئەوەی قەیرانی ساڵی 1900 بەشێوەیەکی ئێجگار گەورە پرۆسەی چڕبوونەوەی پیشەسازی و بانکیی خێراتر و پتەوتر کرد و، بۆ یەکەمجار پەیوندیی لەگەڵ پیشەسازیدا گۆڕی بۆ مۆنۆپۆلیی ڕاستەقینەی بانکە گەورەکان و ئەم پەیوەندییانەی پتەوتر و چالاکتر کرد"[127].

کەواتە سەدەی بیست خاڵی گۆڕانی سەرمایەداریی کۆنە بە نوێ، لە هەیمەنەی سەرمایەوە بەگشتی بۆ هەیمەنەی سەرمایەی دارایی.

127) Jeidels، کتێبی پێشوو، لا181.

## بەشی سێهەم
## سەرمایەی دارایی و ئۆلیگارشیی دارایی

هیلفردینگ دەنووسێت: "بەشێکی زۆر لە سەرمایەی پیشەسازی چیتر موڵکی ئەو پیشەوەرانە نییە کە بەکاریدەهێنن. هەروەها ئەوان تەنها لەڕێگەی بانکەوە دەتوانن هەڵیبسوڕێنن، [چیتر بانک] بەنیسبەت ئەوانەوە خاوەن سەرمایەیە. لەلایەکی تریشەوە بانک ناچار دەبێت بەشێکی زۆری سەرمایە و پارەکانی لە پیشەسازیدا وەگەڕبخات. بەوهۆیەشەوە بەپلەیەکی زیاتر لە بانکەوانەوە دەگۆڕێت بە سەرمایەدارێکی پیشەسازیانە. ئەم سەرمایە بانکییەش -واتا سەرمایەی نەختینەیی- کە لە واقیعدا بەمشێوەیە دەگۆڕێت بۆ سەرمایەی پیشەسازی، ناوی دەنێم "سەرمایەی دارایی"... کەواتە سەرمایەی دارایی ئەو سەرمایەیە کە لەژێر کۆنترۆڵی بانکەکاندایە و پیشەسازەکان بەکاریدەهێنن"[128].

ئەم پێناسەش ناتەواوە چونکە ئاماژە بە فاکتێک هەرە گرنگ ناکات. مەبەستمان گەشەکردنی چڕبوونەوەی بەرهەمهێنان و سەرمایەیە، بەڕادەیەک ئەم چڕبوونەوەیە دەگات بە مۆنۆپۆلی. بەڵام کارەکەی هیلفردینگ بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتی ئەو دوو بەشەی پێش ئەم بەشەی کە پێناسەکەمان لێوەرگرتووە، جەخت لە ڕۆڵی مۆنۆپۆلیی سەرمایەدار دەکاتەوە.

چڕبوونەوەی بەرهەمهێنان و، ئەو مۆنۆپۆلییەی دەرەنجامی ئەم چڕبوونەوەیە و، تێکەڵبوون یان پێکەولکانی بانکەکان و پیشەسازی -ئەمە مێژووی سەرهەڵدانی سەرمایەی داراییە و کرۆکی چەمکەکەیە.

ئێستا پێویستە لەسەرمان ئەوە ڕوونبکەینەوە کە کردە بازرگانییەکانی مۆنۆپۆلیی سەرمایەدارەکان و هەڵسوڕاندنی دۆخی گشتیی بەرهەمهێنانی کاڵا و خاوەنداریتیی تایبەت، بەشێوەیەکی حەتمی دەبێتە هۆی هەیمەنەی ئۆلیگارشیی دارایی. گەر سەرنج بدەین، دەبینین نوێنەرانی زانستی بۆرژوازیی ئەڵمانی -و غەیرە ئەڵمانی- لە نموونەی ڕیسەر و شۆلتزە-گیڤێرنیتز و لیفمان و هاوشێوەکانیان هەموویان ستایشکاری ئیمپریالیزم و سەرمایەی دارایین. ئەوان لەبری کەشفکردنی "میکانیزم" و ڕێگاکانی سەرهەڵدان و دامەزراندنی ئۆلیگارشیی دارایی و [دەرخستنی] بڕی داهاتە "حەڵاڵ و

---

128) ر. هیلفردینگ "سەرمایەی دارایی"، مۆسکۆ،ساڵی 1912، لا 338-339.

حەرام"ەکانیان و پەیوەندییان بە پەرلەمانەوە، هتد، کەچی دێن سواغیان دەدەن و دایاندەپۆشن. ئەوان لەڕێگەی بەکارهێنانی دەستەواژەی نادیار و کەش و فشەوە خۆیان لە "مەسەلە نەفرەتییەکان" لادەدەن، هەروەها لەڕێگەی هاتوهاوار بۆ بەخەبەرهێنانەوەی "هەستکردن بە بەرپرسیارێتی" لەلای بەڕێوەبەری بانکەکان و ستایشکردنی "هەستی ئێشکگری"ی فەرمانبەرە پروسییەکان و، شیکردنەوەیەکی جدی بۆ وردەکارییەکانی پرۆژە یاسا بچوک و پووچەکان سەبارەت بە "چاودێری"[129] و "ڕێکخستن"[130]ی مۆنۆپۆلییەکان، هەروەها درێژدادڕییەکی تیۆری لە جۆری، بۆنموونە، پێناسەی "زانستی" کە پرۆفیسۆر لیفمان تۆماریکردووە: **"بازرگانی بریتییە لە چالاکییەکی کردەیی/پیشەیی ئامانجی کۆکردنەوەی شمەکەکان و هەڵگرتنیانە، دواتریش دەیانخاتەڕوو"**[131] (بۆڵدکردنەکە لەلایەن خودی نووسەرەوە بووە). کەواتە لەمەوە دەردەکەوێت بازرگانی لە سەردەمی مرۆڤی سەرەتاییشدا هەبووە، کە هیچ شتێکی لەبارەی ئاڵوگۆڕەوە نەزانیوە، لە کۆمەڵگای سۆسیالیزمیشدا هەروا دەمێنێتەوە! بەڵام واقیع و فاکتە چەپەڵەکان سەبارەت بە یاسا و ڕێسای چەپەڵ و دڕندەی ئۆلیگارشیی دارایی، چاو و گوێی [خەڵکی] کردۆتەوە، بۆیە لە سەرجەم وڵاتە کەپیتالیستەکان، لە ئەمریکا و فەرەنسا و ئەڵمانیا، ئەدەبیاتێک پەیدابووە کە وێنەیەکی ڕاست و عادیلانە لەبارەی ئۆلیگارشیی دارایی پیشان دەدات و ڕەخنەی دەکات، ئەگەرچی تێڕوانینێکی بۆرژوازانەی هەیە، بێگومان ڕەخنەیەکی وردەبۆرژوازانەیە.

پێویستە "سیستەمی هاوبەشیکردن"[132] کە پێشتر کورتەیەکمان لەسەر باسکرد، بکەینە پایەی سەرەکی. بڕوانن ئابووریناسی ئەڵمانی چۆن وەسفی کرۆکی مەسەلەکە دەکات، ئەو یەکێکە لە یەکەمینەکان کە بایەخیان بەو پرسە داوە:

"بەڕێوەبەر[133] سەرپەرشتی کۆمپانیای سەرەکی دەکات (دەقاودەق: "کۆمپانیای دایک")، ئەویش هەیمەنە بەسەر کۆمپانیا لاوەکییەکاندا دەکات ("کۆمپانیا کچەکان") کە دواتر

---

[129] Supervision.

[130] Regulation.

[131] R. Liefmann. کتێبی پێشوو، لا376.

[132] holding system.

[133] The head.

ئـەمیش کـۆنترۆڵی ("کۆمپانیـا کچـەزاکان[134]") دەکـات و هتـد. بەمشـێوەیەش، مـرۆ دەتوانێت بـەبێ ئـەوەی سـەرمایەیەکی گـەورەی هـەبێت، هەیمەنـە بەسـەر کایەگـەلێکی بێشومار لە گۆڕەپانـەکانی بەرهەمهێناندا بکات. لـە واقیعدا، ئەگـەر 50%ی پشـکەکانی سەرمایە بەس بێت بۆئـەوەی هەمیشـە سەرپەرشـتیی کۆمپانیایـەکی پشکداری بکـەیت، ئەوا بەڕێوەبەر تەنها پێویستی بە یەک ملیۆنـە تـاکو بتوانێت کۆنترۆڵی هەشـت ملیۆن سـەرمایەی کۆمپانیـا لاوەکی/کچـەزاکان بکـات. ئەگـەر ئـەم "بەیەکـداچوون"[135] و پێکەوەگرێدانە فراوان بکرێت، ئـەوا خـاوەنی ملیۆنەکە دەتوانێت سەرپەرشـتیی شـانزە ملیۆن، سی و دوو ملیۆنی تر بکات، هتد"[136].

لـە واقیعـدا ئـەزموون دەریـدەخات ئەگـەر 40% پشـکەکانت هـەبێت، بەسـە بۆئـەوەی کـۆنترۆڵی کاروبـاری کۆمپانیـای پشـکداریتی بکـەیت و هەڵیسـوڕێنیت، لەبەرئـەوەی بەشێکی دیار لە خاوەن پشکە بچوکەکان ناتوانن بەشداری لە کۆبوونـەوە گشـتییەکاندا بکەن، هتد. پرۆسەی "بەدیموکراتیکردن"[137]ی خاوەنداریتیی پشـک، ئـەو پرۆسـەیەی کـە سۆفیسـتە بۆرژوازەکـان و ئۆپۆرتۆنیسـتەکان "سۆسـیال دیموکراتـەکان" پێشـبینی ئـەوە دەکەن (یان وەک خۆیان دەڵێن چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکەین) "دیموکراتیزەی سـەرمایە بکـات"[138] و ڕۆڵ و بایـەخی بەرهـەمهێنانی بچـوک بـەهێزبکات و هتـد، ئـەم قسـانە لـە واقیعـدا هـیچ نـین جگەلـە ئامرازێـک لـە ئامرازەکـانی زیـادکردنی دەسـەڵات و هێـزی ئۆلیگارشـیی دارایـی. لەبـەر ئـەم هۆکـارەش، لەگـەڵ هۆکارەکـانی تـردا، لـە وڵاتـانی سـەرمایەداریی زۆر پێشـکەوتوو یـان کـۆنتر و "بەئـەزموونتر"دا، یاسـا ڕێگـەدەدات بـە دەرچوواندنی پشکی بچووکتر. لە ئەڵمانیا یاسا ڕێگەنادات بە دەرچوواندنی پشکێک کە بڕەکـەی لـە 1000 مـارک کـەمتر بێت، بۆیـە تاغوتـەکانی[139] پـارە لـە ئـەڵمانیا بـەچاوی حەسـودییەوە سـەیری بـەریتانیا دەکـەن، کـە تیایـدا یاسـا ڕێگـەدەدات بـە دەرچـوواندنی

[134] Grandchild.
[135] Interlocking.
[136] Hans Gideon Heymann «Die gemischten Werke im deutschen GroBeisengewerbe». St., 1904.
[137] Democratisation.
[138] Democratisation of capital.
[139] Magnates.

پشک بە بەهای یەک پاوەند (یەکسانە بە 20 مارک یان 10 ڕۆبڵ). سیمنس کە یەکێکە لە گەورە پیشەساز و "پاشاکانی پارە"ی ئەڵمانیا، لە 7ی حوزەیرانی ساڵی 1900دا، لە ڕایساتج وتی: "پشکی یەک پاوەندی، بناغەی ئیمپریالیزمی بەریتانییە"[140]. ئەم بازرگانە تێگەیشتنێکی قووڵ و "مارکسیانەتر"ی بۆ کرۆکی ئیمپریالیزم هەیە لە تێگەیشتنی ئەو نووسەرەی بە دامەزرێنەری مارکسیزم دادەنرێت لە ڕووسیا و پێیوایە ئیمپریالیزم خوویەکی خراپی یەکێک لە گەلانە...

بەڵام "سیستەمی هاوبەشیکردن" تەنها بریتی نییە لە بەرزکردنەوەی هێز و دەسەلاتی مۆنۆپۆلیستەکان بۆ پلەیەکی گەورەتر، چونکە جگەلەوەش، ڕێگەیان پێدەدات هەموو جۆرە کارێکی نەشیاو ئەنجام بدەن و دەبێتە پەناگە و پارێزەری کارە تەمومژاوی و قیزەونەکانیان و گزی و فزی لە جەماوەر: لەبەرئەوەی سەرپەرشتیارانی "کۆمپانیای دایک" بەفەرمی و بەپێی یاسا، بەرپرس نین لە "کۆمپانیای کچ" کە بە "سەربەخۆ" دادەنرێت و لەڕێگەی میدیۆمەوە دەتوانن هەموو شتێک "بەجێبهێنن". فەرموون لەگەڵ ئەو نموونەی لە ژمارەی ئایاری ساڵی 1914ی گۆڤاری "بانک"ی ئەڵمانی وەرمانگرتووە:

"کۆمپانیای پشکدارێتیی پۆڵای ئسپرینگ" لە کاسل، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا یەکێک بووە لە پرۆژە قازانجبەخش و فرە داهاتەکانی ئەڵمانیا. خراپیی بەڕێوەبردن گەیشتبووە ئاستێک کە قازانجی خاوەن پشکەکان لە 15%وە دابەزی بۆ 0%. دەرکەوت ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن بەبێ ئاگاداری و ڕاوێژ لەگەڵ خاوەن پشکەکان قەرزێکی بەبڕی شەش ملیۆن مارک پێشکەش بە یەکێک لە "کۆمپانیا کچەکان" بەناوی "هاسیا" کردبوو، لەکاتێکدا سەرمایەی بنەڕەتیی [ئەو کۆمپانیایە] سەدان هەزار مارکێک تێناپەڕێنێت. لە حیساباتی کۆتاییی[141] "کۆمپانیای دایک"دا بڕی ئەم قەرزە باس نەکراوە کە بڕەکەی دەکاتە سێ ئەوەندەی سەرمایەی پشکدارێتیی "کۆمپانیای دایک". ئەم فەرامۆشکردن و پەڕاندنەش لەڕووی یاساییەوە شتێکی شەرعی بوو و دەکرا بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بێت و بێدەنگیی لێبکرێت، لەبەرئەوەی هیچ مادەیەکی لە یاسای بازرگانیی کۆمپانیای پێشێل نەکردبوو. سەرۆکی ئەنجوومەنی چاودێری کە وەک کەسی لێپرسراو ئیمزای لەسەر بالانس شیتە ساختەکان کردبوو ئەوکات و

[140] R. Liefmann , Beteiligungsges, etc.

[141] balance-sheets.

تائێستاش سەرۆکی ژووری بازرگانیی کاسلە. خاوەن پشکەکان دوای تێپەڕبوونی کاتێکی دوورودرێژ ئینجا زانییان کە قەرز بە کۆمپانیای هاسیا دراوە، کاتێک ڕوونبووەوە کە ئەوە هەڵەیە (دەبوایە نووسەر ئەم وشەیەی بخستایەتە نێو دوو کەوانەوە) هەروەها ئەو کاتەی بەهای پشکی پۆڵای ئسپرینگ بەنزیکەی 100% دابەزی لەبەرئەوەی ئەو کەسانەی ئاگاداری مەسەلەکە بوون خستیانەڕوو بۆ فرۆشتن...

ئەمە نموونەیەکی ئایدیاڵی فێڵکردنە لە باڵانس شیتەکاندا و لە کۆمپانیا پشکدارییە-هاوبەشەکاندا شتێکی باوە، ئەوەش دەرخەری ئەو هۆکارەیە کە وادەکات لە ئەنجوومەنەکانی بەڕێوەبردن بە بوێرییەکی زیاتر لە بوێریی بزنسمانە تاکەکەسییەکان ڕیسک بە مامەڵە مەترسیدارەکانەوە بکەن. ڕێگای مۆدێرن بۆ دانانی باڵانس شیت[142]، جگەلەوەی ئاسانکاری بۆ شاردنەوە ڕیسکەکان دەکات لە هاوبەش[143]ی ئاسایی، ڕێگەدەدات بە خاوەن بەرژەوەندییە سەرەکییەکان لە ناکامی و شکستی جامبازییەکەیان دەربازیان ببێت، ئەوەش لەڕێگەی فرۆشتنی پشکەکان لەکاتی گونجاودا، لەکاتێکدا بزنسمانی تاکەکەس هەر زەرەر و زیانێکی بەرکەوێت لە گیرفانی خۆی دەیدات...

باڵانس شیتی زۆربەی کۆمپانیا هاوبەشەکان لە پالیمپسێست[144]ی سەدەکانی ناوەڕاست دەچێت، پێویستە سەرەتا ئەو دەقەی لەسەری نووسراوە بکوژێنرێتەوە بۆ ئەوەی ڕەمزەکەی ژێرەوەی کەشف ببێت تاکو مانای ڕاستەقینەی دۆکیۆمێنتەکەمان دەستکەوێت. (پالیمپسێست کاغەزگەلێکی تەنک بوون دەقە ڕەسەنەکە دەسڕایەوە بۆ ئەوەی دەقی تازەتری لەشوێن بنووسرێت).

"ئاسانترین و باوترین ڕێکار بۆ ئەوەی باڵانس شیتەکان ناڕوون بکرێن و کەس لێی تێنەگات، بریتییە لە دابەشکردنی پرۆژە سینگڵەکان بۆ چەندین بەش لەڕێگەی

---

142 ( balance sheet. باڵانس شیت جیاوازە لە بودجەی حکومەت. بە عەرەبی پێیدەوترێت (المیزانیة) واتا (تەرازوو)، بەپێی سیاسەتی داراییی کۆمپانیا یان هەر دامودەزگایەکی تر بێت کاتەکەی دیاری دەکرێت، ئەوەش بۆ دەرخستنی دۆخی داراییی کۆمپانیایە لە ماوەیەکی دیاریکراودا هەندێک جار مانگانەیە یان 3 مانگ، یان 6 مانگ، یان یەک ساڵ جارێک ئامادە دەکرێت. باڵانس شیت یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی ژمێرکاری و لەلایەن هۆبەی ژمێریارییەوە ئامادە دەکرێت بۆ بەراوردکاریی نێوان "موجودات/هەبووەکان" و "مطلوبات/قەبووەکان"ی کۆمپانیا، تاکو سەرجەم سوودمەندان لە زانیارییە ژمێریارییەکان (خاوەن پشکەکان، قەرزدەران، قەرزاران، کڕیاران و فرۆشیاران... هتد) وەک ڕاپۆرت بگات بە دەستیان بەمەبەستی بڕیاردان. (و.ک)

143 Shareholder. خاوەن پشک.

144 Palimpsest.

دامەزراندنی "کۆمپانیا کچەکان" یان خستنەسەر و پێکەولکانیان. سوودی ئەم ڕێکارەش لەڕووی چەند ئامانجێکەوە -شەرعی و ناشەرعی- شتێکی ڕوونە چونکە دەگمەنە ئەمڕۆ کۆمپانیایەکی گەورە هەبێت کە ئەم ڕێکارەی نەگرتبێتەبەر"[145].

وەک نموونە لەسەر پەیڕەوکردنی ئەم ڕێکارە بەشێوەیەکی فراوان، نووسەر باس لە گەورە کۆمپانیای مۆنۆپۆلیستی بەناوبانگ "کۆمپانیای گشتیی کارەبا" دەکات (AEG، کە دواتر قسەی لەسەر دەکەین). ئەو لە ساڵی 1912دا حسابی کردبوو کە ئەم کۆمپانیایە لەگەڵ 175 بۆ 200 کۆمپانیای تردا هاوبەشییکردووە و، هەیمەنەی بەسەریاندا کردووە، بەمشێوەیەش بێگومان بەبڕی 1 ملیار و 500 ملیۆن مارک کۆی گشتیی سەرمایە هەڵدەسوڕێنێت[146].

سەرجەم ڕێساکانی چاودێری و پشکنین و بڵاوکردنەوەی بالانس شیتەکان و وردبینیکردن و داڕشتن و پیاچوونەوەیان و هتد، ئەو شتانەی پرۆفیسۆر و فەرمانبەرە نییەت باشەکان پێوەی سەرقاڵن -واتا ئەوانەی بە نیازپاکییەوە بەرگری لە سەرمایەداری دەکەن و ڕووخساری ئارایشت دەکەن- شتگەلێکی بێکەڵکن، لەبەرئەوەی خاوەندارێتیی تایبەت پیرۆزە کەواتە ناتوانرێت ڕێگری لە کەس بکرێت کڕین و فرۆشتن و ئاڵوگۆڕ یان بەبارمتەدانی پشکەوە بکات، هتد..

لەو ژمارانەی کە (E. Agahd) پێشکەشیکردوون، دەتوانین ئەو مەودا و چوارچێوەیە دەربخەین کە "سیستەمی هاوبەشیکردن" لە بانکە ڕووسییە گەورەکاندا پێیگەیشتووە، [ئی گاد] 15 ساڵ وەک فەرمانبەر لە بانکی ڕووسی-چینی خزمەتی کردووە، لە ساڵی 1914دا کتێبێکی لەژێر ناونیشانێکی کەمێک نادروستدا بڵاوکردەوە: "بانکە گەورەکان و بازاڕی جیهانی"[147]. نووسەر بانکە ڕووسییە گەورەکان بۆ دوو گرووپی سەرەکی دابەش دەکات:

A) ئەو بانکانەی لەسەر بنەمای "سیستەمی هاوبەشیکردن" کاردەکەن.

B) بانکە "سەربەخۆکان" -لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە تێگەیشتنی بۆ مانای سەربەخۆیی خستۆتەڕوو، بەمانای سەربەخۆبوون لە بانکە بیانییەکان-.

---

[145] Grdr. d. S - Oek., V. 2 Schltze-Gaevernitz.

[146] L. Eschwege. «Tochtergesellschaften», «Die Bank», 1914.1.

[147] Kurt Heinig. «Der Weg dfe Elektrotrustes», «Neue Zeit», 1912, 30 Jahrg.

هــەروەها نووســەر گرووپــی یەکــەم دابــەش دەکــات بــۆ ســێ گرووپــی لاوەکــی: 1) هاوبەشیی ئەڵمانی. 2) هاوبەشیی ئینگلیزی. 3) هاوبەشیی فەرەنسی. لێرەدا مەبەستی لە "هاوبەشی" و هەیمەنەی بانکە بیانییە گەورەکانی ئەو وڵاتانەیە. نووسەر سەرمایەی بانکەکان دابەش دەکات بۆ: سەرمایە وەگەڕخراوەکان "بەشێوەیەکی بەبەرهەم"[148] (سەرمایەگوزاری لە بازرگانی و پیشەسازیدا). هەروەها "بەشێوەی جامبازی"[149] (سەرمایەگوزاری لە بۆرسە و کردە داراییەکاندا). ئەم وردە بۆرژوازە لە بیرکردنەوەیەکی ڕیفۆرمیستانەوە وایدادەنێت، کە دەشێت لە سایەی سەرمایەداریدا، فۆرمی وەگەڕخستن و وەبەرهێنانی یەکەم لە دووەم جیابکرێتەوە و فۆرمی دووەم لاببرێت و نەهێڵرێت.

ئەوەش ئەو ژمارانەیە کە نووسەر خستوویەتەڕوو:

**هەبووەکانی بانک (بەپێی ڕاپۆرتی ئۆکتۆبەر-نۆڤەمبەری 1913)**

| گرووپی بانکە ڕووسییەکان | سەرمایەگوزارییەکان (بەملیۆنەها ڕۆبڵ) | | |
|---|---|---|---|
| | بەشێوەیەکی بەبەرهەم | بەشێوەی جامبازی | کۆی گشتی |
| A- 1) چوار بانک: سیبیریای بازرگانی، ڕووسی، نێودەوڵەتی، لەگەڵ بانکی داشکاندن. | 413.7 | 859.1 | 1272.8 |
| A- 2) دوو بانک: بازرگانی و پیشەسازی، ڕووسی-بەریتانی. | 239.3 | 169.1 | 408.4 |
| A- 3) پێنج بانک: ڕووسی-ئاسیایی، سانت بترسبۆرگی تایبەت، ئەزۆڤ-دۆن، یەکێتیی مۆسکۆ، ڕووسی-فەرەنسیی بازرگانی. | 811.8 | 661.2 | 1383.0 |
| کۆی گشتیی گرووپی A یەکسانە بە 11 بانک | 1364.8 | 1789.4 | 3054.2 |

[148] Productively.

[149] Speculatively.

| | | | |
|---|---|---|---|
| B– هەشت بانک: بازرگانیی مۆسکۆ، ڤۆلگا–کاما، یۆنکەر و هاوبەشەکانی، بازرگانیی سانت بترسبۆرگ (ڤاڤلبێرگی پێشوو)، بانکی مۆسکۆ (ڕیابۆشینسکی پێشوو)، داشکاندنی مۆسکۆ، بازرگانیی مۆسکۆ، تایبەتی مۆسکۆ. | 504.2 | 391.1 | 895.3 |
| کۆی گشتیی هەردوو گرووپ یەکسانە بە 19 بانک | 1869.0 | 2080.5 | 3949.5 |

بەپێی ئەو ژمارانەی سەرەوە زیاتر لە سێ لەسەر چوار، واتا زیاتر لە سێ ملیار لەو چوار ملیار ڕۆبڵە کە سەرمایەی "کارکرد"ی بانکە گەورەکان پێکدەهێنێت، تایبەتە بە "کۆمپانیا کچەکان"ی بانکە بیانییەکان بەپلەی یەکەمیش بانکە پاریسییەکان (سێ بانکە بەناوبانگەکە: "یەکێتیی پاریسی" و "Paris et Pays-Bas" و "Société Générale") هەروەها بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ بانکە بەرلینییەکان (بەتایبەتی "Deutsche Bank" و "Disconto-Gesellschaft"). دووان لە بانکە گەورە ڕووسییەکان، بانکی ڕووسی (بانکی ڕووسی بۆ بازرگانیی دەرەکی) لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی (بانکی سانت بترسبۆرگ بۆ بازرگانیی نێودەوڵەتی) لەساڵی 1906وە تاکو ساڵی 1912 سەرمایەکانیان لە 44 ملیۆنەوە بەرزکردەوە بۆ 98 ملیۆن ڕۆبڵ، هەروەها یەدەگەکانیان لە 15 ملیۆنەوە بۆ 39 ملیۆن ڕۆبڵ، "سێ لەسەر چواری کارەکانیان بە سەرمایەی ئەڵمانی ئەنجامداوە"، بانکی یەکەم سەر بە "کۆنسێرن"[150]ی بانکی ئەڵمانییە "Deutsche Bank" لە بەرلین، بانکی دووەمیش سەر بە کۆمپانیای داشکاندنە "Disconto-Gesellschaft" لە بەرلین. ئاگادی دڵباش زۆر توڕەیە لەبەرئەوەی بانکە بەرلینییەکان خاوەنی زۆرینەی پشکەکانن، ئەمەش وادەکات خاوەن پشکە ڕووسەکان لاواز بن. شایەنی باسە شیلەی گوڵەکە بۆ ئەو وڵاتانەیە کە سەرمایەکانیان هەناردە دەکەن: بۆنموونە، بانکی ئەڵمانی لە بەرلین هەستا بە دەرچوواندنی پشکەکانی بانکی بازرگانیی سیبیریا لە بازاڕەکانی بەرلین و بۆماوەی

150 Concern.

یەک ساڵی تەواو لە جانتاکەیدا هێشتیەوە، ئینجا بە ڕێژەی 193 بە 100 فرۆشتنی، واتــا دووهێنــدەی بــەها بنەڕەتییەکــەی، بەمشــێوەیەش نزیکــەی بــڕی 6 ملیــۆن ڕۆبــڵ قازانجی "بەدەستهێنا" ئەوەی کە هیلفریدینگ پێیدەڵێت: "قازانجی دامەزراندن"[151].

نووسەر تەواوی "توانا"ی بانکە گەورەکانی سانت بترسبۆرگ بە 8235 ملیۆن ڕۆبڵ دەخەملێنێت، واتا نزیکەی 8,25 ملیار رۆبڵ، بەڵام "هاوبەشی" یان ڕاستتر هەیمەنەی بانکە بیانییەکان، ئەوا بەمشێوەیە دیاریدەکات: بانکە فەرەنسییەکان 55%، بانکە ئینگلیزییەکان 10%، بانکە ئەڵمانییەکان 35%. لە کۆی ئەم سەرمایەی کارکردە کە دەکاتە 8235 ملیۆن ڕۆبڵ، ئەوا بەپێی حساباتی نووسەر بڕی 3687 ملیۆن ڕۆبڵ واتا زیاتر لە 40%ی پشکی سەندیکاکانی: (Produgol و Prodamet)ە، هەروەها سەندیکاکانی پیشەسازیی پترۆڵ و چیمەنتۆ و کانزاکانە. لەسەر ئەم بنەمایەش، بەهۆی دامەزراندن و پێکهاتنی مۆنۆپۆلیستەکان، ئەوا ئاوێتەبوونی سەرمایەی بانکی و پیشەسازی لە ڕووسیا هەنگاوێکی زۆری بۆ پێشەوە بریوە.

سەرمایەی دارایی کە لە دەستی کەمینەیەکدا چڕبووەتەوە و بەکردەیی مۆنۆپۆلی و قۆرخکاری دەکات، قازانجێکی بێشومار بەدەستدەهێنێت کە بەردەوام لەڕێگەی دامەزراندنی کۆمپانیاکان و دەرچوواندنی کاغەزە داراییەکان و بەخشینی قەرز بە دەوڵەت و هتد [ئەم قازانجە] زیاد دەکات. بەوەش هەیمەنەی ئۆلیگارشیی دارایی بەهێزتر دەکات و لەبەر بەرژەوەندیی مۆنۆپۆلیستەکان باج و سەرانە بەسەر تەواوی کۆمەڵگادا دەسەپێنن. فەرموون لەگەڵ چەندین نموونە کە هیلفردینگ دەربارەی میتۆدی "بازرگانی" و تەحەکومی تراستە ئەمریکییەکان خستوویەتەڕوو: لە ساڵی 1887دا هاڤیمێر لەڕێگەی تێکەڵاوکردنی 15 کۆمپانیای بچوک تراستێکی شەکری دامەزراند، کۆی گشتیی سەرمایەکەی دەگەیشتە 6.5 ملیۆن دۆلار. بەڵام سەرمایەی تراستەکە وەک ئەمریکییەکان دەڵێن "لە ئاودا توایەوە" و بە 50 ملیۆن دۆلار خەمڵێنرا. ئەم "زیادکردنەی سەرمایەش"[152] چاوەڕوانی قازانجی داهاتووی مۆنۆپۆلیی لێدەکرێت. بەهەمان شێوە تراستی پۆڵا لە ئەمریکا بەتەمای قازانجی مۆنۆپۆلییە، چونکە بەشێوەیەکی لەڕادەبەدەر ئەو زەویانە دەکرێت کە ڕەنگە سەرچاوەی خاوی ئاسن بن. لە واقیعدا تراستی شەکر نرخە قۆرخکارییەکانی دەسەپێنێت، داهاتێکی وەهای

---

[151] promoter's profits.

[152] over-capitalisation.

بەدەستهێناوە کە دەتوانێت لەو قازانجە بڕی 10% بدات بە خاوەن پشکەکان لە بەرامبەر حەوت هێندە سەرمایەی "تواوە لە ئاو"دا، واتا نزیکەی 70% بەرامبەر ئەو سەرمایەی کە بەفیعلی لەکاتی دامەزراندنی تراستەکەدا دراوە! لە ساڵی 1909دا سەرمایەی تراستی شەکر گەیشتە 90 ملیۆن دۆلار، لە ماوەی 22 ساڵدا سەرمایەکەی دە هێندە زیادیکردووە.

لە فەرەنسا هەیمەنەی "ئۆلیگارشیی دارایی" فۆرمێکی کەمێک جیاوازی وەرگرتووە (**لەدژی ئۆلیگارشیی دارایی لە فەرەنسا**، بووە ناونیشانی کتێبێکی بەناوبانگ کە لەلایەن لیزیسەوە نووسراوە و چاپی پێنجەمی لە ساڵی 1908دا دەرچووە). چونکە چوار لە بانکە گەورەکان لە دەرچوواندنی بۆند و کاغەزە داراییەکاندا مۆنۆپۆلییەکی نەک ڕێژەیی، بەڵکو "مۆنۆپۆلییەکی ڕەها"یان هەیە. لە واقیعیشدا ئەوە "تراستی بانکە گەورەکان"ە. مۆنۆپۆلی لە دەرچوواندنی کاغەزە داراییەکاندا دەستەبەری قازانجە مۆنۆپۆلییەکان دەکات. عادەتەن لە حاڵەتی قەرزکردندا ئەو وڵاتانە تەنها بڕی 90%ی قەرزەکە وەردەگرن، ئەو 10%ی دەمێنێتەوە دەڕوات بۆ بانکەکان و دەڵاڵ و نێوەندگیرەکانی تر. قازانجی بانکەکان لە قەرزی ڕووسی-چینی کە بڕەکەی 400 ملیۆن فرەنک بوو بریتی بوو 8%، هەروەها قەرزی ڕووسی (لە ساڵی 1904دا) کە بڕەکەی 800 ملیۆن فرەنک بوو قازانجەکەی گەیشتە 10%، قەرزی مەراکشی (ساڵی 1904) کە بڕەکەی 62.5 ملیۆن فرەنک بوو قازانجەکەی بریتی بوو لە 18.75%. گەشەسەندنی سەرمایەداری کە لە سەرمایەی ڕیبا و سووخۆریی بچووکەوە دەستیپێکرد، گەشەسەندنەکەی بە سەرمایەی ڕیبای زەبەلاح کۆتایی دێت. لیزێس دەڵێت: "فەرەنسییەکان سووخۆرەکانی ئەوروپان". بەهۆی ئەم وەرچەرخانەی سەرمایەداری، هەموو هەلومەرج و بارودۆخەکانی ژیانی ئابووری بەشێوەیەکی قووڵ دەگۆڕێن. لەگەڵ چەقبەستوویی دانیشتوان و پیشەسازی و بازرگانی و گەیاندنی دەریایی، وڵاتێک دەتوانێت لەڕێگەی سوو و ڕیباوە دەوڵەمەند ببێت. "50 کەس کە نوێنەرایەتیی سەرمایەیەک بەبڕی 8 ملیۆن فرەنک دەکەن، دەتوانن دوو ملیار فرەنک لە چوار بانکدا هەڵسوڕێنن". "سیستەمی هاوبەشی" کە پێشتر باسمان کرد، هەمان ئەنجامی دەبێت: یەکێک لە بانکە گەورەکان "Société Générale" کۆمپانیای گشتی" 64 هەزار بۆند بۆ "کۆمپانیا کچ" (کارگەکانی شەکر لە میسر) دەردەکات. لەبەرئەوەی نرخی هەر بۆندێک [السند] بە 150% دەرکراوە، ئەوا بانک لە هەر ڕۆبڵێک بڕی 50

کوبیک قازانج دەکات. دەریشکەوت ئەو قازانجەی کە کۆمپانیا بەسەر خاوەن پشکەکاندا دابەشیدەکات وەهمییە، بەوهۆیەشەوە "جەماوەر" بڕی 90 بۆ 100 ملیۆن فرەنکیان زەرەر کرد. "یەکێک لە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای گشتی ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی پاڵاوگەکانی شەکر بوو". شتێکی سەیر نییە ئەگەر نووسەر لە ناچاریدا بەم دەرەنجامە بگات: "کۆماری فەرەنسا شانشینێکی داراییە"، "هەیمەنەی ئۆلیگارشیی دارایی هەیمەنەیەکی ڕەهایە، دواتر هەیمەنە بەسەر ڕۆژنامەگەری و حکومەتیشدا دەکات"[153].

ئەو قەبارە گەورەی داهات و قازانجی دەرچوواندنی کاغەزە داراییەکان، وەک یەکێک لە وەزیفە سەرەکییەکانی سەرمایەی دارایی، ڕۆڵێکی گرنگی لە گەشەپێدان و چەسپاندنی ئۆلیگارشیی داراییدا هەیە. گۆڤاری "بانک"ی ئەڵمانی دەڵێت: "پرۆژەیەک لەناوخۆی وڵاتدا نییە، نزیک بەم قازانجە بەرزانە بەدەستەوە بدات، کە فرۆشتنی سەنەدی قەرزە بیانییەکان[154] بەدەستیدەهێنێت"[155].

"کردەیەکی بانکیی نییە کە لە بەدەستهێنانی قازانجدا شان بدات لە شانی دەرچوواندنی [کاغەزی دارایی]". بەپێی ژمارەکانی ئابووریناسی ئەڵمانی، تێکڕای قازانجی ساڵانە لە دەرچوواندنی کاغەزە داراییەکان (پشکی) کۆمپانیا پیشەسازییەکان گەیشتووە بە:

| ساڵەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|
| 1895 | %38.6 |
| 1896 | %36.1 |
| 1897 | %66.7 |
| 1898 | %67.7 |
| 1899 | %66.9 |
| 1900 | %55.2 |

153 E. Agahd. GroBbanken und Weltmarkt.
154 flotation of foreign loans.
155 Lysis. Conrte l'oligarchie financière en France. 5 éd. P., 1908 pp. 11, 12, 26, 39, 40, 48.

"لە ماوەی دەساڵدا 1891-1900، دەرچوواندن و فرۆشتنی پشکەکان زیاتر لە یەک ملیار مارک [قازانج]ی بۆ کۆمپانیا پیشەسازییە ئەڵمانییەکان بەدەستهێناوە"[156].
ئەگەر لە ماوەی بوژانەوە پیشەسازییەکاندا قازانجی سەرمایەی دارایی لەڕادەبەدەر بوو بێت، ئەوا لە ماوەی قۆناغی پووکانەوەیدا پرۆژە بچوک و ناپتەوەکان لەناودەچن، بەڵام بانکە گەورەکان "هاوبەشیی" دەکەن لە کڕینیان بە نرخێکی هەرزان یان لە "وەگەڕخستنەوەیان"[157] و "دووبارە ڕێکخستنەوەیان"[158]دا بەشدار دەبن بەوەش سوودگەلێک بەدەستدەهێنن. لەکاتی "وەگەڕخستنەوەی" ئەوە پرۆژانەی دووچاری کورتهێنان بوون "سەرمایەی هاوبەش دادەبەزێت، واتا دابەشکردنی قازانجەکان بەسەر بچوکترین سەرمایەدا، لەسەر ئەم بنەمایەش بەردەوام دەبێت. یان لەکاتی دابەزینی داهاتەکان بۆ سفر، ئەوا سەرمایەی نوێ ڕادەکێشرێت، چونکە داهاتێکی کافی و گونجاوی هەیە و لەگەڵ سەرمایەی کۆندا تێکەڵ دەکرێت کە داهاتێکی کەمی هەیە".
لەلایەکی ترەوە هیلفریدینگ شتی تر سەربار دەکات و دەڵێت: "تێبینی دەکەین سەرجەم پرۆسەکانی ئاوەدانکردنەوە و دووبارە ڕێکخستنەوە لە تێڕوانینی بانکەکاندا بایەخێکی دوولایەنەی هەیە؛ یەکەم، وەک کردەیەکی قازانج بەخش. دووەم، هەلێکی باشە بۆئەوەی کۆمپانیا دەستکورتەکان بکاتە پاشکۆی خۆی"[159].
فەرموون لەگەڵ نموونە: کۆمپانیای پشکداریتیی یۆنیۆن[160] بۆ دەرهێنانی کانزاکان لە دۆرتمۆند، کە ساڵی 1872 دامەزراوە. سەرمایەی هاوبەشی کۆمپانیا نزیکەی 40 ملیۆن مارک بوو، پاش ئەوەی لە ساڵی یەکەمیدا بە ڕێژەی 12% قازانجی بەسەر خاوەن پشکەکاندا دابەشکرد، نرخی پشکەکانی بۆ 170% بەرزبووەوە. سەرمایەی دارایی شیلەی گوڵەکە و قازانجەکەی بەدەستهێنا کە شتێکی وەها نەبوو، بڕەکەی نزیکەی 40 ملیۆن مارک بوو. سپۆنسەری سەرەکیی دامەزراندنی ئەم کۆمپانیا بریتی بوو لە بانکی زەبەلاحی ئەڵمانیا Disconto-Gesellschaft، کە سەرمایەکەی بەشێوەیەکی سەرکەوتوو گەیاندە 300 ملیۆن مارک. دواتریش، پشکەکانی یۆنیۆن

[156] Die Bank, 1913, N7, S. 630.
[157] Reconstruction.
[158] Reorganization.
[159] W. Sombart. «Die deutsche Volkswirtschaft im 19. Jahrhundert».2.
[160] Union Mining Company.

دابەزی بۆ سفر. بۆیە خاوەن پشکەکان ناچاربوون ڕەزامەندی لەسەر کەمکردنەوەی سەرمایە دەربڕن، واتا بەشێک لە سەرمایەکە بۆئەوەی هەموو شتێک لەدەست نەدەن. لە ئەنجامی زنجیرەیەک پرۆسەی "ئاواەدانکردنەوە" لە ماوەی سی ساڵدا بڕی زیاتر لە 73 ملیۆن مارک لە تۆماری حساباتی کۆمپانیای یۆنیۆن کوژایەوە و دیارنەما. "لەکاتی ئێستادا خاوەن پشکە دامەزرێنەرەکانی کۆمپانیا تەنها 5%ی بەهای بنەڕەتیی پشکەکانیان هەیە"[161]. بەڵام لە هەموو پرۆسەیەکی ئاوەدانکردنەوەدا بانکەکان شتێک قازانج بەدەستدەهێنن.

یەکێکی تر لە کردە قازانجبەخشەکانی سەرمایەی دارایی بریتییە لە جامبازیکردن بە پارچە زەوییەکانی دەوروبەری شارە گەورەکانەوە کە بەخێرایی فراوان دەبن. لەم حاڵەتەشدا مۆنۆپۆلیی بانکەکان و مۆنۆپۆلیی کرێی خانووبەرە[162] و مۆنۆپۆلیی گواستنەوە و گەیاندن لەگەڵ یەکتر ئاوێتە دەبن، لەبەرئەوەی بەرزبوونەوەی نرخی زەوی و ئەگەری فرۆشتنی بەشێوەی پارچە پارچەی بچووک و هتد، بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە ئاسانیی ئامرازەکانی گەیاندن لەگەڵ سەنتەری شار دەبەستێت، ڕێگا و ئامرازەکانی گواستنەوە و گەیاندنیش لە دەستی ئەو کۆمپانیا گەورانەدایە کە لەڕێگەی سیستەمی هاوبەشی و دابەشکردنی کورسیی نێو ئەنجوومەنەکانەوە پەیوەندییان بەم بانکانەوە هەیە. دەرەنجام دەگەین بەوشتەی کە نووسەری ئەڵمانی بەناوی (L. Eschwege) یەکێک لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بانک) پێیگەیشتووە، ناوبراو بەتایبەتی خۆی تەرخان دەکات بۆ دیراسەکردنی پرۆسەی بازرگانیکردن بە زەوی و بارمتەکردنی زەوی و هتد، پاشان پرۆسەکە ناودەنێت زەلکاو. [زەلکاو] جامبازییەکی شێتانەیە بە پارچە زەوییەکانی قەراغ شارەوە دەکرێت، هەرەسهێنان و مایەپووچ بوونی کۆمپانیاکانی بیناسازی لێکەوتەوە، وەکو کۆمپانیای (Boswau and Knauer) لە بەرلین کە بەهاوکاریی بانکی ئەڵمانی ( Deutsche Bank)ی زەبەلاح و قسەڕۆیشتوو بڕی 100 ملیۆن مارکی بەدەستهێنا -بێگومان دواتریش بەپێی سیستەمی هاوبەشیی کاریدەکرد، واتا بەنهێنی، بەشاراوەیی- بەڵام لەو دەردەسەرییە ڕزگاری بوو و تەنها 12 ملیۆن مارکی زەرەر کرد، ئینجا

161) سەرمایەی دارایی، لا 172.

162 ) ground rent. الريع العقاري.

وێرانبوونی موڵکداره بچوکه‌کان و کرێکارانی به‌دواداهات ئه‌وانه‌ی هیچ شتێکیان له‌ کۆمپانیا بیناسازییه‌ وه‌همییه‌کان ده‌ستنه‌که‌وت، پاشان سه‌فقه‌ی ده‌ستبڕین و نایاسایی له‌گه‌ڵ ئیداره‌ و پۆلیسی "ده‌ستپاک"ی به‌رلین ده‌ستیپێکرد، به‌مه‌به‌ستی ده‌ستبه‌سه‌راگرتنی مامه‌ڵه‌ و تۆمارنامه‌کانی زه‌وی و خانووبه‌ره‌ و، پێدانی مۆڵه‌تی شاره‌وانی بۆ دروستکردنی بینا و هتد[163].

"عادات و ئه‌ته‌کیه‌تی ئه‌مریکی" که‌ زۆرجار پرۆفیسۆره‌ ئه‌وروپییه‌کان و بۆرژوازه‌ دڵپاکه‌کان به‌شێوه‌یه‌کی ڕیاکارانه‌ پێی سه‌رسام و دڵگیر بوون، ئه‌وا له‌ سه‌رده‌می سه‌رمایه‌ی داراییدا چیتر ده‌قاوده‌ق بووه‌ته‌ عاداتی هه‌موو شارێکی گه‌وره‌ ئیتر له‌ هه‌ر وڵاتێکدا بێت.

له‌ سه‌ره‌تاکانی ساڵی 1914دا له‌ به‌رلین باسیان له‌ دامه‌زراندنی "تراستی گواستنه‌وه‌" ده‌کرد، واتا "یه‌کگرتنی به‌رژه‌وه‌ندییه‌کان" له‌ نێوان سێ پرۆژه‌ی گواستنه‌وه‌ له‌ به‌رلین: هێڵی ئاسنینی کاره‌بایی له‌ شار، کۆمپانیای ترام (tramway)، کۆمپانیای ئۆتۆمبیلی (omnibus). گۆڤاری "بانک" نووسیبووی: "ئێمه‌ ئاگادارین ئه‌وان کاتێک به‌رنامه‌یان بۆ ئه‌وه‌ دارشتووه‌ که‌ ده‌رکه‌وت زۆرینه‌ی پشکه‌کانی کۆمپانیای ئۆتۆمبیلی ئۆمینیبوس که‌وتۆته‌ ده‌ستی ئه‌و دوو کۆمپانیای تره‌وه‌.. ده‌شێت بڕوای ته‌واومان به‌وه‌ هه‌بێت که‌ ئه‌و که‌سانه‌ی ئه‌م مه‌به‌سته‌یان هه‌یه‌، ئاواته‌خوازن له‌ڕێگه‌ی ڕێکخستنی یه‌ک ئیداره‌ بۆ خزمه‌تگوزاریی گواستنه‌وه‌، ده‌سته‌به‌ری ئابووری بکه‌ن و له‌ کۆتاییدا به‌شێکی به‌سوودی جه‌ماوه‌ر و خه‌ڵک ته‌واو ده‌بێت. به‌ڵام ئه‌وه‌ی مه‌سه‌له‌که‌ی ئاڵۆز کردووه‌ ئه‌وه‌یه‌؛ که‌ بانکه‌که‌کان له‌ پشت دامه‌زراندنی تراستی گواستنه‌وه‌وه‌ وه‌ستاون، هه‌رکات ئاره‌زوو بکه‌ن ده‌توانن سه‌رجه‌م ئامرازه‌کانی گواستنه‌وه‌ که‌ بۆ خۆیان مۆنۆپۆل کردووه‌، بیخه‌نه‌ به‌رژه‌وه‌ندی و خزمه‌تی بازرگانیی زه‌وی و خانووبه‌ره‌وه‌. بۆئه‌وه‌ی به‌م گریمانه‌ و قه‌بڵاندنه‌ قایل بین و پێمان وابێت شتێکی سرووشتییه‌، ته‌نها پێویسته‌ ئه‌وه‌ به‌بیر خۆمان بهێنینه‌وه‌ که‌ له‌کاتی دامه‌زراندنی کۆمپانیای هێڵی ئاسنینی کاره‌باییه‌وه‌ له‌ شار، به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی ئه‌و بانکه‌ گه‌وره‌ پێوه‌ی په‌یوه‌ست بووه‌ که‌ هانی دامه‌زراندنی ده‌دا و پاڵپشتیی لێده‌کرد. مه‌به‌ستمان ئه‌وه‌یه‌: به‌رژه‌وه‌ندیی پرۆژه‌ی گواستنه‌وه‌ له‌گه‌ڵ به‌رژه‌وه‌ندیی بازرگانیی زه‌وی و زار و خانووبه‌ره‌دا تێکئالاون.

---

[163] ) Stillish. کتێبی پێشوو، لا138 و Liefmann، لا 51.

مەسـەلەکەش ئەوەیـە دەبوایـە هێڵـی ڕۆژهـەڵاتی ئـەم هێڵـی شـەمەندەفەرە ئـەو پارچـە زەویانـەی بگرتایەتـەوە کـە دواتـر بانـک بـە قـازانجێکی زۆر بـۆ خـۆی و هاوبەشـەکانی فرۆشتی، پاش ئەوەی ڕاکێشانی هێڵەکە ڕوونبوویەوە و مسۆگەر کرا"[164].

کاتێـک مۆنۆپـۆلی پێکهـات و هـەزاران ملیـۆنی هەڵسـوڕاند ئیتـر بەشـێوەیەکی حـەتمی ڕۆدەچێتە نێو سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، بەچاوپۆشین لـە سیستەمی حـوکمڕانی و سـەرجەم "وردەکارییـەکان"ی تـرەوە. ئـەدەبی ئـابووریی ئـەڵمانی وا ڕاهـاتووە بەشـێوەیەکی زەلیلانـە ستایشـی دەسـتپاکیی بیرۆکراسـییەتی پروسـییەکان بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بە سکاندالی پەنەمای فەرەنسی[165] و گەندەڵیی سیاسـەتی ئەمریکی دەکات. بەڵام لە واقیعدا تەنانەت ئەدەبی بۆرژوازی کە باس لـە کاروبـاری بانکـەکانی ئـەڵمانیا دەکـات، هەمیشـە ناچـارە تاڕادەیـەکی زۆر سـنووری کـردە بانکییـە پەتییەکان تێپەڕێنێت و، بۆنموونە دەربـارەی "پەلهاویشـتن بـەرەو بانکـەکان" بنووسـێت، سەبارەت بە زیادبوونی حاڵەتی گواستنەوەی فەرمانبەران بۆ ڕاژەی بانکەکان: "کەواتـە کـوا زەمانــەت و دەســتپاکیی فەرمانبــەری فەرمانگــەکانی دەوڵــەت کــە لــە ناخیــدا ئاواتـەخوازی شـوێن و کـارێکی گونجـاوە لـە Behrenstrasse؟"[166] (شـەقامێکە لـە بـەرلین ئۆفیسـی سـەرەکیی بـانکی ئـەڵمانی لێیـە). لـە سـاڵی 1909دا خـاوەنی گۆڤـاری "بانک" ئالفرێد لانسبۆرگ وتارێکی لەژێر ئەم ناونیشانەدا نووسی: "گرنگیی بیزەنتینیـزم لـەڕووی ئابوورییـەوە" باسـی لـە گەشـتەکەی ولیـامی دووەم بـۆ فەلەسـتین کردبـوو، هــەروەها "ئـەنجامی ڕاسـتەوخۆی گەشـتەکەی –ڕاکێشـانی هێڵـی ئاسنینی بەغـداد، کـە یەکێکە لە "گەورەترین پرۆژەی بازرگانیی ئەڵمانی"، ئەم کـارە بەدبەختییـە لـە سـەرجەم

---

[164] «Die Bank» . 1913, S. 952, L. Eschwege. «Der Sumpf».

[165]) Panama scandals. ئابڕووچوونەکەی بەندەری پەنەما یان دۆسیەی گەندەڵیی بونیادنانی بەندەری پەنـەما، کـە هەردوو زەریای ئەتڵەسی و هێمن پێکـەوە دەبەسـتێتەوە. گـەورەترین دۆسـیەی گەندەڵیی سـەدەی نۆزدە بـوو. لـە سـاڵی 1889دا دادگای مەدەنیی فەرەنسا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی کۆمپانیـای بەنـدەری پەنـەمای دەرکردبـوو، بـەڵام حکومـەتی فەرەنسی لەوکاتەدا نزیکەی یەک ملیار فرەنکی وەک بەرتیل لەو کۆمپانیایە وەرگرت کە پرۆژەکەی لە ئەستۆدا بـوو تـاکو لە بەرامبەر شکست و تەواونـەبوونی پرۆژەکـەدا بێدەنگی لێبکات، لـە سـاڵی 1892دا و لـە سـەردەمی کۆمـاری سێهەمی فەرەنسـیدا سـکاندالەکەی بەرپرسـانی حکومـەتی فەرەنسـا ئاشـکرابوو. دوای بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـی و نالـەباریی کەشـوهەوا ژمارەیـەک کرێکـاری زۆر بوونـە قوربـانی و کۆمپانیاکـەش مایـەپووچبوونی خـۆی ڕاگەیانـد، دواتـر ئـەمریکا پرۆژەکەی گرتەدەست و لە ساڵی 1914دا کرایەوە. (و.ک)

[166] Verkehrtrust, «Die Bank», 1914, 1.

هەڵە سیاسییە کەڵەکەبووەکانی دیکەمان زیاتر لە "گەمارۆدان" بەرپرسە"[167]. (مەبەست لە گەمارۆدان، سیاسەتی ئیدواردی حەوتەمە کە هەوڵی دابڕین و گەمارۆدانی ئەڵمانیای دەدا، لەڕێگەی هاوپەیمانێتییەکی ئیمپریالیستیی دژە ئەڵمانییەوە). لە ساڵی 1911دا لەژێر ئەم ناونیشانەدا "پلۆتۆکراسی و بیرۆکراسی"[168] وتارێک دەنووسێت، بۆنموونە لەوێدا باس لە کەیسی ئەو فەرمانبەرە ئەڵمانییە دەکات بەناوی ڤۆلکەر کە ئەندامێکی بەپەرۆشی لیژنەی کارتێلەکان بوو، دوای ماوەیەکی کەم پۆستێکی قازانجبەخشی لەنێو گەورەترین کارتێلەکان وەرگرت، [ئەویش] سەندیکای پۆلا بوو. نموونەی ئەم حاڵەتانە کە هەرگیز بە ڕێکەوت نەبووە، خودی ئەم نووسەرە بۆرژوازەی ناچارکرد دان بەوەدا بنێت کە "ئازادیی ئابووری، ئەوەی دەستووری ئەڵمانی لەخۆی دەگرێت، چیتر لە زۆربەی کایەکانی ژیانی ئابووریدا دەستەواژەیەکی بێمانا و بەتاڵە". هەروەها لە هەلومەرجی هەیمەنەی پلۆتۆکراسیدا "تەنانەت فراوانترین ئازادیی سیاسی ناتوانێت ڕێگری ئەوەمان لێبکات ببینە میللەتێک لە گەلانی نائازاد"[169].

بەڵام سەبارەت بە ڕووسیا یەک نموونە پێشکەش دەکەین: چەند ساڵێک لەمەوبەر سەرجەم ڕۆژنامەکان هەواڵێکیان دەربارەی داڤیدۆڤ بڵاوکردەوە، ناوبراو بەڕێوەبەری هۆبەی قەرزدان بوو، وازی لە ڕاژەی دەوڵەت هێنابوو تاکو لە یەکێک لە بانکە گەورەکان پۆستێک وەرگرێت، بەرامبەر بە مووچەیەک کە بەپێی گرێبەستەکەی لە ماوەی چەند ساڵێکدا دەگەیشتە زیاتر لە یەک ملیۆن ڕۆبڵ. هۆبەی قەرزدان دامەزراوەیەک بوو وەزیفەکەی بریتی بوو لە "یەکخستنی چالاکیی سەرجەم دامەزراوەکانی قەرزدان لەنێو وڵاتدا" و بەبڕی 800 بۆ 1000 ملیۆن ڕۆبڵ بەخشین و هاریکاریی دارایی پێشکەش بە بانکەکانی نێو مۆسکۆ و سانت بترسبۆرگ دەکرد.[170]

یەکێک لە خەسڵەتەکانی سەرمایەداری بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە جیاکردنەوەی خاوەنداریێتیی سەرمایە لە بەکارخستنی سەرمایە لە بەرهەمهێناندا، جیاکردنەوەی

[167] Der Zug zur Bank, «Die Bank», 1909, 1. pp 79.
[168] Plutocracy and Bureaucracy.
[169] Der Zug zur Bank, «Die Bank», 1909, 1. pp 301.
[170] Bulltin de l'institut international de statistique. T. XIX, livr II La Haye, 1912.

سەرمایەی نەختی لە سەرمایەی پیشەیی یان بەبەرهەم، جیاکردنەوەی ڕانتخۆر[171] [خاوەن دەرامەت] کە تەنها لەسەر داهاتی سەرمایەی نەختی دەژی لە خاوەنکار و سەرجەم ئەوانەی ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە ئیدارەدانی سەرمایەوە. ئیمپریالیزم یان هەیمەنەی سەرمایەی دارایی قۆناغی بالای سەرمایەدارییە کە تیایدا ئەم جیاکردنەوەیە دەگاتە ڕێژەیەکی بەرز. هەیمەنەی سەرمایەی دارایی بەسەر فۆرمەکانی تری سەرمایەدا واتا هەیمەنەی ڕانتخۆر و ئۆلیگاشیی دارایی؛ واتا دەرکەوتنی ژمارەیەکی بچووک لەو دەوڵەتانەی خاوەن "هێز"ی داراییین لەنێو ولاتانی تردا. دەتوانین لە ئاماری دەرچوواندنەکانەوە مەودای ئەم پرۆسەیە دەربخەین، واتا دەرچوواندنی سەرجەم جۆرەکانی کاغەزە داراییەکان.

ئا.نیمارک لە "بلاوکراوەی پەیمانگای ئاماری جیهانی"[172]دا چەندین ژمارە و زانیاریی تەواو و بەراوردکارانەی گشتگیری لەسەر دەرچوواندنی کاغەزە داراییەکان دەربارەی هەموو جیهان بلاوکردەوە، دواتر چەندین بڕگەی لە ئەدەبیاتی ئابووریدا دووبارە و سەدبارە بلاودەکرایەوە. ئەوەی لای خوارەوە ئەنجامی چوار دەیەیە:

[171] (Rentier . لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا بەتایبەتی دوای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق دەستیکرد بە ڕاستەوخۆ فرۆشتنی نەوت زاراوەی ڕانتخۆر یان کرێخۆر یان دەوڵەتی ڕەیعی بەشێوەیەکی بەرچاو لینین لە بەشی هەشتەمدا (مشەخۆری و پووکانەوەی سەرمایەداری) چەندینجار وشەی (دەوڵەتی ڕەیعی/ بەربلاو بووە، بەکاردەهێنرێت بەمانای دەوڵەتی خاوەن Rentnerstaat) بەکاریهێناوە، کە لە زمانی ئەڵمانیدا وشەی rentier state معاش، لە بەرامبەردا وەرگێڕی عەرەبی وشەی (صاحب الدخل)ی بەکارهێناوە واتا خاوەن دەرامەت. لە فەرهەنگی مارکسیزمدا مەبەست لە ڕانتخۆر یان دەوڵەتی ڕانتخۆر لەو ولاتانە پێشکەوتووانە بوو کە چیتر پشت بە بەرهەم و بازرگانی و پیشەسازیی ناوخۆ نابەستن بەڵکو لەڕێگەی هەناردەکردنی سەرمایە و پێدانی قەرز بە ولاتانی دواکەوتوو یان تازەپێگەیشتوو داهات بەدەستدەهێنن، دواجار زلهێزە ئیمپریالیستەکان لەڕێگەی پارەبازی و دامەزراندنی کۆمپانیای پشکدارێتی لەو ولاتانەدا بوونە خاوەن ئابوورییەکی بەهێزتر. لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا چیتر ئەم زاراوەیە بۆ ئەو ولاتانەش بەکارهات کە پشت بەتەنها سەرچاوەی سرووشتیی نەوت و گاز دەبەستن هەروەها بەرهەمی ناوخۆییان لاوازە و خەڵکەکەی چاوەڕوانی معاشی حکومەتن و داهاتی بێشوماری نەوتیش لە دەستی بنەماڵەی حوکمڕاندا چڕبۆتەوە، هاوشێوەی ولاتانی کەنداو، لە ئێستاشدا بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە بۆ دەسەلاتی ئۆلیگارشیی کوردی زۆر شیاوە. (و.ک)

[172] E. Agahd . Pp 202.

**کۆی گشتیی دەرچوواندنەکان لە هەر دەیەیەکدا**
**(بڕەکە بە ملیارەها فرانک)**

| | |
|---|---|
| 1880-1871 | 76.1 |
| 1890-1881 | 64.5 |
| 1900-1890 | 100.4 |
| 1910-1901 | 197.8 |

لە ساڵانی دەیەی هەشتەمدا (1870)، بڕی گشتیی دەرچوواندنەکان لە سەرانسەری جیهاندا، بەتایبەتی بەقەرز، بەرزبووەوە، ئەوەش دەرەنجامی جەنگی فەرەنسی-پروسی و سەردەمی بواژانەوەی پاش جەنگ بوو لە ئەڵمانیا. بەشێوەیەکی گشتی خێرایی زیادبوونی بڕی دەرچوواندن لە ماوەی سێ دەیەی کۆتاییی سەدەی 19دا ڕێژەیەکی گەورەی تۆمار نەکرد، بەڵام ئەو زیادبوونەی لە دەیەی یەکەمی سەدەی 20دا تۆمارکرا زۆر گەورە بوو، کە بەڕێژەی 100% بوو. بەمشێوەیەش خاڵی وەرچەرخانی دەستپێکی سەدەی 20 تەنها بریتی نەبوو لە گەشەسەندنی مۆنۆپۆلییەکان (کارتێلەکان، سەندیکاکان، تراستەکان) کە پێشتر باسمان لێوە کردوون، بەڵکو تایبەتیش بوو بە گەشەسەندنی سەرمایەی دارایی.

نیمارک کۆی گشتیی دەرچوواندنی کاغەزە داراییەکان لە جیهاندا بۆ ساڵی 1910 بەبڕی 815 ملیار فرەنک دەخەمڵێنێت. بۆ نزیکردنەوەش ئەم بڕەی کەمکردەوە بۆ 575-600 ملیار. فەرموون لەگەڵ دابەشکردنەکەی بەسەر وڵاتانی جیهاندا (دانانی بڕەکە بە 600 ملیار):

**بڕی کاغەزە داراییەکان لە ساڵی 1910دا**
**(بە ملیار فرەنک)**

| | |
|---|---|
| بەریتانیای مەزن | 142 |
| ویلایەتە یەکگرتووەکان | 132 |
| فەرەنسا | 110 |
| ئەڵمانیا | 95 |
| کۆی گشتی | 479 |
| ڕووسیا | 31 |

| | |
|---|---|
| نەمسا-مەجەر | 24 |
| ئیتاڵیا | 14 |
| یابان | 12 |
| هۆڵەندا | 12.5 |
| بەلجیکا | 7.5 |
| ئیسپانیا | 7.5 |
| سویسرا | 6.25 |
| دانیمارک | 3.75 |
| سوید، نەرویج، ڕۆمانیا و ئەوانی تر | 2.5 |
| کۆی گشتی | 600 |

ئەم ژمارانە لە یەکەم نیگاوە، هەر چوار وڵاتە سەرمایەدارییە دەوڵەمەندەکە بەڕوونی دەردەخەن، کە هەر یەکێکیان بەبڕی نزیکەی 100 بۆ 150 ملیار مارکەیان لە کاغەزی دارایی هەیە. دوو وڵاتیش لەم چوار وڵاتە -ئینگلتەرا و فەرەنسا- کۆنترین وڵاتی سەرمایەدارین و وەک دەبینین خاوەنی زۆرترین موستەعمیرەن، دوو وڵاتەکەی تریش -ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەڵمانیا- دوو وڵاتی سەرمایەدارین کە لەڕووی خێرایی گەشەسەندنەوە و ڕادەی بڵاوبوونەوەی مۆنۆپۆلییەکان لە پیشەسازیدا زۆر پێشکەوتوون. ئەم چوار وڵاتە پێکەوە خاوەنی 497 ملیار فرەنکن، واتا 80%ی سەرمایەی دارایی جیهانی. زۆربەی وڵاتانی تری جیهانیش، بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕۆڵی قەرزوەرگر و زێی ئەم وڵاتانە دەگێڕن (بانکەوانە نێودەوڵەتییەکان)، ئەمانە بوونەتە چوار "کۆڵەکە"ی سەرمایەی دارایی جیهانی.

پێویستە لەسەرمان بەشێوەیەکی تایبەت باس لەو ڕۆڵە بکەین کە هەناردەکردنی سەرمایە لە ئافراندنی تۆڕی پاشکۆیەتی و پەیوەندیی جیهانیی سەرمایەی داراییدا دەیگێڕێت.

لينين

## بەشی چوارەم
## هەناردەکردنی سەرمایە

هەناردەکردنی کالا لە سەرمایەداریی کۆندا حاڵەتێکی نموونەیی بوو، بەشێوەیەک ڕکابەریێتیی ئازاد باڵادەست بوو. بەڵام لە دوایین قۆناغی سەرمایەداریدا چیتر هەناردەکردنی سەرمایە بووەتە حاڵەتێکی نموونەیی، [لەم قۆناغە نوێیەدا] مۆنۆپۆلییەکان دەستڕۆیشتوو و باڵادەستن.

سەرمایەداری لە قۆناغی گەشەسەندنی باڵایدا بریتییە لە بەرهەمهێنانی کالا، کە تیایدا چیتر هێزی کاریش خۆی دەبێتە کالا. فراوانبوونی ئاڵوگۆڕیش لەنێوخۆی وڵات و، بەتایبەتیش ئاڵوگۆڕ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، خەسڵەتێکی تایبەتی سەرمایەدارییە. لە سیستەمی سەرمایەداریدا گەشەسەندنی پرۆژە تاکەکەسییەکان و لقە پیشەسازییەکان و وڵاتان بەشێوەیەکی جیاواز و ناڕێک و پچڕپچڕ، شتێکی حەتمییە. سەرەتا ئینگلتەرا، پێش وڵاتانی تر، بووە وڵاتێکی سەرمایەداری. لە ناوەڕاستی سەدەی 19دا تەبەنی بازرگانیی ئازادی کرد، بانگەشەی "کارگەی جیهان"ی دەکرد، ڕۆڵی هەناردەکردنی بەرهەمە ئامادەکراوەکانی بۆ سەرجەم وڵاتانی جیهان دەگێڕا، کە دەبوایە لە بەرامبەردا کەرەستەی خاوی لەگەڵدا ئاڵوگۆڕ بکەن. بەڵام ئەم مۆنۆپۆلییەی ئینگلتەرا لە چارەکی کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا بنکەن ببوو، لەبەرئەوەی ژمارەیەک لە وڵاتانی تر ببوونە وڵاتی سەرمایەداریی سەربەخۆ و، پەنایان برد بۆ باجی گومرگیی "خۆپارێزی".
لە دەستپێکی سەدەی نۆزدەدا پێکهاتنی جۆرێکی تر لە مۆنۆپۆلییەکان دەبینین: یەکەم، یەکێتیی مۆنۆپۆلیستی سەرمایەدارەکان لە سەرجەم وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکاندا. دووەم، پێگەی مۆنۆپۆلیستی هەندێک وڵاتی زۆر دەوڵەمەند، کەڵەکەبوونی سەرمایە تیایدا گەیشتە ڕادەیەکی زەبەلاح. بەشێوەیەک لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا ڕێژەیەکی زۆر لە "زیادەی سەرمایە" هاتە ئاراوە.

دیارە ئەگەر سەرمایەداری بیتوانیایە گەشە بە کشتوکاڵ بدات، کە لە ئێستادا لە هەموو شوێنێک زۆر لەدوای پیشەسازییەوەیە، هەروەها ئەگەر سەرمایەداری بیتوانیایە ئاستی بژێوی ژیانی جەماوەر بەرزبکاتەوە، کە سەرەڕای پێشکەوتنی سەرسوڕهێنەری تەکنەلۆژیا کەچی هێشتا لە هەموو شوێنێک خەڵک برسی و بێ دەرامەت و هەژارن، ئەوا ئەوکات مەسەلەی زیادەی سەرمایە نەدەخرایە بەرباس.

ڕەخنــەگرە وردە بۆرژوازەکــان لــە ســەرمایەداری بــەردەوام بەئەنقەســت ئــەم "ئارگیۆمێنتە" دەهێننەوە. بەڵام لەم حاڵەتەدا ئەگەر سەرمایەداری ئەو شتانەی بکردایە، ئەوە سـەرمایەداری نـەدەبوو، لەبەرئـەوەی نـاڕێکی و نابەرابـەری لـە گەشەسـەندندا و قــاتوقڕیی خــەڵک دوو مــەرجی ســەرەکی و دەســتپێکی بونیادنــانی ئــەم مــۆدێلی بەرهەمهێنانەیە. هەتاوەکو سەرمایەداری بمێنێت لە هیچ وڵاتێکدا زیادەی سەرمایە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی ژیانی خەڵک تەرخان ناکرێت، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی کەمبوونـەوە و پوکانـەوەی قـازانجی سـەرمایەداران، بـەڵکو لەڕێگـەی هـەناردەکردنی سەرمایە بۆ دەرەوە، بۆ وڵاتە دواکەوتووەکان، [زیادەی سەرمایە] بۆ بەرزکردنـەوەی قــازانج تــەرخان دەکرێــت. عادەتــەن لــەم وڵاتــە دواکەوتووانــەدا قــازانج بــەرزترە، لەبەرئـەوەی سـەرمایە کـەم و دەگمەنـە، هـەروەها بەشـێوەیەکی ڕێژەیـی نرخـی زەوی نزمـە و کـرێ و کەرەسـتەی خـاو هەرزانـە. ئـەوەی ئەگـەری هـەناردەکردنی سـەرمایە دەهێنێتـە ئـاراوە بـوونی ژمارەیـەک وڵاتـی دواکـەوتووە، کـە بـە ئاراسـتەی ڕەوتـی سەرمایەداریدا دەڕۆن یان پەلیان هاویشتووە و هەلومـەرجی سـەرەکیی گەشەسـەندنی پیشەسازی تیایاندا ڕەخساوە، هتد.. زەروورەتی هەناردەکردنی سەرمایە لەو فاکتەوە ســەرهەڵدەدات کــە ســەرمایەداری لــە هەنــدێک وڵاتــدا "زۆر پێگەیشــتووە" هــەروەها سەرمایەداری لە (هەلومەرجی دواکەوتنی کشتوکاڵ و هەژاریی جەماوەردا) خانەیەکی "قازانجبەخش" بۆ سەرمایەگوزاری نادۆزێتەوە.

ئەو ژمارانـەی خـوارەوە بەنزیکـەیی بـڕی ئـەو سـەرمایانە دەردەخـەن کـە سـێ وڵاتـی سەرەکی لە دەرەوە وەگەڕیانخستووە[173]:

---

[173] Hobson. Imperialism, London, 1902, p. 58; Riesser, op. cit., S. 395 und 404; P. Arndt in Weltwirtschaftliches Archiv, Bd. 7, 1916, S. 35, Neymarck in Bulletin; Hilferding, Finance Capital, p. 492; Lloyd George, Speech in the House of Commons, May 4, 1915, reported in the Daily Telegraph, May 5, 1915; B. Harms, Probleme der Weltwirtschaft, Jena, 1912, S. 235 et seq.; Dr. Siegmund Schilder, Entwicklungstendenzen der Weltwirtschaft [Trends of Development of World Economy], Berlin, 1912, Band I, S. 150; George Paish, “Great Britain’s Capital Investments, etc.,” in Journal of the Royal Statistical Society, Vol. LXXIV, 1910–11, p. 167 et seq.; Georges Diouritch, L’Expansion des banques allemandes a l’étranger, ses rapports avec le développement économique de 1’Allemagne [Expansion of German Banks Abroad in Connection with the Economic Development of Germany], Paris, 1909, p. 84.

**ئەو سەرمایەی لە دەرەوە وەبەرهێنانی پێکراوە**
**(بە ملیارەها فرەنک)**

| ساڵەکان | ئینگلتەرا | فەرەنسا | ئەڵمانیا |
|---|---|---|---|
| 1862 | 3.6 | – | – |
| 1872 | 15 | 10 (1867) | – |
| 1882 | 22 | 15 (1880) | ؟ |
| 1893 | 42 | 20 (1890) | ؟ |
| 1902 | 62 | 27–37 | 12.5 |
| 1914 | 75–100 | 60 | 44 |

ئەم خشتەیە دەریدەخات کە گەشەسەندنی هەناردەکردنی سەرمایە تەنها لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە ئەوپەڕی ڕەهەندەکانی خۆی گەیشت. هەروەها ئەو سەرمایەی کە پێش جەنگ لەلایەن هەر سێ وڵاتە سەرەکییەکەوە لە دەرەوە وەگەڕخراوە بڕەکەی لە نێوان 175 بۆ 200 ملیار فرەنک بووە. ئەگەر لانی کەمی ڕێژەی [سوود] بەبڕی 5% وەرگرین، ئەوا داهاتی ئەم بڕە پارەیە دەگاتە 8 بۆ 10 ملیار فرەنک لە ساڵێکدا. ئەوەش بناغەیەکی پتەوە بۆ ستەمکاری و ئیستغلالکردنی زۆربەی وڵاتان و گەلانی جیهان لەلایەن ئیمپریالیزمەوە، هەروەها مشەخۆریی سەرمایەداری لەلایەن چەپکێک وڵاتی دەوڵەمەندەوە!

ئەم سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنانە لە نێوان سەرجەم وڵاتە جیاوازەکاندا چۆن دەکرێن و لە کوێ وەگەڕدەخرێن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە تەنها بەنزیکەیی دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک دەست تێکەڵاوکردن و پەیوەندیی گشتیی ئیمپریالیزمی مۆدێرن ڕووندەکاتەوە:

**دابەشکردنی (بەنزیکەیی) سەرمایەی هەناردەکراو بەسەر کیشوەرەکانی جیهاندا (دەوروبەری ساڵی 1910)**
**(بە ملیار فرەنک)**

| کیشوەرە جیاوازەکان | بەریتانیای | فەرەنسا | ئەڵمانیا | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|

| | مەزن | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئەوروپا | 4 | 23 | 18 | 45 |
| ئەمریکا | 37 | 4 | 10 | 51 |
| ئاسیا و ئەفریقیا و ئوستralia | 29 | 8 | " | 44 |
| کۆی گشتی | 70 | 35 | 35 | 140 |

دەبینین سەرمایەگوزاریی بەریتانیا لە موستەعمیرەکانیدا لە پلەی یەکەمدایە، هەروەها لە ئەمریکا زۆر گەورەیە (بۆنموونە کەنەدا) ئەمە جگەلە ئاسیا و ئەوانی تر. هەناردەکردنی سەرمایە بەم مەودا فراوان و بێشومارە پەیوەندییەکی پتەوی بەو موستەعمیرە زۆرانەوە هەیە کە دواتر باس لە بایەخ و گرنگییەکەیان بۆ ئیمپریالیزم، دەکەم. بەڵام سەبارەت بە فەرەنسا شتەکە جیاوازە. سەرمایەی هەناردەکراوی بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئەوروپا وەگەڕخراوە بەپلەی یەکەم لە ڕووسیا (لە 10 ملیار فرەنک کەمتر نییە)، بەزۆریش سەرمایەی قەرزە، قەرز بە دەوڵەت، هیچ سەرمایەیەک لە پرۆژەی پیشەسازیدا وەگەڕنەخراوە. بەپێچەوانەی ئیمپریالیزمی ئینگلیزییەوە کە دەستی بەسەر موستەعمیرەکاندا گرتووە، دەشێت ئیمپریالیزمی فەرەنسی بە ئیمپریالیزمی سووخۆر وەسف بکەین. لە ئەڵمانیا جۆری سێهەم هەیە: موستەعمیرەکانی گەورە نین و ئەو سەرمایەی لە دەرەوە وەگەڕیخستووە بەشێوەیەکی تاڕادەیەک یەکسان لە نێوان ئەوروپا و ئەمریکا دابەشیکردووە.

هەناردەکردنی سەرمایە کاریگەریی لەسەر گەشەسەندنی سەرمایەداری لەو وڵاتانەدا دروست دەکات کە [سەرمایەکەیان] ئاراستە دەکرێت، هەروەها ئەم گەشەسەندنەش خێراتر دەکات. بۆیە ئەگەر ئەم هەناردەکردنە ببێتە هۆی سستی لە گەشەسەندنی ئەو وڵاتانەی سەرمایە هەناردە دەکەن، ئەوا لە بەرامبەردا دەبێتە هۆی گەشەسەندنی سەرمایەداری لە سەرانسەری جیهاندا بەشێوەیەکی فراوانتر و قووڵتر.

ئەو وڵاتانەی سەرمایە هەناردە دەکەن، دەتوانن بەشێوەیەکی تاڕادەیەک هەمیشەیی "سوود"یان دەستکەوێت، کە خەسڵەتێکی نامۆی تایبەت بە سەردەمی سەرمایەی

دارایی و مۆنۆپۆلییەکان دەردەخات. فەرموون لەگەڵ ئەو نموونەی کە گۆڤاری "بانک" دەرچووی بەرلین، لە ساڵی 1913دا نووسیویەتی:
"لەم ماوەی دواییدا کۆمیدیایەک لە بازاڕی داراییی جیهانیدا پەخش دەکرێت کە شایەنی سەرە قەڵەمەکەی ئەریستۆفانیسە[174]. ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی بیانی، لە ئیسپانیاوە تاکو وڵاتانی بەڵقان، لە ڕووسیاوە تاکو ئەرجەنتین و بەرازیل و چین، بەئاشکرا یان بەنهێنی، هەندێک کاتیش بەپێداگرییەکی زۆرەوە، داوای قەرز لە بازاڕە داراییە گەورەکان دەکەن. لە ئێستاشدا دۆخی بازاڕە داراییەکان باش نییە، ئاسۆ سیاسییەکانیش ئومێدبەخش نین. بەڵام هیچ بازاڕێکی دارایی نییە کە بوێری ئەوەی هەبێت پێدانی قەرز ڕەتبکاتەوە، ئەوەش لە ترسی ئەوەی دراوسێکەی پێشینەکەوێت و ڕەزامەندی دەربڕێت لەسەر پێدانی قەرز، بۆئەوەی لەبەرامبەر ئەو قەرزەدا گرەنتی خزمەتگوزاری بۆ خۆی بکات. لەکاتی بەستنی گرێبەستە نێودەوڵەتییەکانیشدا، زۆربەی کات سوودێکی لە بەرژەوەندیی قەرزدەردا تیا دەبێت: بەندێکی سازشکارانە لەکاتی بەستنی گرێبەستی بازرگانیدا، وێستگەیەکی خەڵوز، دروستکردنی بەندەر، ئیمتیازێکی چەور یان ڕاسپاردن لەسەر بڕێک چەک و تەقەمەنی"[175].
سەرمایەی دارایی چاخی مۆنۆپۆلیی ئافراند. مۆنۆپۆلییەکانیش لەگەڵ هەموو پرەنسیپێکی مۆنۆپۆلیستدا ئەمانەی لەگەڵ خۆی هێناوە: ئیستغلالکردنی "پەیوەندییەکان" بۆ گرێدانی گرێبەستی قازانجبەخش، لە بازاڕی کراوەدا جێگەی ڕکابەریێتیی ئازاد دەگرێتەوە. ئەو مەرجەی زۆر باوە لەکاتی پێدانی قەرزەکەدا بەشێک [لەو قەرزە] لە کڕینی بەرهەمەکانی وڵاتی قەرزدەردا خەرج بکرێتەوە، بەتایبەتی کەرەستەی چەک و کەشتی و هتد. لە ماوەی ئەم دوو دەیەی دواییدا لە ساڵانی (1890–1910) فەرەنسا بەئەنقەست چەندین جار پەنای بۆ ئەم ڕێگایە بردووە. چیتر هەناردەکردنی سەرمایە بۆ دەرەوە بووەتە ئامرازێک بەمەبەستی هاندانی هەناردەکردنی کاڵاکان بۆ دەرەوە. لەم حاڵەتەشدا گرێبەستی نێوان کۆمپانیا زۆر گەورەکان وەک ئەوەی شیلدەر "بەوریاییەوە" وتی "بە گەندەڵی تەنراوە". کروپ لە ئەڵمانیا و شنەیدەر لە فەرەنسا و ئارمسترۆنگ لە بەریتانیا نموونەی ئەم

[174] Aristophanes.
[175] *Die Bank*, 1913, 2, S. 1024.

کۆمپانیایانەن کە بەپتەوترین شێوە پەیوەندییان بە بانکە گەورەکان و حکومەتەوە هەیە، کە لەکاتی گرێبەستی قەرزەکەدا "فەرامۆشکردنیان" ئاسان نییە.
کاتێک فەرەنسا قەرزی بە ڕووسیا بەخشی، لەو پەیماننامە بازرگانییەی لە 16ی ئەیلولی 1916دا گرێیاندا [ڕووسیای] "هەڵگوشی" و تاکو ساڵی 1917 هەندێک سازشی پێکرد. لە پەیماننامەی بازرگانیی 19ی ئابی 1911 لەگەڵ یاباندا هەمان هەڵسوکەوتی ئەنجامدا. ڕکابەرێتیی نێوان نەمسا و فەرەنسا لە مەسەلەی پێدانی کەرەستەی جەنگی بە سڕبیا، یەکێک بوو لە هۆکارەکانی جەنگی گومرگیی نێوان نەمسا و سڕبیا کە لە ساڵی 1906 بۆ ساڵی 1911 ڕوویدا، بێجگەلە پچڕانێک کە ماوەی حەوت مانگی خایاند. لە کانوونی دووەمی 1912دا پاوڵ دیشانێڵ لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا ڕایگەیاند کە کۆمپانیا فەرەنسییەکان لە ساڵی 1908 تاکو ساڵی 1911 بەبڕی 45 ملیۆن فرەنک کەرەستەی جەنگییان داوە بە سڕبیا.
لە ڕاپۆرتی کونسڵی نەمسا-مەجەر لە ساوپاولۆ (بەرازیل)دا هاتووە: "ڕاکێشانی هێڵی ئاسنینی بەرازیل بەشێوەیەکی سەرەکی بە سەرمایەی فەرەنسی و بەلجیکی و بەریتانی و ئەڵمانی دەکرێت. مەرجی ئەم وڵاتانەش لە کردە دارییەکانی پەیوەست بە ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەرەوە، بریتییە لەوەی کەرەستەی پێویستیان بۆ دروستکردنی هێڵە ئاسنینەکە دابین بکات".
بەمشێوەیەش، دەشێت بەمانای پڕاوپڕی وشەکە بڵێین، سەرمایەی دارایی تۆڕەکەی بەسەر سەرجەم وڵاتانی جیهاندا بڵاودەکاتەوە. هەروەها لەم پرسەشدا بانک و لقە دامەزراوەکانیان لە موستەعمیرەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێن. ئیمپریالیستە ئەڵمانییەکان بەچاوی حەسوودی و بەخاڵەتەوە سەیری وڵاتە کۆلۆنیالیزمە "کۆنەکان" دەکەن، کە لەم ڕووەوە بەشێوەیەکی زۆر "سەرکەوتووانە" خۆی بۆ تەرخان کردووە: چونکە لە ساڵی 1904دا بەریتانیای مەزن لە موستەعمیرەکانیدا 50 بانک و 2279 لقی هەبوو (لە ساڵی 1910دا 72 و بانک و 5449 لق)، فەرەنسا 20 بانک و 136 لق، هۆڵەندا 16 بانک و 68 لق، لەکاتێکدا ئەڵمانیا "تەنها" 13 بانک و 70 لقی هەبوو. بەهەمان شێوەش سەرمایەدارە ئەمریکییەکان بەخیلییان بە سەرمایەدارە ئینگلیز و ئەڵمانییەکان دەبرد. لە ساڵی 1915دا سکاڵایان بەرزکردەوە: "لە ئەمریکای لاتینی 5 بانکی ئەڵمانی 40 لقیان هەیە، هەروەها 5 بانکی ئینگلیزی 70 لقیان هەیە... ئینگلتەرا و

ئەڵمانیا لە ماوەی 25 ساڵی ڕابردوودا لە ئەرجەنتین و بەرازیل و ئۆرۆگوای بەبڕی 4 ملیار دۆلار سەرمایەگوزارییان کردووە، لە ئەنجامی ئەوەش هەردووکیان پێکەوە تەحەکوم بەڕێژەی 46% لە کۆی بازرگانیی ئەم سێ وڵاتەوە دەکەن"[176].

وڵاتانی هەناردەکاری سەرمایە، بەمانای مەجازیی وشەکە، جیهانیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکردووە. ئەگەرچی سەرمایەی دارایی بەرەوە دابەشبوونی فیعلی و ڕاستەوخۆی جیهان دەڕوات.

## بەشی پێنجەم
## دابەشکردنی جیهان لە نێوان یەکێتییە سەرمایەدارەکاندا

یەکێتیی سەرمایەدارە مۆنۆپۆلیستەکان -کارتێلەکان، سەندیکاکان، تراستەکان- پێش هەموو شتێک بازاڕی ناوخۆیی لەنێو خۆیاندا دابەش دەکەن و، ئەوەندەی بتوانن بەشێوەیەکی ڕەها دەست بەسەر بەرهەمهێنانی پیشەسازیی وڵاتێکی دیاریکراودا دەگرن. بەڵام لە سایەی سەرمایەداریدا بازاڕی ناوخۆیی ناچارە دەست لەگەڵ بازاڕی بیانی و دەرەوەدا تێکەڵ بکات. لەمێژە سەرمایەداری بازاڕی جیهانیی دروستکردووە. هەچەندەش هەناردەکردنی سەرمایە زیادی بکردایە و جۆرەکانی پەیوەندیکردن لەگەڵ دەرەوە و موستەعمیرەکاندا فراوانتر بوایە و "ناوچەی ژێردەستە"ی یەکێتییە مۆنۆپۆلیستە زەبەلاحەکان گەورەتر بوایە، ئەوا شتەکان "بەشێوەیەکی سرووشتی" بەئاراستەی ڕێکەوتنێکی جیهانی لە نێوان یەکێتییەکاندا دەڕۆیشت، بەئاراستەی پێکهێنانی کارتێلە جیهانییەکان.

---

[176] The Annals of the American Academy of Political and Social Science, Vol. LIX, May 1915, p. 301. In the same volume on p. 331, we read that the well-known statistician Paish, in the last issue of the financial magazine The Statist, estimated the amount of capital exported by Britain, Germany, France, Belgium and Holland at $40,000 million, i.e., 200,000 million francs.

ئەمــەش قۆنــاغێکی نوێیــە لــە چڕبوونــەوەی ســەرمایە و بەرهەمهێناندا لەســەر ئاســتی جیهانی، هەروەها قۆناغێکی باڵاترە لەوەی پێش خۆی کە بەراورد ناکرێت. بابینین ئەم سوپەرمۆنۆپۆلییە چۆن پێکدێت و گەشەدەکات.

پیشەســازیی کارەبــا، بەنیســبەت دوایــین پێشــکەوتن و دەســتکەوتەکانی تەکنــەلۆژیاوە بــاڵاترین مــۆدێلی پیشەســازییە، هــەروەها دیــارترین نموونــەی ســەرمایەداریی کۆتــاییی ســەدەی نۆزدە و ســەرەتای ســەدەی بیســتە. بەتایبــەتی لــە هــەردوو وڵاتــە پێشــەنگەکەی سەرمایەداریی نوێدا –ویلایەتــە یــەکگرتووەکان و ئــەڵمانیا. قەیرانەکــەی ســاڵی 1900ی ئەڵمانیا کاریگەرییەکی بەهێزی هــەبوو لەســەر چڕبوونــەوە لــەم بــوارەدا. ئــەو بانکانــەی لــەو کاتــەدا بــەڕادەی پێویســت ئاوێتــەی پیشەســازی بــوون، لــەکاتی ئــەم قەیرانــەدا گــورِوتینێکی زیاتریــان دا بــە پرۆســەی هەرەســهێنانی پــرۆژە بچوکــەکان و قووتــدانیان لەلایەن پرۆژە گەورەکانەوە. ییدلیس (Jeidels) نووسیویەتی: "بانکەکان ئامادەنەبوون چیتــر یارمــەتی پرۆژەکــان بــدەن لەکاتێکــدا زۆر پێویســتیان پێیــان بــوو، هەربۆیــە لــە ســەرەتاوە بــووە هۆکــاری گــەردەلولی بوژانــەوە، ئینجــا مایــەپووچبوونی تــەواوی ئــەو کۆمپانیایانەی کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵیدا نەبوو"[177].

دەرەنجــامی ئــەوەش لــەدوای ســاڵی 1900 چڕبوونــەوە هــەنگاوی مــەزنی بــۆ پێشــەوە هاویشــت. پــێش ســاڵی 1900 لــە پیشەســازیی کارەباییدا حــەوت بــۆ هەشــت "گــروپ" هــەبوون کــە هــەر یەکــەیان لــە چەنــدین کۆمپانیا پێکهــاتبوون (کــۆی گشــتییان بیســت و هەشت کۆمپانیا بوو)، هــەر گروپێکیش پشــتی بــە ژمارەیــەک بانــک دەبەســت 2 بــۆ 11 بانک. لە دەوروبەری ساڵانی 1908 بۆ 1912 ســەرجەم ئەم گروپانــە لــە دوو گــروپ یان یەک گروپدا تێکەڵاوی یەکتر بوون. پرۆسەکەش بەمشێوەی لای خوارەوە بوو:

[177] Jeidels, op. cit., S. 232.

### گرووپەکانی پیشەسازیی کارەبا

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پێش ساڵی 1900 | فێلتن، لامایر، هیلیۆم | یۆنیۆن AFG | سیمنس، هالسکە، شوکێرت و هاوبەشەکانی | بێرگمان | کومەر |
| | فێلتن، لامایر | AFG (CEG) | سیمنس، هالسکە، شوکێرت | بێرگمان | لە ساڵی 1900دا شکستی هێنا |
| لە ساڵی 1912دا | AFG (CEG) | | سیمنس، هالسکە، شوکێرت | | |
| | پتەوترین هاریکاری[178] لە ساڵی 1908وە | | | | |

کۆمپانیای بەناوبانگ AEG (کۆمپانیای گشتیی کارەبا) کە بەمشێوەیە گەشەیکرد و زەبەلاح بوو، هەیمەنەی بەسەر 175-200 کۆمپانیادا هەیە (لەسەر بنەمای سیستەمی "هاوبەشی")، هەروەها نزیکەی 1.5 ملیار فرەنک لە سەرمایەی گرووپەکە هەڵدەسوڕێنێت. بەتەنها لەنێو وەکالەتە ڕاستەوخۆکانی دەرەوەدا 34 نووسینگەی بریکاریی لە 10 وڵاتدا هەیە، کە 12 دانەیان کۆمپانیای پشکداریتین. لە ساڵی 1904وە ئەو سەرمایانەی کە پیشەسازیی کارەبایی ئەڵمانی لە دەرەوە وەگەڕیخستوون بە 233 ملیۆن مارک دەخەمڵێنرێن، 62 ملیۆنیان لە ڕووسیادایە. شایانی باسە "کۆمپانیای گشتیی کارەبا" بریتییە لە پرۆژەیەکی مەزنی "تێکەڵاو" -تەنها کۆمپانیا پیشەسازییەکانی دەگاتە 16 دانە- ئامرازە هەمەجۆرەکان لە کێبڵ و عازیلەوە تاکو بزوێنەری ئۆتۆمبێل و فڕۆکە بەرهەمدەهێنێت.

بەڵام چڕبوونەوە لە ئەورووپا بەشێکی دانەبڕاو بوو لە پرۆسەی چڕبوونەوە لە ئەمریکا. فەرموون لەگەڵ شێوازی گەشەسەندنی:

### کۆمپانیای گشتیی کارەبا (General Electric Co)

[178] Cooperation.

| | | |
|---|---|---|
| ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: | کۆمپانیای تۆمسۆن-هاوستۆن کۆمپانیایەک لە ئەوروپا دادەمەزرێنێت. | کۆمپانیای ئەدیسۆن هەڵدەستێت بە دامەزراندنی "کۆمپانیای ئەدیسۆنی فەرەنسی" لە ئەوروپا. کە مافی داهێنانەکەی[179] دەبەخشێت بە کۆمپانیایەکی ئەڵمانی. |
| ئەڵمانیا: | کۆمپانیای کارەبای یۆنیۆن | کۆمپانیای گشتیی کارەبا (AEG) |

بەمشێوەیە، دوو "وڵاتی زلهێز"ی کارەبایی پێکهات، وەک هینیگ لە وتارەکەیدا بە ناونیشانی: "ڕێگای تراستی کارەبا" نووسیویەتی: "هیچ کۆمپانیایەکی کارەبایی تر لە جیهاندا نییە کە سەر بەو دوو کۆمپانیا نەبێت و بەتەواوی سەربەخۆ بێت". بەڵام سەبارەت بە بڕی سەرمایەگوزاری و قەبارەی پرۆژەکانی ئەم دوو "تراستە"، ئەم ژمارانەی لای خوارەوە وێنەیەکمان پیشان دەدات ئەگەرچی زۆر تەواو نییە:

| وڵاتە زلهێزە کارەباییەکان | ساڵەکان | ئاڵوگۆڕی کاڵاکان (بە ملیۆن مارک) | ژمارەی کارمەندان | پوختەی قازانج (بە ملیۆن مارک) |
|---|---|---|---|---|
| ئەمریکا: کۆمپانیای گشتیی کارەبا (GEC) | 1907 | 252 | 28000 | 35.4 |
| | 1910 | 298 | 32000 | 45.6 |
| کۆمپانیای گشتیی کارەبا (AEG) | 1907 | 216 | 30700 | 14.5 |
| | 1911 | 362 | 60800 | 21.7 |

[179] ) براءة الاختراع. داهێنان نامە. Patent.

لە ساڵی 1907دا هەردوو تراستی ئەمریکی و ئەڵمانی ڕێککەوتنێکیان ئیمزاکرد لەسەر دابەشکردنی جیهان لە نێوان خۆیاندا. ڕکابەرێتیی نێوانیان کۆتایی پێدێت. کۆمپانیای گشتیی کارەبا (GEC) ویلایەتە یەکگرتووەکان و کەنەدا "بەدەستدەهێنێت". کۆمپانیای گشتیی کارەبا (AEG) ئەڵمانیا و نەمسا و ڕووسیا و هۆڵەندا و دانیمارک و سویسرا و تورکیا و بەڵقان "بەدەستدەهێنێت". هەروەها چەند ڕێککەوتنێکی تایبەت ئەنجامدرا – بێگومان بەنهێنی– سەبارەت بە "کۆمپانیاکانی کچ" کە ڕۆچۆتە نێو لقە پیشەسازییە تازەکان و ئەو وڵاتە "تازانە"ی هێشتا دابەش نەکراون. هەروەها بڕیاردرا داهێنان و تاقیکردنەوەکان ئاڵوگۆڕ بکەن[180].

لە واقیعدا مرۆ درک بە ئاستەنگی و گرانیی کێبڕکێکردنی ئەم تراستە یەکگرتووە جیهانییە دەکات، کە چەندین ملیار سەرمایە هەڵدەسوڕێنێت و، لە سەرانسەری جیهاندا "لق" و ئاژانس و بریکار و نوێنەر و پەیوەندی و هتد، تایبەت بەخۆیی هەیە. بەڵام ئەگەر لە دەرەنجامی ناڕێکی و جیاوازیی گەشەسەندن و جەنگەکان و مایەپووچبوونەکان و هتد، ڕێژەی هێزەکان گۆڕانکاریی بەسەردا هات، ئەوا بێگومان دابەشکاریی ئەم دوو تراستە بەهێزە بۆ جیهان ڕێگری لە دووبارە دابەشکردنەوەی ناکات.

پیشەسازیی نەوت نموونەی سەلماندنی هەوڵی ئەم دووبارە دابەشکردنەوەیە، [نموونەی] ململانێیە لەپێناو دووبارە دابەشکردنەوەی [جیهان].

بیدلیس لە ساڵی 1905دا دەنووسێت: "لە ئێستادا بازاڕی نەوتی جیهانی لە نێوان دوو گرووپی داراییی گەورەدا دابەشکراوە: "تراستی نەوت"ی ئەمریکی (. American Standard Oil Co) کە خاوەنداریێتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆکفلەر. هەروەها گرووپی ڕۆتشیڵد و نۆبڵ[181] خاوەنی کێڵگە نەوتییەکانی ڕووسیا لە باکۆ. ئەم دوو گرووپەش لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵدان، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە مۆنۆپۆلییەکەیان لەلایەن پێنج دوژمنەوە هەڕەشەی لەسەرە[182]: 1- شەکەتبوونی کێڵگە نەوتییە ئەمریکییەکان. 2- ڕکابەریێتیی کۆمپانیای منتاشیف لە باکۆ. 3- کێڵگە و سەرچاوە نەوتییەکانی نەمسا.

---

[180] Riesser, op. cit.; Diouritch, op. cit., p. 239; Kurt Heining, op. cit.

[181] Rothschild and Nobel.

[182] Jeidels, op. cit., S. 193.

4- سەرچاوە نەوتییەکانی ڕۆمانیا. 5- سەرچاوە نەوتییەکانی ئەودیو زەریا، بەتایبەتی موستەعمیرە هۆڵەندییەکان (کۆمپانیا هەرە دەوڵەمەندەکان، ساموێل و شێل، کە بەهەمان شێوە پەیوەستن بە سەرمایەی ئینگلیزییەوە). هەروەها دوایین سێ گروپ کە پەیوەستن بە بانکە ئەڵمانییە گەورەکانەوە، لەسەرو هەمووشیانەوە بانکی ئەڵمانی (Deutsche Bank)ی زەبەلاح. ئەم بانکانەش بەشێوەیەکی سەربەخۆ و سیستەماتیک گەشەیاندا بە پیشەسازیی نەوت لە ڕۆمانیا، بۆنموونە، تاکو ببێتە شوێن پێ و خاڵی ڕاوەستانی ئەوان. لە ساڵی 1907دا سەرمایەی بیانی لە پیشەسازیی نەوتی ڕۆمانیدا بەبڕی 185 ملیۆن فرەنک خەملێنرا، لەنێویدا 74 ملیۆنی سەرمایەی ئەڵمانی بوو"[183].

ئەو ململانێیەی لە ئەدەبیاتی ئابووریدا پێیدەڵێن ململانێ لەپێناو "دابەشکردنی جیهان"دا، بە واقیعی دەستیپێکرد. لەلایەکەوە، "تراستی نەوت"ی ڕۆکفلەر، بەمەبەستی دەستبەسەراگرتنی هەموو شتێکدا، هەستا بە دامەزراندنی "کۆمپانیای کچ" لە هۆڵەندا، هەروەها دەستیکرد بە کڕینی کێڵگە نەوتییەکانی هیندی هۆڵەندی، بەمشێوەیەش زەربەیەکی دا لە دوژمنە سەرەکییەکەی: تراستی شێل هۆڵەندیی ئینگلیزی[184]. لەلایەکی تریشەوە، بانکی ئەڵمانی و بانکە بەرلینییەکانی تر، هەوڵیاندا ڕۆمانیا "بپارێزن" "بۆخۆیان" و لەدژی مۆنۆپۆلیی ڕۆکفلەر لەگەڵ ڕووسیا بیانکەن بە یەک. ئەمەی دواییش سەرمایەیەکی گەورەی هەبوو کە بەراوردناکرێت، هەروەها لە گواستنەوەی نەوت و گەیاندنی بە بەکاربەران سیستەمێکی نایابی هەبوو. دەبوایە ئەم ململانێیەش کۆتایی پێبهاتایە، ئەوەبوو لە ساڵی 1907دا بە تێکشکانی بانکی ئەڵمانی کۆتایی هات، کە خۆی لە بەردەم دوو بژاردەدا بینییەوە: یان "بەرژەوەندییە نەوتییەکانی" پاکتاو دەکات و چەندین ملیۆن زەرەرمەند دەبێت، یاخو ملکەچ دەبێت. هەڵبەت ڕێگەچارەی دووەمی هەڵبژارد، لەگەڵ "تراستی نەوت"دا ڕێککەوتنێکی واژۆکرد کە سوودێکی ئەوتۆی بۆ "بانکی ئەڵمانی" نەبوو. بەپێی ئەم ڕێککەوتنە بانکی ئەڵمانی بەڵێنیداوە کە "هیچ هەوڵ و بەرنامەیەک لەدژی بەرژەوەندییە ئەمریکییەکان دانەڕێژێت"، هەروەها لە حاڵەتی دەرکردنی یاسای مۆنۆپۆلکردنی نەوت لەلایەن دەوڵەتی ئەڵمانییەوە، ئەوا ڕێککەوتنەکە هەڵدەوشێتەوە.

---

[183] Diouritch, op. cit., p. 245.

[184] Anglo-Dutch Shell trust.

ئینجا "کۆمیدیای نەوت" دەستیپێکرد. یەکێک لە پاشاکانی پارە لە ئەڵمانیا، (ڤۆن گڤینەر) بەڕێوەبەری بانکی ئەڵمانی، لەڕێگەی سکرتێرە تایبەتەکەیەوە بەناوی شتاوس، هەستا بە پەرپاکردنی کەمپینێکی پرۆپاگەندە بۆ مۆنۆپۆلکردنی پترۆڵ لەلایەن دەوڵەتەوە. دەزگایەکی زبەلاحی یەکێک لە بانکە ئەڵمانییە هەرە گەورەکان، لەڕێگەی "پەیوەندییە" فراوان و چڕەکانیەوە، هەست و سۆزی "نیشتیمانی"ی ڕۆژنامەکانی لەدژی "گاسن"ی تراستی ئەمریکی جولاند، لە 15ی ئازاری 1911دا ڕێخستاج[185] بەنزیکەی کۆی دەنگەکان بڕیارێکی دەرکرد، تیایدا داوای لە حکومەت کرد پرۆژە یاسایەک بۆ مۆنۆپۆلکردنی نەوت دابنێت. حکومەت و "بانکی ئەڵمانی" دەستیانگرت بەم ئایدیا "میللییەوە"، [بانکی ئەڵمانی] کە دەیویست فێڵ لە هاوتا ئەمریکییەکەی بکات و لەڕێگەی مۆنۆپۆلی دەوڵەتەوە دۆخی بازرگانیی چاک بکات، وادەردەکەوت یارییەکەی بردبێتەوە. مافیاکانی نەوت لە ئەڵمانیا دەمیان ئاوی دەکرد بۆ بینینی ئەو قازانجە بێشومارەی کە هیچی لە قازانجی خاوەن کارگەکانی شەکری ڕووسی کەمتر نەبوو... بەڵام، یەکەم شت، بانکە ئەڵمانییە گەورەکان لەپێناو دابەشکردنی غەنیمەکاندا بوو بە شەڕیان، بانکی (Disconto-Gesellschaft) چڵێسی و چاوچنۆکییەکانی (Deutsche Bank) ئاشکرا کرد. دووەم شتیش، حکومەت لە لێکەوتەکانی ململانێ لەگەڵ ڕۆکفلەر ترسابوو، لەبەرئەوەی گومانێکی زۆر لەسەر ئەوە هەبوو کە ئایا ئەڵمانیا دەتوانێت لە سەرچاوەی ترەوە نەوتی دەستکەوێت (مادام بەرهەمی ڕۆمانیا کەمە). سێهەم، لە ساڵی 1913دا یەک ملیار مارک تەرخانکرا بەمەبەستی ئامادەکاریی ئەڵمانیا بۆ جەنگ. بەمشێوەیەش پرۆژەی مۆنۆپۆلی دواکەوت و "تراستی نەوت"ی ڕۆکفلەر تاکو ئێستا بەسەرکەوتوویی لە ململانێکە دەرچووە.

لەمبارەوە گۆڤاری "بانک"ی بەرلینی دەڵێت ئەڵمانیا ناتوانێت خەبات لەدژی "تراستی نەوت" بکات، مەگەر مۆنۆپۆلی کارەبا بکات و هێزی ئاو بگۆڕێت بە کارەبای هەرزان. گۆڤارەکە بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "بەڵام مۆنۆپۆلیی کارەبا کاتێک دروست دەبێت کە بەرهەمهێنەرەکان پێویستیان پێی بێت. ڕێک واتا کاتێک پیشەسازیی کارەبا لەسەر لێواری مایەپووچبوون و تێکشکانێکی گەورەدایە و، ئەوکاتەی وێستگە کارەباییە زەبەلاح و گرانبەهاکان چیتر ناتوانن بەشێوەیەکی قازانجبەخش کاربکەن، کە لە

[185] ) Reichstag. پەرلەمانی ئەڵمانیا.

ئێستادا و لە هەموو شوێنێکدا "کۆنسێرنەکان"[186]ی پیشەسازیی کارەباییی تایبەت دایدەمەزرێنن و، لە ئێستادا ئەم کۆنسێرنانە هەندێک مافی مۆنۆپۆلی لە هەندێک شار و دەوڵەتی تر هتد، بەدەستدەهێنن. لێرەوە زەروورەتی سوودوەرگرتن لە وزەی ئاو دەستپێدەکات، بەڵام مەحاڵە لەسەر حسابی خەرجیی دەوڵەت بگۆڕێت بە کارەبای هەرزان، بۆیە جارێکی تر دەدرێتەوە بە "مۆنۆپۆلیی تایبەت کە دەوڵەت چاودێریی بکات"، لەبەرئەوەی پیشەسازیی تایبەت چەندین گرێبەستی گرێداوە و زەمانەتی قەرەبووی گەورەی بۆ خۆی کردووە... ئەمە حاڵی مۆنۆپۆلیی نیترات بوو، ئەوەش حاڵی مۆنۆپۆلیی نەوت بوو، حاڵی مۆنۆپۆلیی کارەباش هەر بەوشێوەیە دەبێت. کاتی ئەوە هاتووە سۆسیالیستەکانی دەوڵەت، ئەوانەی پرەنسیپە جوانەکانیان سەرسامیکردبوون، دواجار لەوە تێبگەن کە مۆنۆپۆلییەکان لە ئەڵمانیا نە ئامانجیانە و نە ڕۆژێک لە ڕۆژان سوود بە بەکاربەران دەگەیەنن یان تەنانەت بەشێک لە قازانجی بەڵێندەر و خاوەنکارەکان نادەن بە دەوڵەت، بەڵکو هەمیشە ئامانجیان ئەوە بووە لەسەر حساب و خەرجیی دەوڵەت پیشەسازیی تایبەت باشتر بکەن و کارئاسانیان بۆ بکەن، لەکاتێکدا دەوڵەت لە لێواری تێکشکان و مایەپووچبووندایە"[187].

ئابووریناسە بۆرژوازە ئەڵمانییەکان ناچارن دان بەم قسە بەنرخانەدا بنێن. بەڕوونی بۆمان دەردەخات کە چۆن مۆنۆپۆلیی تایبەت و مۆنۆپۆلیی دەوڵەت لە سەردەمی سەرمایەی داراییدا دەچنە نێویەک، ئەمانەش لە واقیعدا هیچ نین جگەلە چەندین ئەڵقە لە زنجیرەی ململانێی ئیمپریالیستیی نێوان گەورە مۆنۆپۆلیستەکان لەپێناو دابەشکردنی جیهاندا.

هەروەها خەستبوونەوەی چڕبوونەوە لە بواری کەشتیی بازرگانیدا[188] بووە هۆی دابەشبوونی جیهان. لە ئەڵمانیا دوو کۆمپانیا لە کۆمپانیا گەورەکان دەرکەوتن: "هامبۆرگ-ئەمریکا" و "لۆید ئەڵمانیای باکوور"، سەرمایەی هەر یەکێکیان 200 ملیۆن مارک بوو (بە پشک و بۆند)[189] هەروەها بە بەهای 185 بۆ 189 ملیۆن مارک باری بارکراویان هەبوو. لەلایەکی ترەوە لە ئەمریکا، لە 1ی کانوونی دووەمی 1903دا

---

[186] Concerns.

[187] Die Bank, 1912, 1, S. 1036; 1912, 2, S. 629; 1913, 1, S. 388.

[188] merchant shipping.

[189] stocks and bonds.

کۆمپانیای جیهانی بۆ کەشتیی بازرگانی[190] ناسراو بە تراستی مۆرگان دامەزرا، کە 9 کۆمپانیای کەشتیی بازرگانیی[191] ئەمریکی و بەریتانی لەخۆدەگرت، هەروەها بەبڕی 120 ملیۆن دۆلار (480 ملیۆن مارک) سەرمایەی هەڵدەسوڕاند. لە هەمان ساڵی 1903دا، لە نێوان هەردوو زەبەلاحە ئەڵمانییەکە و ئەم تراستە ئەمریکییەدا ڕێککەوتنێک ئیمزاکرا بەمەبەستی دابەشکردنی جیهان و سەرەنجام دابەشکردنی قازانجەکان. هەردوو کۆمپانیا ئەڵمانییەکە سازشیان کرد لەسەر ئەوەی ڕکابەریێتیی هاتووچۆی بارهەڵگری نێوان ئینگلتەرا و ئەمریکا نەکەن. بەندەرەکان بەوردی دابەشکران و لیژنەیەکی هاوبەش پێکهێنرا بۆ چاودێریکردن و هتد. ڕێککەوتنەکە بۆ ماوەی بیست ساڵ بوو بەندێکی دووربینانەی لەخۆگرتبوو کە لەکاتی جەنگدا ڕێککەوتنەکە هەڵدەوەشێتەوە[192].

بەڵگەی قووڵتر و ڕوونتر بریتییە لە چیرۆکی دامەزراندنی کارتێلی جیهانی بۆ هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەر. کارگەکانی هێڵی ئاسن لە ئینگلتەرا و بەلجیکا و ئەڵمانیا لە ساڵی 1884دا، لە ماوەی پووکانەوەی پیشەسازیدا، یەکەمین هەوڵیاندا بۆ پێکهێنانی ئەم کارتێلە. ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی ڕکابەریێتیی بازاڕە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتانە نەکەن کە ڕێککەوتنەکە دەیانگرێتەوە، هەروەها دابەشکردنی بازاڕەکانی دەرەوە لەسەر بنەمای ڕێژەی سەدی، بەمشێوەیە: 66% بۆ بەریتانیا، 27% بۆ ئەڵمانیا، 7% بۆ بەلجیکا. هیندستان بەتەواوی جێهێڵرا بۆ بەریتانیا. ئەوانەی لە دەرەوەی ڕێککەوتنی کارتێلەکە بوون جەنگێکی هاوبەشیان لەدژی کۆمپانیا ئینگلیزییەکە بەرپاکرد، تێچووەکەی بە ڕێژەیەکی سەدی لە کۆی فرۆشراوەکان دابین کرا. بەڵام لە ساڵی 1886دا، کاتێک دوو کۆمپانیا ئینگلیزییەکە هاتنە دەرەوە ئەم کارتێلە هەرەسیهێنا. شایەنی باسە لە ماوەی بوژانەوەی پیشەسازیی دواتردا ڕێککەوتن ئەنجام نەدرا.

لە سەرەتاکانی ساڵی 1904دا سەندیکای پۆڵا لە ئەڵمانیا دامەزرا. لە نۆڤەمبەری ساڵی 1904دا دووبارە کارتێلی جیهانی بۆ هێڵی ئاسنین دامەزرێنرایەوە، بەپێی ئەم ڕێژانە: ئینگلتەرا 53.5%، ئەڵمانیا 28.83%، بەلجیکا 17.67%. دواتر فەرەنسا هاتە ناوەوە،

---

[190] International Mercantile Marine Co.

[191] steamship companies.

[192] Riesser, op. cit., S. 125.

بۆ ساڵەکانی یەکەم و دووەم و سێهەم ڕێژەی 4.8% و 5.8% و 6.4%ی وەرگرت، لەسەرو 100%وە، واتا 104.8% و هتد. لە ساڵی 1905دا تراستی پۆڵای ئەمریکی[193] هاتەنێو کارتێلەکەوە، ئینجا نەمسا و ئیسپانیا. لە ساڵی 1910 ڤۆگلشتین نووسی: "لە ئێستادا جیهان بەتەواوی دابەشکراوە، گەورە بەکاربەرەکان، بەپلەی یەکەم هێڵی ئاسنینی دەوڵەت -مادام بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەوان جیهان دابەشکراوە- هیچیان بۆ نەماوەتەوە جگەلەوەی لە ئاسمانی هەسارەی موشتەریدا وەکو شاعیر بژین"[194].

هەروەها با باسی سەندیکای زینک [zinc] بکەین، کە لە ساڵی 1909دا دامەزراوە و پێوەرەکانی بەرهەمهێنانی بەوردی لە نێوان پێنج گروپ لە کارگەکان دەستنیشان کرد: ئەڵمانی و بەلجیکی و فەرەنسی و ئیسپانی و ئینگلیزی، ئینجا تراستی دینامیتی[195] جیهانی، کە بەپێی تەعبیرەکەی لیفمان: "بریتییە لە هاوپەیمانێتییەکی پتەو و تەواو مۆدێرن لە نێوان سەرجەم کارگەکانی تەقەمەنی لە ئەڵمانیا، دواتر لەگەڵ کارگەکانی دینامیتی فەرەنسی و ئەمریکی کە هاوشێوەی خۆی ڕێکخراون، دەتوانین بڵێین، جیهانیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد"[196].

لە ساڵی 1897دا لیفمان بەتێکڕا 40 کارتێلی جیهانیی حسابکرد کە ئەڵمانیا تیایدا بەشداربوو، لە ساڵی 1910دا گەیشتە نزیکەی 100 دانە.

هەندێک لە نووسەرە بۆرژوازەکان (لە ئێستادا کارل کاوتسکی هاتۆتە ڕیزیانەوە، کە بەتەواوی لە هەڵوێستی مارکسیستی هەڵگەڕاوەتەوە، بۆنموونە هەڵوێستی ساڵی 1909) ڕایان وایە کارتێلە جیهانییەکان، کە یەکێکە لە دەرکەوتەکانی بەدەستهێنانی سەرمایەی بەجیهانیکراو، لە سەردەمی سەرمایەداریدا هیوای ئاشتی لە نێوان گەلاندا دەبوژێنێتەوە. ئەم بۆچوونە لەڕووی تیۆرییەوە زۆر پووچ و نابەجێیە، لەڕووی پراکتیکیشەوە سەفسەتە و بەرگرییەکی ناشەریفانەیە لە خراپترین ئۆپۆرتۆنیزم. چونکە کارتێلە جیهانییەکان قۆناغ و خاڵی گەشەسەندنی مۆنۆپۆلیی سەرمایەدارەکان دەردەخەن، هەروەها ئەو ئامانجەی کە یەکێتیی سەرمایەدارەکان لەپێناویدا ململانێ

[193] United States Steel Corporation.
[194] Vogelstein, Organisationsformen, S. 100.
[195] Dynamite.
[196] Liefmann, Kartelle und Trusts, 2. A., S. 161.

دەکەن. ئەم لایەنەی دواییش گرنگترینیانە، چونکە ئەوە بەتەنها مەغزا و کرۆکی ڕووداوە مێژوویی و ئابوورییەکانمان بۆ دەردەخات، لەبەرئەوەی ڕەنگە فۆرمی ململانێکان بگۆڕێن، بەڵکو بەپێی ڕێککەوتن و هۆکارە کاتی و ڕێژەییەکان هەمیشە دەگۆڕێن، بەڵام هەتاکو چینایەتی بمێنێت کرۆکی ململانێ ناگۆڕێت. بۆنموونە، وەک دەزانین بەرژەوەندیی بۆرژوازیی ئەڵمانی لەوەدایە، کە کاوتسکی لە ئارگیۆمێنتە تیۆرییەکانیدا هاتە ڕیزیانەوە (دواتر باس لەوە دەکەم)، دەیانەوێت کرۆکی ململانێی ئابووریی ئێستا (دابەشکردنی جیهان) لێڵ و ناڕوون بکەن، جەخت لەسەر یەکێک لە فۆرمەکانی ململانێ لە ئێستا و کاتێکی تردا دەکەنەوە. کاوتسکیش هەمان هەڵە دەکات. بێگومان لەبەرئەوەیە مەسەلەکە تەنها پەیوەست نییە بە بۆرژوازیی ئەڵمانییەوە، بەڵکو مەسەلەکە پەیوەستە بە بۆرژوازیی جیهانییەوە. سەرمایەداران جیهان لەبەرئەوە دابەش ناکەن چونکە لەسەر شەڕ و کینە هەڵتۆقیون، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە چڕبوونەوە گەیشتووە بە ڕادەیەک، لەپێناو بەدەستهێنان قازانجدا دەخوازێت لەسەر ئەم ڕێگایە بەردەوام بێت. هەروەها ئەمان بەپێی "ڕێژەی سەرمایە" و "ڕێژەی هێز" دابەشیدەکەن، لەبەرئەوەی لە سایەی بەرهەمهێنانی کالایی و سەرمایەداریدا هیچ ڕێگایەکی تر نییە بۆ دابەشکاری. بەڵام ڕێژەی هێزەکان بەپێی گەشەسەندنی ئابووری و سیاسی دەگۆڕێن، بۆ تێگەیشتن لەم ڕووداوانە پێویستە لەو مەسەلانە تێبگەین کە لەکاتی گۆڕانی ڕێژەی هێزەکاندا ڕوودەدەن. بەڵام ئەگەر مەسەلەی ئەم گۆڕانە ئابوورییەکی "پەتی" بێت یان غەیرە ئابووری بێت (بۆنموونە سەربازی) ئەوە مەسەلەیەکی لاوەکییە، ناتوانێت هیچ شتێک لە ڕاوبۆچوونی بنەڕەتی دەربارەی دوایین چاخی سەرمایەداری بگۆڕێت. لەجێگەدانانی مەسەلەی فۆرمی ململانێ و ڕێککەوتنەکان لەبری مەسەلەی کرۆکی ململانێ و ڕێککەوتنی نێوان یەکێتیی سەرمایەدارەکان (کە ئەمڕۆ ئاشتیانەیە و سبەینێ شەڕانگێزە و دووسبەی دووبارە شەڕانییە)، ئەوە واتا شۆڕبوونەوە بۆ باوەشی سۆفیستەکان.

چاخی دوایین قۆناغی سەرمایەداری ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لەسەر بنەمای دابەشکردنی جیهانی لەڕووی ئابوورییەوە، چەندین پەیوەندی لە نێوان یەکێتییە سەرمایەدارەکاندا گەشە دەکات، هاوتەریب لەگەڵ ئەوەشدا چەندین پەیوەندیی لە نێوان هاوپەیمانێتییە سیاسییەکان و نێوان دەوڵەتەکان گەشەدەکەن، بەمەبەستی

دابەشکردنی جیهانی لەڕووی ئیقلیمییەوە، لەڕووی ململانێ لەپێناو موستەعمیرەکاندا، "ململانێ لەپێناو کایەی ئابووری"دا.

## بەشی شەشەم
## دابەشکردنی جیهان لە نێوان زلهێزەکاندا

جوگرافیناس ئا.سۆپان لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی: "فراوانبوونی خاکی موستەعمیرەکانی ئەوروپا"[197]، دەرەنجامێکی کورت و پوخت لەبارەی ئەم گەشەسەندنە لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا پێشکەش دەکات:

**ڕێژەی سەدیی ئەو خاکانەی لەژێر دەستی زلهێزە ئەوروپییە کۆلۆنیالیستەکاندان (لەنێویشیاندا ویلایەتە یەکگرتووەکان)**

[197] A. Supan, Die territoriale Entwicklung der europäischen Kolonien, 1906, S. 254.

| [ناوچە داگیرکراوەکان] | ســــــــالّی 1876 | ســــــــالّی 1900 | زیــــادبوون یــــان کەمبوون |
|---|---|---|---|
| لە ئەفریقیا | %10.8 | %90.4 | %79.6 + |
| لە پۆلینیزیا[198] | %56.8 | %98.9 | %42.1 + |
| لە ئاسیا | %51.5 | %56.6 | %5.1 + |
| لە ئوسترالیا | %100.0 | %100.0 | - |
| لە ئەمریکا | %27.5 | %27.2 | %0.3 - |

سۆپان دەگات بەم دەرەنجامە: "کەواتە خەسڵەتی تایبەتی ئەم قۆناغە بریتییە لە دابەشکردنی ئەفریقیا و پۆلینیزیا". مادام لە ئاسیا و ئەمریکا خاکی بەتاڵ نییە، واتا ئەو ناوچە و خاکانەی هی دەوڵەتێک نین، ئەوا پێویستە دەرەنجامەکەی سۆپان فراوان بکەین و بڵێین سیمای و خەسڵەتی تایبەتی ئەم قۆناغە بریتییە لە دابەشکردنی کۆتاییی گۆی زەوی، نەک بەمانای مەحاڵبوونی دووبارە دابەشکردنەوە -چونکە بەپێچەوانەوە دووبارە دابەشکردنەوە شتێکی شیاو و حەتمییە- بەڵکو بەو مانای کە سیاسەتی کۆلۆنیالی وڵاتە سەرمایەدارەکان، [لە پرۆسەی] دەستبەسەراگرتنی خاکە بەتاڵەکانی هەسارەکەمان لێبوونەتەوە. بۆ یەکەمجار [دەبینین] جیهان بەتەواوی دابەشکراوە، بەشێوەیەک تەنها شتێکی مومکین لە ئایندەدا بریتییە لە دووبارە دابەشکردن، واتا گواستنەوەی [خاوەنداریێتیی] خاکەکان لە "خاوەن"ێکەوە بۆ یەکێکی تر، نەک گواستنەوەی لە خاکێکی بێ خاوەنەوە بۆ خاکێک کە "خاوەن"ی هەیە.

کەواتە ئێمە بە چاخێکی سەیر و نامۆی سیاسەتی کۆلۆنیالی جیهانیدا تێپەڕ دەبین، کە پتەوترین پەیوەندیی لەگەڵ "دوایین قۆناغی گەشەسەندنی سەرمایەداری"دا هەیە، لەگەڵ سەرمایەی داراییدا. بۆیە پێویستە پێش هەموو شتێک بەوردی باس لە فاکتەکان بکەین، بۆئەوەی بە ئەوپەڕی وردبینییەوە جیاوازیی ئەم سەردەمە لەگەڵ ئەوانەی پێشخۆی دەربخەین و، بارودۆخی ئێستا تاوتوێ بکەین. بەڵام لێرەدا دوو پرسیاری عەمەلی سەرهەڵدەدات: ئایا لە سەردەمی سەرمایەی داراییدا بەوردیی تێبینیی توندبوونەوەی سیاسەتی کۆلۆنیالی و خەستبوونەوەی ململانێ لەپێناو

198 Polynesia.

مەسـەتەعمیرەکاندا، دەکرێت؟ هـەروەها لـەم ڕووەوە لـەکاتی ئێسـتادا جیهـان چـۆن دابەشکراوە؟

نووسـەری ئـەمریکی، مۆریس، لـە کتێبەکەیدا دەربـارەی مێژووی دەستبەسـەراگرتنی موسـتەعمیرەکان[199]، هەوڵـدەدات زانیارییـەکان لـەبارەی ڕووبـەر و موڵـک و سـامانی موسـتەعمیرەکانی بـەریتانیای مـەزن و فەرەنسـا و ئـەڵمانیا لـە سـەرجەم قۆناغـە جیاوازەکـانی سـەدەی نـۆزدەدا بگشـتێنێت. بـەکورتی، ئـەوەی لای خـوارەوە ئـەو ئەنجامانەیە کە پێیگەیشتووە:

**موڵک و ڕووبەری داگیرکەران**[200]

| ساڵەکان | ئینگلتەرا | | فەرەنسا | | ئەڵمانیا | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕووبەر (میلی چوارگۆشە بە ملیۆن) | دانیشتوان (بە ملیۆن) | ڕووبەر (میلی چوارگۆشە بە ملیۆن) | دانیشتوان (بە ملیۆن) | ڕووبەر (میلی چوارگۆشە بە ملیۆن) | دانیشتوان (بە ملیۆن) |
| 1815–1830 | | 126.4 | 0.02 | 0.5 | – | – |
| 1860 | 2.5 | 145.1 | 0.2 | 3.4 | – | – |
| 1880 | 7.7 | 267.9 | 0.7 | 7.5 | – | – |
| 1899 | 9.3 | 309.0 | 3.7 | 56.4 | 1.0 | 14.7 |

[دەبینین] قۆناغی فراوانبوونی بێشوماری دەستبەسەراگرتنی موستەعمیرەکان لەلایـەن بـەریتانیاوە، لـە نێـوان سـاڵانی 1860–1880دایـە، هـەروەها لـە 20 سـاڵی کۆتـاییی سـەدەی نـۆزدەدا داگیرکارییـەکی بـەرچاو [بەدیـدەکرێت]. سـەبارەت بـە فەرەنسـا و ئەڵمانیا ئەوا قۆنـاغی فراوانبـوونی داگیرکارییـان، ڕێـک دەکەوێتـە 20 سـاڵی کۆتاییـەوە. لەسـەرەوە بینیمـان کـە گەشەسـەندنی سـەرمایەداریی پـێش سـەردەمی مۆنۆپـۆلی، سەرمایەداریی باڵادەستیی ڕکابەرێتیی ئازاد، لە سـاڵانی 1860–1880 گەیشتووە بە

[199] Henry C. Morris, The History of Colonisation, New York, 1900, Vol. II, p. 88; Vol. I, p. 419; Vol. II, p. 304.

[200] Colonial possessions.

ئەوپەڕی سنوورەکانی. ئێستاش ئێمە دەبینین کە ڕێک دوای ئەم قۆناغە "بوژانەوە"ی مەزن لە دەستبەسەراگرتنی موستەعمیرەکان دەستپێدەکات، هەروەها ململانێ لەپێناو دابەشکردنی ناوچەکانی جیهان بەشێوەیەکی نائاسایی توندوتیژ دەبێتەوە. کەواتە گومان لەوەدا نییە گواستنەوەی سەرمایەداری بۆ قۆناغی سەرمایەداریی مۆنۆپۆلیست، بۆ سەرمایەی دارایی، پەیوەستە بە توندبوونەوەی ململانێوە لەپێناو دابەشکردنی جیهان.

هۆبسۆن لە کتێبەکەیدا دەربارەی ئیمپریالیزم ئاماژە بە قۆناغی نێوان سالانی 1883-1900 دەکات، بەوپێیەی قۆناغی خەستبوونەوە "فراوانبوون"ی دەوڵەتە ئەوروپییە سەرەکییەکانە. بەپێی داتا و ئامارەکانی ناوبراو، بەریتانیای مەزن لە ماوەی نێوان ئەو سالانەدا 3.7 ملیۆن میلی چوارگۆشە خاکی بەدەستەوە بووە کە ژمارەی دانیشتوانەکەی 57 ملیۆن کەس بووە. فەرەنسا 3.6 ملیۆن میلی چوارگۆشە خاکی لەژێردەستدا بووە، دانیشتوانەکەی 36.5 ملیۆن کەس بووە. [بەرکەوتەی] ئەڵمانیاش [لەو داگیرکارییە] یەک ملیۆن میلی چوارگۆشە بووە و دانیشتوانەکەی 14.8 ملیۆن کەس بووە. بەلجیکا 900 هەزار میل بووە کە دانیشتوانەکەی 30 ملیۆن کەس بووە. پورتوگال 800 هەزار میل بووە، دانیشتوانەکەشی 9 ملیۆن کەس بووە. ڕاکردنی سەرجەم دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا و بەتایبەتی لە سالانی دەیەی نۆهەمدا بەشوێن موستەعمیرەکاندا، ئەوە فاکت و واقیعێکە کە هەموان لە مێژووی دیپلۆماسی و سیاسەتی دەرەوەدا دەیزانن.

لە ئەوپەڕی گەشانەوەی ڕکابەریێتیی ئازاددا لە بەریتانیا، لە ماوەی سالانی 1840-1860دا، سەرکردە سیاسییە بۆرژوازەکانی بەریتانیا دژی سیاسەتی کۆلۆنیاڵ بوون، پێیان وابوو ئازادبوونی موستەعمیرەکان و جیابوونەوەی تەواوەتی لە بەریتانیا شتێکی حەتمی و خوازراوە. لە وتارێکدا دەربارەی "ئیمپریالیزمی بەریتانیی مۆدێرن"[201]، کە لە ساڵی 1898دا بڵاوبووەوە، م.بیر ئاماژە بەوە دەکات، لە ساڵی 1852دا یەکێک لە پیاوانی دەوڵەتی ئینگلیزی بەناوی دیسرائیلی کە بەگشتی مەیلی بۆ ئیمپریالیزم هەبووە وتویەتی: "موستەعمیرەکان وەک بەردە ئاش بە ملمانەوەن". لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا دوو پاڵەوانەکەی کاتژمێر لە بەریتانیا سێسیل ڕۆدس و

[201] Die Neue Zeit, XVI, I, 1898, S. 302.

جۆزێف چامپەرلین، بەئاشکرا بەرگرییان لە ئیمپریالیزم دەکرد و بەوپەڕی گاڵتەجاڕییەوە سیاسەتی ئیمپریالیستییان پیادە دەکرد.
شایەنی باسە سەرکردە سیاسییە بۆرژوازە بەریتانییەکان، لەو کاتەدا پەیوەندیی نێوان ڕیشەکانی ئیمپریالیزمی مۆدێرنیان بەڕوونی دەبینی، [واتا پەیوەندیی نێوان] ئابووری پەتی و کۆمەڵایەتیی سیاسی[202]. چامپەرلین بەو شێوەیە بانگەشە و تەرویجی بۆ ئیمپریالیزم دەکرد گوایە "سیاسەتێکی، ڕەسەن و ژیرانە و ئابووریانەیە"، بەتایبەتی ئاماژەی بە ئەو ڕکابەرێتییە دەکرد کە بەریتانیا لە بازاڕی جیهانیدا لەلایەن ئەڵمانیا و ئەمریکا و بەلجیکاوە ڕووبەڕووی دەکرێتەوە. ڕزگاربوون لە مۆنۆپۆلیدایە، کاتێک سەرمایەدارەکان کارتێل و سەندیکا و تراستەکانیان دادەمەزراند ئەمەیان دەوتەوە. ڕزگاری لە مۆنۆپۆلیدایە، سەدای دەنگی سەرکردە سیاسییە بۆرژەوازەکان بوو، ئەوانەی پەلەی دەستبەسەراگرتنی ئەو ناوچانەیان هەبوو کە هێشتا دابەش نەکرابوون. ڕۆژنامەنووسێک بەناوی ستێد باسی لەوەکردووە کە لە ساڵی 1895دا سێسیل ڕۆدسی هاوڕێی تێڕوانینی خۆی لەبارەی ئیمپریالیزم بەمشێوەیە خستۆتەڕوو: "دوێنێ لە ئێست ئیندی لەندەن بووم (ناوچەی کرێکاران)، ئامادەی یەکێک لە کۆبوونەوەکانی کرێکارە بەتاڵەکان بووم، لەوێ گوێبیستی چەندین گوتاری توند بووم، هەمووان هاواریان دەکرد: نان، نان! کاتێکیش گەڕامەوە بۆ ماڵەوە بیرم لەوە دەکردەوە کە بینی بووم، هەروەها لە جاران زیاتر قەناعەتم بە بایەخ و گرنگیی ئیمپریالیزم هێنا... ئەو ئایدیای ئاواتی پێدەخوازم بریتییە لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کۆمەڵایەتی، مەبەستم ئەوەیە: بۆ ئەوەی چل ملیۆن دانیشتووی شانشینی یەکگرتوو لە جەنگی ناوخۆیی خوێناوی ڕزگار بکەین، پێویستە ئێمەی سیاسەتمەداران پیاوانی دەوڵەتە کۆلۆنیالەکان دەستبەسەر خاکی نوێدا بگرین، تاکو زیادەی دانیشتوانی بۆ بنێرین و بازاڕی نوێ دابین بکەین بۆ ئەو شمەک و کاڵایانەی کارگە و کانگەکان بەرهەمیدەهێنن. ئیمپراتۆرییەت، وەک هەمیشە وتومە، مەسەلەی نان و ورگە. ئەگەر جەنگی ناوخۆییتان ناوێت، ئەو پێویستە لەسەرتان ببنە ئیمپریالیست"[203].

[202] socio-political.
[203] Ibid., S. 304.

ئەمە ئەو قسانە بوو کە لە ساڵی 1895دا سێسیل ڕۆدسی ملیۆنێر و پاشای پارە و بەرپرسی یەکەم لە جەنگی ئەنگلۆ-بۆیری وتنی، ئەگەرچی بەرگرییەکەی لە ئیمپریالیزم کرچ و کاڵ و گاڵتەجاڕانە بوو، بەڵام لە جەوهەردا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ "تیۆری" مستەر ماسلۆڤ، سودیکۆم، بۆتریسۆڤ و داڤید و دامەزرێنەری مارکسیزمی ڕووسی[204] و ئەوانی تردا نەبوو. چونکە سێسیل ڕۆدس سۆسیال-شۆڤینیستێکی کەمێک شەریفتر بوو...

بۆ ئەوەی وێنەیەکی دروست و ڕوونتر لەبارەی دابەشکردنی ناوچەکانی جیهانەوە پیشان بدەین، هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی لە ماوەی دەیان ساڵی دواییدا لەم بوارەدا ڕوویانداوە، سوود لە زانیارییەکانی نێو کتێبەکی سۆبان وەردەگرم دەربارەی موڵک و سامانی [موستەعمیرە]ی سەرجەم هێزە داگیرکەرەکانی جیهان، کە پێشتر ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردبوو. سۆبان ساڵانی 1876-1900 وەردەگرێت، ئێمە ساڵی 1876 وەردەگرین، ئەو ساڵە خاڵێکی گونجاوە، لەبەرئەوەی دەتوانین بڵێین لەو کاتەدا گەشەسەندنی سەرمایەداریی ئەوروپای ڕۆژئاوای پێش قۆناغی مۆنۆپۆلی بەشێوەیەکی گشتی کۆتایی هاتبوو. هەروەها ساڵی 1914 وەردەگرین تاکو لەبری ژمارەکانی سۆبان تازەترین ئامار دابنێین کە لە "خشتەی جوگرافیا و ئامار"ی هۆبنز وەرگیراون. سۆبان تەنها ئاماری موستەعمیرە و داگیرکراوەکان دەخاتەڕوو، بەڵام من پێموایە بۆ ئەوەی وێنەی دابەشکردنی جیهان لە بەرچاوماندا کامل بێت، باشتر وایە چەند داتا و زانیارییەکی کورت دەربارەی وڵاتە غەیرە کۆلۆنیاڵ[205] و نیمچە کۆلۆنیاڵ[206] بخەینەڕوو، کە وڵاتانی فارس و چین و تورکیا لەنێویاندا دادەنێین: چونکە ئەوەی یەکەم بەشێوەیەکی تەواو بووەتە موستەعمیرە، دووەم و سێهەمیش خەریکە وەک ئەویان لێدێت.

ئێمە ئەم ئەنجامە دەخەینەڕوو:

[204] C. P. Lucas, Greater Rome and Greater Britain, Oxford, 1912 or the Earl of Cromer's Ancient and Modern Imperialism, London, 1910.

[205] non-colonial.

[206] semi-colonial.

**موڵکی کۆڵۆنیاڵە زلهێزەکان (ژمارەی کیلۆمەتری چوارگۆشە و دانیشتوان بە ملیۆن)**

| زلهێزەکان | موستەعمیرەکان | | | | میترۆپۆڵەکان | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ساڵی 1876 | | ساڵی 1914 | | ساڵی 1914 | | ساڵی 1914 | |
| | ڕووبەر | دانیشتوان | ڕووبەر | دانیشتوان | ڕووبەر | دانیشتوان | ڕووبەر | دانیشتوان |
| بەریتانیا | 22.5 | 251.9 | 33.5 | 393.5 | 0.3 | 46.5 | 33.8 | 440.0 |
| ڕووسیا | 17.0 | 15.9 | 17.4 | 33.2 | 5.4 | 136.2 | 22.8 | 169.4 |
| فەرەنسا | 0.9 | 6.0 | 10.6 | 55.5 | 0.5 | 39.6 | 11.1 | 95.1 |
| ئەڵمانیا | – | – | 2.9 | 12.3 | 0.5 | 64.9 | 3.4 | 77.2 |
| ئەمریکا | – | – | 0.3 | 9.7 | 9.4 | 97.0 | 9.7 | 106.7 |
| یابان | – | – | 0.3 | 19.2 | 0.4 | 53.0 | 0.7 | 72.2 |
| کۆی گشتی 6 | 40.4 | 273.8 | 65.0 | 523.4 | 16.5 | 437.2 | 81.5 | 960.6 |
| موستەعمیرەی زلهێزەکانی تر(بەلجیکا، هۆڵەندا و ئەوانی تر) | | | | | | | 9.9 | 45.3 |
| نیمچە کۆڵۆنیاڵی وڵاتانی (فارس، چین، تورکیا) | | | | | | | 14.5 | 361.2 |
| وڵاتانی تر | | | | | | | 28.0 | 289.9 |
| کۆی گشتیی سەرانسەری جیهان | | | | | | | 133.9 | 1657.0 |

ئەم خشتەیە بەڕوونی ئەوەمان پیشان دەدات کە چۆن دابەشکاریی جیهان لە سەروبەندی سەدەی بیستدا "تەواو" بوو. لە پاش ساڵی 1876 موستەعمیرەی شەش وڵاتە زلهێزەکە بەڕادەیەکی ئێجگار زۆر زیادیکرد: واتا بۆ زیاتر لە نیوە، 40 بۆ 65 کیلۆمەتری چوار گۆشە. بڕی زیادەکەش 25 کیلۆمەتری چوارگۆشە بوو، واتا

گەورەتر بوو لە نیوەی ڕووبەری خاوەن موستەعمیرەکان (16.5کم$^2$). لە ساڵی 1876دا سیان لە زلهێزەکان هیچ موستەعمیرەیەکیان نەبوو، بەڵام چوارەمیان، فەرەنسا، شتێکی زۆر کەمی هەبوو. لە ساڵی 1914دا ئەم چوار وڵاتە زلهێزە ببوونە خاوەنی چەندین موستەعمیرە کە ڕووبەرەکەیان دەگەیشتە 14.1 ملیۆن کم$^2$، واتا نزیکەی نیوەی ڕووبەری ئەورووپا و ژمارەی دانیشتوانەکانیان 100 ملیۆن کەس بوو. جیاوازییەکی زۆر گەورە لە فراوانبوونی موستەعمیرەکاندا هەیە. بۆنموونە ئەگەر بەراوردی نێوان فەرەنسا و ئەڵمانیا و یابان بکەین، کە لەڕووی ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوانەوە جیاوازییەکی زۆریان نییە، دەبینین وڵاتی یەکەمیان سێ ئەوەندەی دووەم و سێهەم (سێ ئەوەندەی هەردووکیان لەڕووی ڕووبەرەوە) دەستیگرتووە بەسەر موستەعمیرەدا. لەڕووی بڕی سەرمایەی داراییەوە، ڕەنگە فەرەنسا لە سەرەتای ئەو ماوەیەدا بەهەمان شێوە لە ئەڵمانیا و یابان پێکەوە، بەچەندین جار دەوڵەمەندتر بێت. سەرباری هەلومەرجی ئابووریی پەتی و لەسەر ئەو بنەمایەش، هەلومەرجی جوگرافی و چەند هەلومەرجێکی تریش کاریگەری لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری موستەعمیرەکان دروست دەکات. سەرەڕای هەنگاونان بۆ ڕێککردنەوە و لیقڵکردنی جیهان و نزیککردنەوەی ئاستی نێوان هەلومەرجی ئابووری و بژێوی ژیان لەم ساڵانەی دواییدا لە سەرجەم وڵاتاندا، لەژێر فشاری پیشەسازیی زەبەلاح و ئاڵوگۆڕ و سەرمایەی دارایی، کەچی هێشتا جیاوازییەکە لە نێوان ئەو شەش وڵاتەدا کە باسمان کردن گەورەیە، لەلایەکەوە وڵاتگەلێکی سەرمایەداریی لاو بەشێوەیەکی ئێجگار خێرا پێشکەوتوون (ئەمریکا، ئەڵمانیا، یابان)، لەلایەکی تریشەوە، هەردوو وڵاتە گەشەسەندووە سەرمایەدارییە کۆنەکە (فەرەنسا و بەریتانیا) لەم دواییەدا پێشکەوتنیان لەو وڵاتانە خاوتر بوو کە باسمان کردن، سێهەم شت، (ڕووسیا) ئەو وڵاتەی لەڕووی ئابوورییەوە زۆر دواکەوتووە، دەشێت بڵێین، لەلایەن ئیمپریالیزمی سەرمایەداریی مۆدێرنەوە، خراوەتە نێو تۆڕێکی چڕوپڕ لە کۆپەیوەندیی سەردەمی پێش سەرمایەداری.

ئێمە بەتەنیشت موستەعمیرەی زلهێزەکانەوە، موستەعمیرە بچوکەکانی دەوڵەتە بچوکەکانمان داناوە. دەشێت بڵێین ئەم موستەعمیرانەش، ئەگەر و ئیمکانی ئۆبێکتی داهاتوون بۆ "دووبارە دابەشکردنەوە"ی موستەعمیرەکان. زۆرجار ئەگەر لەنێو وڵاتە

زلهێزەکاندا ململانێ و لێکدژیی بەرژەوەندی و مۆنۆپۆلی و هتد نەبوایە، ئەم دەوڵەتە بچوکانە نەیاندەتوانی موستەعمیرەکانیان بپارێزن، چونکە ئەم پێکهەڵپژانانە ڕێگری لێدەکردن لەسەر دابەشکردنی غەنیمەکان ڕێکبکەون. بەڵام دەوڵەتە "نیمچە موستەعمیرەکان" نموونەی ئەو فۆرمە ڕاگوزەرانەن کە لە سەرجەم کایەکانی سرووشت و کۆمەڵگادا هەن. چونکە سەرمایەی دارایی هێزێکی گەورەیە و دەشێت بڵێین لە سەرجەم پەیوەندییە ئابووری و نێودەوڵەتییەکاندا هێزێکی یەکلاکەرەوەیە، بەشێوەیەک دەتوانێت و بگرە بەواقیعیش ئەو وڵاتانەی ملکەچی خۆی کردووە کە تەنانەت سەربەخۆییەکی سیاسیی تەواویان هەیە، ئێستا نموونەیەک لەسەر ئەوە دەبینین. بەڵام بێگومان ئەوەی دۆخێکی "لەبارتر"[207] و قازانجێکی گەورەتر بە سەرمایەی دارایی دەبەخشێت، ئەو فۆرمی ملکەچبوونەیە کە وا دەکات لە وڵاتان و گەلانی ملکەچبوو سەربەخۆیی سیاسییان لەدەست بدەن. سەبارەت بە وڵاتە نیمچە داگیرکراوەکان، ئەوان نموونەیەکی دیاری "قۆناغی ناوەڕاست"ن. دیارە لە سەردەمی سەرمایەی داراییدا، دەبوایە ململانێ لەپێناو ئەم وڵاتە نیمچە پاشکۆیانەدا بەشێوەیەکی تایبەت توندتر بوایەتەوە، چونکە باقییەکەی تری جیهان دابەشکراوە.

پێش ئەوەی سەرمایەداری بگاتە دوایین قۆناغی خۆی، سیاسەتی کۆلۆنیاڵ و ئیمپریالیزم هەبوون، تەنانەت پێش سەرمایەداری. چونکە ڕۆما کە لەسەر سیستەمی کۆیلایەتی بونیادنرابوو، سیاسەتی کۆلۆنیاڵیزم و ئیمپریالیزمی پیادە دەکرد. بەڵام "بەگشتی" لێکۆڵینەوە لە ئیمپریالیزم لەگەڵ فەرامۆشکردن یان بچوککردنەوەی باکگراوندی جیاوازیی بنچینەیی نێوان سیستەمە سۆسیۆئابوورییەکان[208]، حەتمەن دەگات بە جۆرێکی بەراوردی هیچ و پووچ و فشەکەرانەی نێوان: "ڕۆمای مەزن و بەریتانیای مەزن"[209]. چونکە تەنانەت سیاسەتی کۆلۆنیاڵی قۆناغەکانی پێشووتری سەرمایەداری جیاوازییەکی جەوهەریی هەیە لەگەڵ سیاسەتی کۆلۆنیاڵی سەرمایەی دارایی.

---

[207] Convenient.

[208] socio-economic.

[209] Schilder, op. cit., S. 38-42.

تایبەتمەندیی سەرەکی لە سەرمایەداریی دواییندا بریتییە لە هەیمەنەی یەکێتییە مۆنۆپۆلیستەکان کە خاوەنکارە گەورەکان دایدەمەزرێنن. کاتێکیش ئەم مۆنۆپۆلیانە دەست بەسەر سەرجەم سەرچاوە خاوەکاندا دەگرن دەبنە گروپێکی پتەو و توندوتۆڵ. بینیمان کە بە چ پەرۆشییەکەوە یەکێتیی سەرمایەدارە جیهانییەکان هەوڵیاندا تاکو ڕکابەرەکانیان لە دەرفەتی ڕکابەریێتی بێبەش بکەن، بۆنموونە کڕینی کێڵگەکانی ئاسن یان کێڵگەکانی نەوت و هتد. تەنها دەستبەسەراگرتنی موستەعمیرەکان زەمانەتی تەواوی سەرکەوتنی مۆنۆپۆلییەکان لەدژی هەر لێکەوتە و حاڵەتێکی لەناکاوی ململانێ لەگەڵ ڕکابەرەکاندا دەکات، تەنانەت ئەگەر لایەنی بەرامبەر بیەوێت بە دەرچواندنی یاسای مۆنۆپۆلیی دەوڵەت بەرگری لەخۆی بکات. هەرچەندە سەرمایەداری گەشە بکات، هەرچەندە کورتهێنانی کەرەستەی خاو هەستپێکرا، هەرچەندە ڕکابەریێتی خەستتر بوویەوە و ڕاوکردنی سەرچاوە خاوەکان لە سەرانسەری جیهاندا چڕتر بوویەوە، ئەوکات ململانێ لەپێناو دەستبەسەراگرتنی موستەعمیرەکاندا توندوتیژتر دەبێت.

شیڵدەر نووسی: "ئەگەرچی هەندێک کەس پێیان وایە ئەمە پارادۆکسە، بەڵام دەشێت سووربین لەسەر ئەوەی گەشەسەندنی دانیشتوانی شاری و پیشەیی لە ئایندەیەکی نزیکدا، زیاتر لە کورتهێنانی خواردەمەنی دووچاری ئاستەنگیی کورتهێنانی کەرەستەی خاو ببێتەوە". بەمشێوەیەش، بۆنموونە کورتهێنانی تەختە گەشەدەکات -کە بەردەوام نرخەکەی بەرز دەبێتەوە- هەروەها کورتهێنانی چەرم و کەرەستە خاوە پێویستەکانی پیشەسازیی ڕستن و چنین. "یەکێتییە پیشەسازییەکان هەوڵدەدەن لە سەرانسەری جیهانی ئابووریدا هاوسەنگی لە نێوان کشتوکاڵ و پیشەسازیدا بدۆزنەوە. دەکرێت فیدراسیۆنی جیهانیی یەکێتییەکانی ڕستنی لۆکە بەنموونە وەربگرین، کە لە ساڵی 1904دا لە زۆربەی دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکاندا بەدیکرا، هەروەها فیدراسیۆنی ئەورووپیی یەکێتییەکانی چنینی کەتان کە لە ساڵی 1901دا لەسەر هەمان مۆدێل دامەزرا بوو"[210].

[210] Wahl, La France aux colonies [France in the Colonies], quoted by Henri Russier, Le partage de l'Océanie [The Partition of Oceania], Paris, 1905, p. 165.

بێگومان، بۆرژوازە ڕیفۆرمخوازەکان لەنێویاندا بەتایبەتی شوێنکەوتووانی کاوتسکی لەئێستادا، هەوڵدەدەن بایەخی ئەم جۆرە فاکتانە کەمبکەنەوە، ئەوەش بەو قسەیان کە دەڵێن "دەکرێت" بەبێ سیاسەتی کۆلۆنیالی کە "تێچووی زۆرە و ترسناکە"، لە بازاڕی ئازاددا کەرەستەی خاو بەدەستبهێنرێت، هەروەها "دەکرێت" "بەئاسانی" لەڕێگەی چاککردنی بارودۆخی کشتوکاڵەوە بەگشتی، خستنەڕووی کەرەستەی خاو ئێجگار زۆر زیاد بکرێت. بەڵام ئەم مشتومڕ و قسەوباسانە دەبنە پاساو بۆ بەرگریکردن لە ئیمپریالیزم و ئارایشتکردنی ڕووخساری، لەبەرئەوەی تایبەتمەندیی سەرەکیی سەرمایەداریی نوێ لەبیر دەکات: مۆنۆپۆلی. چیتر بازاڕی کراوە و ئازاد دەبنە لاپەڕەکانی ڕابردوو، ڕۆژ بە ڕۆژ سەندیکا و تراستە مۆنۆپۆلیستەکان بەرتەسکی دەکەنەوە و سنوورداری دەکەن، هەروا "بەئاسانی" چاککردنی بارودۆخی کشتوکاڵ پەیوەستە بە چاککردنی بارودۆخی جەماوەر و بەرزکردنەوەی کرێ و کەمکردنەوەی قازانجەوە. بەڵام ئایا جگەلە خەیاڵدانی ڕیفۆرمیستەکان هیچ تراستێک هەیە کە بتوانێت لەبری دەستبەسەراگرتنی موستەعمیرەکان گرنگی بە دۆخی جەماوەر بدات؟
سەرمایەی دارایی تەنها بایەخ بە سەرچاوەکانی کەرەستە خاوە دۆزراوەکان نادات، بەڵکو بەهەمان شێوە گرنگی بە سەرچاوە شیمانەکراوەکانیش دەدات. لەبەرئەوەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا تەکنەلۆژیا بەشێوەیەکی ئێجگار خێرا پێشدەکەوێت، ئەو زەویانەی ئەمڕۆ بێکەڵکن سبەینێ چاک و بەپیت دەبن، بێگومان ئەگەر ڕێگای نوێیان بۆ بدۆزرێتەوە (بۆ ئەم مەبەستەش یەکێک لە بانکە گەورەکان دەتوانێت تیمێکی تایبەت لە ئەندازیار و شارەزای کشتوکاڵی و هتد، بۆ دابین بکات)، هەروەها ئەگەر سەرمایەیەکی گەورە وەگەڕبخات. هەمان شتیش بۆ مەسەلەی کنەوپشکنین بەشوێن سامانە کانزاییەکاندا و، ڕێگای نوێ بۆ ئامادەکردنی ئەم کەرەستە خاوانە و سوودلێوەرگرتنیان و هتد. لێرەوە سەرمایەی دارایی حەتمەن لەپێناو فراوانکردنی خاکە ئابوورییەکانی و تەنانەت خاکە فیعلییەکانیدا ململانێ دەکات. بەهەمان شێوەی تراستەکان کە بەهای موڵکەکانیان بە دوو یان سێ ئەوەندەی سەرمایەکانیان خەملێنراوە، هەڵبەتە بە حاسیبەی قازانجە "پۆتێنشاڵ"ەکان لە ئایندەدا (نەک قازانجە فیعلییەکانی ئێستا)، حاسیبەی ئەنجامی مۆنۆپۆلیی داهاتوو. بەگشتی سەرمایەی دارایی هەوڵدەدات بەپێی توانا دەستبەسەر زۆرترین خاکدا بگرێت، ئیتر هەر چۆنێک بێت و لە

هـەر کویێ بێت و بە هـەر ئامرازێک بێت، بە لەبـەرچاوگرتنی سـەرچاوەی کەرەسـتە خـاوە پۆتێنشـاڵەکان و تـرس لـە دواکـەوتنی ململانێی توند لـەپێناو دابەشـکردنی ئـەو پارچـە خاکـە سـەربەخۆی جیهـان کـە هێشـتا دابـەش نـەکراوە یـان لـەپێناو دووبـارە دابەشکردنەوەی ئەو ناوچانەی کە پێشتر دابەشکرابوون.

سـەرمایەدارە ئینگلیزەکـان ئەوپـەڕی هـەوڵی خۆیـان دەخەنەگـەڕ بـۆ گەشـەپێدانی بەرهـەمهێنانی لۆکـە لـە موسـتەعمیرەکەیاندا، میسـڕ (لـە سـاڵی 1904دا لـە کـۆی 2.3 ملیۆن هێکتار زەوی کـە کشـتوکاڵی تیـادا کرابـوو 0.6 ملیـۆن هێکتـار کرابـوو بـە لۆکـە، واتـا لـە چـارەک زیـاتر). سـەرمایەدارە ڕووسـەکانیش هـەمان کـار لـە تورکسـتانی موستەعمیرەیان ئـەنجام دەدەن. لەبەرئـەوەی ئـەم ڕێگایـە کارئاسـانیان بـۆ دەکـات بـۆ سـەرکەوتن بەسـەر ڕکابـەرە بیانییەکانیانـدا، هـەروەها بـۆ گەیشـتن بـە مۆنۆپـۆلکردنی سەرچاوەکانی کەرەستەی خاو و پێکهێنانی تراسـتی ڕسـتن[211] کە قـازانج و داهـاتێکی زۆری هەیە و، بەرهـەمهێنانێکی "تێکەڵاوە"[212] و سـەرجەم قۆناغـەکانی بەرهـەمهێنان و پیشەسازیی لۆکە لە دەستی گروپێکی خاوەن موڵکدا چڕ دەکاتەوە.

هــەروەها بەرژەوەندییــەکانی هــەناردەکردنی ســەرمایە دەبێتــە پاڵنــەرێک بــۆ دەستبەســەراگرتنی موســتەعمیرەکان، لەبەرئــەوەی لــە بــازاڕی موســتەعمیرەکاندا بەبەکارهێنای ڕێگای مۆنۆپۆلی (زۆرجار تەنها بەو ڕێکارانـە دەکرێت) ئاسـانتر ڕکابـەر دووردەخرێتــەوە و خواســتەکان دابــین دەکــرێن و "پەیوەندییــە" پێویســتەکان پتــەو دەکرێن و هتد.

سەرخانی غەیرە ئابووری کە لەسەر بناغەی سەرمایەی دارایی وەستاوە، سیاسـەت و ئایدۆلۆژیای ئەمەی دواییە، هەموو ئەمانەش هاندەرن بۆ داگیرکردنی موستەعمیرەکان. هیلفریدینگ ڕاستیکرد کاتێک وتی: "سـەرمایەی دارایی ئازادیی ناوێت، بـەڵکو هەیمەنـەی دەوێت". نووسەرێکی بۆرژوای فەرەنسیش وەک ئـەوەی گەشـە بـە ئایدیاکانی سێسـیل ڕۆدس بـدات و تـەواویان بکـات، وتـی پێویسـتە هۆکـارە کۆمەڵایەتییـەکان سـەرباری هۆکــارە ئابوورییــەکانی سیاســەتی کۆلۆنیــاڵیزمی مــۆدێرن بکــرێن: "دەرەنجــامی پەرەسەندنی ئاڵۆزییەکانی ژیان و ئاستەنگییەکان کە بەتـەنها فشـار لەسـەر جـەماوەری

[211] Textile.

[212] Combined.

کرێکاران دروستناکات، بەڵکو [کاریگەری] لەسەر چینەکانی ناوەڕاستیش هەیە، لە سەرجەم وڵاتانی شارستانییەتی کۆندا 'بێئارامی و تووڕەیی و ڕق و کینە' کەڵەکە دەبن، کە دەبنە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و نەزمی گشتی، وزەیەکی لەڕادەبەدەر لە توانای کەناڵی چینایەتی هەیە کە پێویستە لە دەرەوە تەوزیف بکرێن و وەگەڕبخرێن، تاکو لە ناوخۆدا تەقینەوە ڕوونەدات".

مادام باسەکەمان لەسەر سیاسەتی کۆلۆنیاڵە لە سەردەمی ئیمپریالیزمی سەرمایەداریدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین سەرمایەی دارایی و سیاسەتی نێودەوڵەتیی هاوشانی، کە بریتییە لە ململانێی زلهێزەکان بۆ دابەشکردنی جیهان لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە، کۆمەڵێک فۆرمی ڕاگوزەر لە پاشکۆیەتیی دەوڵەت دروست دەکات. ئەوەی ئەم سەردەمە جیادەکاتەوە تەنها بریتی نییە لە دوو گروپی سەرەکیی وڵاتان: خاوەن موستەعمیرەکان و موستەعمیرەکان، بەڵکو بریتییە لە سەرجەم فۆرمە جیاوازەکانی وڵاتانی پاشکۆ، کە لەڕووی سیاسییەوە بەفەرمی سەربەخۆیە بەڵام بەعەمەلی کەوتۆتە نێو تۆڕی پاشکۆیەتیی دارایی و دیپلۆماسییەوە. پێشتر ئاماژەمان بە یەکێک لەم فۆرمانە کرد -وڵاتە نیمچە موستەعمیرەکان. ئەرجەنتینیش نموونەی فۆرمێکی ترە.

شۆلتزە-گیڤێرنیتز لە کتێبەکەیدا دەربارەی ئیمپریالیزمی بەریتانی دەنووسێت: "ئەمریکا باشوور و بەتایبەتی ئەرجەنتین لە حاڵەتی پاشکۆیەتیی دارایی لەندەندایە، بەڕادەیەک پێویستە بە موستەعمیرەی بازرگانیی بەریتانی وەسفی بکەین"[213]. پشت بەستن بە ڕاپۆرتەکانی کۆنسڵی نەمسا-مەجەر لە بۆینس ئایرس لە ساڵی 1909دا شێلدەر ئەو سەرمایانەی کە ئینگلتەرا لە ئەرجەنتین وەگەڕیخستووە بە 8.75 ملیار فرەنک دەخەمڵێنێت. مرۆ بەئاسانی دەتوانێت توندوتۆڵیی ئەو پەیوەندییانە ببینێت کە سەرمایەی داراییی ئینگلیزی (و هاوڕێ "دڵسۆز"ەکەی، دیپلۆماسییەتی ئینگلیزی) لەگەڵ

[213] Schulze-Gaevernitz, Britischer Imperialismus und engliseber Freihandel zu Beginn des 20-ten Jabrhunderts [British Imperialism and English Free Trade at the Beginning of the 20th Century], Leipzig, 1906, S. 318. Sartorius v. Waltershausen says the same in Das volkswirtschaftiche System der Kapitalanlage im Auslande [The National Economic System of Capital Investments Abroad], Berlin, 1907, S. 46.

بۆرژوازیی ئەرجەنتینی و سەرجەم ئەو بازنانەی کۆی ژیانی ئابووری و سیاسیی وڵات هەڵدەسوڕێنن، بەدەستیدەهێنێت.

پورتوگال سەرەڕای سەربەخۆییەی سیاسییەکەی نموونەی فۆرمێکی جیاوازتر لە فۆرمەکانی پاشکۆیەتیی دارایی و دیپلۆماسیمان پێشکەش دەکات. پورتوگال دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەرییە، بەڵام لە واقیعدا زیاتر لە دوو سەد ساڵە، لە سەردەمی جەنگ لەپێناو عەرشی ئیسپانیدا (1701-1714) لەژێر پارێزبەندیی بەریتانیادایە. ئینگلتەرا بەرگری لە خۆی و موستەعمیرەکانی کردووە بەمەبەستی پتەوکردنی پێگەکەی لە ململانێیدا لەدژی ڕکابەرەکانی، ئیسپانیا و فەرەنسا. لەبەرامبەردا ئینگلتەرا چەندین ئیمتیاز و جیاوکی بەدەستهێنا و باشترین هەلومەرجی بۆ هاتەئاراوە بەمەبەستی هەناردەکاری کاڵا و بەتایبەتی سەرمایە بۆ پورتوگال و موستەعمیرەکانی، هەروەها مافی بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە بەندەر و دورگەکانی پورتوگال و کێبڵە تێلیگرافەکانی و هتد[214]. هەمیشە ئەم جۆرە پەیوەندییانە لە نێوان دەوڵەتە گەورەکان و دەوڵەتە بچوکەکاندا هەبوون. بەڵام لە سەردەمی ئیمپریالیزمی سەرمایەداریدا چیتر بوونەتە سیستەمێکی گشتی و بوونەتە بەشێک لە کۆی پەیوەندییەکانی "دابەشکردنی جیهان"، بوونەتە ئەڵقەگەلێک لە زنجیرەپرۆسەکانی سەرمایەی داراییی جیهانی.

بۆئەوەی کۆتاییی بە مەسەلەی دابەشکاریی جیهان بهێنین پێویستە ئاماژە بە چەند تێبینییەک بکەین. بەتەنها ئەدەبیاتی ئەمریکی و ئینگلیزی نەبوون کە لە پاش جەنگی ئیسپانی-ئەمریکی و جەنگی ئەنگلۆ-بۆیری، لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا ئەم مەسەلەیە بە ڕوونی و ڕاشکاوی تەرح بکەن. هەروەها بەتەنهاش ئەدەبیاتی ئەڵمانی نەبوو کە لە سەرەتای سەدەی بیستدا "بەوپەڕی ئیرەیی"یەوە تەماشای "ئیمپریالیزمی بەریتانی" دەکرد و بەشێوەیەکی سیستەماتیک هەڵسەنگاندنی بۆ ئەم فاکت و واقیعە دەکرد. بەڵکو بەهەمان شێوە لە ئەدەبیاتی بۆرژوازیی فەرەنسیدا بەشێوەیەکی ڕوون و فراوان ئەم مەسەلەیە خرایەڕوو، بەئەندازەیەک لە تێڕوانینی بۆرژوازیدا ڕێیتێبچێت [و عەقڵیان بیپێویێت]. ڕێگەم بدەن ئیقتیباسێک لە دریۆ[Driault]ی مێژوونووس بکەم، کە لە

[214] Schilder, op. cit., Vol. 1, S. 160-61.

کتێبەکەیدا [بەناونیشانی]: "مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا"، لە بەشی "دەوڵەتە زلهێزەکان و دابەشکردنی جیهان"دا هاتووە:
"لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا زلهێزەکانی ئەوروپا و ئەمریکای باکوور سەرجەم خاک و ناوچە بەتاڵەکانی جیهانیان داگیرکرد جگەلە چین. بەم هۆیەشەوە چەندین کێشمەکێش و گۆڕانکاری لە ناوچە ژێردەستەکاندا دێنەئاراوە، ئەوەش زەنگی تەقینەوە و هەڵچوونی زیاترە لە ئایندەیەکی نزیکدا. بۆیە پێویست بە پەلەکردن دەکات. چونکە ئەو میللەتانەی تاکو ئێستا لەمبارەوە بەشی خۆیان دابین نەکردووە، ئەوا دەکەونە بەر ئەو مەترسییەی کە هەرگیز پشکی خۆیان بەدەستنەهێنن و لە قۆرخکردنی گۆی زەویدا بەشدارنەبن، ئەو ئیستغلال و قۆرخکارییە مەزنەی کە دەبێتە یەکێک لە واقیع و تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی سەدەی داهاتوو (واتا سەدەی بیست). لەبەر ئەم هۆکارەش لەم ماوەی دواییدا ئەوروپا و ئەمریکا تووشی "تا"ی فراوانکردنی موستەعمیرەکان بوون، "تا"ی ئیمپریالیزم، کە یەکێکە لە دیارترین سیماکانی کۆتاییی سەدەی نۆزدە". نووسەر ئەوەش سەربار دەکات: "لەم دابەشکارییەی جیهاندا، لەم هەڵپە و ڕاکردنە بەشوێن کەنز و سامانی بازارە گەورەکانی جیهاندا، هێزی ڕێژەییی ئیمپراتۆرییەتە دامەزراوەکانی سەدەی نۆزدەهەم هەرگیز لەگەڵ پێگەی ئەو میللەتانە لە ئەوروپادا ناگونجێت کە ئەم ئیمپراتۆرییەتانەیان دامەزراندووە. چونکە ئەو زلهێزانەی لە ئەوروپادا هەیمەنەیان هەیە و یاری بە چارەنووسی دەکەن، لە سەرانسەری جیهاندا هەمان هەیمەنەیان نییە. مادام قەبارەی موستەعمیرەکان و هیوای دەستکەوتنی سامان هێشتا نادیار و نەزانراو بوون، ئەوا بێگومان کاریگەرییان لەسەر هێزی ڕێژەییی دەوڵەتە ئەوروپییەکان هەیە. مەسەلەی موستەعمیرەکان -ئەگەر بڵێین "ئیمپریالیزم"- کە هەلومەرجی سیاسی لە خودی ئەوروپادا گۆڕی، ئەوا دەخوازێت زیاتر و زیاتر بیگۆڕێت"[215].

[215] J. I. Driault, Problémes politiques et sociaux, Paris, 1907 p. 299.

## بەشی حەوتەم
## ئیمپریالیزم، وەک قۆناغێکی تایبەتی سەرمایەداری

ئێستا پێویستە لەسەرمان هەوڵبدەین هەندێک دەرەنجام پوختە بکەین، ئەوەی لە ماوەی پێشوودا دەربارەی ئیمپریالیزم وتومانە گشتاندنی بۆ بکەین. بەگشتی ئیمپریالیزم وەک گەشەسەندن و بەردەوامییەکی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سەرمایەداری دەرکەوت. بەڵام سەرمایەداری نەبووە ئیمپریالیزمی سەرمایەداری تەنها ئەو کاتە نەبێت کە لە گەشەسەندنیدا گەیشتە پلەیەکی دیاریکراو، پلەیەکی زۆر باڵا، کاتێک هەندێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دەگۆڕێت بۆ دژەکەی، کاتێک سیما و خەسڵەتەکانی قۆناغی ڕاگوزەر لە سەرمایەدارییەوە بۆ سیستەمێکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی باڵاتر لە سەرجەم بوارەکاندا شکڵیان وەرگرت و دەرکەوتن. پرسی سەرەکی لەم پرۆسەیەدا لەڕووی ئابوورییەوە، بریتییە لە جێگرتنەوەی مۆنۆپۆلیی سەرمایەداری لەجێگای ڕکابەریتیی ئازادی سەرمایەداری. چونکە ڕکابەریتیی ئازاد یەکێکە لە تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی سەرمایەداری و بەرهەمهێنانی کاڵا بەشێوەیەکی گشتی؛ مۆنۆپۆلییش ڕێک دژەکەی ڕکابەریتیی ئازادە، بەڵام ئەمەی دواییان بەدیار چاومانەوە دەگۆڕێت بۆ مۆنۆپۆلی، بەشێوەیەک پیشەسازیی گەورە دروست دەکات و پیشەسازیی بچوک لەناودەبات، [بەرهەمهێنان و پیشەسازیی] زەبەلاح دەخاتە شوێنی [بەرهەمهێنان و پیشەسازیی] گەورە، چڕبوونەوەی بەرهەمهێنان و سەرمایە

دەگەیەنێت بە خاڵێک کە تیایدا مۆنۆپۆلی سەرهەڵدەدات و گەشە دەکات: کارتێلەکان و سەندیکاکان و تراستەکان و، ئاوێتەبوونی سەرمایەی دەرزەنێک بانک لەگەڵیاندا کە هەزاران ملیۆن هەڵدەسوڕێنن. لەهەمان کاتدا مۆنۆپۆلییەکان کە لە هەناوی ڕکابەریتیی ئازادەوە سەریان دەرهێناوە، ڕکابەریتیی ئازاد لانادەن، بەڵکو لەسەری و بەتەنیشتییەوە دەژین، بەم هۆیەشەوە کۆمەڵێک ئەنتاگۆنیزم و لێکخشان و ناکۆکیی توندوتیژ بەرهەمدەهێنێت. کەواتە مۆنۆپۆلی گواستنەوەیە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سیستەمێکی باڵاتر.
ئەگەر زەروورەتێک هەبێت بۆ پێناسەکردنی ئیمپریالیزم بەشێوەیەکی زۆرکورت، ئەوا پێویستە بڵێین: ئیمپریالیزم بریتییە لە سەرمایەداری لە قۆناغی مۆنۆپۆلیدا. پێناسەیەکی لەم شێوەیەش پرسێکی زۆر گرنگ لەخۆدەگرێت، لەبەرئەوەی، لەلایەکەوە، سەرمایەی دارایی بریتییە لە سەرمایەی کەمێک لە بانکە مۆنۆپۆلیستە گەورەکان کە ئاوێتەی سەرمایەی یەکێتیی پیشەسازە مۆنۆپۆلیستەکان بوون، لەلایەکی تریشەوە دابەشکردنی جیهان بریتییە لە قۆناغی گواستنەوە لە سیاسەتی کۆلۆنیالیزم کە بەبێ هیچ کۆسپێک ئەو هەرێم و ناوچانە لەخۆدەگرێت کە هێشتا لەلایەن هیچ زلهێزێکی سەرمایەدارییەوە دەستی بەسەردا نەگیراوە، بەرەو سیاسەتێکی کۆلۆنیالیزم کە مۆنۆپۆلی خاوەنداریتیی تەواوی ناوچە دابەشکراوەکانی جیهان دەکات.
بەڵام ئەگەرچی پێناسە زۆرکورتەکان گونجاون و خاڵێکی سەرەکی ڕوون دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کافی نین، مادام پێویستییەک بۆ پوختەکردنی ئەو سیما و خەسڵەتە گرنگانەی وەسفکردنی ئەو دیاردەیە کە پێویستە پێناسە بکرێت. هەربۆیە، بەبێ لەبیرکردنی ئەوەی کە سەرجەم پێناسەکان بەگشتی مۆرکێکی مەرجدار و ڕێژەییان هەیە، کە هەرگیز ناتوانێت سەرجەم لایەن و زنجیرەی پەیوەندییەکانی دیاردەکە لەکاتی گەشەسەندنی تەواویدا، لەخۆبگرێت. ئێمە پێویستە پێناسەیەکی ئیمپریالیزم پێشکەش بکەین کە پێنج لە سیما و تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی لەخۆبگرێت: 1) چڕبوونەوەی بەرهەمهێنان و سەرمایە بەڕادەیەک گەشەیسەندووە گەیشتووە بە قۆناغێکی باڵا، ئەوەش بووەتە هۆی سەرهەڵدان و دروستبوونی مۆنۆپۆلییەکان کە لە ژیانی ئابووریدا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینن. 2) ئاوێتەبوونی سەرمایەی بانکی و سەرمایەی پیشەسازی و، دروستبوونی ئۆلیگارشیی دارایی لەسەر بناغەی

"سەرمایەی دارایی". 3) هەناردەکردنی سەرمایە، بەپێچەوانەی هەناردەکردنی کالاوە، بایەخێکی پڕمەترسی بەدەستدەهێنێت. 4) پێکهێنانی یەکێتیی سەرمایەدارە مۆنۆپۆلیستە نێودەوڵەتییەکان، کە جیهان لەنێو خۆیاندا دابەش دەکەن. 5) دابەشکردنی ئیقلیمی و هەرێمیی سەرانسەری جیهان لە نێوان دەوڵەتە زلهێزە سەرمایەدارەکاندا تەواو بووە. ئیمپریالیزم بریتییە لە سەرمایەداری لە قۆناغێکی گەشەسەندندا کە تیایدا هەیمەنەی مۆنۆپۆلییەکان و سەرمایەی دارایی دامەزرا و هەناردەکردنی سەرمایە بایەخێکی گەورەی وەرگرت، هەروەها دابەشکردنی جیهان لە نێوان تراستە نێودەوڵەتییەکاندا دەستیپێکرد و دابەشکردنی سەرجەم ناوچە و هەرێمەکانی گۆی زەوی لە نێوان وڵاتە سەرمایەدارە گەورەکاندا تەواو بوو.

دواتر دەبینین کە چۆن دەشێت و دەبێت پێناسەیەکی تر بۆ ئیمپریالیزم بکەین، ئەگەر بەتەنها چەمکە سەرەکییە ئابوورییە پەتییەکان لەبەرچاو نەگیرێت (کە پێناسەی سەرەوە پشتی پێدەبەستێت)، بەڵکو هەروەها شوێنی مێژوویی قۆناغی سەرمایەداری، بەگشتی سەبارەت بە سەرمایەداری یان پەیوەندیی ئیمپریالیزم و هەردوو ئاراستە سەرەکییەکەی بزووتنەوەی چینی کرێکار دەربخات. پێویستە ئێستا ئاماژە بەوە بکەین کە بێگومان ئیمپریالیزم بەپێی ئەو تەفسیر و شرۆڤەی سەرەوە، نوێنەرایەتیی قۆناغێکی تایبەت لە گەشەسەندنی سەرمایەداری دەکات. بۆئەوەی بتوانین ئایدیایەکی ڕوون لەلای خوێنەر سەبارەت بە ئیمپریالیزم دروست بکەین، هەوڵمداوە بەدەستی ئەنقەست ئەوەندەی بکرێت زۆرترین ڕاوبۆچوونی ئابووریناسە بۆرژوازەکان ئیقتیباس بکەم، کە ناچارن دان بە فاکتە جێگیرەکانی[216] دوایین قۆناغی ئابووریی سەرمایەداریدا بنێن. بۆ هەمان مەبەستیش، چەندین ئاماری وردم خستۆتەڕوو تاکو پیشانی بدەم کە گەشەسەندنی سەرمایەی بانکی بە چ پلەیەک گەیشتووە هتد، هەروەها وەرچەرخانی چەندێتی بۆ چۆنێتی، گۆڕانی سەرمایەداریی گەشەسەندوو بەرەو ئیمپریالیزم، بەڕوونی دەربخەم. شایەنی باسە، بێگومان سەرجەم سنوورەکان لە سرووشت و کۆمەڵگادا تەقلیدین و لەجوڵەدان، بۆیە کارێکی پووچ و بێمانایە ئەگەر بۆنموونە مشتومڕ لەسەر دیاریکردنی ئەو ساڵە یان ئەو دەیە بکرێت کە تیایدا "بەشێوەی کۆتایی" ئیمپریالیزم دامەزرا.

[216] Incontrovertible.

بەڵام مشتومڕ لەسەر پێناسەی ئیمپریالیزم کارێکی ناچارییە، بەپلەی یەکەم لەگەڵ کاوتسکیدا، تیۆرستی سەرەکیی مارکسیی ئەو سەردەمەی پێی دەوترێت ئەنتەرناسیۆنالی دووەم، واتا ئەو 25 ساڵەی نێوان ساڵی 1889 تاکو ساڵی 1914. کاوتسکی لە ساڵی 1915دا و تەنانەت لە نۆڤەمبەری 1914دا سەرسەختانە دژایەتیی ئایدیا بنەڕەتییەکانی پێناسەکەی ئێمە بۆ ئیمپریالیزم دەکرد، کاتێک ڕایەگەیاند پێویست ناکات ئیمپریالیزم بە "قۆناغ" یان پلەیەکی ئابووری دابنرێت، بەڵکو سیاسەتە، سیاسەتێکی دیاریکراو کە سەرمایەی دارایی "پەسەندی دەکات"، هەروەها کارێکی دروست نییە ئەگەر ئیمپریالیزم و "سەرمایەداریی هاوچەرخ" "هاوشوناس بکرێن" [بەیەک شت دابنرێن]، ئەگەر مرۆ واتێبگات ئیمپریالیزم واتا "سەرجەم دیاردەکانی سەرمایەداریی سەردەم" -کارتێلەکان، پاراستن، هەیمەنەی پارەدارەکان، سیاسەتی کۆلۆنیاڵ-، ئەوکات مەسەلەی زەروورەتی ئیمپریالیزم بەنیسبەت سەرمایەدارییەوە کورتدەبێتەوە بۆ "تۆتۆلۆژییەکی بێتام"، چونکە لەم حاڵەتەدا "ئیمپریالیزم دەبێتە زەروورەتێکی ژیاریی [بوژانەوەی] سەرمایەداری" و هتد. باشترین ڕێگا بۆ گوزارشتکردن لە ئایدیاکەی کاوتسکی بریتییە لە ئیقتیباسکردنی پێناسەکەی ناوبراو بۆ ئیمپریالیزم، ئەو پێناسەی ڕاستەوخۆ دژی جەوهەر و کرۆکی ئەو ئایدیایانەیە کە ئێمە پوختەکەیمان خستەڕوو (لەبەرئەوەی ئەو پەڵپ و ناڕەزایەتیانەی لە کەمپی مارکسیستە ئەڵمانییەکانەوە دەردەچوو، ئەوانەی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ببوونە پارێزەری ئایدیایەکی لەمشێوەیە، ماوەیەکی دوورودرێژە بە ئایدیای کاوتسکی ناسراوە گوایە ناڕەزایەتیی ڕەوتێکی ناسراوی مارکسیزمە).

دەقی پێناسەکەی کاوتسکی:

"ئیمپریالیزم بەرهەمی سەرمایەداریی پیشەسازیی ئەوپەڕی گەشەسەندووە. پێکهاتوو لە تێکۆشانی هەموو ئەو میللەتە سەرمایەدارە پیشەسازییانەی کە دەیانەوێت سەرجەم پانتایی و ڕووبەری ناوچە **کشتوکاڵییەکان** (جەختکردنەوەکە [بۆڵدکردن] لەلایەن کاوتسکییەوەیە) بخەنەژێر ڕکێفی خۆیانەوە یان بیانکەنە پاشکۆی خۆیان، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو میللەتانەی تیایدا نیشتەجێن"[217].

---

[217] Die Neue Zeit, 1914, 2 (B. 32), S. 909, Sept. 11, 1914; cf. 1915, 2, S. 107 et seq.

ئـەم پێناسـەیەش هـیچ ناهێنێت، لەبەرئـەوەی تـاک لایەنەیـە و، هـەر بەهـەوەس، بەتـەنها مەسـەلەی نەتـەوەیی دەردەخـات (ئەگـەرچی مەسـەلەی نەتـەوەیی بۆخـۆی، یـان پەیوەندیـدار بـە ئیمپریالیزمـەوە ئەوپـەڕی گرنگیـی هەیـە) و بەشێوەیەکی نادروست و ئارەزوومەندانە ئەو مەسەلەیە بەتەنها دەبەستێتەوە بە سـەرمایەی پیشەسازییەوە لـەو وڵاتانـەدا کـە نەتـەوە و میللـەتانی تـر دەکەنـە پاشـکۆ، هـەروەها بەهـەمان شـێوازی هەوەسبازی و ناڕاست پاڵنەرەکانی داگیرکردن و بەپاشکۆکردنی[218] هـەرێم و دەڤـەرە کشتوکاڵییەکان دەخاتەڕوو.

ئیمپریالیزم بریتییە لە هەوڵ و تێکۆشـان بـۆ دانـەدەم و بەپاشـکۆکردن –ئەمـە پوختـەی ئەو قسەیە کە بەشی سیاسیی پێناسەکەی کاوتسکی لەخۆیدەگرێت. ئەمە ڕاستە، بـەڵام زۆر نوقسان و ناتەواوە، ئیمپریالیزم لەڕووی سیاسییەوە، بەگشتی، بریتییە لە هەوڵ و مـەیل بـەرەو توندوتیژی و کۆنەپەرستی. بـەڵام ئـەوەی لـەم کاتـەدا بەلامانـەوە گرنگـە ڕووە ئابوورییەکەی ئەم مەسەلەیە، کە کاوتسکی خۆی لـە پێناسـەکەیدا باسیکردووە. هەڵـەکانی پێناسـەکەی کاوتسکی بـەڕوونی دیارە. چونکە ئـەو خەسڵەتەی ئیمپریـالیزم جیادەکاتەوە سەرمایەی پیشەسـازی نییـە، بـەڵکو سـەرمایەی داراییـە. شـتێکی ڕێکـەوت نییە کە سـاڵانی 1880 و بەرەوسـەر، خێراییـی نائاسـایی لـە گەشەسـەندنی سـەرمایەی داراییـدا و لاوازبـوونی سـەرمایەی پیشەسـازی لـە فەرەنسـا، بووەهـۆی ئەوپـەڕی خەسـتبوونەوەی سیاسـەتی بەپاشـکۆکردن (کۆلۆنیـاڵیزم). تایبەتمەنـدێتیی ئیمپریـالیزم، بەتەنها هـەوڵ و تێکۆشـان نییـە بۆ خستنەسـەر و داگیرکردنـی ناوچـە کشتوکاڵییەکان، بەڵکو تەنانەت بۆ ناوچە زۆر گەشەسەندووەکانیشە (چاوچنۆکی و تەماعی ئـەڵمانیا بـە بـەلجیکا، هـەروەها تـەماعی فەرەنسـا بـە لۆریـان) لەبەرئـەوەی، یەکـەم؛ کۆتاییهـاتنی دابەشـکردنی جیهـان، ناچاریـان دەکـات بیـر لـە دووبـارە دابەشـکردنەوەی بکـەن، بەمەبەسـتی گەیشـتن بـە هـەر هـەرێم و ناوچەیـەکی تـر. دووەم؛ یـەکێک لـە سـیما جەوهەرییـەکانی ئیمپریـالیزم بریتییـە لـە پێشبڕکێی نێوان چەندین دەوڵـەتی زلهێز بۆ دروستکردنی هەژموون، واتا بەسـەردادان و داگیرکردنـی ناوچـەکان، نـەک بەئەندازەی ئەوەی ڕاستەوخۆ بۆخۆی پێویستی پێیـەتی، بـەڵکو بەئەندازەی لاوازکردنـی نـەیار و ڕکابەرەکـەی و بنکـەنکردنی هـەژموونی [بەرامبەرەکـەی] (بـەلجیکا وەک بنکـەی

[218] Annexation.

ئۆپراسیۆنەکان[219] بایەخێکی تایبەتی بۆ ئەڵمانیا هەیە لەدژی بەریتانیا، هەروەها بەریتانیا ئەوپەڕی پێویستی بە بەغداد هەیە وەک بنکەی پرۆسە و ئۆپراسیۆنەکان لەدژی ئەڵمانیا [بەکاریبهێنێت]، هتد).

کاوتسکی بەتایبەتی -جارەهای جار- ئاماژە بە نووسەرە ئینگلیزەکان دەکات، ئەوانەی بانگەشەی مانای سیاسیی پەتیی وشەی "ئیمپریالیزم" دەکەن، بەوشێوەیەی کاوتسکی لێیتێگەیشتووە. کارەکەی هۆبسۆن نووسەری ئینگلیزی وەردەگرین و لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی "ئیمپریالیزم" کە لە ساڵی 1902دا دەرچووە، دەخوێنینەوە:

"ئیمپریالیزمی نوێ جیاوازە لە ئیمپریالیزمی کۆن، یەکەم؛ تیۆر و پراکتیکی ئیمپراتۆرییەتە ڕکابەرەکان جێگای ناکۆکی و ململانێی تاقە ئیمپراتۆرییەت دەگرنەوە، هەر یەک لەو ئیمپراتۆرییەتانەش ئارەزوویەکی هاوشێوە هانیان دەدات بۆ فراوانکردنی سیاسی و سوودی بازرگانی، دووەم؛ هەیمەنەی دارایی یان سەرمایەگوزاریکردن بەسەر بەرژەوەندییە بازرگانییەکاندا زاڵ دەبن"[220].

دەبینین کاوتسکی تەواوهەڵەیە چونکە بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بۆ نووسەرە ئینگلیزەکان دەکات (مەگەر بیەوێت ئاماژە بە ئیمپریالیستە ئینگلیزە چەپەڵەکان یان ئەوانە بکات کە بەئاشکرا ستایشی ئیمپریالیزم دەکەن). ئێمە دەبینین کاوتسکی، کە هێشتا بانگەشەی ئەوە دەکات بەرگری لە مارکسیزم دەکات، لەواقیعدا بەبەراورد لەگەڵ هۆبسۆنی سۆسیال-لیبراڵ هەنگاو بەرەو دواوە دەنێت، [چونکە هۆبسۆن] بەشێوەیەکی دروستتر دوو تایبەتمەندیی "مێژوویی کۆنکرێتی" لەبەرچاو دەگرێت ([بەلام] کاوتسکی لە پێناسەکەیدا گاڵتەی بە ڕاستی و دروستیی مێژوویی دێت!) تایبەتمەندییەکانی ئیمپریالیزمی مۆدێرن: 1) ڕکابەرێتیی نێوان چەندین دەوڵەتی ئیمپریالیست. 2) سالاری و زاڵبوونی پارەدار [سەرمایەدار] بەسەر بازرگاندا. بەڵام ئەگەر مەسەلەکە بەشێوەیەکی سەرەکی دەربارەی بەپاشکۆکردنی وڵاتە کشتوکاڵییەکان بێت لەلایەن وڵاتە پیشەسازییەکانەوە، ئەوە پێشەنگبوون و زاڵبوونی ڕۆڵی بازرگان دووپات دەکاتەوە.

[219] base for operations.

[220] Hobson, Imperialism, London, 1902, p. 324.

پێناسەکەی کاوتسکی جگەلەوەی چەوت و ناڕاست و غەیرە مارکسییە، [لەگەڵ ئەوەشدا] بووەتە بناغەی زنجیرەیەکی تەواوی ڕاوبۆچوون کە بەدرێژاییی ئەم هێڵە هەموو پەیوەندییەک لەگەڵ تیۆری مارکسی و پراکتیکی مارکسی دەپچڕێنن، دواتر ئاماژەی پێ دەکەین. ئەو مشتومڕەی کاوتسکی لەبارەی وشەکانەوە وروژاندی بەهیچ شێوەیەک جدی نییە: ئایا دەبێت دوایین قۆناغی سەرمایەداری ناوبنرێت ئیمپریالیزم یان قۆناغی سەرمایەی دارایی. هەرچۆنێک دەتەوێت ناوی بنێ، ئەوە گرنگ نییە. کرۆکی مەسەلەکە ئەوەیە کاوتسکی سیاسەتی ئیمپریالیزم لە ئابوورییەکەی جیادەکاتەوە، پێی وایە خستنەسەر و بەپاشکۆکردن سیاسەتی "پەسەندکراو"[221]ی سەرمایەی داراییە، هەروەها دژی سیاسەتێکی بۆرژوازیی تر دەوەستێتەوە، بانگەشەی ئەوە دەکات کە لەسەر هەمان بناغەی سەرمایەی دارایی، مومکینە. دەرەنجام، کەواتە مۆنۆپۆلییەکان لە ئابووریدا لەگەڵ میتۆد و ڕێگا ناقۆرخکاری و ناتوندوتیژ و ناداگیرکارییەکانی سیاسەتدا دەگونجێن. کەواتە دابەشکردنی هەرێم و ناوچەکانی جیهان، کە لە سەردەمی سەرمایەی داراییدا کۆتاییی پێهات و بووەتە بنەمای پێکهێنانی فۆرمێکی سەیر و نامۆ لە فۆرمەکانی پێشبڕکێی هەنوکەییی نێوان دەوڵەتە سەرمایەدارە گەورەکان، لەگەڵ سیاسەتی غەیرە ئیمپریالیستیدا دەگونجێت. سەرەنجام داپۆشین و خاوکردنەوەی قووڵترین لێکدژییەکانی قۆناغی نوێی سەرمایەداری، لەبری کەشفکردنی قووڵاییەکەی، ئەنجامەکەشی لەبری مارکسیزم، ڕیفۆرمیزمێکی بۆرژوازی دەردەچێت.

کاوتسکی لەگەڵ ستایشکاری ئیمپریالیزم و داگیرکارییەکان، کۆنۆڤی هەڵەشە و گاڵتەجار مشتومڕدەکات: ئیمپریالیزم، سەرمایەداریی ئەمڕۆیە، گەشەسەندنی سەرمایەداری حەتمی و پێشکەوتنخوازانەیە، کەواتە ئیمپریالیزمیش پێشکەوتنخوازانەیە، مانای وایە پێویستە پێشوەختە ئارایشتی بکەین و، ستایش و شکۆداری بکەین! وەک ئەوەی لەبەردەم شتێکی هاوشێوەی ئەو کاریکاتێرەدا بین کە نارۆدنیکس[222] لە سالآنی 1894-1895 لەسەر مارکسیستە ڕووسییەکان

[221] Preferred.

[222] Narodniks. بزووتنەوەیەکی میللی و کۆمەڵایەتی بوو. لە شەستەکانی سەدەی 19دا لە ڕووسیا سەریهەڵدا. زۆربەی هەڵسوڕاوانی ئەم بزووتنەوەیە لە ڕۆشنبیران و چینی ناوەڕاست بوون. دەیانویست لەڕێگەی هۆشیارکردنەوەی توێژی جووتیارانەوە شۆڕش بەسەر حکومەتی قەیسەردا بکەن. و.ک

کێشابوویان. ئەوان دەیانوت مادام مارکسییەکان پێیان وایە سەرمایەداری لە ڕووسیا شتێکی حەتمی و پێشکەوتنخوازانەیە کەواتە پێویستە لەسەریان دیوەخانەکەیان بکەنەوە و دەستبکەن بە چاندن و پاراوکردنی سەرمایەداری. کاوتسکی بەمشێوەیە بەرپەرچی کۆنۆڤ دەداتەوە: نەخێر، ئیمپریالیزم سەرمایەداریی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو تەنها یەکێکە لە فۆرمە سیاسییەکانی سەرمایەداریی ئەمڕۆ. ئێمە دەتوانین و پێویستە لەسەرمان خەبات لەدژی ئەم سیاسەتە بکەین، خەبات لەدژی ئیمپریالیزم، لەدژی داگیرکارییەکان و هتد بکەین.

لەڕووی فۆرمەوە وەڵامدانەوەکە مەعقول و قایلکەر دەردەکەوێت، بەڵام لە واقیعدا داکۆکی لە ڕێککەوتن لەگەڵ ئیمپریالیزمێکی نەرمتر و پۆشتەتر دەکات (هەربۆیە ئەمە ترسناکترە)، لەبەرئەوەی "خەبات" لەدژی سیاسەتی تراست و بانکەکان بەبێ دەستبردن بۆ بنەما ئابوورییەکانی تراست و بانکەکان، بەرەو ڕیفۆرمیزم و ئاشتیخوازیی بۆرژوازی سەردەکێشێت، گوزارشت لە ئارەزوو و ئاواتێکی بێگوناح و دڵپاک دەکات. تیۆرەکەی کاوتسکی کە هیچ خاڵێکی هاوبەشی لەگەڵ مارکسیزمدا نییە، لەبری کەشفکردنی تەواوی قووڵاییی [لێکدژییەکان]، ئەوا خۆلادانە لەو لێکدژییانەی کە هەیە و لەبیرچوونەوەی گرنگترین ئەو لێکدژیانەیە. تێدەگەین کە ئەم "تیۆرە" تەنها خزمەت بە بیرۆکەی بەرگریکردن لە یەکدەنگی لەگەڵ کۆنۆڤ و هاوشێوەکانی دەکات!

کاوتسکی دەنووسێت: "لە ڕوانگەیەکی تەواو ئابوورییەوە شتێکی مەحاڵ نییە کە سەرمایەداری قۆناغێکی نوێی تر ببڕێت، کە تیایدا سیاسەتی کارتێلەکان ببێتە سیاسەتی دەرەوە، قۆناغی سەرو-ئیمپریالیزم[223]"[224]، واتا قۆناغی سۆپەرئیمپریالیزم، قۆناغی یەکێتیی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی سەرانسەری جیهان، کە هیچ ململانێیەک لە نێوانیاندا نییە، قۆناغی کۆتاییهاتنی جەنگەکان لە سایەی سەرمایەداریدا، قۆناغی "قۆستنەوە و ئیستغلالکردنی جیهان لەلایەن سەرمایەی دارایی یەکگرتووی نێودەوڵەتییەوە"[225].

پێویستە لەسەرمان دواتر باس لەم "تیۆری سەرو-ئیمپریالیزم"ە بکەین، تاکو بەوردی ئەوە بخەینەڕوو کە ئەم تیۆرە لەڕادەبەدەر لە مارکسیزم جودایە. بەڵام لێرەدا، پێویستە لەسەرمان، بەپێی ئەو پلانەی لەم کتێبەدا لەسەری دەڕۆین، تیشک

---

[223] ultra-imperialism.

[224] Die Neue Zeit, 1914, 2 (B. 32), S. 921, Sept. 11, 1914. Cf. 1915, 2, S. 107 et seq.

[225] Die Neue Zeit, 1915 1, S. 144, April 30. 1915.

بخەینەسەر ئەو داتا و زانیارییە ئابوورییە وردانەی بەم مەسەلەوە پەیوەستن. "لە ڕوانگەیەکی تەواو ئابوورییەوە" ئایا دەشێت "سەرو-ئیمپریالیزم" بوونی هەبێت، یان ئێمە لەبەردەم سەرو قسەی پووچەوەین؟
ئەگەر ڕاوبۆچوونی تەواو ئابووریانە بەمانای ڕووتاندنی[226] "پەتی" بێت، ئەوا هەموو ئەوەی دەشێت بیڵێین لەم قسانەدا کورتدەبێتەوە: گەشەسەندن بە ئاراستەی مۆنۆپۆلییەکاندا دەڕوات، لێرەشەوە، بە ئاراستەی تاکە مۆنۆپۆلیی جیهانیدا دەڕوات، یەک تراستی جیهانی. ئەمە مشتومڕ هەڵناگرێت، بەڵام هەروەها تەواو بێمانایە وەک ئەوەی کەسێک بڵێت "پرۆسەی گەشەسەندن" بە ئاراستەی بەرهەمهێنانی ئازووقەدا دەڕوات لە تاقیگەکاندا. بەم مانایەش "تیۆر"ی سەرو-ئیمپریالیزم قسەیەکی بێمانایە وەک ئەوەی کەسێک بڵێت "تیۆری سەرو-کشتوکاڵ".
بەڵام ئەگەر قسەوباسەکە لەسەر هەلومەرجی "ئابووریی پەتی"ی قۆناغی سەرمایەی دارایی بێت، بەوپێیەی قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووییە و لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەست پێدەکات، ئەوا باشترین وەڵام بۆ سیغە پەتی و مردووەکانی "سەرو-ئیمپریالیزم" (کە ئامانجێکی تەواو کۆنەپەرستانەیان هەیە: هەڵچەرخانی سەرنجەکان لەسەر قوڵایی ئەو ئەنتاگۆنیزمانەی لە ئارادان) بریتییە لە بەراوردکردنی بە واقیعی ئابووریی کۆنکرێتی لە ئابووریی جیهانی ئەمڕۆدا. قسەکانی کاوتسکی دەربارەی سەرو-ئیمپریالیزم، ئەم قسە بێمانایانە، هانی ئایدیایەکی زۆر هەڵە دەدات کە ئاو دەکاتە ئاشی ستایشکارەکانی ئیمپریالیزم، ئەو ئایدیایەی کە دەڵێت دەسترۆیشتوویی و هەیمەنەی سەرمایەی دارایی لێکدژی و نابەرابەرییەکان لەنێو ئابووریی جیهانیدا کەمدەکاتەوە، کەچی لە واقیعدا زیاتر و توندتری دەکاتەوە.
ر.کالڤێر لە کتێبە بچوکەکەیدا "دەروازەیەک بۆ ئابووریی جیهانی"[227] هەوڵیداوە گرنگترین داتا ئابوورییە پەتییەکان کورتبکاتەوە، بەشێوەیەک بتوانێت وێنەیەکی کۆنکرێتی دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوخۆی ئابووریی جیهانی لە دەوروبەری سەدەی نۆزدە و بیستدا پێشکەش بکات. ئەو سەرانسەری جیهان بۆ پێنج "ناوچەی ئابووریی سەرەکی" دابەشدەکات، بەمشێوەیە: 1) ناوەندی ئەوروپا (هەموو ئەوروپا جگەلە ڕووسیا و بەریتانیای مەزن). 2) بەریتانیای مەزن. 3) ڕووسیا. 4) ئاسیای ڕۆژهەڵات. 5) ئەمریکا: موستەعمیرەکان دەخاتەنێو ئەو "ناوچانە"ی سەر بە

[226] Abstraction.
[227] R. Calwer, Einführung in die Weltwirtschaft, Berlin, 1906.

دەوڵەتەکانن، هەروەها ژمارەیەکی کەم لەو وڵاتانەی بەپێی ناوچەکان دابەشنەکراون "دەخاتە ئەولاوە"، وەکو وڵاتی فارس و ئەفغانستان و نیمچە دورگەی عەرەب لە ئاسیا و مەراکش و حەبەشە لە ئەفریقیا و هتد.

**[ئەو خشتەی] خوارەوە پوختەیەکە لەسەر ئەو ناوچە و هەرێمانەی باسیکردوون، بەکورتی:**

| ناوچە ئابوورییە سەرەکییەکان | ڕووبەر (بە ملیۆن) کم/چوارگۆشە | دانیشتوان (بە ملیۆن) | گواستنەوە | | بازرگانی | پیشەسازی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هێڵی شەمەندەفەر (بە | کەشتی بازرگانی (بە ملیۆن تەن) | هەناردە و هاوردە (بە ملیار مارک) | دەرهێنان (بە ملیۆن تەن) | | ژمارەی ڕستنی لۆکە (بە ملیۆن) |
| | | | | | | خەڵوز | ئاسن | |
| 1- ئەوروپای ناوەڕاست | 27.6 (23.6) | 388 (146) | 204 | 8 | 41 | 251 | 15 | 26 |
| 2- بەریتانیا | 28.9 (28.6) | 398 (355) | 140 | 11 | 25 | 249 | 9 | 51 |
| 3- ڕووسیا | 22 | 131 | 63 | 1 | 3 | 16 | 3 | " |
| 4- ئاسیای ڕۆژهەلات | 12 | 389 | 8 | 1 | 2 | 8 | 0.02 | 2 |
| 5- ئەمریکا | 30 | 148 | 379 | 6 | 14 | 245 | 14 | 19 |

دەبینین سێ ناوچە گەشەسەندنی سەرمایەداری تیایاندا گەیشتۆتە پلەیەکی باڵا (ڕێگاکانی گواستنەوە و بازرگانی و پیشەسازی بەپلەیەکی بەرز گەشەیانسەندووە): ناوچەی ناوەڕاستی ئەوروپا و ناوچەی بەریتانیا و ناوچەی ئەمریکی. لەنێویاندا سێ دەوڵەت هەیە کە هەیمەنەیان بەسەر جیهاندا کردووە: ئەڵمانیا و بەریتانیای مەزن و ویلایەتە یەکگرتووەکان. ڕکابەریتیی ئیمپریالیستی و ململانێی نێوان ئەو وڵاتانە لەڕادەبەدەر توندبۆتەوە، لەبەرئەوەی ئەڵمانیا ناوچەیەکی بچوک و ژمارەیەکی کەم موستەعمیرەی هەیە، چونکە دامەزراندنی "ئەوروپای ناوەڕاست" هێشتا پرسی ئایندەیە و لەنێوجەرگەی ململانێیەکی پڕوکێنەردا لەدایک دەبێت. لەم کاتەدا خەسڵەتی تایبەتمەندی کۆی ئەوروپا بریتییە لە پەرتبوونی سیاسی. لەلایەکی ترەوە، چڕبوونەوەی سیاسی لە هەردوو ناوچەی بەریتانی و ئەمریکی بەپلەیەکی زۆر بەرز گەشەیسەندووە، بەڵام جیاوازییەکی فراوان لە نێوان گەورەیی موستەعمیرەکانی یەکەم و بچوکیی موستەعمیرەکانی دووەمدا هەیە. لە موستەعمیرەکانیشدا، سەرمایەداری تەنها لە گەشەسەندندایە، ململانێ لەپێناو ئەمریکای باشووردا توندوتیژتر دەبێتەوە.

گەشەسەندنی سەرمایەداری لە دوو ناوچەدا لاوازە: ناوچەی ڕووسی و ناوچەی ئاسیای ڕۆژهەڵات. لە ناوچەی یەکەمدا چڕیی دانیشتوان زۆر نزمە، لەوەی دووەمدا ئەوپەڕی بەرزە. لەوەی یەکەمدا چڕبوونەوەی سیاسی بەرزە، لەوەی دووەمدا بوونی نییە. دابەشکردنی چین هێشتا دەستی پێنەکردووە، ململانێیی نێوان یابان و ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوانی تر بەردەوام توند دەبێتەوە، لەپێناو بەدەستهێنانی ڕووبەرێکی فراوانتر و دانیشتوانی زیاتر.

چیرۆکە خورافییە بێزرخەکەی کاوتسکی دەربارەی سەرو-ئیمپریالیزمی "ئاشتیخواز" لەگەڵ ئەم واقیعەدا بەراورد بکەن -بەهەمەجۆریی بارودۆخی ئابووری و سیاسی، بەجیاوازیی فراوان لە خێرایی و ڕێژەی گەشەسەندنی سەرجەم وڵاتان و شتی تریش، بەململانێی توندی نێوان دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان- [بەراوردی بکەن]. ئایا ئەمە هەوڵێکی کۆنەپەرستانە نییە لەلایەن کەسێکی کاڵفامی [philistine] تۆقیوەوە بۆ خۆشاردنەوە لە واقیعی توند و ڕەق؟ ئایا کارتێلە جیهانییەکان کە کاوتسکی وایدەبینێت کۆرپەی "سەرو-ئیمپریالیزم"ە (وەک چۆن "دەکرێت" بەرهەمهێنانی دەنک و تۆو لە تاقیگەکاندا بە کۆرپەی سەرو-کشتوکاڵ وەسف بکرێت)، ئایا ئەمە نموونەی

دابەشـكردنی جیهـان و دووبـارە دابەشـكردنەوەی جیهانمـان پێشـكەش ناكـات، [واتـا نموونــەی] گواســتنەوە لــە دابەشــكردنی ئاشــتیانەوە بــۆ دابەشــكردنی نائاشــتیانە و بەپێچەوانـەوە؟ سـەرمایەی دارایـی ئـەمریكی و ئـەوانی تـریش كـە بەهاوبەشـی لەگـەڵ ئەڵمانیادا سـەرانسـەری جیهانیان دابەشكرد، بۆنموونە، لە سەندیكای جیهانیی هێڵـەكانی شەمەندەفەر یان لـە تراستی جیهانیی كەشتیی بازرگانیدا، ئایا ئێستا لەسـەر بنـەمای ڕێژەی نوێی نێوان هێزەكان، كە هەرگیز بەڕێگای ئاشتیانە ناگۆڕدرێن، [ئایا] سـەرقاڵی دووبارە دابەشكردنەوە نین؟

سـەرمایەی دارایـی و تراسـتەكان لـە نابەرابـەری و جیـاوازیی ڕێـژەی گەشەسـەندنی سـەرجەم بەشـەكانی ئـابووریی جیهـانی كـەم ناكەنـەوە، بـەڵكو بەپێچەوانـەوە زیـادی دەكـەن. كاتێـك ڕێـژەی هێزەكـان دەگـۆڕێن، ئایـا لـە سـایەی سـەرمایەداریدا هـیچ ڕێگاچارەیەكی تر هەیە بۆ چارەسەركردنی لێكدژییەكان بەبێ هێز؟ لە داتا و ئامـاری هێڵە ئاسنینەكاندا[228] زانیارییەكی ورد دەربارەی نابەرابـەری لـە ڕێـژەی گەشەسـەندنی سـەرمایەداری و سـەرمایەی دارایـی لـەنێو ئـابووریی جیهانیـدا دەبینرێـت. چونكـە لـە مـاوەی دوایـین دەیـەكانی گەشەسـەندنی ئیمپریالیسـتیدا درێژیـی هێڵـە ئاسـنینەكان بەمشێوەیەی لای خوارەوە گۆڕاون:

**هێڵەكانی شەمەندەفەر (بەهەزاران كیلۆمەتر)**

| | ساڵ | | | | + | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | 1890 | | 1913 | | | |
| 1- ئەوروپا | 224 | | 346 | | +122 | |
| 2- ویلایەتە یەكگرتووەكان | 268 | | 411 | | +143 | |
| 3- سەرجەم موستەعمیرەكان | 82 | | 210 | | +128 | |
| كۆی ژمارە سێ + ژمارە چوار | | 125 | | 347 | | +222 |
| 4- دەوڵەتــە ســەربەخۆ و نیمچــە سەربەخۆكان لە ئاسیا و ئەمریكا | 43 | | 137 | | +94 | |

[228] Statistisches Jahrbuch für das deutsche Reich, 1915; Archiv für Eisenbahnwesen, 1892 [Statistical Yearbook for the German Empire; Railroad Archive]. Minor details for the distribution of railways among the colonies of the various countries in 1890 had to be estimated approximately.

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆی گشتی | 617 | | 1104 | | | |

بەمشێوەیە، هێڵـە ئاسنینەکان بەئەوپـەڕی خێراییـەوە لـە موسـتەعمیرەکان و دەوڵەتـە سـەربەخۆ و (نیمچە سـەربەخۆکان)ی ئاسیا و ئەمریکا گەشـەیانکرد. وەک دەزانین لـەو وڵاتانەدا، سـەرمایەی دارایی چـوار یان پێنج دەوڵـەتی گـەورەی کەپیتالیست خـاوەنی قسەی کۆتایی و یەکلاکەرەوەن. ئەم دووسەد هـەزار کیلۆمـەترەی هێڵی ئاسـنینی نوێ لـە موسـتەعمیرەکان و وڵاتـانی تـری ئاسـیا و ئـەمریکا نوێنەرایـەتی 40 ملیـار مـارک سـەرمایە دەکات، کە بەم دواییە بە چەند مـەرجێکی زۆر بەسـوود وەگـەڕخراوە، لەگـەڵ گەرەنتی داهاتێکی باش و خواستی قازانجبەخش لەسـەر کارگـەکانی پۆڵا، شـتی تـر و هتد.

سـەرمایەداری لـە موسـتەعمیرەکان و وڵاتـانی ئـەودیو زەریـاوە بەئەوپـەڕی خێراییـەوە گەشە دەکات. لەنێو ئەو وڵاتانەشدا، دەوڵەتی ئیمپریالیستیی نوێ دەردەکەوێت (یابـان). ململانێـی نێـوان دەوڵـەتـە ئیمپریالیسـتە جیهانییـەکان تونـد دەبێتـەوە. بـڕی ئـەو بـاج و سـەرانەی کە سـەرمایەی دارایی لـە پرۆژە زۆر قازانجبەخشـەکانی موسـتەعمیرەکان و وڵاتانی ئەودیو زەریاوە بەدەستیدەهێنێت ڕوو لە زیادبوونە. لـەکاتی دابەشـکردنی ئـەم "غەنیمە"شدا بەشـێکی زۆر گـەورەی دەکەوێتـە دەسـتی ئـەو وڵاتـانەی کـە بـەردەوام لـە خێرایی گەشەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێناندا پلەی یەکەم نەبوون. چونکە لە دەوڵەتـە زەبەلاحەکانـدا بــە ڕەچــاوکردنی موســتەعمیرەکانیان، درێژیــی هێڵــە ئاســنینەکان بەمشێوەیەی لای خوارەوە بوو:

**(بەهەزاران کیلۆمەتر)**

| زلهێزەکان | ساڵی 1890 | ساڵی 1913 | + |
|---|---|---|---|
| ویلایەتە یەکگرتووەکان | 268 | 413 | +145 |
| ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیا | 107 | 208 | +101 |
| ڕووسیا | 32 | 78 | +46 |
| ئەڵمانیا | 43 | 68 | +25 |
| فەرەنسا | 41 | 63 | +22 |
| کۆی گشتی پێنج دەوڵەتی زلهێز | 491 | 830 | +339 |

بەمشێوەیە دەبینین نزیکەی 80%ی کۆی گشتیی هێڵە ئاسنینەکان لە دەستی پێنج دەوڵـەتی زلهێـزدا چڕبۆتـەوە. بـەڵام چڕبوونـەوەی خاوەنـداریێتیی ئـەم هێڵانـە، چڕبوونـەوەی سـەرمایەی دارایی، زۆر لەمـە زیـاتر گـەورەترە، لەبەرئـەوەی بۆنموونـە ملیـۆنێرە ئینگلیـز و فەرەنسـییەکان، لـە ئـەمریکا و ڕووسـیا و ئـەوانی تـردا خـاوەنی بەشێکی گەورەی پشک و بۆندی هێڵە ئاسنینەکانن.
بەریتانیای مەزن لـە سـایەی موستەعمیرەکانییەوە تـۆڕی هێڵـە ئاسـنینە"کانی" بـۆ 100 هـەزار کیلۆمـەتر زیـادکرد، واتـا چـوار ئەوەنـدەی لـە ئـەڵمانیا زیـاترە. ئەمـە لەکاتێکدا هـەموون دەزانـن کـە گەشەسـەندنی هێزەکـانی بەرهـەمهێنان لـە ئـەڵمانیا بەتایبـەتی گەشەسـەندنی بەرهـەمهێنانی خـەڵوزی بـەردین و پیشەسـازیی پـۆڵا لـەم ماوەیـەدا بەخێراییەکی زۆر زیاتر لە بەریتانیا گەشـەیکردووە، ئەمـە جگەلـە فەرەنسـا و ڕووسـیا. لە ساڵی 1892دا ئەڵمانیا 4.9 ملیۆن تـەن ئاسـنی خـاوی بەرهەمدەهێنا، لـە بەرامبـەر 6.8 ملیۆن تەن لە بەریتاینا. بەڵام لە ساڵی 1912دا 17.6 ملیۆن تـەنی بەرهـەمهێنا لـە بەرامبـەر 9.0 ملیـۆن تـەنی بـەریتانیا، واتـا ئـەڵمانیا بەشـێوەیەکی ئێجگـار زۆر بەسـەر ئینگلتـەرادا سـەرکەوت![229] دەپرسـین ئایـا لـە سـایەی سـەرمایەداریدا جگەلـە جـەنگ ئـامرازێکی تـر هـەیـە، لەلایەکـەوە بـۆ ڕێککردنـەوەی نـاڕێکی و نەهێشـتنی نابەرابـەریی نێـوان گەشەسـەندنی هێزەکـانی بەرهـەمهێنان و کەڵەکـەکردنی سـەرمایە، لەلایـەکی تریشەوە بۆ دابەشکردنی موستەعمیرەکان و ناوچـەکانی ژێرهـەژموون و ژێردەسـتەی سـەرمایەی دارایی؟

[229] Cf. also Edgar Crammond, “The Economic Relations of the British and German Empires” in The Journal of the Royal Statistical Society, July 1914, p.777 et seq.

## بەشی هەشتەم
## مشەخۆری و پووکانەوەی سەرمایەداری

ئێستا پێویستە لەسەرمان باسی یەکێکی تر لە لایەنە گرنگەکانی ئیمپریالیزم بکەین کە زۆرجار لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکاندا سەبارەت بەم بابەتە بایەخێکی ئەوتۆی پێنادرێت. چونکە یەکێک لە نەقسەکانی هێلفریدینگی مارکسی ئەوەبوو بەبەراورد لەگەڵ هۆبسۆنی نامارکسی هەنگاوێکی بەرەو دواوەوە ناوە. مەبەستم مشەخۆرییە، کە ئیمپریالیزم لەسەری هەڵتۆقیوە و یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی.

پێشتر بینیمان کە مۆنۆپۆلی قووڵترین بناغەی ئابووریی ئیمپریالیزمە. ئەویش مۆنۆپۆلیی کەپیتالیستە، کە دەرهاویشتەی سەرمایەدارییە و لەنێو ژینگەی گشتیی سەرمایەداری و بەرهەمهێنانی کالا و ڕکابەرێتیدا بوونی هەیە و، بەردەوام لەنێو ئەم ژینگە گشتییەدا لێکدژە و کارلێک ناکات. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، وەک هەموو مۆنۆپۆلییەک، حەتمەن مەیلی سستبوون و پووکانەوە دروست دەکات. لەوەتەی نرخی مۆنۆپۆلی هاتوتە ئاراوە، گەر بەشێوەیەکی کاتییش بێت، پاڵنەرەکانی پێشکەوتنی تەکنیکی لەناودەبات، بەمشێوەیەش هەموو پێشکەوتنێک دوادەخات، ئینجا ئیمکانی ئابووری بۆ ڕێگریکردنی بەئەنقەست لە پێشکەوتنی تەکنیکی دەردەکەوێت. بۆنموونە: لە ئەمریکا کەسێک بەناوی ئۆینس ئامێرێکی داهێنا کە لە دروستکردنی بتڵدا شۆڕشێکی بەرپاکرد. هەربۆیە کارتێلی ئەڵمانی بۆ دروستکردنی بتڵ مافی داهێنانەکەی لە ئۆینس کڕی و خستییەژێر چنگی خۆیەوە، بەوشێوەیەش ڕێگریکرد لە بەکارهێنانی. بێگومان مۆنۆپۆلی لە سایەی سەرمایەداریدا هەرگیز ناتوانێت بەتەواوی و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ڕکابەرێتیی نێو بازاڕی جیهانی لەناوبەرێت (بەم بۆنەیەوە دەڵێین ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی سەخافەتی تیۆری سەرو-ئیمپریالیزم). بەدڵنیاییەوە ئیمکانی دابەزاندنی تێچووی بەرهەمهێنان و زیادکردنی قازانج لەڕێگەی تێچاندنی چاککردنە تەکنیکییەکانەوە[230] لە بەرژەوەندیی گۆڕانکارییەکان کاردەکات. بەڵام مەیل و خواستی سستبوون و پووکانەوە، کە تایبەتمەندێتیی مۆنۆپۆلییە، لە کردارەکەی بەردەوام دەبێت، هەروەها لە ماوەیەکی دیاریکراودا لە هەندێک لقی پیشەسازی و هەندێک لە وڵاتاندا بالادەست دەبێت.

[230] technical improvements.

مۆنۆپـۆلکردنی خاوەنـداریێتیی گـەلێک موسـتەعمیرەی زۆرفـراوان و، دەوڵەمەنـد یـان خاوەن پێگەیەکی باش، بەهەمان ئاراستەدا کاردەکات.

دواتر، ئیمپریالیزم کەڵەکەبوونی لەڕادەبەدەری سـەرمایەی نەختییە لـەنێو ژمارەیـەکی کـەم لـە وڵاتـان، وەک پێشـتریش بینیمـان بڕەکـەی دەگاتـە 100–150 ملیار فرەنک لـە کاغەزی دارایی. لێرەشەوە بەشێوەیەکی نائاسایی چینایەتی گەشـەدەکات، یان ڕاسـتتر، توێژی ڕانتخۆرەکان، واتا ئەو کەسانەی بە "بڕینی کۆبۆنـەکان" دەژین، ئـەو کەسـانەی لە هیچ پرۆژەیەکدا بەشدار نین، ئەوانەی پیشـەکەیان تەمەڵی و بەتاڵییە. هـەناردەکردنی سـەرمایە، کە یەکێکە لە گرنگترین بناغـە ئابوورییـەکانی ئیمپریـالیزم، بەتـەواوی تـوێژی خـاوەن دەرامەتـەکان [ڕانتخۆرەکـان] لـە بەرهـەمهێنان دادەبڕێت، مـۆرکی مشـەخۆری دەدات لـە هـەر وڵاتێک کـە بـە قـۆرخکردن و ئیسـتغلالی هێـزی کـاری وڵاتـانی ئـەودیو زەریا و موستەعمیرەکان دەژین.

هۆبسـۆن دەنووسـێت: "لـە سـاڵی 1893دا سـەرمایەگوزاریی بـەریتانیا لــە دەرەوە گەیشـتۆتە نزیکـەی 15%ی کـۆی سـامانی شانشـینی یـەکگرتوو"[231]. وەبیـری خوێنـەر دەهێنینـەوە کـە ئـەم سـەرمایە لـە دەوروبـەری سـاڵی 1915دا بـۆ نزیکـەی 150% بــەرزبووەوە. هۆبسـۆن بـەردەوام دەبێـت و دەڵێـت: "ئیمپریـالیزمی شـەڕانگێز، کـە تێچوویەکی زۆر دەخاتە ئەستۆی باجدەرەکان و، بڕێکی کـەمتر دەخاتەسـەر پیشـەساز و بازرگانـەکان... سـەرچاوەی قازانجێکی بێشـوومارە بـۆ ئـەو وەبەرهێنـەی[232] دەیـەوێت سـەرمایەگوزاری بکات... کۆی گشتیی دەرامەتی سـاڵانە کە بـەریتانیای مـەزن لـە کـۆی بازرگانییـەکانی لەگـەڵ دەرەوە و موسـتەعمیرەکاندا بەدەسـتیدەهێنێت –هـەناردە و هـاوردە– بـەپێی ئامـاری ڕ. جیفـان لـە سـاڵی 1899دا گـەیشـتە 18 ملیـۆن جونـەی ئیستەرلینی (نزیکەی 170 ملیۆن ڕۆبڵ) بەوەرگرتنی 2.5%ی خولی سـەرمایەی 800 ملیـۆن جونـەی ئیسـتەرلینی". ئـەم بـڕە زەبەلاحـەش ناتوانێـت ڕاڤـە و تەفسـیری ئیمپریالیزمی بـەریتانیی شـەڕانگێز بکات. ئەوەی تەفسیری دەکات بـڕی 90 بـۆ 100 ملیۆن جونـەی ئیسـتەرلینییە، کـە داهـاتی سـەرمایەی "وەگـەڕخراو"ە، داهـاتی تـوێژی ڕانتخۆرەکانە.

---

[231] Hobson, op. cit., pp. 59, 60.

[232] Investor.

داهـاتی وڵاتـانی ڕەیعـی و ڕانتخۆرەکـان پێنج ئەوەنـدەی داهـاتی بازرگـانیی دەرەکیـی گــەورەترین وڵاتــی "بازرگانی"یــە لــە جیهانــدا! ئەمــەش جەوهــەری ئیمپریــالیزم و مشەخۆریی ئیمپریالیستە.

لەبـەر ئـەم هۆکـارە زاراوەی "دەوڵـەتی ڕەیعـی"[233] (Rentnerstaat) یـان دەوڵـەتی سووخۆر، چیتر لە ئەدەبیاتی ئابووریدا دەربارەی ئیمپریالیزم دەبێتە [زاراوەیەکی] باو. جیهان دابەشبووە بۆ چەپکێک دەوڵـەتی سـووخۆر و زۆرینەیـەکی ڕەها لـە دەوڵـەتانی قـەرزار. شـۆلتزە-گیڤیرنیتـز دەنووسـێت: "لـەنێو سـەرمایەگوزارییە دەرەکییەکانـدا، ئـەو وەبەرهێنانانـەی بەپلـەی یەکـەم دێـن بـریتین لـەو وڵاتانـەی کـە لـەڕووی سیاسـییەوە پاشـکۆن یـان هاوپـەیمانن: ئینگلتـەرا قـەرز دەبەخشـێت بـە میسـر و یابـان و چـین و ئەمریکای باشـوور. لـەکاتی پێویستیشـدا کەشـتییە جەنگییەکـەی ڕۆڵـی دادگا دەگێڕێت. هێزە سیاسییەکەی بەریتانیای مەزن لـە ڕق و تـووڕەیی قـەرزارەکان دەیپارێزێت"[234].

سـارتۆریس ڤـان ڤالتەرسـهاوزن لـە کتێبەکەیـدا بەناونیشـانی "سیسـتەمی ئـابووریی نیشتیمانی لە سـەرمایەگوزاریی دەرەکیدا" ئاماژە بە هۆڵەندا دەکات بەوپێیەی مۆدێلێکی "دەوڵەتی ڕەیعی"یە، هەروەها دەڵێت بـەریتانیای مـەزن و فەرەنسـا خـەریکن دەبنـە دوو دەوڵەتی لەو شێوەیە[235]. شیڵدەر پێی وایە پێنج دەوڵەتی پیشەسازی بوون بە "وڵاتـانی بەئاشکرا قەرزدەر": ئینگلتەرا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، بەلجیکا، سویسرا. ئەو هۆڵـەندا ناخاتـە نێــو لیســتەکەوە، لەبەرئــەوەی "گەشەســەندنی پیشەســازیی لاوازە"[236]. ویلایەتــە یەکگرتووەکانیش تەنها قەرز بە ئەمریکا دەدات.

شـۆلتزە-گیڤیرنیتـز دەنووسـێت: "خـەریکە بـەریتانیای مـەزن وردە وردە لـە دەوڵـەتێکی پیشەسازییەوە دەگۆڕدرێت بـە دەوڵـەتێکی قـەرزدەر، سـەرەڕای ئـەوەی بەرهـەمهێنانی پیشەسازی و هەناردەی کاڵای ئامادەکراو بەشێوەیەکی ڕەها زیاد دەکەن، ئەوا ڕێژەی داهـاتی سـوود و قـازانجی پشـکەکان و عمولـە و پارەبەزییـەکان بەنیسـبەت ئـابووریی نیشـتیمانییەوە بەرزدەبێتـەوە. بـەڕای مـن ئـەم واقیعـە بناغـەی ئـابووریی هەسـتانەوەی ئیمپریالیسـتییە. پەیوەسـتبوونی قـەرزدەر بـە قـەرزدارەوە لـە پەیوەنـدیی فرۆشـیار بـە

[233] rentier state.
[234] Schulze-Gaevernitz, Britischer Imperialismus, S.320 et seq.
[235] Sartorius von Waltershausen, Das volkswirtschaftliche System, etc., Berlin, 1907, Buch IV.
[236] Schilder, op. cit., S. 393.

کڕیارەوە پتەوترە"[237]. سەبارەت بە ئەڵمانیاش، لانسبۆرگ خاوەنی گۆڤاری "بانک"ی بەرلینی لە وتارێکدا بەناونیشانی "ئەڵمانیا دەوڵەتی ڕەیعی" دەنووسێت: "خەڵک لە ئەڵمانیا گاڵتە بەپەرۆشیی فەرەنسییەکان دەکەن بۆئەوەی ببنە ڕانتخۆر. بەڵام ئەوان بیریانچووە کە حاڵەتی بۆرژوازیی ئەڵمانیا بەرە بەرە دەبێتە هاوشێوەی حاڵەتی فەرەنسا"[238].

دەوڵەتی ڕەیعی، دەوڵەتی سەرامایەداریی مشەخۆری داڕزاوە، بێگومان ئەمەش، لەو وڵاتانەدا کاریگەریی لەسەر بارودۆخی سۆسیۆ-سیاسی بەگشتی و، هەردوو ئاراستەی بنەڕەتیی بزووتنەوەی کرێکاران بەتایبەتی، هەیە. بۆئەوەی بەڕوونترین شێوازی مومکین ئەمە ڕوون ببێتەوە، قسەوباسەکە جێدەهێڵین بۆ هۆبسۆن بەوپێیەی باشترین شایەتی "باوەڕپێکراو"ە، چونکە مەحاڵە بەوە تۆمەتبار بکرێت گوایە مەیل و ئاراستەی "مارکسیستی ئەرتەدۆکسی"ی هەیە. لەلایەکی تریشەوە، لەبەرئەوەی ئینگلیزە، واتا ئاشنایەتی و شارەزاییەکی تەواوی لەسەر بارودۆخی وڵاتێک هەیە کە دەوڵەمەندە بە موستەعمیرە و سەرمایەی دارایی و ئەزموونی ئیمپریالیستی.

هۆبسۆن لەژێر کاریگەریی بیرکردنەوە زیندووەکانیدا دەربارەی جەنگی ئەنگلۆ-بۆری، وەسفی پەیوەندیی نێوان ئیمپریالیزم و بەرژەوەندیی "پارەدارەکان" و زیادبوونی قازانجەکانیان لەڕێگەی کۆنتەراتەکان و دابینکردنی کەرەستەی سەربازییەوە.. هتد، کردووە، هەروەها دەنووسێت: "ئەوانەی ئەم سیاسەتە مشەخۆرییە ئاشکرایە ئاراستە دەکەن سەرمایەدارەکانن، بەڵام هەمان ئەو پاڵنەرانە کار لەسەر هەندێک توێژی کرێکاران دەکەن. لە زۆربەی شارەکاندا، گرنگترین لقە بازرگانی و پیشەسازییەکان پشت بە وەزیفە و گرێبەستە حکومییەکان دەبەستن. ئیمپریالیزم لە سەنتەرەکانی پیشەسازیی کانزا و دروستکردنی کەشتیدا تاڕادەیەکی زۆر بەم واقیعەوە پەیوەستن". بەڕای نووسەر دوو بارودۆخ هەن کە هێزی ئیمپراتۆرییەتی کۆن لاواز دەکەن: 1) مشەخۆریی ئابووری. 2) پێکهێنانی سوپاکان لە گەلە ملکەچ و پاشکۆکان. "یەکەمیان عادەتی مشەخۆریی ئابوورییە، کە لەڕێگەیەوە دەوڵەتی باڵادەست و دەستڕۆیشتوو سوود لە هەرێم و موستەعمیرەکان و وڵاتە پاشکۆکان دەبینێت بۆ دەوڵەمەندکردنی

[237] Schulze-Gaevernitz, op. cit, S. 122.
[238] Die Bank, 1911, 1, S. 10-11.

چینی حوکمڕان و بەرتیلدان بە چینی خوارەوە تاکو قایل و بێدەنگ بن". ئێمە لای خۆمانەوە ئەوە سەربار دەکەین کە ئەم بەرتیلە بە هەر شێوەیەک بەدەستهاتبێت، دەبێتە توانستێکی ئابووری، دەبێتە قازانجێکی بێشوماری مۆنۆپۆلیست.
سەبارەت بە دۆخی دووەم هۆبسۆن نووسیویەتی: "سەیرترین سیپتۆمەکانی کوێری و نەفامیی ئیمپریالیزم بریتییە لە کەمتەرخەمی و سوک تەماشاکردنی ئەو ڕێگا مەترسیدارەی کە بەریتانیای مەزن و فەرەنسا و نەتەوە ئیمپریالیستەکانی تر گرتوویانەتەبەر. بەریتانیای مەزن هەمووانی تێپەڕاند. زۆربەی ئەو شەڕانەی بۆ دەستبەسەراگرتنی ئیمپراتۆرییەتە هیندییەکەمان کردوومانە، سەربازە لۆکاڵی و ڕەسەنەکانی هیندستان پێی هەستاون، چونکە لە هیند و لەم دواییەشدا لە میسر سوپاگەلێکی گەورەی نیزامی هەن کە لەژێردەستی فەرماندە بەریتانییەکاندان. زۆربەی ئەو شەڕە هاوبەشانەی بۆ داگیرکردنی ئەفریقیاش کردوومانە جگەلە ئەفریقیای باشوور، سەربازە ناوخۆییەکان لەپێناو ئێمەدا پێی هەستاون".
هۆبسۆن لەڕووی ئابوورییەوە بەمشێوەیە ئەگەری دابەشبوونی چین دەخاتەڕوو: "بەشێکی گەورەی ئەورووپای ڕۆژئاوا ڕەنگە هەمان ڕواڵەت و خەسڵەت بپۆشن کە لە ئێستادا بەشێک لەم وڵاتانە هەیانە: باشووری ئینگلتەرا، ڕیڤییرا، ئەو ناوچە ئیتاڵی و سویسریانەی کە گەشتیار و دەوڵەمەندی تیادا نیشتەجێ دەبن، مەبەستمان چەپکێکی بچوکە لە ئەرستۆکراتە دەوڵەمەندەکان کە داهات و قازانجی پشکەکان و مووچەکانیان لە ڕۆژهەلاتی دوورەوە بۆ دێت، لەگەڵیشیاندا گروپێکی گەورەتر لە پیشەوەر و بازرگان و، ژمارەیەکی گەورەتریش لە خزمەتکاری ناوماڵ و کرێکاری گواستنەوەی بازرگانی و بەرهەمهێنانی شمەکی نیمچە ئامادەکراو، هەیە. بەڵام لقە پیشەسازییە سەرەکییەکانی تر لەناودەچن و بڕێکی زۆر لە خواردەمەنی و شمەکی ئامادەکراو لە ئاسیا و ئەفریقیاوە وەک پاداشت هەڵدەقوڵێن... ئێمە لە بەردەم ئاسۆی ئیمکانی هاوپەیمانێتییەکی گەورەترین لە نێوان دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکاندا، یەکێتیی ئەورووپا لە نێوان دەوڵەتە زلهێزەکاندا، ئەم فیدراسیۆنەش سەرەڕای ئەوەی کەیسی شارستانییەتی جیهانی بەرەو پێش نابات، ڕەنگە ببێتە دەروازەی مەترسییەکی گەورەی [دروستبوونی] مشەخۆریی ڕۆژئاوایی، گروپێک لە میللەتانی پیشەسازیی پێشکەوتوو دەرکەون، چینە باڵاکەیان پاداشتێکی گەورە لە ئاسیا و ئەفریقیا بەدەستدەهێنن، تاکو

بتوانن پاڵپشتی جەماوەریماڵیکراو لە خزمەتکار و ئەو کارمەندانەی سەرقاڵ نین بە بەرهەمهێنانی کەرەستەی پیشەسازی و کشتوکاڵییەوە بکەن، ئەوانەی خەریکی خزمەتی شەخسیین، یان لەژێر سەرپەرشتیی ئەرستۆکراتیی داراییی نوێدا هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کاری پیشەییی لاوەکی. ئەوانەی ئامادەن ئەم تیۆرە پەراوێزبخەن (واباشترە ئەمە لە ئایندەدا بوترێت) بەوپێیەی شایەنی سەرنجدان نییە، ڕێگری لەوە بکەن بیر لە هەلومەرجی ئابووری و کۆمەلایەتیی ئەمڕۆی ناوچەکانی ئینگلتەرای باشوور بکەنەوە، کە گەیشتووە بەم بارودۆخە. با بیر لەو مەودا فراوانە بکەنەوە کە دەشێت سیستەم پێی بگات لە حاڵەتێکدا ئەگەر چین لەڕووی ئابوورییەوە ملکەچی گروپە داراییەکان بوو، هاوشێوەی [گروپە] پارەدارەکان، وەبەرهێنەرەکان، هەروەها کارمەندە سیاسی و پیشەیی و بازرگانییەکان، ئەوانەی لە گەورەترین گەنجینەی سامانی شاراوەدا کە تاکو ئێستا جیهان بەخۆیەوە بینیوە قازانجەکان هەڵدەلوشن و لە ئەورووپا بەکاریدەهێنن و خەرجی دەکەن.  شایەنی باسە حاڵەتەکە لەوپەڕی ئاڵۆزیدایە، یاریی زلهێزەکانی جیهان لەژماردن نایەت، ئەگەری زۆری هەیە ببێتە تاکە ڕاڤە و تەفسیری ئاییندە. بەلام ئەو کاردانەوە و کاریگەریانەی لە ئەمڕۆدا ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوای ئەورووپا هەڵدەسوڕێنن بەم ئاراستەیەدا دەڕوات، ئەگەر ڕووبەڕووی بەرەنگاری[239] نەبێتەوە و ئاراستەکەی نەگۆڕێت، ئەوا بەرەوە کۆتایی و هێنانەدی پرۆسەکە هەنگاودەنێت"[240].

نووسەر تەواو لەسەر حەقە: ئەگەر بەرەنگاریی هێزە ئیمپریالیستەکان نەکرێت حەتمەن بەم ئەنجامە دەگات. چونکە مەغزای "ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەورووپا" لەم ڕەوشە ئیمپریالیستەی ئێستادا بەڕاستی و دروستی [لەلایەن نووسەرەوە] خەملاندنی بۆکراوە. ئەوەی پێویست بوو سەربار بکرێت ئەوەیە، کە هەروەها ئۆپۆرتۆنیستەکانیش لەنێو بزووتنەوەی چینی کرێکاراندا بەشێوەیەکی سیستەماتیک ڕێک بەهەمان ئاراستەدا "کاردەکەن"، ئەوانەی بەشێوەیەکی کاتی لە زۆربەی ولاتاندا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. چونکە ئیمپریالیزم، کە بەمانای دابەشکردنی جیهان و قۆرخکردن و قۆستنەوەی ولاتانی تریش دێت نەک بەس بەتەنها چین، واتا

---

[239] Counteracted.مقاومة.

[240] Hobson, op. cit., pp. 103, 205, 144, 335, 186.

قازانجگەلێکی مۆنۆپۆلیی باڵا بۆ چەپکێک لە دەوڵەمەندترین وڵاتان، ئەوا لەڕووی ئابوورییەوە ئیمکانی بەرتیلدان بە توێژە باڵاکانی پرۆلیتاریا دروستدەکات، بەوشێوەیەش ئۆپۆرتۆنیزم بەخێو دەکات و شکڵی پێدەدات و بەهێزی دەکات. بەڵام ئەوەی پێویستە لەبیری نەکەین، ئەو هێزانەیە کە بەرەنگاری ئیمپریالیزم بەگشتی و ئۆپۆرتۆنیزم بەتایبەتی دەکەن، ئەو هێزانەی بێگومان هۆبسۆنی سۆسیال-لیبراڵ نایانبینێت.

ئۆپۆرتۆنیستی ئەڵمانی گیرهارد هیلدیبراند کە لەکاتی خۆیدا بەهۆی بەرگریکردنی لە ئیمپریالیزم لە حیزب دەکرا و مومکینە ئەمڕۆ ببێت بە زەعیمی حیزبی بەناو "سۆسیال-دیموکراتی"ی ئەڵمانی، ئەوەتا داکۆکی لە قسەکانی هۆبسۆن دەکات و داوای پێکهێنانی "ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا" دەکات (بەبێ ڕووسیا) بەمەبەستی کاری "هاوبەش"... لەدژی زنجی و ڕەشپێستە ئەفریقییەکان، لەدژی "بزووتنەوەی ئیسلامیی گەورە" و بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی "سوپا و هێزی دەریاییی بەهێز"، لەدژی "هاوپەیمانێتیی یابانی-چینی"[241]، هتد.

وەسفی شۆلتزە-گیڤێرنیتز بۆ "ئیمپریالیزمی بەریتانی" هەمان نیشانە و تایبەتمەندییەکانی مشەخۆری دەردەخەن. داهاتی نیشتیمانیی بەریتانیای مەزن لە ساڵی 1865 بۆ 1898 بەنزیکەی دوو ئەوەندە زیادیکرد، لەکاتێکدا لەهەمان ئەو ماوەیەدا کۆی داهات "لە دەرەوە" بۆ نۆ ئەوەندە زیادیکرد. ئەگەر لێهاتوویی ئیمپریالیزم ئەوەبێت "زنجی فێری کار و پیشە دەکات" (بێگومان سەرباری زۆرەملێیی...)، ئەوا "مەترسی"ی ئیمپریالیزم لەوەدا کورتدەبێتەوە کە "ئەوروپا ڕەنج و کاری جەستەیی دەخاتەسەرشانی ڕەگەزی ڕەنگاوڕەنگ -سەرەتا کشتوکاڵی و پیشەسازیی کانزایی، دواتر کاری سەختتر لە پیشەسازیدا- خۆیشی تەنها ڕۆڵی خاوەن دەرامەت [ڕانتخۆر] دەبینێت، ڕەنگە بەوەش لەڕووی ئابووری و دواتر سیاسییەوە ڕێگەخۆشبکات بۆ ڕزگارکردنی ڕەگەزە سوور و ڕەشەکان".

لە ئینگلتەرا بەشێکی زۆر لە خاکی کشتوکاڵی تەرخان دەکرێت بۆ وەرزش و ڕابواردنی دەوڵەمەندەکان. سەبارەت بە سکۆتلەندا -کە بۆ ڕاوکردن و جۆرەکانی تری

241 Gerhard Hildebrand, Die Erschütterung der Industrieherrschaft und des Industriesozialismus [The Shattering of the Rule of Industrialism and Industrial Socialism], 1910, S. 229 et seq.

وەرزش شوێنێکی ئەرستۆکراتییە- دەوترێت: "ئەو لەسەر ڕابردووەکەی و مستەر کانگی دەژێت" (ملیاردێرە ئەمریکییەکە). ئینگلتەرا ساڵانە 14 ملیۆن جونەی ئیستەرلینی (نزیکەی 130 ملیۆن ڕۆبڵ) لەسەر پێشبڕکێی ئەسپ و ڕاوە ڕێوی خەرجدەکات. ژمارەی ڕانتخۆرەکان دەگەنە نزیکەی یەک ملیۆن، ڕێژەی کارمەندانی بەرهەمهێنەریش بەرامبەر بە کۆی گشتیی دانیشتوان دادەبەزێت:

| ساڵ | دانیشتوانی ئنگلتەرا (بەملیۆن) | ژمارەی کرێکاران لە لقە پیشەسازییە سەرەکییەکاندا (بەملیۆن) | ڕێژەیان لە کۆی گشتیی دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| 1851 | 17.9 | 4.1 | %23 |
| 1901 | 32.5 | 4.9 | %15 |

کاتێک توێژەری بۆرژوازی لە "ئیمپریالیزمی بەریتانی لە سەرەتای سەدەی بیستەم"دا باس لە چینی کرێکاری ئینگلیزی دەکات، ناچارە بەشێوەیەکی سیستەماتیک جیاوازی لە نێوان "توێژی سەرەوە"ی کرێکاران و "توێژی خوارەوەی پرۆلیتاریای ڕووت"دا بکات. توێژی سەرەوە پێکهاتووە لە ئەندامانی کۆمەڵەی هەرەوەزی و یەکێتیی بازرگانی و یانە وەرزشییەکان و تایەفە ئاینییە زۆرەکان. سیستەمی هەڵبژاردنیشی بەپێی ئاستەکەی گونجاندووە، کە "هێشتا لە ئینگلتەرا بەڕادەیەک سنوردارکراوە کافییە بۆئەوەی توێژی خوارەوەی پرۆلیتاریای ڕووت [لەو پرۆسەیە] دووربخرێتەوە"! بۆ دەرخستنی دۆخی چینی کرێکاری بەریتانی بەشێوەیەکی باشتر و بریقەدار، زۆربەی کات تەنها باس لە توێژی سەرەوە دەکەن کە کەمینەی پرۆلیتاریا پێکدەهێنێت، بۆنموونە: "مەسەلەی بێکاری پرسێکی سەرەکیی لەندەنە و سیاسییەکان بایەخێکی ئەوتۆ بە توێژی خوارەوەی پرۆلیتاریا نادەن..."[242]. دەبوایە بوترایە: سیاسییە بۆرژوازەکان و ئۆپۆرتۆنیستە "سۆسیالیستەکان" بایەخێکی ئەوتۆی پێنادەن.
لە خەسڵەتە تایبەتەکانی ئیمپریالیزم کە وەسفیان دەکەم و پەیوەستن بە کۆمەڵێک فاکتەوە، بریتییە لەوەی کۆچکردن لە وڵاتە ئیمپریالیستەکانەوە کەمیکردووە و

[242] Schulze-Gaevernitz, Britischer Imperialismus, S. 301.

کۆچکردن بۆ ئەم وڵاتانە زیادیکردووە، هەڵبەتە لەو وڵاتە زۆر دواکەوتووەکانەوە کە کرێی کار تیایاندا نزمە. وەک ئەوەی هۆبسۆن ئاماژەی پێدەکات لەساڵی 1884ەوە کۆچکردن لە ئینگلتەراوە کەمدەبێتەوە: لەو ساڵەدا ژمارەی کۆچبەران گەیشتە 242 هەزار، بەڵام لە ساڵی 1900دا بوو بە 169 هەزار کەس. کۆچکردن لە ئەڵمانیاوە لە نێوان ساڵانی 1881-1890 گەیشتە ئەوپەڕی سنووری خۆی کە ژمارەیان 1,453 ملیۆن کۆچبەر بوو، لە دوو دەیەی دواتریشدا ژمارەکە دابەزی بۆ 544 هەزار و 341 هەزار. لە بەرامبەریشدا ژمارەی ئەو کرێکارانەی لە نەمسا و ئیتاڵیا و ڕووسیا و وڵاتانی ترەوە هاتوونەتە نێو ئەڵمانیاوە زیادیکردووە. بەپێی ئامارێکی ساڵی 1907 لە ئەڵمانیادا 1,342,294 بیانی هەبوون لەنێویاندا 440800 کرێکاری پیشەیی و 257329 کرێکاری کشتوکاڵی بوون.[243] لە فەرەنساش کرێکارانی پیشەسازیی کانزایی "لەنێو بەشە گەورەکان"دا [کرێکاری] بیانی بوون: پۆڵۆنی و ئیتاڵی و ئیسپانی.[244] لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، کۆچبەرانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و باشوور ئەو کارانە دەکەن کە نزمترین کرێی لەسەر وەردەگرن، لەکاتێکدا کرێکارە ئەمریکییەکان ڕێژەیەکی بەرز لە چاودێران پێکدەهێنن یان ئەو کارانە دەکەن کە باشترین کرێی لەسەر وەردەگرن[245]. هەروەها ئیمپریالیزم دەخوازێت لە نێوان کرێکارانیشدا توێژی تایبەت و خاوەن ئیمتیاز دروستبکات و لە جەماوەری فراوانی پرۆلیتاریا جیایان بکاتەوە.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە مەیل و خواستی ئیمپریالیزم بۆ دروستکردنی درز و کەلێن لەنێو ڕیزەکانی کرێکاراندا و بەهێزکردنی ئۆپۆرتۆنیزم لەنێویاندا و گەندەڵکردنی بزووتنەوەی چینی کرێکاران بەشێوەیەکی کاتی، بەماوەیەکی زۆر پێش کۆتاییی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئینگلتەرا دەرکەوت. لەبەرئەوەی دوو سیما و خەسڵەتی سەرەکیی ئیمپریالیزم لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە لە ئینگلتەرا دەرکەوتن: خاوەنداریێتیی موستەعمیرەی گەورە و فراوان، پێگەی مۆنۆپۆلیستی لە بازاڕی جیهانیدا. مارکس و ئەنگڵس لە ماوەی چەندین دەیەدا

---

[243] Statistik des Deutschen Reichs, Bd. 211.

[244] Henger, Die Kapitalsanlage der Franzosen [French Investments], Stuttgart, 1913.

[245] Hourwich, Immigration and Labour, New York, 1913.

بەدواداچوونیان بۆ ئەو لینک و پەیوەندییە دەکرد کە ئۆپۆرتۆنیزم لەنێو بزووتنەوەی چینی کرێکاراندا بە تایبەتمەندی و خەسڵەتە ئیمپریالیستییەکانی سەرمایەداریی بەریتانییەوە دەبەستێتەوە. بۆنموونە، لە 7ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1858دا ئەنگڵس بۆ مارکس دەنووسێت: "پرۆلیتاریای ئینگلیزی ڕۆژ بە ڕۆژ بەفیعلی دەبێتە بۆرژوازی، وادیارە ئەم میللەتەی کە لەنێو سەرجەم میللەتاندا ئەوپەڕی بۆرژوازییە، دەیەوێت لە کۆتاییدا بەتەنیشت چینی بۆرژوازییەوە، ئەرستۆکراسیی بۆرژواز و پرۆلیتاریای بۆرژوازی هەبێت. بەدڵنیاییەوە ئەمەش بەنیسبەت میللەتێکەوە کە هەموو جیهانی قۆرخکردووە شتێکی لۆژیکی و حاشاهەڵنەگرە". پاش چارەکە سەدەیەک، لە بەروای 11ی ئابی 1881 ئەنگڵس لە نامەیەکدا باس لە "خراپترین سەندیکاکرێکارییە ئینگلیزییەکان[246] دەکات ئەوانەی خۆیان ڕێگەیان داوە کەسانێک سەرکردایەتیان بکەن کە چینی ناوەڕاست کڕیونی یان لانی کەم پارەیان پێدەدات". دواتر ئەنگڵس لە نامەیەکدا بۆ کاوتسکی لە بەرواری 12ی ئەیلولی 1882دا دەنووسێت: "دەربارەی ڕاوبۆچوونی کرێکارە ئینگلیزەکان لەسەر سیاسەتی کۆلۆنیاڵیزم پرسیارم لێدەکەیت؟ ئەوان بەگشتی هەمان بیروبۆچوونیان هەیە کە دەربارەی سیاسەت هەیانە. لێرە حیزبی کرێکاران بوونی نییە، ئەوەی لێرە هەیە حیزبی کۆنزەرڤاتیڤ و حیزبی ڕادیکاڵ- لیبراڵەکانە، کرێکارانیش لە شادی و خۆشیی خوانی مۆنۆپۆلیی ئینگلتەرا لە موستەعمیرەکان و بازاڕی جیهانیدا بەشدارن"[247]. (ئەنگڵس لە پێشەکیی چاپی دووەمی کتێبی "دۆخی چینی کرێکار لە ئینگلتەرا"دا، کە لە ساڵی 1892دا بڵاوبووەوە، گوزارشتی لەهەمان ئایدیا کردووە).

لێرەدا بەڕوونی ئاماژە بە هۆکارەکان و ئەنجامەکان دەکەم. هۆکارەکان: 1) ئیستغلال و قۆرخکردنی هەموو جیهان لەلایەن ئەم وڵاتەوە. 2) پێگە مۆنۆپۆلیستییەکەی لە بازاڕی جیهانیدا. 3) پێگە مۆنۆپۆلیستییەکەی لە موستەعمیرەکاندا. ئەنجامەکان: 1) بەشێکی پرۆلیتاریای ئینگلیزی دەبنە بۆرژوازی. 2) بەشێکی پرۆلیتاریا خۆیان تەسلیمی سەرکردایەتییەک کردووە کە بۆرژوازی کڕیونی یان لانی کەم پارەیان

---

[246] English trade unions.

[247] Briefwechsel von Marx und Engels, Bd. II, S. 290; IV, 453 — Karl Kautsky, Sozialismus und Kolonialpolitik, Berlin, 1907, S. 79; this pamphlet was written by Kautsky in those infinitely distant days when he was still a Marxist.

پێدەدات. ئیمپریالیزم لە سەرەتای سەدەی بیستەوە پرۆسەی دابەشکردنی جیهانی لە نێوان چەپکێک وڵاتدا تەواو کردووە، کە ئەمڕۆ هەر یەکێکیان بەشێکی لە "کۆی جیهان" ئیستغلال کردووە (بە مانای هەڵلوشینی قازانجێکی بێشومار)، هیچ بەشێکیان لەو بەشەی بەریتانیا کەمتر نییە کە لە ساڵی 1858دا بەریتانیا ئیستغلالی کردبوو، هەر یەکێکیشیان پێگەیەکی مۆنۆپۆلیی لە بازاڕی جیهانیدا پڕکردۆتەوە، ئەوەش بەهۆی تراستەکان و کارتێلەکان و سەرمایەی دارایی و پەیوەندییەکانی نێوان قەرزدەر و قەرزارەوەیە، هەر یەک لەمانە لە مەسەلەی کۆلۆنیالیزمدا تاڕادەیەک ڕۆڵێکی مۆنۆپۆلی دەگێڕن (پێشتر بینیمان کە لە کۆی 75 ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشە، 65 ملیۆنی سەرجەم موستەعمیرەکانی جیهان لەخۆدەگرێت، واتا 86%، کە لە دەستی شەش دەوڵەتدا چڕبۆتەوە، هەروەها 61 ملیۆن، واتا 81%ی لە دەستی سێ دەوڵەتدا چڕبۆتەوە).

سیفەتی تایبەتمەندی دۆخی ئێستا بریتییە لە زاڵبوونی هەلومەرجی ئابووری و سیاسی کە بەرەو ئەوە دەڕوات لێکدژی و هەڵنەکردنی نێوان ئۆپۆرتۆنیزم و بەرژەوەندیی گشتی و بنچینەییی بزووتنەوەی چینی کرێکاران قووڵتر بکاتەوە: ئیمپریالیزم لە کۆرپەوە گەشەیکرد بۆ سیستەمێکی باو و بالادەست، مۆنۆپۆلییە کەپیتالیستەکان لە ئابووریی نیشتیمانی و سیاسەتدا شوێنگەی یەکەمیان وەرگرت، دابەشکردنی جیهانیش بەکۆتاگەیشت، لەلایەکی تریشەوە، لەجیاتی مۆنۆپۆلیی بێ ڕکابەری ئینگلتەرا، دەبینین ژمارەیەکی کەم لە زلهێزە ئیمپریالیستەکان لەپێناو بەشداریکردن لەم مۆنۆپۆلییەدا ململانێ دەکەن، ململانێیەک کە تەواوی قۆناغی سەرەتای سەدەی بیستەم جیادەکاتەوە. ئێستا چیتر ئۆپۆرتۆنیزم ناتوانێت لەنێو بزووتنەوەی چینی کرێکاردا لە یەکێک لە وڵاتاندا بۆ چەندین دەیە سەرکەوتنی تەواو بەدەستبهێنێت، وەک ئەوەی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا لە بەریتانیا سەرکەوتووبوون، بەڵام لە ژمارەیەک لە وڵاتاندا گەشەیان کرد و پێگەیشتن،

لەڕادەبەدەر پێگەیشتن، بۆگەنیان کرد و پووکانەوە، تاکو بەشێوەیەکی تەواو لەگەڵ سیاسەتی بۆرژوازی لە فۆرمی سۆسیال-شۆڤێنیزمدا[248] ئاوێتەبوون.

[248] Russian social-chauvinism in its overt form represented by the Potresovs, Chkhenkelis, Maslovs, etc. and in its covert form (Chkheidze, Skobelev, Axelrod, Martov, etc.), also emerged from the Russian variety of opportunism, namely, liquidationism.

## بەشی نۆهەم
## ڕەخنەکردنی ئیمپریالیزم

ڕەخنەکردنی ئیمپریالیزم بەمانای فراوانی وشەکە، بەو هەڵوێستە لێیتێدەگەین کە سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگا بەپێی ئایدۆلۆژیای گشتییان بەرامبەر سیاسەتی ئیمپریالیستی وەریدەگرن.

بڕێکی بێشومار لە سەرمایەی دارایی کە لە دەستی کەمینەیەکدا چڕبۆتەوە و تۆڕێکی چڕوپڕ و بەربڵاوی لە پەیوەندییەکان و پەیوەستبوونەکان[249] دروستکردووە، ئەو تۆڕەی کە لەلایەکەوە، جگەلە کۆمەڵێک سەرمایەدار و خاوەنکاری مامناوەند و بچوک، بەڵکو تەنانەت زۆربچوکیش ملکەچی دەبن، لەلایەکی تریشەوە توندبوونەوەی خەبات لەدژی گروپە داراییەکانی دەوڵەت و میللەتانی تر لەپێناو دابەشکردنی جیهان و هەیمەنە و باڵادەستیی بەسەر وڵاتانی تردا، هەموو ئەمانەش دەبنە هۆی ڕاوەستانی سەرجەم چینە خاوەن موڵکەکان وەک فەوجی [پاڵپشتی] بەتەنیشت ئیمپریالیزمەوە. پەرۆشی و حەماسەتی "گشتی" بۆ ئایندەی ئیمپریالیزم و، بەرگریی شێتگیرانە و سواغدان و ئارایشتکردنی، بریتین لە ئاماژە دیارەکانی سەردەمێک. ئایدۆلۆژیای ئیمپریالیستی بەهەمان شێوە ڕۆدەچێتە نێو چینی کرێکارانەوە، چونکە شورای چینی[250] نییە تاکو لە چینەکانی تری جیابکاتەوە. ئەگەر سەرکردەکانی ئەمڕۆی حیزبی بەناو "سۆسیال-دیموکراتی"ی ئەڵمانی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە نازناوی "سۆسیال-ئیمپریالیست"یان وەرگرت، واتا بە قسە سۆسیالیست و بە کردەوەش ئیمپریالیست، ئەوا هۆبسۆن لە ساڵی 1902ەوە ئاماژەی بەبوونی "ئیمپریالیستە فابییەکان" لە ئینگلتەرا کردووە، ئەوانەی سەر بە کۆمەڵەی فابییە ئۆپۆرتۆنیستەکانن.

زۆرکات زاناکان و ڕۆژنامەنووسە بۆرژوازەکان بەشێوەیەکی تاڕادەیەک شاراوە بەرگری لە ئیمپریالیزم دەکەن، هەیمەنەی تەواو و ڕەگ و ڕیشە قووڵەکانی پەردەپۆش دەکەن، هەوڵدەدەن وردەکارییە بەشەکی و لاوەکییەکان بکەنە پێشەنگ، هەروەها مەسەلە جەوهەرییەکە فەرامۆش دەکەن، ئەوانەش لەڕێگەی دانانی بەرنامەیەکی پێکەنیناوی بەمەبەستی ئەنجامدانی چاکسازی و "ڕیفۆرم"، لە نموونەی

[249] relationships and connections.
[250] Chinese Wall.

چاودێریکردنی تراستەکان یان بانکەکان لەلایەن پۆلیسەوە. بەڵام ئیمپریالیستە ڕاشکاو و بێ ئابڕووەکان ئەوانەی بوێری ئەوەیان هەیە دان بە سەخافەتی بیرۆکەی ڕیفۆرمکردنی خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئیمپریالیزمدا بنێن، ئەوانە بەدەگمەن دەردەکەون و ڕای خۆیان دەڵێن.

بۆنموونە. لە گۆڤاری "ئەرشیفەکانی ئابووریی جیهانی"دا ئیمپریالیستە ئەڵمانییەکان هەوڵدەدەن شوێن ڕێڕەوی بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی لە موستەعمیرەکاندا، بکەون، بێگومان بەتایبەتی موستەعمیرە غەیرە ئەڵمانییەکان. ئەوان ئاماژە بە شڵەژان و نارەزایەتیی بزووتنەوەکان لە هیندستان و، ناتال (باشووری ئەفریقیا) و، هیندی هۆڵەندی و هتد، دەکەن. یەکێکیان لە ڕاپۆرتێکی ئینگلیزیدا لە کۆنفرانسی نەتەوە و ڕەگەزە پاشکۆکان کە لە بەرواری 28-30ی حوزەیرانی ساڵی 1910دا نوێنەرانی سەرجەم گەلانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەوروپا ئەوانەی لەژێر هەیمەنە و دەستڕۆیشتوویی بیانیدان بەستبوویان، سەرنجەکانی خۆی دەربارەی وتارەکانی نێو ئەم کۆنفراسە دەنووسێت: "پێمان دەڵێن پێویستە خەبات لەدژی ئیمپریالیزم بکرێت، پێویستە لەسەر دەوڵەتە باڵادەست و دەستڕۆیشتووەکان دان بە مافی سەربەخۆیی گەلە پاشکۆکاندا بنێن، هەروەها پێویستە دادگای نێودەوڵەتی سەرپەرشتیی جێبەجێکردنی پەیماننامە گرێدراوەکانی نێوان دەوڵەتە زلهێزەکان و گەلە لاوازەکان بکات. کۆنفرانسەکە لەم ئاواتە بەریئانە زیاتر هیچی تر ناخوازێت. ئێمە تێبینی هیچ شوێنەوارێک لەسەر تێگەیشتنی ئەو فاکتە ناکەین کە ئیمپریالیزم پەیوەندییەکی دانەبڕاوی لەگەڵ سەرمایەداری بەم فۆرمەی ئێستایەوە هەیە، لەبەرئەوەش (!!)، خەباتی ڕاستەوخۆ لەدژی ئیمپریالیزم نائومێدبەخشە، مەگەر شەڕ لەدژی هەندێک دیاردەی قیزەون بکەین"[251]. لەوەتەی بنچینە ڕیفۆرمەکانی ئیمپریالیزم بریتین لە فێڵ و، "ئاواتی بەریئانە"، لەوەتەی نوێنەرە بۆرژوازەکانی میللەتە چەوساوەکان "لەوە زیاتر" ناڕۆنە پێشەوە، ئەوا نوێنەرە بۆرژوازەکەی میللەتە چەوسێنەرەکە "لەوە زیاتر" دەڕواتە دواوەوە، بەرەو نۆکەری و کۆیلایەتی بۆ ئیمپریالیزم لەژێر بەرگی "زانستی"دا. لەڕاستیدا ئەوەش "لۆژیکی"یە!

---

[251] Weltwirtschaftliches Archiv, Bd. II, p. 193.

مەسەلە بنەڕەتییەکانی ڕەخنەکردنی ئیمپریالیزم بریتین لەوەی ئایا دەشێت لەڕێگەی ڕیفۆرمەوە بنەماکانی ئیمپریالیزم بگۆڕدرێت، ئایا بەرەو پێشەوە بۆ توندکردنەوە و قوولکردنەوەی ئەو ئەنتاگۆنیزمانە دەڕوات کە دروستیکردوون، یان بەرەو دواوەوە، بەئاراستەی دامرکاندنەوەی ئەنتاگۆنیزم و لێکدژییەکان. مادام خەسڵەتە سیاسییەکانی ئیمپریالیزم لە هەموو شوێنێکدا کۆنەپەرستانەیە و تیایدا چەوساندنەوەی نەتەوەیی بەهۆی ستەمی ئۆلیگارشیی دارایی و نەهێشتنی ڕکابەریتیی ئازادەوە خەستدەبێتەوە، ئەوا ئیمپریالیزم لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە سەرجەم وڵاتە ئیمپریالیستەکان ڕووبەڕووی ئۆپۆزسیۆنی دیموکراتیکی وردە-بۆرژواز دەبێتەوە. بەڵام دەستبەرداربوونی کاوتسکی و ڕەوتی کاوتسکیی ئەنتەرناسیۆنالی فراوان لە مارکسیزم، ڕێک لەبەرئەوەیە کە کاوتسکی هەوڵینەداوە و نەیتوانیوە لەبەردەم ئەم ئۆپۆزسیۆنە ڕیفۆرمیستە وردە-بۆرژوازەدا خۆڕاگربێت، کە بنەمایەکی ئابووریی کۆنەپەرستانەی هەیە، نەک هەر ئەمەش بەڵکو لەڕووی پراکتیکیشەوە لەگەڵیدا ئاوێتەبووە.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، جەنگی ئیمپریالیستانەی ساڵی 1898 لەدژی ئیسپانیا بووە هۆی وروژاندنی ئۆپۆزسیۆنی "ئەنتی-ئیمپریالیست" لە پاشماوەی دوایین مۆهیکانی[252] دیموکراسییەتی بۆرژوازی، ئەوانەی ئەم جەنگەیان بە "تاوانکاری" وسفکرد، هەروەها پێیان وابوو خستنەسەر و بەپاشکۆکردنی ناوچە بیانییەکان پێشێلکردنی دەستوورە و سەرکۆنەی "ناپاکیی شۆڤێنیستەکانیان" کرد بەرامبەر ئاگۆینالدۆی سەرۆکی فلیپین (ئەمریکا بەڵێنی سەربەخۆیی وڵاتی فلیپینی بەناوبراو دابوو، بەڵام دواتر سوپای ئەمریکی چوونە ناوەوە و فلیپینیان خستەسەر خۆیان)، بۆ ئەمەش قسەیەکی لینکۆڵن-یان دەهێنایەوە: "کاتێک سپی پێستێک حوکمی خۆی دەکات ئەوە خۆبەڕێوەبەرییە، بەڵام کاتێک حوکمی خۆی و ئەوانی تریش دەکات ئەوە ستەمکارییە"[253]، بەڵام مادام ئەم ڕەخنەکردنە لەوە دەسڵەمێتەوە کە دان بە پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان ئیمپریالیزم و تراستەکان و، نێوان ئیمپریالیزم و بنچینەکانی سەرمایەداریدا بنێت، مادام لەوە دەترسێت لەگەڵ ئەو هێزانەدا یەکبگرێت کە سەرمایەداریی زەبەلاح و گەشەسەندنەکەی دروستیدەکات، ئەوا هێشتا وەک "ئاواتێکی بەریئانە" دەمێنێتەوە.

[252] ) Mohicans. یەکێکە لە بنەماڵە ڕەسەنەکانی ئەمریکا. و.ک

[253] J. Patouillet, L'impérialisme américain, Dijon, 1904, p. 272.

ئەمەش هەمان ئەو هەڵوێستەیە کە هۆبسۆن لە ڕەخنەکردنی ئیمپریالیزمدا هەیەتی. هۆبسۆن پێش کاوتسکی لەدژی "حەتمییەتی ئیمپریالیزم" وەستایەوە، باسی لە زەرووڕەتی "بەرزکردنەوەی توانای بەرخۆری"ی خەڵک دەکرد (لە سایەی سەرمایەداریدا!). هەروەها ئەو نووسەرانەی زۆرجار ئیقتیباسیان لێدەکەین، لە ڕەخنەکردنی ئیمپریالیزم و جەبەروتی بانکەکان و ئۆلیگارشیی دارایی و هتد بۆچوونێکی وردە-بۆرژوازانەیان هەیە، لەوانەش: ئاگاد و لانسبۆرگ و ئیشفیغە، لەنێویشیاندا نووسەری فەرەنسی ڤیکتۆر بێرار، دانەری کتێبێکی ڕووکەشانە بەناونیشانی "ئینگلتەرا و ئیمپریالیزم" کە لە ساڵی 1900دا دەرچووە. هەموو ئەو نووسەرانەش بەبێ ئەوەی هەرگیز بانگەشەی مارکسیزم بکەن، لەڕێگەی ڕکابەرێتیی ئازاد و دیموکراسییەوە دژایەتی ئیمپریالیزم دەکەن و سەرکۆنەی پرۆژەی هێڵی ئاسنینی بەغداد دەکەن، کە دەبێتە هۆی ململانێ و جەنگ و ڕاگەیاندنی "ئاواتی بەریئانە" دەربارەی ئاشتی و ئەو بابەتانە. هەروەها لەنێویشیاندا کۆکەرەوەی ئاماری دەرچوواندنە نێودەوڵەتییەکان. ئا.نیمارک پاش ئەوەی سەدان ملیار فرەنکی حسابکرد کە بەهایەکی نێودەوڵەتییان هەیە، لە ساڵی 1912دا هاواریکرد: "ئایا دەشێت بڕوا بەوە بهێنین کە دەکرێت ئاشتی بشێوێت [و پشێوی دروستببێت]؟.. ئایا لە بەرامبەر ئەم ژمارە بێشومارانەدا هیچ کەسێک هەیە ڕیسک بە هەڵگیرساندنی جەنگەوە بکات؟"[254].

ئەم ساویلکەیی و گێلێتییەی ئابووریناسە بۆرژوازەکان سوپرایز نییە، سەرەڕای ئەوەش، بەرژەوەندیی ئەوان لەوەدایە وەک گێل خۆیان پیشان بدەن و "بەجدی" باسی ئاشتی لە سایەی ئیمپریالیزمدا بکەن. بەڵام ئایا چ شتێک لە مارکسیزمی کاوتسکی مایەوە کاتێک لە ساڵانی 1914, 1915 و 1916دا هەمان بۆچوونی ڕیفۆرمیستە بۆرژوازەکانی هەبوو، هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە (ئیمپریالیستەکان و سۆسیالیستە ساختەکان و سۆسیالیستە ئاشتیخوازەکان) دەربارەی ئاشتی "هەموویان ڕەزامەندن"؟. چونکە لەبری شیکردنەوەی ئیمپریالیزم و کەشفکردنی قووڵاییی لێکدژییەکانی، تەنها "ئاواتێکی بەریئانە"ی ڕیفۆرمیستی دەبینین بەمەبەستی خۆلادان لە لێکدژییەکان و پەراوێزخستنیان.

---

[254] Bulletin de l'Institut International de Statistique, t. XIX, livr. II, p. 225.

بفەرموون لەگەڵ نموونەی ڕەخنەیەکی ئابووریانەی کاوتسکی لە ئیمپریالیزم. ئەو ئاماری هەنارده و هاوردەکانی بازرگانیی ئینگلتەرا لەگەڵ میسڕ لە ساڵانی 1872 و 1912 وەردەگرێت، وادیارە گەشەکردنی ئەم هەنارده و هاوردانە لە بازرگانیی هەنارده و هاوردەی ئینگلتەرا بەگشتی، خاوترە. کاوتسکی بەم دەرەنجامە دەگات: "هیچ هۆکارێکمان لە بەردەستدا نییە تاکو پێمان وابێت گەشەکردنی بازرگانیی لەگەڵ میسڕدا بەبێ داگیرکردنی سەربازیانە بەتەنها لەژێر کاریگەریی فاکتەرە ئابوورییەکاندا بەشێوەیەکی خاوتر ڕوودەدات.. ویست و ئارەزووەکانی سەرمایە لە فراوان بووندایە.. دەکرێت لەڕێگەی دیموکراسییەتی ئاشتیخوازانەوە، نەک ڕێگا توندوتیژەکانی ئیمپریالیزمەوە، بەباشترین شێوە پێی بگەین"[255].

ئەم ئارگیۆمێنتانەی کاوتسکی کە زریپۆشە ڕووسییەکە (و قەڵغانی سۆسیال-شۆڤێنیستەکان) مستەر سپیکتاتۆر بەچەندین ئاواز دووبارەیان دەکاتەوە، ئەو بناغەیە کە ڕەخنەی کاوتسکی لە ئیمپریالیزمی لەسەر دامەزراوە، بۆیە پێویستە لەسەرمان بەوردی باسی بکەین. با لە قسەکانی هیلفردینگەوە دەست پێبکەین کە کاوتسکی لە زۆربەی بۆنەکاندا بەتایبەتی لە نیسانی ساڵی 1915دا وتی دەرەنجامەکانی [هیلفردینگ] "لەلایەن تیۆریستە سۆسیالیستەکانەوە کۆدەنگیی لەسەرکراوە".

هیلفردینگ دەنووسێت: "کاری پرۆلیتاریا ئەوەنییە دژایەتی سیاسەتی سەرمایەداریی زۆر پێشکەوتوو بکات، لەڕێگەی سیاسەتێکەوە کە سەردەمەکەی بەسەرچووە، سیاسەتی سەردەمی بازرگانیی ئازاد و دوژمنایەتیی دەوڵەت. ناکرێت وەڵامی پرۆلیتاریا لەسەر سیاسەتی ئابووری کە سەرمایەی دارایی بەسەر ئیمپریالیزمدا پیادەی دەکات، بریتی بێت لە بازرگانیی ئازاد بەڵکو دەبێت وەڵامەکەی سۆسیالیزم بێت. ئامانجی سیاسەتی پرۆلیتاریا لەکاتی ئێستادا ئایدیاڵی گەڕاندنەوە و ژیانەوەی ڕکابەریێی ئازاد نییە -کە لەئێستادا ئایدیاڵێکی کۆنەپەرستانەیە- بەڵکو تەنها نەهێشتنی تەواوەتی ڕکابەرێتییە لەڕێگەی سڕینەوە و نەهێشتنی سەرمایەدارییەوە"[256].

بەهۆی بەرگریکردنی لە "ئایدیاڵی کۆنەپەرستانە"، و لە "دیموکراسییەتی ئاشتیخوازانە" و لە "کاریگەریی فاکتەرە ئابوورییە پەتییەکان" لە سەردەمی سەرمایەی داراییدا،

[255] Kautsky, Nationalstaat, imperialistischer Staat und Staatenbund [National State, Imperialist State and Union of States], Nurnberg, 1915, S. 72, 70.
[256] Finance Capital, p. 567.

کاوتسکی دەستبەرداری مارکسیزم بوو، لەبەرئەوەی ئەم نموونەی بالا و ئایدیالە بەشێوەیەکی بابەتیانە ڕایدەکێشێت بۆ دواوەوە، لە سەرمایەداریی مۆنۆپۆلییەوە بەرەو سەرمایەداریی نامۆنۆپۆلی، هەروەها لەبەرئەوەی فێڵێکی ڕیفۆرمیستانەیە.
بازرگانی لەگەڵ میسر (یان هەر موستەعمیرە و نیمچە موستەعمیرەیەکی تر) دەشێت بەبێ داگیرکردنی سەربازی، بەبێ ئیمپریالیزم، بەبێ سەرمایەی دارایی "زیاتر گەشەبکات". ئەمە مانای چییە؟ ئایا مانای وایە ئەگەر لەڕێگەی مۆنۆپۆلییەکانەوە بەگشتی، یان لەڕێگەی "پەیوەندییەکان"[257]ەوە، یان ستەمی سەرمایەی داراییەوە (دووبارە واتا مۆنۆپۆلی) یان دەستبەسەراگرتنی موستەعمیرەکان لەڕێگەی هەندێک وڵاتی مۆنۆپۆلیستەوە، ڕێگری لە ڕکابەریتیی ئازاد نەکرایە، ئەوا سەرمایەداری بەشێوەیەکی خێراتر گەشەی دەکرد؟
ئارگیۆمێنتەکەی کاوتسکی هیچ مانایەکی تری نییە، بەڵکو "مانا"یەکی پووچ و بێ واتای هەیە. با وایدابنێین ڕکابەریتیی ئازاد بەبێ هیچ جۆرە مۆنۆپۆلییەک، ڕێگەدەدات بە گەشەکردنی سەرمایەداری و بازرگانی بەشێوەیەکی خێراتر. بەڵام هەرچەندە چڕبوونەوەی بەرهەمهێنان و سەرمایە خەستبووەوە، ئەوا چڕبوونەوەی مۆنۆپۆلی بەرهەمدەهێنێت، چونکە مۆنۆپۆلی ڕێک لە دەرەنجامی ڕکابەریتییە ئازادەوە سەرهەڵدەدات! تەنانەت ئەگەر لە ئێستاشدا مۆنۆپۆلییەکان گەشەکردن دوابخەن، ئەوە ئارگیۆمێنتێک نییە کە لە بەرژەوەندیی ڕکابەریتیی ئازاددا بێت، چونکە پاش ئەوەی [ڕکابەریتیی ئازاد] مۆنۆپۆلیی بەرهەمهێنا چیتر بووەتە کارێکی مەحاڵ.
مرۆ هەرچەندە ئارگیۆمێنتەکانی کاوتسکی تاوتوێ بکات هیچی تیانابینێتەوە جگەلە کۆنەپەرستی و ڕیفۆرمیزمی بۆرژوازی.
ئەگەر ئەم ئارگیۆمێنتە ڕاستبکەینەوە و هاوشێوەی سپیکتاتۆر بڵێین: گەشەکردنی بازرگانیی موستەعمیرە ئینگلیزییەکان لەگەڵ ئینگلتەرادا لەئێستادا خاوترە لە بازرگانیی ئەوان لەگەڵ وڵاتانی تر، ئەوەش هەر کاوتسکی ڕزگار ناکات. چونکە ئەوەی بەسەر بەریتانیای مەزندا زاڵ دەبێت بریتییە لە مۆنۆپۆلی، هەروەها ئیمپریالیزم، بەڵام مۆنۆپۆلی و ئیمپریالیزمی وڵاتێکی تر (ئەمریکا، ئەڵمانیا). وەک زانراوە کارتێلەکان فۆرمێکی نامۆتر و تازەتریان لە باجی گومرگیی خۆپارێزییان هێنایە ئاراوە، ئەو

[257] Connections.

شمەک و بەرهەمانە دەپارێزێت کە بۆ هەناردەکردن گونجاون (ئەنگڵس لە بەرگی سێهەمی سەرمایەدا ئاماژەی بەوەکردووە). هەروەها ئەوەش زانراوە کە سیستەمی تایبەتی کارتێلەکان و سەرمایەی دارایی بریتییە لە "هەناردەکردنی شتومەک بە نرخێکی هەرزان"، "نوقمکردنی بازاڕ"، وەک ئینگلیز دەڵێت: کارتێل بەرهەمەکانی خۆی لەنێوخۆی وڵات بە نرخێکی مۆنۆپۆلیی بەرز دەفرۆشێت، لە دەرەوەش بە نرخێکی هەرزان دەیفرۆشێت، بەمەبەستی بەزاندنی ڕکابەرەکان و فراوانکردنی بەرهەمهێنان تائەوپەڕی ڕادە و هتد. ئەگەر ئەڵمانیا بازرگانی لەگەڵ موستەعمیرە ئینگلیزییەکاندا گەشەپێبدات، تەنها ئەوە دەسەلمێنێت کە ئیمپریالیزمی ئەڵمانی گەنجتر و ڕاقیترە، بەڵام هەرگیز "سەرکەوتن"ی بازرگانیی ئازاد ناسەلمێنێت، لەبەرئەوەی ئێمە لە نێوان ململانێی بازرگانیی ئازاد و پاراستن و پاشکۆیەتیی کۆلۆنیالیزمدا نین، بەڵکو لە نێوان بەرداشی دوو ئیمپریالیزم، دوو مۆنۆپۆلی، دوو گرووپی سەرمایەی داراییداین. سەرکەوتنی ئیمپریالیزمی ئەڵمانی بەسەر ئیمپریالیزمی ئینگلیزیدا لە دیواری سنووری موستەعمیرەکان یان باجی گومرگیی خۆپاریزی بەهێزترە: بەکارهێنانی "ئارگیۆمێنت"ێکی لەوشێوەیە بۆ بەرژەوەندیی بازرگانیی ئازاد و "دیموکراسییەتی ئاشتیخوازانە"، ئەوە کارێکی پووچە، بەمانای لەبیرچوونەوەی سیما و تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ئیمپریالیزم دێت، هەروەها واتا دانانی ڕیفۆرمیزمی وردە-بۆرژوازی لەجێگای مارکسیزم.

شایەنی باسە خودی لانسبۆرگ، ئابووریناسی بۆرژواز، کە هاوشێوەی کاوتسکی لەڕوانگەیەکی وردە-بۆرژوازانەوە ڕەخنەی ئیمپریالیزم دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەستاوە بە دیراسەکردنی ئامارە بازرگانییەکان بەشێوەیەکی زانستیانە. ئەو تاکە وڵاتێک یان تاکە موستەعمیرەیەکی بەهەڕەمەکی هەڵنەبژاردووە تاکو لەگەڵ وڵاتانی تردا بەراوردی بکات، بەڵکو هەناردەی بازرگانیی وڵاتە ئیمپریالیستییەکانی بەراوردکردووە لەگەڵ: 1) ئەو وڵاتانەی لەڕووی داراییەوە پاشکۆیانن، پارەیان لێ قەرزدەکەن. 2) ئەو وڵاتانەی لەڕووی داراییەوە سەربەخۆن. ئەنجامەکەشی ئەمەی لای خوارەوە بوو:

**هەناردەی بازرگانیی ئەڵمانیا (بەملیار مارک)**

| | ولاتان | سالی 1889 | سالی 1908 | زیادەی % |
|---|---|---|---|---|
| بۆ ئەو ولاتانەی لەڕووی داراییەوە پاشکۆی ئەڵمانیان | ڕۆمانیا | 48.2 | 70.8 | %47+ |
| | پورتوگال | 19.0 | 32.8 | %73+ |
| | ئەرجەنتین | 60.7 | 147.0 | %143+ |
| | بەرازیل | 48.7 | 84.5 | %73+ |
| | چیلی | 28.3 | 52.4 | %85+ |
| | تورکیا | 29.9 | 64.0 | %114+ |
| | کۆی گشتی | 234.8 | 451.5 | %92+ |
| ئەو ولاتانەی لەڕووی داراییەوە لە ئەڵمانیا سەربەخۆن | بەریتانیای مەزن | 651.8 | 997.4 | %53+ |
| | فەرەنسا | 210.2 | 438.9 | %108+ |
| | بەلجیکا | 137.2 | 322.8 | %135+ |
| | سویسرا | 177.4 | 401.1 | %127+ |
| | ئوستralیا | 21.2 | 64.5 | %205+ |
| | هیندی هۆڵەندی | 8.8 | 40.7 | %363+ |
| | کۆی گشتی | 1206.6 | 2264.4 | %87+ |

لانسبۆرگ دەرەنجامەکەی لەبەرچاونەگرت، هەربۆیە بەشێوەیەکی سەیر و نامۆ تێبینی ئەوەی نەکرد کە ئەم ژمارانە **ئەگەر** شتێک بسەلمێنن، ئەوە تەنها هەڵەی ئەو دەسەلمێنن، لەبەرئەوەی هەناردەکردن بۆ ئەو ولاتانەی لەڕووی داراییەوە پاشکۆی ئەڵمانیان لەو ولاتانە خێراتر گەشەیانکردووە کە لەڕووی داراییەوە سەربەخۆن، ئەگەرچی گەشەیەکی کەمیش بێت. (بۆیە جەختمان لە وشەی **ئەگەر** کردەوە چونکە ئامارەکانی لانسبۆرگ هەرگیز پڕوتەواو نین).

لانسبۆرگ بەدواداچوونی بۆ پەیوەندیی نێوان هەناردە و قەرز دەکات و دەنووسێت:

"لە ساڵی 1890-1891 لەڕێگەی بانکە ئەڵمانییەکانەوە قەرزی ڕۆمانی سەرپێخرا، کە لە ساڵانی پێشوودا سولفەیەکیان لەسەر حسابی ئەم قەرزە پێشکەشکردبوو. ئەم قەرزەش بەپلەی یەکەم بۆ کڕینی پێداویستی و کەرەستەی هێڵە ئاسنینەکان بەکارهێنرا کە لە ئەڵمانیاوە هاوردە دەکران. لە ساڵی 1891دا هەناردنەکانی ئەڵمانیا بۆ ڕۆمانیا 55 ملیۆن مارک بوو. ساڵێک دوای ئەوەش ئەم هەناردەکردنانە بۆ 39.4 ملیۆن دابەزی، هەروەها لە دابەزین بەردەوامبوو تاکو لە ساڵی 1900دا گەیشت بە 25.4 ملیۆن، لەم ساڵانەی دواییشدا بەهۆی دوو قەرزی نوێوە هەناردنەکان گەیشتنەوە ئاستی ساڵی 1891..

بەهۆی قەرزەکانی ساڵی 1888-1889 هەناردەی ئەڵمانیا بۆ پورتوگال (لە ساڵی 1890دا) بۆ 21.2 ملیۆن بەرزبووەوە، ئینجا لە دوو ساڵی دواییشدا دابەزی بۆ 16.2، 7.4 ملیۆن، تەنها لە ساڵی 1903دا گەیشتەوە ئاستی خۆی.

ژمارە و داتاکانی بازرگانیی ئەڵمانی-ئەرجەنتینی دەلالەتێکی ڕوونە. چونکە بەهۆی قەرزەکانی ساڵانی 1888 و 1890 هەناردەی ئەڵمانیا بۆ ئەرجەنتین لە ساڵی 1889دا گەیشتە 60.7 ملیۆن مارک. پاش تێپەڕبوونی دوو ساڵ بڕی هەناردەکردن تەنها 18.6 ملیۆن بوو، واتا کەمتر لە یەک لەسەر سێی ژمارەی پێشوو. تاکو ساڵی 1901 نەگەیشتەوە ئاستی ساڵی 1889 و تێپەڕاند، ئەمەش پەیوەستبوو بە قەرزی نوێوە لەلایەن دەوڵەت و شارەوانییەوە بە پێشینەی نەختینەیی بەمەبەستی بونیادنانی وێستگەکانی کارەبا و کرێدتی تر.

هەروەها لە دەرەنجامی قەرزەکەی ساڵی 1889 هەناردەکردن بۆ چیلی (لە ساڵی 1892دا) بەرزبووەوە بۆ 45.2 مارک، ئینجا دوای ساڵێک دابەزی بۆ 22.5 ملیۆن. دوای قەرزێکی تازە لە ساڵی 1906دا بۆ چیلی لەلایەن بانکە ئەڵمانییەکانەوە، هەناردنەکان بۆ 84.7 ملیۆن مارک بەرزبوونەوە (لە ساڵی 1907دا)، تاکو دووبارە لە ساڵی 1908دا بۆ 52.4 دابەزین"[258].

لەم فاکتانەوە لانسبۆرگ دەگات بە ڕاسپاردەیەکی ئەخلاقیی سەیری وردە-بۆرژوازی: کاتێک بازرگانیی هەناردەکردن پەیوەست دەبێت بە قەرزەوە، ئەوا ناسەقامگیر و ناڕێک دەردەچێت. چەندە خراپە، کاتێک لەبری گەشەپێدانی پیشەسازیی نیشتیمانی

[258] Die Bank, 1909, 2, S. 819 et seq.

بەشێوەیەکی "سرووشتی" و "گونجاو"، کەچی سەرمایە بۆ دەرەوە هەناردە دەکرێت و [لە دەرەوە] سەرمایەگوزاریی پێدەکرێت. ئەو ملیۆنەها بەخشیشانەی کرۆپ[259] لە گرێبەستی قەرزی بیانییەکاندا دەیدات، چەند "تێچووی زۆرە". بەڵام فاکتەکان بەڕوونی دەڵێن: بەرزبوونەوەی هەناردنەکان، ڕێک پەیوەستە بە جامبازی و فێڵەکانی سەرمایەی داراییەوە کە هیچ پەرۆشی و پەیوەستبوونێکی بە ئەخلاقیاتی بۆرژوزایانەوە نییە و دووجار پێستی (گا)کە لێدەکاتەوە: یەکەم، قازانجی قەرزەکە دەخاتە گیرفانیەوە، دووەم، قازانجی هەمان قەرز لە دەرەنجامی بەکارهێنانی ئەو قەرزە بۆ کڕینی بەرهەمەکانی کرۆپ یان کەرەستەکانی هێڵەئاسنینەکان لەلایەن سەندیکاکانی پۆڵا و هتدەوە.

دووبارەی دەکەمەوە، ئێمە هەرگیز پێمان وانییە ئامار و ژمارەکانی لانسبۆرگ پێرفێکت و تەواون، بەڵام ناچاربووین ئیقتباسی بکەم چونکە زۆر لە ئامارەکانی کاوتسکی و سپیکتاتۆر زانستیترە، هەروەها لەبەرئەوەی لانسبۆرگ لە باسکردنی مەسەلەکەدا نەخشەیەکی ڕاست پیشاندەدات. بۆئەوەی مرۆ مشتومڕ لەسەر ڕۆڵ و بایەخی سەرمایەی دارایی لە هەناردەکردن و هتد بکات، پێویستە بتوانێت بەباشی پەیوەندیی هەناردەکردن بەتایبەتی و بەتەنها ببەستێتەوە بە فێڵ و تەڵەکەبازیی پارەدار و سەرمایەدارانەوە. بەتایبەتی و بەتەنها بە فرۆشتنی بەرهەمی کارتێلەکانەوە و هتد. بەڵام ئەگەر بەسادەیی، موستەعمیرەکان لەگەڵ غەیرە موستەعمیرەکان، ئیمپریالیزمێک لەگەڵ ئیمپریالیزمێکی تر، نیمچە موستەعمیرەیەک یان موستەعمیرەی

[259] Krupp ) ناوی خێزانێکی ئەڵمانییە. کۆمپانیایەکی زەبەلاحی بواری پیشەسازی و بەرهەمهێنانی ئاسن و پۆڵا و چەک و کەرەستەی جەنگی بووە، لە هەردوو جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەمدا تۆپ و دەبابە و سەرجەم تەقەمەنی و کەرەستەکانی جەنگی بۆ ئیمپراتۆرییەتی ئەڵمانیا و دواتریش هیتلەر دابین کردووە. لە ساڵی 1999دا لەگەڵ کۆمپانیای ڕکابەریدا Thyssen یەکیانگرت، هەربۆیە بوونە کۆمپانیایەکی فرە چالاکی و لەژێر ناوی ThyssenKruppدا بوونە پێنجەم گەورەترین کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا و یەکێک لە گەورەترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی پۆڵا لە جیهان. پاش نزیکەی سەدەیەک لە پێشبینی و خوێندنەوەی لینین بۆ دوایین قۆناغی سەرمایەداری، ئایدیا و تێڕبینییەکانی نووسەری ئەم کتێبە ڕوونتر دەبێتەوە، ئاوێتەبوون و تێکەڵاوبوونی کۆمپانیاکان لەپێناو مۆنۆپۆلی و پاوانخوازیدا درێژەی هەیە، ئەم گروپە کۆمپانیا لە ئەمڕۆدا 670 کۆمپانیای تر لەخۆدەگرێت، کە بەشی زۆری ئاسن و کەرەستە و پێداویستیی یەدەک و پیشەسازیی زەبەلاحی جیهان دابین دەکات. ئەمەیە کە لینین ناوی دەنێت تراست. بەڵێ مۆنۆپۆلی جێگەی بازاڕی ئازاد دەگرێتەوە. و.ک

(میسر) لەگەڵ سەرجەم وڵاتانی تردا بەراورد بکەیت، ئەوە ڕێک واتا خۆلادان لە جەوهەری مەسەلەکە و شاردنەوە و لێڵکردنی.

ئەو ڕەخنەی کاوتسکی لە ئیمپریالیزمی دەگرێت هیچ خاڵێکی هاوبەشی لەگەڵ مارکسیزمدا نییە، تەنها وەک دەستپێک و دیباجەیەک وایە بۆ پڕوپاگەندەی ئاشتی و یەکگرتن لەگەڵ ئۆپۆرتۆنیست و سۆسیال-شۆڤێنیستەکان، لەبەرئەوەی ئەم ڕەخنەیە خۆی لە لێکدژییە زۆر قووڵ و بنچینەییەکانی ئیمپریالیزم لادەدات و دەیانشارێتەوە. لێکدژیی نێوان مۆنۆپۆلییەکان و ڕکابەریتیی ئازاد کە شانبەشانی ئەو لە ئارادایە، لە نێوان "ئۆپراسیۆن"ە بێشومارەکانی سەرمایەی دارایی (و قازانجە بێشومارەکانی) و بازرگانیی "شەریف" لە بازاڕی ئازاددا، هەروەها لێکدژیی نێوان کارتێلەکان و تراستەکان لەلایەکەوە و پیشەسازیی بەکارتێل نەبوو لەلایەکی ترەوە، هتد.

تیۆری بەدناوی "سەرو-ئیمپریالیزم" کە کاوتسکی دایهێنا، مۆرکێکی کۆنەپەرستانەی هەیە. ئارگیۆمێنتەکانی ناوبراو لەمبارەوە لە ساڵی 1915دا لەگەڵ ئارگیۆمێنتەکانی هۆبسۆن لە ساڵی 1902دا بەراورد بکەن:

کاوتسکی: "ئایا دەکرێت سیاسەتێکی نوێ شوێنی سیاسەتی ئیمپریالیستیی ئێستا بگرێتەوە، سیاسەتی سەرو-ئیمپریالیستی [ultra-imperialist] کە تیایدا قۆستنەوە و ئیستغلالی هاوبەشی جیهان لەڕێگەی سەرمایەیەکی داراییی یەکگرتووی ئەنتەرناسیۆنالەوە جێگەی ململانێی نێوان سەرمایە داراییە نیشتیمانییەکان دەگرێتەوە؟ یان ئەم قۆناغە نوێیەی ئیمپریالیزم تاڕادەیەک مەعقولە. ئایا دەکرێت بەدیبهێنرێت؟ هێشتا پایە و گریمانەی کافی لە بەردەستدا نین بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە"[260].

هۆبسۆن: "مەسیحییەت کە لە ژمارەیەکی کەمی ئیمپراتۆرییەتە فیدراڵییە گەورەکاندا جێگیربووە، هەروەها لە دامێنی هەر یەکێکیاندا کۆمەڵێک موستەعمیرەی ناشارستانیی پاشکۆ هەن، زۆرینە وایدەبینن کە گەشەسەندێکی سرووشتی و ئاساییی مەیل و خواستی ئێستایە، گەشەسەندنێک کە گەورەترین هیوا لەبارەی جێگیربوونی ئاشتیی هەمیشەیی پێشکەش دەکات، لەسەر بنەمایەکی پتەوی ئینتەر ئیمپریالیزم [inter-Imperialism]".

[260] Die Neue Zeit, April 30, 1915, S. 144.

کاوتسکی ناوینا سەرو-ئیمپریالیزم یان سۆپەر-ئیمپریالیزم، هەمان ئەو شتەی هۆبسۆن پێش ئەو بە 13 ساڵ ناوینا نێو-ئیمپریالیزم [ئینتەر-ئیمپریالیزم]. جگەلە داتاشینی وشەیەکی نوێ و ژیرانە لەڕێگە گۆڕینی پێشگرێکی لاتینی بە یەکێکی تر، پێشخستنی بیرۆکەی "زانستی" لەلای کاوتسکی تەنها هەوڵێکە بۆ ئەو شتەی کە هۆبسۆن، لە جەوهەردا، بە ڕیکاری و نیفاقی قەشە ئینگلیزەکانی وەسفکردبوو. چونکە پاش جەنگی ئینگلیزی-بویری شتێکی سرووشتی بوو کە ئەم توێژە خانەدان و پایە بەرزە تەواوی هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ بۆ دڵنەواییکردنی وردە-بۆرژوازەکان و کرێکارە ئینگلیزەکان، ئەوانەی ژمارەیەکی زۆریان لەو شەڕانەدا کوژران کە لە باشووری ئەفریقیا ڕوویدا و باجێکی زۆریان دا لەپێناو گەرەنتیکردنی قازانجێکی زیاتر بۆ پارەدارە ئینگلیزەکان. ئایا هیچ سەرەخۆشی و دڵنەواییەک لەو تیۆرە باشتر هەیە کە دەڵێت ئیمپریالیزم بەو ڕادەیەش خراپ نییە، بەڵکو هاوشانی ئینتەر- (یان سەرو-) ئیمپریالیزمە، کە دەتوانێت ئاشتیی هەمیشەیی دەستەبەر بکات؟ نیازپاکیی قەشە ئینگلیزەکان یان کاوتسکیی بەسۆز هەرچۆنێک بێت، ئەوا مەغزای ئۆبێکتیڤ، واتا سۆسیال ڕیاڵی "تیۆر"ەکەی تەنها یەک شتە و ناگۆڕدرێت: میتۆدێکی ئەوپەڕی کۆنەپەرستانە لە دڵنەواییکردنی جەماوەر بەهیوای ئیمکانی ئاشتیی هەمیشەیی لە سایەی سەرمایەداریدا، لەڕێگەی لادانی سەرنج و چاوەکان لەسەر ئەنتاگۆنیزمە تیژ و کێشە ئاڵۆزە سەختەکان، ئاراستەکردنی [جەماوەر] بەرەو هیوایەکی فریودەرانە لە نزیکبوونەوەی "سەرو-ئیمپریالیزم"ی خەیاڵی لە ئایندەدا. تیۆری "مارکسیزم"ی کاوتسکی جگەلە فێڵکردن لە جەماوەر هیچی تر لەخۆناگرێت.

لەڕاستیدا، پێویستە مرۆ بەڕوونی بەراوردێک لە نێوان ئەو فاکتە دیار و بەناوبانگانەدا بکات کە مشتومڕهەڵناگرن، تاکو قەناعەتی تەواوی دەربارەی هیوا ساختە و پووچەکانی لەلا دروستببێت، کە کاوتسکی دەیەوێت کرێکارە ئەڵمانییەکانی پێ فریوبدات (هەروەها کرێکارانی هەموو جیهان). با هیند و هیندی چینی و چین وەربگرین. وەک زانراوە ئەم سێ وڵاتە موستەعمیرە و نیمچە موستەعیرە کە ژمارەی دانیشتوانیان 600 یان 700 ملیۆن کەسە، ملکەچی سەرمایەی داراییی ژمارەیەک دەوڵەتی ئیمپریالیستیی وەک: ئینگلتەرا، فەرەنسا، یابان، ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان، هتد، کراون و قۆرخدەکرێن. با وایدابنێین ئەم وڵاتە ئیمپریالیستیانە

هاوپەیمانێتی لەدژی یەکتر پێکدەهێنن بەمەبەستی پاراستن یان فراوانکردنی موڵکەکانیان و بەرژەوەندییەکانیان و "ناوچە ژێردەستەکانیان" لەنێو ئەم وڵاتانەی ئاسیادا. هەڵبەتە ئەم هاوپەیمانێتیانە "ئینتەر-ئیمپریالیست" یان "سەرو-ئیمپریالیست" دەبن. با وایدابنێین کە سەرجەم دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان هاوپەیمانێتییەک پێکدەهێنن بۆ دابەشکردنی ئەو وڵاتانەی ئاسیا بەڕێگایەکی "ئاشتیخوازانە", دیارە ئەم هاوپەیمانێتییەش "سەرمایەی داراییی یەکگرتووی ئەنتەرناسیۆنال"ە. لە مێژووی سەدەی بیستەمدا نموونەگەلێکی واقیعی لەسەر ئەم جۆرە هاوپەیمانێتییە هەیە، بۆنموونە، هەڵوێستی زلهێزەکان لە بەرامبەر چین. دەپرسین ئایا مەعقولە لە سایەی مانەوەی سیستەمی سەرمایەداریدا گریمانەی ئەوە بکەیت (ئەوەش ڕێک گریمانەکەی کاوتسکییە) کە ئەم هاوپەیمانێتییانە بۆ ماوەیەکی کورتخایەن نین و سەرجەم پێکدادان و ناکۆکی و ململانێکان بە هەموو فۆرمە بەردەستەکانیەوە دەسڕێتەوە و نایانهێڵێت؟

کاتێک پرسیارەکە بەڕوونی دەخرێتەڕوو، ئەوا وەڵامەکەش سلبی و نەرێنی دەردەکەوێت. لەبەرئەوەی مەعقول نییە لە سایەی سەرمایەداریدا بنەمایەک هەبێت بۆ دابەشکردنی ناوچە ژێرهەژموون و ژێردەستەکان و بەرژەوەندییەکان و موستەعمیرەکان و هتد، جگەلە ڕەچاوکردنی ڕادەی هێزی بەشداربووانی ئەم دابەشکارییە، هێزی ئابووریی گشتی و دارایی و سەربازی و هتد. بەڵام بەڕادەیەکی ناهاوتا هێزی بەشداربووانی دابەشکاریی دەگۆڕێت، لەبەرئەوەی مەحاڵە لە سایەی سەرمایەداریدا گەشەسەندنی هەر یەک لە پرۆژەکان و تراستەکان و لقەکانی پیشەسازی و وڵاتان بەشێوەیەکی یەکسان بەرێوەبچێت. ئەڵمانیا لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا وڵاتێکی بێبایەخ و بەدبەخت بووە، ئەگەر هێزە سەرمایەدارییەکەی بە هێزی ئینگلتەرا لەو سەردەمەدا بەراورد بکرێت، یان ئەگەر بەهەمان شێوەش یابان لەگەڵ ڕووسیادا بەراورد بکرێت. ئایا مەعقولە تەسەوری ئەوە بکەین ڕێژەی هێزی نێوان دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان لەدوای دە یان بیست ساڵی تر بەبێ گۆڕان وەک خۆی دەمێنێتەوە؟ هەرگیز تەسەوری ئەوە ناکرێت.

لەبەرئەوەش، لە واقیعی سیستەمی سەرمایەداریدا -نەک لە فەنتازیای قەشە گەوجە ئینگلیزەکان یان "مارکسیست"ی ئەڵمانیی کاوتسکیدا- هاوپەیمانەکان "سەرو-ئیمپریالیزم" بێت یان "ئینتەر-ئیمپریالیزم"، ئیتر بەپێی فۆرمی گرێدانی ئەم

هاوپەیمانێتیانــە: فــۆرمی هاوپەیمانێتییــەکی ئیمپریالیســتی لــەدژی هاوپەیمانێتییــەکی ئیمپریالیستیی تـر بێـت، یـاخود فـۆرمی هاوپـەیمانێتی لـە نێـوان سـەرجەم دەوڵەتـە ئیمپریالیستییەکاندا بێت، حەتمـەن هـیچ نـین جگەلـە ماوەکـانی "ئاگربەسـت"ی نێـوان جەنگەکان. هاوپەیمانێتییە ئاشتیخوازەکان ئامادەکاری بۆ جـەنگ دەکـەن و بەوپێیـەش دەبنـە هـۆی سـەرهەڵدانی جەنگـەکان، مـەرج لەسـەر یـەکتر دادەنـێن و فۆرمـەکانی جێگۆڕکێی ململانێی ئاشتیخوازانە و نائاشتیانە بەرهەمدەهێنن، ئەوەش تـەنها لەسـەر یەک بنەمای نەگۆڕە کە بریتییە لە پەیوەستبوون و پەیوەندییە ئیمپریالیستییەکان لـەنێو ئابووریی جیهانی و سیاسەتی جیهانیدا. بەڵام کاوتسکیی فشـەکەر بۆئـەوەی کرێکـاران دڵنیـا بکاتــەوە و ئاشــتەوایی لــە نێــوان کرێکــاران و سۆســیال-شۆڤێنیســتەکاندا دروسـتبکات، ئەوانــەی چوونەتــەپاڵ بۆرژوازییــەت، هەڵدەسـتێت بــە جیاکردنــەوەی ئەڵقەیـەک لـە ئەڵقـەکانی زنجیرەکـە، هەڵدەسـتێت بـە جیاکردنـەوەی هاوپـەیمانێتیی سـەرجەم دەوڵەتــە ئاشــتیخوازەکانی ئێســتا (ئیمپریالیســتی ســەرو، یــان نــەخێر ئیمپریالیستی سەرو باڵا) لەپێناو "هێمنکردنەوە"ی چین (سـەرکوتکردنی یاخیبوونەکەی بۆکسێرتان بیربێتەوە) لە ململانێیەکی نائاشتییانەی سبەینێوە بەمەبەستی دابەشکاری، کـە جارێکی تر ئامادەکاری بـۆ هاوپەیمانێتییـەکی "ئاشـتیانە" بـۆ دوو سبەی دەکـات ، بۆنموونـە بڵێـین: تورکیـا وهتـد، هتـد. لـەبری پیشـاندانی پەیوەنـدیی زینـدووی نێـوان ماوەکانی ئاشتیی ئیمپریالیستی و ماوەکـانی جـەنگی ئیمپریالیسـتی، کـەچی کاوتسـکی وەهمێکــی مــردوو پیشــانی کرێکــاران دەدات تــاوەکو نێــوان کرێکــاران و زەعیمــە مردووەکانیان پێکبهێنێت.

نووسـەری ئـەمریکی بـەناوی هیـل، لـە پێشـەکیی کتێبەکـەیدا "مێژووی دیپلۆماسـییەتی نــوێ" ئامــاژە بــۆ چەنــد خاڵێــک دەکــات: 1) ســەردەمی شــۆڕش. 2) بزووتنــەوەی دەسـتووری. 3) سـەردەمی "ئیمپریـالیزمی بازرگـانی"[261] لـەم ڕۆژگـارەدا. هــەروەها نووسـەر مێژووی "سیاسـەتی جیهانی"ی بەریتانیای مەزن لـە سـاڵی 1870وە بـۆ چـوار قۆنــاغ دابەشــدەکات: 1) قۆنــاغی ئاســیایی یەکــەم (بەرەنگاربوونــەوەی پێشــکەوتنی ڕووسـیا لـە ناوەڕاسـتی ئاسـیا بـەرەو هینـد). 2) قۆنـاغی ئـەفریقی (نزیکـەی سـاڵانی

[261] David Jayne Hill, A History of the Diplomacy in the International Development of Europe, Vol. 1, p. x.

1885-1902) ململانێ لەگەڵ فەرەنسا لەپێناو دابەشکردنی ئەفریقیا ("ڕووداوەکەی فاشودە" لە ساڵی 1898دا هێندەی تاڵەمووییەکی مابوو بۆ جەنگ لەگەڵ فەرەنسا). 3) قۆناغی ئاسیایی دووەم (هاوپەیمانێتیی لەگەڵ یابان لەدژی ڕووسیا). 4) قۆناغی "ئەورووپی" بەپلەی یەکەم لەدژی ئەڵمانیا[262]. لە ساڵی 1905دا کەسایەتیی ناسراوی جیهانی بانکەکان بەناوی ڕیسەر دەنووسێت: "پێکدادانی سیاسیی نێوان پێشەنگەکان لەسەر گۆڕەپانی دارایی ڕوودەدەن"، ئەوەی پیشان دا کە چۆن سەرمایەی داراییی کارای فەرەنسی لە ئیتاڵیا ئامادەکاریی بۆ هاوپەیمانێتییەکی سیاسی لە نێوان هەردوو وڵاتدا کرد، هەروەها [پیشاندانی] توندبوونەوەی ململانێی نێوان ئەڵمانیا و ئینگلتەرا لەپێناو وڵاتی فارس و ململانێی نێوان سەرجەم سەرمایە ئەورووپییەکان لەپێناو پێشکەشکردنی قەرز بە چین و هتد. ئەمەش واقیعی زیندووی ئاشتیخوازانەی هاوپەیمانێتیی "سەرو-ئیمپریالیزمە" لە پەیوەندیی پتەویدا لەگەڵ ناکۆکیی ئیمپریالیستیی ئاسایی.

شاردنەوەی قووڵترین لێکدژییەکان لەلایەن کاوتسکییەوە، حەتمەن دەبێتە هۆی جوانکردنی ڕووی ئیمپریالیزم، هەروەها شوێنەواریش لەسەر ڕەخنەی ئەم نووسەرە بۆ تایبەتمەندییە سیاسییەکانی ئیمپریالیزم جێدەهێڵێت. ئیمپریالیزم بریتییە لە قۆناغی سەرمایەی دارایی و مۆنۆپۆلییەکان، کە لە هەموو شوێنێکدا لەپێناو هەیمەنە و زاڵبووندا تێدەکۆشێت نەک ئازادی. لە سایەی سەرجەم سیستەمە سیاسییەکاندا، دەرەنجامەکانی ئەم مەیل و خواستە لە هەموو شوێنێکدا کۆنەپەرستانەیە و لەم گۆڕەپانەشدا ئەنتاگۆنیزمەکان ئەوپەڕی توندتر دەکاتەوە. بەتایبەتی چەوساندنەوەی نەتەوەیی خەست دەکاتەوە و هەوڵ بۆ بەپاشکۆکردن دەدرێت، واتا پێشێلکردنی سەربەخۆیی نیشتیمانی (لەبەرئەوەی بەپاشکۆکردن هیچ نییە جگەلە پێشێلکردنی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان). هیلفردینگ لەسەر حەقە، کاتێک ئاماژە بە پەیوەندیی نێوان ئیمپریالیزم و خەستبوونەوەی ستەم و چەوساندنەوەی نەتەوەیی دەکات و دەڵێت: "بەڵام سەبارەت بە وڵاتە تازە دۆزراوەکان ئەوا سەرمایەی هەناردەکراو ئەنتاگۆنیزمەکانی نێو [ئەم وڵاتانە] توندتر دەکاتەوە و بەردەوام لەلایەن ئەو گەلانەوە کە ئاگاییی نیشتیمانییان بەخەبەرهاتۆتەوە بەرەنگاریی لەدژی مشەخۆرەکان

[262] Schilder, op. cit., S. 178.

دەوروژێنێت، دەکرێت ئەم بەرەنگارییەش بەئاسانی ببێتە ڕێکارێکی مەترسیدار لەدژی سەرمایەی بیانی. هەروەها گۆڕانێکی ڕیشەییی شۆڕشگێڕی بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کۆنەکاندا دێت، تێکشکاندنی گۆشەگیریی کشتوکاڵیی درێژخایەنی "ئەو نەتەوانەی بەبێ مێژوون" و ڕاکێشانی ئەم نەتەوانە بۆ نێو گێژاوی سەرمایەداری. سەرمایەداری خۆی وردە وردە کەرەستە و ئامرازەکانی ڕزگاری پێشکەش بە ملکەچکراوان دەکات. بۆیە هەوڵی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە دەدەن کە لە ڕابردوودا ئامانجی باڵای نەتەوە ئەوروپییەکان بوو: واتا دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەییی یەکگرتوو، وەک ئامرازێک بۆ ئازادیی ئابووری و کولتووری. ئەم بزووتنەوەیەش کە هەوڵی سەربەخۆییی نەتەوەیی دەدات لەنێو گرنگترین و ئومێدبەخشترین گۆڕەپانەکانی وەبەرهێناندا هەڕەشە لەسەر سەرمایەی ئەورووپی دروست دەکات، سەرمایەی ئەورووپیش تەنها لەڕێگەی زیادکردنی بەردەوامی هێزە سەربازییەکەیەوە دەتوانێت درێژە بە هەیمەنەی خۆی بدات"[263].

دەبێت ئەوەش سەربار بکەین کە نەک تەنها لە وڵاتە تازە دۆزراوەکاندا بەڵکو بەهەمان شێوە لە کۆنەکانیشدا، ئیمپریالیزم بەرەوە بەپاشکۆکردن و زیادبوونی ستەمی نەتەوەیی و، دواجار بەرەو گەشەسەندنی بەرەنگاری دەڕوات. کاوتسکی کە دژی خەستکردنەوەی کۆنەپەرستیی سیاسییە لەلایەن ئیمپریالیزمەوە، مەسەلەیەکی زۆر گرنگ پەردەپۆش دەکات، ئەویش مەسەلەی یەکگرتنە لەگەڵ ئۆپۆرتۆنیستەکاندا لە قۆناغی ئیمپریالیزمدا. ئەو کاتێک دژی بەپاشکۆکردنە، لە فۆرمێکدا پاساوەکانی پێشکەش دەکات کە کەمترین هێرشی بۆ سەر ئۆپۆرتۆنیستەکان تیایە، هەربۆیە بەئاسانترین شێوە قبوڵی دەکەن. ئەو ڕاستەوخۆ ڕوودەکاتە خوێنەرە ئەڵمانەکان، لەگەڵ ئەوەشدا خاڵێکی گرنگ و بابەتی پەردەپۆش دەکات، بۆنموونە بەپاشکۆکردنی ئەلزاس و لۆراین لەلایەن ئەڵمانیاوە. بەپێی هەڵسەنگاندنی ئاراستەی بیرکردنەوە و "لادانی مێنتاڵ"ی کاوتسکی ئەم نموونەیە دەهێنینەوە. با وایدابنێین یابانییەک سەرکۆنەی بەپاشکۆکردنی فلیپینییەکان دەکات لەلایەن ئەمریکییەکانەوە. دەپرسین ئایا زۆر کەس بڕوا بەوە دەکەن کە ئەمە دەرەنجامی ئەوەیە ئەو بەگشتی دژی بەپاشکۆکردنە، نەک لەبەرئەوەی ئارەزوو بکات فلیپین بخاتەسەرخۆی و بیکاتە

---

[263] Finance Capital, p.487.

پاشکۆی خۆی؟ ئایا ئێمە ناچارنین دان بەوەدا بنێین کە تەنها کاتێک "خەبات"ی یابانی لەدژی بەپاشکۆکردن بە ڕاستگۆ و شەریفی سیاسی دادەنرێت ئەگەر لەدژی بەپاشکۆکردنی کۆریا بوەستێتەوە، تەنها لە حاڵەتێکدا ئەگەر داوای ئازادیی جیابوونەوەی کۆریا لە یابان بکات؟

شیکردنەوەی کاوتسکی بۆ ئیمپریالیزم لەڕووی تیۆرییەوە و ڕەخنەکردنی لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە، سەراپا پڕاوپڕە لە ڕۆحێک کە هەرگیز لەگەڵ مارکسیزمدا نایەتەوە، ڕۆحی پەردەپۆشکردن و سواغدانی لێکدژییە بنەڕەتییەکانی ئیمپریالیزم و هەوڵی بێکۆتا بۆ پاراستنی یەکڕیزیی لەگەڵ ئۆپۆرتۆنیستەکان لەنێو بزووتنەوەی چینی کرێکارانی ئەورووپیدا.

## بەشی دەهەم
## شوێنی ئیمپریالیزم لە مێژوودا

بینیمان کە کرۆکی ئابووریی ئیمپریالیزم سەرمایەداریی مۆنۆپۆلییە. ئەمەش بۆخۆی شوێنی ئیمپریالیزم لە مێژوودا دەستنیشان دەکات، لەبەرئەوەی مۆنۆپۆلی کە لەسەر خاکی ڕکابەریتیی ئازاد سەریهەڵدا و ڕێک دەرەنجامی ڕکابەریتیی ئازادە، بریتییە لە قۆناغی گواستنەوە لە سیستەمی سەرمایەدارییەوە بۆ نەزمێکی سۆسیۆ-ئابووریی بالاتر. پێویستە بەتایبەتیش ئاماژە بە چوار جۆرە سەرەکییەکەی مۆنۆپۆلی بکەین یان

چـــوار دەرکەوتـــە ســـــەرەکییەکەی ســـــەرمایەداریی مۆنۆپـــۆلی، خەســـڵەت و تایبەتمەندێتییەکانی ئەم سەردەمەی لێیدەکۆڵینەوە.
یەکـەم: مۆنۆپـۆلی لـە دەرەنجـامی چڕبوونـەوەی بەرهـەمهێنان بـۆ ئاسـتێکی بـاڵا، سەریهەڵدا. ئەوەش ئاماژەیە بە یەکێتیی سەرمایەدارە مۆنۆپۆلیستەکان، کارتێلـەکان و، تراسـتەکان. بینیمـان کـە چ ڕۆڵ و بایـەخێکی گـەورەی لـە ژیـانی ئـابووریی هەنوکـەدا هەیـە. مۆنۆپۆلییـەکان لـە دەسـتپێکی سـەدەی بیسـتدا باڵادەسـتی و زاڵبـوونی تـەواوی خۆیان لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەدەستهێنا. ئەگەر ئەو وڵاتانەش کە باجی گومرگیی خۆپارێزییـان بـەرزە (ئـەڵمانیا، ئـەمریکا) هـەنگاوی یەکـەمیان هاویشـتبێت بـەرەو ڕێکخسـتنی کارتێلـەکان، ئـەوا ئینگلتـەرا کـە بازرگـانیی ئـازاد تیایـدا باڵادەسـتە پـاش ماوەیـەکی کـەم دیـاردەی هـەمان واقیعـی سـەرەکی تیایـدا دەرکـەوت: سـەرهەڵدانی مۆنۆپۆلییەکان و چڕبوونەوەی بەرهەمهێنان.
دووەم: مۆنۆپۆلییەکان بوونە هاندەری خێرا دەستبەسەراگرتنی گرنگترین سـەرچاوە خاوەکان، بەتایبەتی سەرچاوە سەرەکییەکانی پیشەسازیی کۆمەڵگای سەرمایەداری کە تیایدا دامەزراندنی کارتێلەکان لە ئاستێکی باڵادایە: وەکو پیشەسازیی خەڵوزی بەردین و تواندنـەوەی ئاسـن. مۆنۆپـۆلکردنی سـەرچاوەی گرنگتـرین کەرەسـتە خاوەکـان، بەڕادەیـەکی زۆر دەسـەڵاتی سـەرمایەی زەبـەلاحی زیـادکرد، هـەروەها ئـەنتاگۆنیزمی نێوان پیشەسازیی بەکارتێلکراو و بەکارتێلنەکراوی قووڵکردەوە.
سێهەم: مۆنۆپۆلی لە بانکەکانەوە سەریهەڵدا. بانکەکان لە دەڵاڵی سادەوە گەشەیانسەند بەرەو مۆنۆپۆلیستی سەرمایەی دارایی. بەشێوەیەک سێ بۆ پێنج بانکی زەبەلاحی هەر وڵاتێکـی کەپیتالیسـتی پێشـەنگ "بەسـتنەوەی کەسـیی"[264]ی لـە نێـوان سـەرمایەی پیشەسازی و سەرمایەی بانکییدا بەدیهێنا، هەروەها هەڵسوڕاندنی چەندین ملیاریان لـە دەسـتی خۆیانـدا چڕکـردەوە کـە بەشـێکی گـەورە لـە سـەرمایە و داهـاتی نەختینـەیی تـەواوی وڵات پێکدەهێنێت. ئۆلیگارشـیی دارایـی سـەرجەم دامـەزراوەکانی ئـابووری و سیاسـیی کۆمـەڵگای بـۆرژوازیی هاوچـەرخی بـەبێ ئاوارتـە خسـتۆتە نێـو تـۆڕێکی چڕوپڕی پەیوەندییەکانی پاشکۆیەتییەوە، ئەوەش یەکێکە لـە دیارترین دیاردەکانی ئەم مۆنۆپۆلییە.

[264] personal link-up.

چـوارەم: مۆنۆپـۆلی لـە دەرەنجـامی سیاسـەتی کۆلۆنیالـەوە سـەریهەڵدا و گەشـەیکرد. چونکـە سـەرباری چەنـدین هانـدەر و پاڵنـەری "کـۆن"ی سیاسـەتی کۆلۆنیـاڵی، ئـەوا سـەرمایەی دارایـی [چەنـدین ململانێشـی] سـەربارکرد، ململانـێ لـەپێناو سـەرچاوەی کەرەسـتە خاوەکـان و، لـەپێناو هـەناردەکردنی سـەرمایەکان و، لـەپێناو ناوچـەکانی ژێرهـەژموون -واتـا ناوچـەکانی سـەفقە قازانجبەخشـەکان و ئیمتیـازات و قـازانجی مۆنۆپـۆلی و هتد- دواتـریش بەگشـتی لـەپێناو هـەرێم و ناوچـە ئابوورییەکانـدا. کاتێک ڕووبەری موستەعمیرەی دەوڵەتە ئەورووپییەکان، بۆنموونە (لە ساڵی 1876دا)، بریتی بوو لە یەک لەسەر دەی ناوچەکانی ئەفریقیا، سیاسەتی داگیرکاری دەیتوانی بە میتۆد و ڕێگای نامۆنۆپۆلی گەشەبکات، بە ڕێگای -گەر بڵێین- "دەستبەسـەراگرتنی ئازاد" بۆ [داگیرکردنی] ناوچەکان. بەڵام کاتێک (لە دەوروبەری ساڵی 1900دا) دەستبەسـەر نۆ لەسـەر دەی ئـەفریقیادا گیـرا، کاتێـک هـەموو جیهـان دابەشـکرا، ئـەوە حەتمـەن بـووە ڕێبـەری سـەردەمی مۆنۆپـۆلیی خاونـدارێتیکردنی موسـتەعمیرەکان، دەرەنجـامیش، سـەردەمی توندبوونـەوەی ململانـێ لـەپێناو دابەشـکردنی جیهـان و دووبـارە دابەشکردنەوەی.

هـەموان دەزانـن کـە سـەرمایەی مۆنۆپۆلیسـت تـا چ ڕادەیـەک لێکدژییـەکانی سـەرمایەداری خەسـتکردۆتەوە. ئەوەنـدە بەسـە ئامـاژە بـە بەرزبوونـەوەی تێچـووی بژێـوی و سـتەمی کارتێلـەکان بکـەین. ئـەم توندبوونـەوەی لێکدژییـەکانیش دەبێتـە بزوێنـەری هێزێکـی یەکاویـەکی قۆنـاغێکی ڕاگـوزەری مێژوویـی، کـە لەوکاتـەوەی سەرمایەی دارایی سەرکەوتنی تەواوی بەدەستهێناوە دەستیپێکردووە.

مۆنۆپۆلییـەکان و ئۆلیگارشـیی دارایـی و، هـەوڵ و تێکۆشـان بـۆ هەیمەنـە و زاڵبـوون، لـەبری هـەوڵ بـۆ ئـازادی، ئیسـتغلالکردنی ژمارەیـەکی زۆر لـە میللەتـە بچـوک یـان لاوازەکان لەڕێگەی دەستەیەک لە میللەتانی دەوڵەمەند یان بەهێز -هەموو ئەمانە سیما و سـیفەتی تایبـەتی ئیمپریالیزمیـان دروسـتکردووە کـە ناچـارین بـە سـەرمایەداریی مشەخۆر یان بۆگەن و ڕزیو پێناسەی بکەین. زیاتر و زیاتر یەکێک لە مەیل و خواستە دیارەکانی ئیمپریالیزم دەردەکەوێت، ئەویش مـەیلی دروسـتکردنی "دەوڵـەتی ڕەیعی"یە، دەوڵەتی سووخۆر کە بۆرژوازییەتەکەی زیاتر و زیاتر لەسـەر داهـاتی هـەناردەکردنی سەرمایە و لەڕێگەی "بڕینی کۆبۆن"ەوە دەژێت. کارێکی هەڵەیە ئەگەر پێمان وابێت ئەم

خواست و مەیلە بۆ پووکانەوە و داڕزین، ڕێگری لە گەشەسەندنی خێرای سەرمایەداری دەکات. نەخێر، چونکە لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا یەکێک لە لقەکانی پیشەسازی، یەکێک لە توێژەکانی بۆرژوازی، ئەم وڵات یان ئەو وڵات بە ڕادەیەکی زۆر یان کەم، لە ئێستا و دواتردا خواستەکانیان دەردەکەوێت. بەکۆی گشتی، سەرمایەداری بەخێراییەکی گەورەتر لە خێرایی پێشووی گەشەدەکات، ئەو گەشەدەکات بەڵام ئەم گەشەکردنە بەشێوەیەکی گشتی تەنها نابێتە هۆی ناڕێکی و جیاوازیی زیاتر، ئەم جیاوازییە مانیفێستی خۆیەتی، بەتایبەتی پووکانەوەی ئەو وڵاتانەی  کە سەرمایەیەکی بەهێزیان هەیە (بەریتانیا).
سەبارەت بە خێرایی گەشەسەندنی ئابووری لە ئەڵمانیا ڕێسەر نووسەری کتێبێک دەربارەی بانکە ئەڵمانییە گەورەکان دەڵێت: "ئەو پێشکەوتنەی کە لە ماوەی ڕابردوودا (سالانی 1848-1870)، بەبەراورد لەگەڵ خێرایی گەشەسەندنی کۆی ئابووریی نیشتیمانیی ئەڵمانیادا بەتایبەتی لەگەڵ بانکەکانی ئەڵمانیادا زۆرخاو نەبووە، پێشکەوتنی ماوەی (سالانی 1848-1870)، بەبەراورد لەگەڵ خێرایی ئۆتۆمبێلە تازەکاندا لە خێرایی گالیسکەی پۆستەی سەردەمی کۆنی زێڕین دەچێت کە هێندە بەتیژڕەوییەوە ڕێگاکان دەبڕێت نەک تەنها پیادەیەکی ناوریا بەڵکو خودی سەرنشینەکانیش دەخاتە مەترسییەوە". ئەم سەرمایەی داراییەش کە بەم خێراییە نائاساییە گەشەیکرد نابەدڵیی نەبوو، لەبەرئەوەی ڕێک بەم خێراییە گەشەیکرد، بۆ پەڕینەوە بەرەو دەستبەسەراگرتنێکی "هێمنانە" بەسەر موستەعمیرەکاندا کە پێویستە لە میللەتە زۆر دەوڵەمەندەکان بسەندرێتەوە -تەنها بە ڕێگای ئاشتییانە نا. لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، گەشەسەندنی ئابووری لە ماوەی ئەم چەند دەیەی دواییدا بەخێراییەکی زیاتر لە ئەڵمانیا گەشەیکرد، ڕێک بەوهۆیەشەوە ڕواڵەتەکانی مشەخۆریی سەرمایەداریی ئەمریکیی مۆدێرن بەڕوونی دەرکەوتن. لەلایەکی تریشەوە، بۆنموونە بەراوردکردن لە نێوان بۆرژوازیی کۆماریی ئەمریکی و بۆرژوازیی شانشینیی یابانی یان ئەڵمانی دەریدەخات کە ئەم جیاوازییە سیاسییە گەورەیە لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا تائەوپەڕی ڕادە کەم دەکات و نامێنێت، نەک لەبەرئەوەی بەگشتی بایەخی نییە، بەڵکو لەبەرئەوەی لە سەرجەم کەیسەکاندا باس لە بۆرژوازی دەکەین، کە سیمایەکی مشەخۆرانەی هەیە.

ئەو قازانجە مۆنۆپۆلییە بێشومارەی کە سەرمایەدارەکان لە چەندین لقی پیشەسازیدا و لە ژمارەیەکی زۆری وڵاتاندا، هتد، بەدەستیدەهێنن. لەڕووی ئابوورییەوە وادەکات بتوانن بەرتیل بە توێژێکی دیاریکراوی کرێکاران بدەن، بەشێوەیەکی کاتییش کەمینەی کرێکاران و ڕاکێشانی لقێکی پیشەسازی یان میللەتێکی دیاریکراو لەدژی هەموو ئەوانی تر، بۆ لای بۆرژوازی. خەستبوونەوەی ئەنتاگۆنیزمەکان لە نێوان نەتەوە ئیمپریالیستەکاندا لەپێناو دابەشکردنی جیهان ئەم مەیل و ویستە زیاتر دەکات. لەسەر ئەم بنەمایەش پەیوەندیی نێوان ئیمپریالیزم و ئۆپۆرتۆنیزم سەرهەڵدەدات، ئەم پەیوەندییە کە لە ئینگلتەرا پێش وڵاتانی تر بەڕوونی دەرکەوت، لەبەرئەوەی [لە بەریتانیا] هەندێک لە سیماکانی گەشەسەندنی ئیمپریالیزم بە ماوەیەکی زۆر لەپێش وڵاتانی تر دەرکەوتن. نووسەرگەلێک هەن، بۆنموونە، ل. مارتۆڤ، حەزدەکەن واقیعی پەیوەندیی نێوان ئیمپریالیزم و ئۆپۆرتۆنیزم لەنێو بزووتنەوەی چینی کرێکاراندا پەراوێز بخەن، ئەو فاکتەی کە ئەمڕۆ بەشێوەیەکی ڕوون و درەوشاوە دیارە - لەڕێگەی دەستەواژە "گەشبینە فەرمییەکان"ەوە (لەسەر شێوازی کاوتسکی و هۆیسمانس)، هاوشێوەی ئەم قسانە: ئەگەر سەرمایەداریی پێشکەوتنخوازانە ببێتەهۆی بەهێزبوونی ئۆپۆرتۆنیزم یان ئەگەر ئەو کرێکارانەی کرێیەکی بەرزتر وەردەگرن مەیلی ئۆپۆرتۆنیزم، هتد بکەن، ئەوا مەسەلەی دژبەرەکانی سەرمایەداری پرسێکی نائومێدانەیە. پێویستە بە وەهمی ئەم جۆرە لە "گەشبینی" فریونەخۆین. چونکە ئەمە گەشبینییەکە دەربارەی ئۆپۆرتۆنیزم، گەشبینییەک کە دەکرێت ئۆپۆرتۆنیزم بشارێتەوە. لە واقیعدا گەشەسەندنی ئۆپۆرتۆنیزم بەم خێراییە گەورەیە و بەم خەسڵەتە زۆر ناشرینەوە گەرەنتی سەرکەوتنێکی پتەویان کرد. وەک چۆن خێرایی پێگەیشتنی دوومەڵی پیس لە جەستەی تەندروستدا تەنها دەبێتە هۆی خێرا تەقینی دوومەڵەکە و حەوانەوەی جەستە لە ئازارەکەی. لە هەمووی مەترسیدارتر ئەو خەڵکانەیە کە نایانەوێت لەوە تێبگەن ئەگەر خەبات لەدژی ئیمپریالیزم نەبەستنەوە بە خەبات لەدژی ئۆپۆرتۆنیزم، ئەوا [خەباتێکی] بەتاڵ و ساختە دەردەچێت.

لە هەموو ئەوانەی دەربارەی جەوهەر و سرووشتی ئابووریی ئیمپریالیزم لەم کتێبەدا باسمان لێوەکردن، دەگەین بەو دەرەنجامەی کە پێویستە بە سەرمایەداریی ڕاگوزەر یان، ڕاستر بە سەرمایەداریی گیانکێشکەر وەسفی بکەین. ئەو ئاماژەی لەمبارەوە زۆر

بەسوودە ئەو خاڵەیە کە زۆرجار ئابووریناسە بۆرژاوزەکان لە وەسفی سەرمایەداریی مۆدێرنـدا کۆمـەڵێک دروشـم و دەسـتەواژەی وەک "بەیەکـداچوون"[265] و "غیـابی گۆشـەگیری"[266] و هتـد، بـەکاردەهێنن، بانکـەکان "لـەڕووی ئـەرک و وەزیفـەکانیان و لەڕووی گەشەسەندنیانەوە، تەنها پرۆژەیەکی بازرگانیی تایبەتی پەتی نین، بەڵکو وردە وردە لە گۆڕەپانی ڕێنماییی ئابووریی تاکەکەسیی پەتی دەردەچێت". ڕیسر خۆی کە خاوەنی ئەم وشانەی دواییە، بەوپەڕی جدییەتەوە ڕایدەگەیەنێت کە پێغەمبەرایەتیی مارکسییەکان سەبارەت "بەکۆمەڵایەتیکردن"[267] "نایەتەدی"!

کەواتە ئەم وشەی "بەیەکداچوون" و پێکەوەبەستنە مانای چییە؟ ئەو تەنها دەرخەری سیمایەکی دیاری ئەو پرۆسەیە کە لەبەرچاوماندا ڕوودەدات. ئەوە پیشان دەدات کە توێژەر هەندێک درەخت دەژمێرێت بەڵام ناتوانێت دارستان ببینێت. ئەو بەشێوەیەکی ملکەچانە و کوێرانە هەموو ئەوشتانەی ڕووکەش و بەڕێکەوت و ئاژاوەگێڕانەیە کۆپی دەکات. هەروەها توێژەرێک کەشف دەکات کە کەرەستەی خاو وێرانیکردووە و بێتوانایە لەوەی مەغزا و بایەخەکەی بپێوێت. خاوەنداریێتیی پشکەکان و پەیوەندیی نێوان موڵکدارە تاکەکەسەکان "بەشێوەیەکی ناڕێک و بەڕێکەوت بەیەکدادەچن". بەڵام ئەوەی لەنێو ئەم پێکەوەبەستنەدا خۆی حەشارداوە، ئەوەی کە بناغەکەی دروستدەکات، بریتییە لە گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێنان. کاتێک پرۆژەیەکی گەورە دەبێتە زەبەلاح و، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی داتا زۆرەکان، بەپێی پلانێک؛ خستنەڕووی دوو لەسەر سێ یان چوار لەسەر سێی تەواوی کەرەستە خاوە زەرووریيەکان بۆ دەیان ملیۆن دانیشتوان ڕێکدەخات، کاتێک بەشێوەیەکی سیستەماتیک و ڕێکخراو ئەم کەرەستە خاوانە دەگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی زۆرگونجاوی بەرهەمهێنان کە هەندێک کات سەدان و هەزاران میل لەیەکترەوە دوورن، کاتێک یەک سەنتەر سەرپەرشتی سەرجەم قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانی پرۆسەی چارەسەرکردنی کەرەستە خاوەکان دەکات، لەوانەش بەدەستهێنانی کۆمەڵێکی جیاواز لە بەرهەمە ئامادەکراوەکان، کاتێک بەپێی یەک

265 Interlocking.

266 absence of isolation.

267 Socialization.

بەرنامە ئەم بەرهەمە ئامادەکراوانە لە نێوان دەیان و سەدان ملیۆن بەکاربەردا دابەش دەکەن (بازاڕدۆزینەوە بۆ پترۆڵ لە ئەڵمانیا و ئەمریکا لەلایەن "تراستی پترۆڵ"ی ئەمریکییەوە)، -ئینجا ئەوکات ئەو شتە ئاشکرا دەبێت کە ئێمە لە بەردەم "بەکۆمەڵایەتیکردن"ی بەرهەمهێناندایین، نەک تەنها لە بەردەم "بەیەکداچوون"دا بین، هەروەها پەیوەندییەکانی ئابووریی تایبەت و خاوەنداریێتیی تایبەت توێژاڵ و بەرگێک دروستدەکەن کە چیتر لەگەڵ ناوەڕۆکدا ناگونجێن و ئەگەر ئەو بەرگەش بەشێوەیەکی دەستکرد لابردنی دوابخرێت حەتمەن دەپووکێتەوە و دادەڕزێت، ڕەنگە ئەم بەرگە بۆ ماوەیەکی درێژ لە حاڵەتی پووکانەوەدا بمێنێتەوە (لە خراپترین حاڵەتدا -لە حاڵەتێکدا ئەگەر وەرگرتنی چارەسەر بۆ دوومەڵی ئۆپۆرتۆنیزم درێژەی کێشا)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەتمەن هەر لادەچێت.

شۆلتزە-گیڤێرنیتزی سەرسام و بەپەرۆش بۆ ئیمپریالیزمی ئەڵمانی، هاوار دەکات: "ئەگەر دواجار ئیدارەی بانکە ئەڵمانییەکان بسپێردرایە بە دەستەیەک لە کەسەکان، ئەوا لە ئەمڕۆوە چالاکییەکانیان بۆ بەرژەوەندیی گشتی لە چالاکیی وەزیرەکانی دەوڵەت گرنگتر دەبوو (واباشترە لێرەدا پێکەوەبەستنی بانکەوان و وەزیرەکان و پیشەوەر و ڕانتخۆرەکان [خاوەن دەرامەتەکان] لەبیربکەین) ئەگەر ئێمە بیرمان لە گەشەسەندنی ئەو مەیل و خواستانە کردەوە کە پێمان وابوو لۆژیکین، دەرەنجامەکەی ئەوەیە: سەرمایەی نەختینەییی نیشتیمانیی یەکگرتوو لە بانکەکاندایە، بانکەکانیش لەنێو کارتێلدا ئاوێتەبوون، سەرمایەی میللەت کە بەشوێن سەرمایەگوزاریدا دەگەڕێت شکڵی کاغەزی دارایی وەرگرتووە. ئینجا پێشبینییەکانی سان سیمۆنی بلیمەت دێنەدی: ئەنارشیی بەرهەمهێنانی هەنووکە لەگەڵ ئەو واقیعەدا دەگونجێت کە پەیوەندییە ئابوورییەکان بەبێ پەیڕەو و ڕێنماییەکی یەکڕەنگ و هاوچەشن گەشەدەکات، بۆیە پێویستە ڕێگایەک بۆ ڕێکخستنی بەرهەمهێنان بکاتەوە. بەرهەمهێنان لەلایەن خاوەنکار و بەرهەمهێنە پەراوێزخراوەکانەوە ئاراستە ناکرێت، ئەوانەی لەیەکترجودان و نازانن پێداویستییەکانی خەڵک چییە، بەڵکو دەسپێردرێت بە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو. کۆمیتەی سەنترالی ئیدارە، کە دەتوانێت بەتێڕوانینێکی بالاوە ڕووپێوی فراوانترین ناوچەی ئابووریی کۆمەڵایەتی بکات، ئەوا بەسوودی تەواوی کۆمەڵگا ڕێکیدەخات و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەخاتە دەستگەلێکی شیاوەوە، لە هەمووی

گرنگتر ئەوەیە کار لەسەر هارمۆنییەتی بەردەوامی نێوان بەرهەمهێنان و بەکاربردن دەکات. هەندێک لە دامەزراوەکان ڕێکخستنێکی دیاریکراو خراوەتە نێو چوارچێوەی ئەرکەکانیان بۆ کاری ئابووری: ئەویش بانکەکانە". "ئێمە هێشتا دوورین لە هێنانەدیی ئەم پێشبینیانەی سان سیمۆن، بەڵام بە ئاراستەی بەدیهێنانیدا دەڕۆین: مارکسیزم جیاوازە لەوەی مارکس بیری لێدەکردەوە و تەسەوری دەکرد، بەڵام تەنها لەڕووی فۆرمەوە جیاوازە"[268].

لەڕاسیتدا، "بەدرۆخستنەوە"ی نایابی مارکس، کشانەوەیە لە شیکردنەوەی زانستیی ورد و دروستی مارکس بەرەو مەزەندە و پێشبینیی سان سیمۆن، ئەگەرچی مەزەندەیەکی بلیمەتانەیە، بەڵام دواجار هەر مەزەندەیە و هیچی تر.

**لە ساڵی 1916دا نووسرا**

**سەرچاوە:**

**الامبريالية، أعلى مراحل الرأسمالية**

**لەگەڵ ئەم سەرچاوە ئینگلیزییەشدا بەراوردکراوە:**

**Imperialism, The highest stage of capitalism**

[268] Grundriss der Sozialökonomik, S. 146.

## ناوەندی کۆمۆن

**بەشـێک لە ئەرکـی خـۆی بـۆ بەرەوپێشـبردنی بیروبـاوەڕی سۆشیالیستی و بەهێزکردنـی ڕەوتـی سۆشیالیستی تەرخـان دەکـات. ئـەم ناوەنـدە هەوڵـدەدات لـە ڕێگـای وەرگێـڕان، چـاپکردن, بڵاوکردنـەوەی نووسـینەکانی کـارل مـارکس، وە ئەدەبیات و بیروباوەڕی سۆشیالیستی و مارکسیزم، کەناڵەکانی سۆشیالیزم لە کـۆمەڵگەی کوردسـتاندا جێگیـر بکات. ناوەندی کۆمۆن بڕوای وایە کە لەسـەر بنـەمای کـاری هاوبـەش ئـەو ئامانجانە دەڕواتە پێشەوە.**

Socialism سۆشیالیزم

ناوەندی کۆمۆن

Commune Centre

nawandikomon@gmail.com